13. شکاندن و هەرش کردنە سە ر مزگەوت و شوەنە ئاینی و لابردن و دوورخستنەوەی مامەستایانی ئاینی لە کارە کانیان لەکەدارکردنی هە ستی و تەرەکردنی مامەستای ئایینی کە ئەمە هەەی سوورە لای

کمگا.
14. -دزینی نوت و بتان بردن و بهدردانی داهات و سروت سامانی گشتی ووات لالان پارتی و یکتی یو.
15. بینی قوتی هاواتیان و پیاد کردنی سیستمی نیوموچ و ندانی موچ بپشمرگ و فرمانبران و هاواتیانی کوردستان ، کمترخمی و بباکی لبرامبر بجهشتن و کچی بلشاوی گنجان و بوونقوربانی ئوتوژی کومگا کبهی بکاری و بئومیدییو ئو بارودخ ناجیگیر و ناسقام گیری ئو دوو لایدروستیان کردوو لکوردستان.
16. درکردن و ناردنوی و زیرکانی گان و درکردن و گری کردنی سرک و ئندام پرلمانکانی لایئپزیسون و هندلاینی تری کوردستان و داخستنی درگای پرمان و شکاندنی یاسا و حرمی پرلمان کئویش یککلهیسوورکان لای کملگا لالاین پارتی و بنمای بارزانیو.
17. – دست تکاو کردن و پیوندی ژر بژر لگ دوژمنان و نیارانی سرسختی خباتی روای نتوی کورد لهرچوار پارچی کوردستان.
ئمخرواری مدلی دوتداری پارتی و یکتی یه ، ئو مژووی پارتایتی و دوتداری پارتی و بنمای بارزانیلابردوو لدوای اپرینو ، پارتی هموو سنوورکان و هسوورکانی یاسا و کمگای شکاند بهیچ بربستک هیچ بربستکی ئو تنبوو برگری کردن لی چونکشریککی بهزی هبوو لدوتداریکداهروهاش تاکو ئستاش نلاینسیاسیکان و نرکخراوکانی کمگای مدنی و نسرجم چین و تژکانی کمگا بباوککی تکمو پکو بیکگرتووی و یکیزی رگا لپارتی و بنمای بارزانی بنمونیک لپارتی لکایی سیاسی بگرن ، ئوشی هبوو تنها خلکی نارزایی شونیک یان چند پارزگا یک بوو کزنی سوز دابوو ئوی پارزگاکانی شیوازی پرچکردار بوو بئنجام بوو. بیئستا کات و ساتی ئوهاتوو کسرجم رکخراوکانی کمگای مدنی و لاینسیاسیکانی تری ناو کایی سیاسی هرمی کوردستان و سرجم چین و تژکانی کمگا بگشتی بیکو بگرنبر بوستاندنی هنگاو خراپکانی و ئو جرد دوتدارییی پارتی و هاوپیمانکانی بن لر ئو شوازتان لدوتداریکتایی پدت ، ترافیکی سووری همیشیی بووی پارتی و بنمای بارزانی و شوکانی ئوان هبگیرسنن ، چیتر رگا بهنگا و خراپکان ندرت بـ

خراپ کردنی باردۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوخۆ و دەرکی هەرەمی کوردستان و لە باربردنی دەستکەوتەکانی خەباتی چەند ساڵە یی گەلی کورد لە باشووری کوردستان.

بەرحـــــم گەرم داتـــــدەپۆشم .....ستار ئەحمەد

بۆیانییە
باسکم لەتەم هەڵدەکێشم
هەور دەکەم بەکراسێك
لەئاورەشم
پەلی نەرمە بایەك دەگرم
پەم خۆشە لەکێشی نەرمی
ژیلە ژنی چیا بمرم
هەنگاوەکانم دەشکێنم
ریچکەیەك لەنوور وەردەدەم
ماچێك لەنەرگز دەسێنم
لەگەڵ شەکرە شیعرو بەفرا
بەتاریکی دەیپێچمەوە
شەوێك درەنگ بەتی دێنم
روونا کی مانگ دەچنمەوە
لەتیلەی وردە ئەسرینما
بەتەنیایی و بەداربوونت
لەژوور سەرت دەیسووتێنم
ترست نەبێت لەزرزیان و
دەستی سەرما
بەرحم گەرم داتدەپۆشم
چ مەشخەڵکی گوڵەنگە
گەکانی سەراپای لەشم

دەربارەی ڕۆکخراوی "یەکێتیی بزووتنەوەی کارانی کوردستان" (گفتوگۆ لەگەڵ نەوزاد مەدحەت)

ئامادەکردنی: سالار ڕەشید

: ئەم گفتوگۆیە لە کتێبی
مێژوویەک لە یادەوەریدا (دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا)
بڵاوکراوەتەوە .....

" یەکێتیی بزووتنەوەی کارانی لە کوردستان " یەکێک بوو لەو ڕێکخراوە جەماوەرییانەی دەیەی نەوەتی سەدەی ڕابردوو، کە بە دەسپێشکەریی ئەفرادی کۆمۆنیستیی هاتە دامەزراندن و سەرباری هەر کەموکوڕییەک کە هەیبووبێ، خاوەن کێش و قورسایییەکی بەرچاو بوو لە کۆمەڵگای کوردستاندا و خاوەنی 20000 ئەندام بوو. ئەم ڕێکخراوە تەنانەت لە هاوکێشەی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانیشدا جێگای هەڵوێستە و لەسەر وەستان بووە و لە ئاستی باڵای ئەو حیزبانەدا قسە و باس لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا و چۆنیەتی پیلان دانان لەدژی بووە بە مەسەلە.
بۆ تاووتێکردنی ئەم ڕێکخراوە، گفتوگۆیەکی هەمە لایەنە لەگەڵ یەکێک لە ڕابەران و هەڵسوڕاوانی ئەم ڕێکخراوە "نەوزاد مەدحەت" ساز ئەکەین.

پرسیار: لە چاوپێکەوتنی هاوڕێیانێکی ئاگادار لەم ڕێکخراوە، باسی ئەوە کراوە، کە ناوکی سەرەتایی "یەکێتیی بزووتنەوەی کارانی" لە شاری هەولێر لە یەکەمین کۆبوونەوە لە باخچەی گەلاوێژ لە 30. 06. 1992 دروست بووە، کە نزیکەی 50 کەسێک تێیدا بەشدار بووە. واتە، ئەو مێژووە بە دەژی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە دەدرێتە قەڵەم. بەڵام ئەوەندەی تۆ ئاگادار بیت، پێش ئەوەی ئەم کۆمەڵە خەڵکە لە گەڵکەند بە دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە کۆ ببنەوە، بیرکەی ئەم کارە چۆن

چەکەرەی کرد و کێ بوون ئەوانەی ئەم کێمەیە خەکەی بێ ئەو کێبوونەوەیە ئاگادار کردەوە؟

وەڵام:

من بەدیاریکراوی نازانم پێش ٣٠/٦/١٩٩٢ چەند گروپ و کێسایەتی لێبارەی دروستکردنی وەها هێکخراوەیەک قسەیکیان هەبووبێت یان لەو بارەوە کارەکیان ئەنجام دابێت.من بە خەم لە هاوڕێیەکەوە ئاگادارکرامەوە کەوا بەیارە کێبونەوەیەکی کراوە سەبارەت بە دیاردەی بەکاری ببەسترێت لە باخی گەکەندی شاری هەولێر.
بەڵام دەنیام لەوەی دروستکردنی هەر رێکخراوەک ، گروپێک، حزبێک یان هەر کارەکی تری بێ کەمێ، خەڵکانێک هەبوونە ئاگەر خاوەن بیرەکەکەش نەبوبن، بەڵام سەرەتایەک بوونە بە گەیاندنی ئەو بیرەکەیە، خەڵکیان کەکردەتەوە ، شۆنەکیان دیاری کردووەو... تاد. سەبارەت بە مێژووی ٣٠/٦ و کارەکانی پێش ئەو مێژووە، وەکوو کەشێیک لە ئامادەکردنی یەکەمین ڕاپەرتی یەکێتی بەکارانی هەولێر کە بە یەکەمین کێبونەوەی گشتی هێکخراوەکە ١ ئامادەکرابوو . لەنووسینەوەی ئەو ڕاپەرتەدا کاک عەبدوڵا سلێمان ئاماژەی بەوە دابوو کەوا ئەوو چەند کەسانێکیتر خاوەنی بیرەکەی وەها ڕێکخراویك بوون.هەروەها ٢/٦/١٩٩٢ وەکوو دەستپێکی ئەو کارە نیشان کردبوو، بەڵام لیژنەی باڵای یەکێتی بەکاران بە زەربەی دەنگ ٣٠/٦/١٩٩٢ بە ڕەژی دامەزراندنی یەکێتیی بەکارانی هەولێر دایە قەڵەم. بەیە تەئکید لە پاشناوی هەولێر دەکەمەوە چوونکە تا ئەو کاتە هیچ هێکخراوەکی تری بەکاران لە کوردستان دروست نەبوبو. من بە خەم بروام بەوە نییە قسەو کارە لاوکیێکانی خەمان بکەینە بار بەسەر شانی مێژووەوە، ئەکرێت هەموو کەسێک لەو بارەوە یادەوەری و کارەکانی خەی بنوسێتەوە ، بەڵام ئەوانە نابنە مێژووی بزوتنەوەکە، چوونکە دەنیام کاری ترو کەسانی تریش هەبوونە قسەیک یان کارەکیان کردبێت لەو بارەوە.

پرسیار: یەکێتی بەکاران لە کوردستان کەی و چەن پێکهات؟

وەڵام:

پاش دروست بوونی یەکێتی بەکارانی هەولێر، لە سلێمانیش هەوڵەکان بەردەوام بوون بە دروست بونی وەها هێکخراوەک، ئەوەبوو لە ٦/١١/١٩٩٢ بەیانی دروست بونی یەکێتیی بەکارانی سلێمانی بەاوکرایەوە. هەردوو یەکێتەکە پەیوەندی تونددو تێ و بەردەوام لە

نەوانماندا هەبوو.
پاش گەشتن بەو بروایەی کە دەبێت هەردوو یەکێتیکە لە ڕێکخراوەکی سەرتاسەری ڕکبخرێت، لیژنەی باڵای یەکێتی بەکارانی سڵەمانی کە پێک هاتبوون لەم بەڕێزانە (حاجی ئەنوەر، ئەنوەرساڵح ، ئەکرەم چاوشین،وەستا سابیر و دیدار) سەردانی هەولێریان کرد و لەگەڵ لیژنەی باڵای یەکێتی بەکارانی هەولێر کۆبونەوە کە پێکهاتبوون لەم کەسانە(جەمال چاوشین، عەبدوڵا سڵەمان، عەبدولڕحمان مەولود، گەران عەبدوڵا ،وەستا محەمەد،سالار سەفی،سیروان عەلی،یوسف بەکر، جاسم محەمەد) پاش سێ ڕۆژ لە گفتوگۆکردن لەسەر میکانیزم و چۆنیەتی سەرتاسەری بونەوەی ڕێکخراوەکەو کارەکانی، ئەوەبوو لە ٦/١/١٩٩٣ بە هەڵبژاردنی ٩ ئەندام بۆ لیژنەی باڵا، یەکێتی بەکاران لە کوردستان پێکهات و لە ١٠/١/١٩٩٣ ڕاگەیاندنەکە بڵاو کرایەوە.

پرسیار: ئەوەندەی من بزانم، بنیاتنانی ئەم ڕێکخراوە نەخشە و پرۆژەی هیچ سازمان گرووهێکی چەپ و کۆمۆنیستی ئەو دەمە نەبوو، بەڵام دواتر هەر یەکە لەوانە لە هەوڵی ئەوەدا بوو، کە نفووزی خۆی لەنێویدا پەرە پێ بدات و بەجۆرێک کاریگەریی لەسەر دابنێ کە خۆی مەبەستێتی. ڕا و بۆچوونی تۆ لەم ڕووە چییە؟

وەڵام:
گروپ و ڕێکخراوە چەپەکان وەکوو ڕێکخراو لە سەیرکرێک زیاتر نەبوون لە سەرەتادا، وەخاوەنی هیچ پرۆژەو پلانێکیش نەبوون لەو بارەوە، تەنانەت هەندێک لە کەسایەتییە باڵاکانی ئەو گروپانە پێیان وابوو ئەوەی دێکرێت هەزوکات بە فیڕ دانێ، چونکە کەسی بەکار بەو پێیەی خاوەنی کارێک نییەو کاتەتە دەرەوەی پرۆسەکانی بڕهەمهێنانەوە بۆیە هەزکی بەکاریگەر و پرشو بڵاون لە کەمێگەدا.
وەکوو تاکی سەربەخۆ لەهەموو گروپە چەپو کۆمۆنیستەکان بەشداریان هەبوو. بەتایبەت ڕووتی کۆمۆنیست کەڵەو سەردەمەدا خاوەنی تەشکیلاتی عەڵەنی خۆی بوو. ئەو کاتەی ڕێکخراوەکە گۆشەی کردوو بوبەهەزکی دیارو بەرچاو لە کوردستاندا، ئیتر بوبە جێگای ساغکردنەوەی هەموو ئەو تیۆرو قسەو باسانەی کە ساڵانێک بوو کرابوون، یان لە کتێبەکان خوێندرابوونەوە، ئەوە سەرباری گواستنەوەی مەحفەلیزم بۆ ناو ڕێکخراوەکە. بۆ کورتکەی بووبە حەقلی تەجروبەی بۆ تەجروبەکان.

پرسیار: ڕایەک هەیە، پێی وایە، هاتنەکایەوەی ئەم ڕێکخراوە بەرهەمی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی کرێکارانی بەکار نەبووە. ەنگە ئەم بۆچوونە سەرەنجام بەوە بگات، کە پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوە

زەمینەی بابەتیی نەبووە! ئایا تەش هەمان بەچوونت هەیە، وەیان پەت وایە زەمینەی بابەتیی بە پەیدابوونی ئەو ڕەکخراوە لە ئارادا بووە و ئەوە ئەسەە کە کەشەیەک لەئارادا بووە یان نا، تەنانەت ئەگەر ئەو کەشەیە نەگەییشتبەتە ئاستی بزووتنەوەیەکی بەرچاو و هەستپەکراویش؟

وەام:

ئەو ڕاستە یەکەتی بەکاران لە ئەنجامی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەکارییەو کە خاوەنی دەیان خەپیشاندان ونارەزایەتی جەراو جەر بوبەت نەهاتە بوون، بەام بە دەنیایەو ئەو دەم دروسترین و جوانترین بریارەک کە مارکسیستە نوەیەکانی کوردستان دابەتیان لە پەیوەند بە زیندوترین و بەرچاوترین کەشەکانی کەمەگەی کوردستانەو، دوو بریار بووە کە بە کرداریش چوونە پشتی، یەک کەشەی کوشتنی بەلەشاوی ژنان بوو، دوو کەشەی بەکاریبوو . دەکرەت وەک دوو خاەی پرشنگدار لە مەژووی مارکسەکانی کوردستان تەماربکرەت.

بەکاری تا ئەوپەری دەرەقی خەی دەستی نابووە بیناقاقای زەربەی خەکی کوردستان. کەمەگە هەمووی بەسەریەکدا کەوتبوو، نەک هەر کارگەکان، زەربەی دام و دەزگا خزمەتگوزارەکان یان داخرابوون یان بە چوار پەنج مانگ جارەک مووچە دەدرایە کارمەندەکانی. دەسەاتی کوردی نەک هەر خەریکی چارەسەرکردنی ئەو ئەزمە قوە نەبوو، بەکوو بەشەک بوو لە قوەکردنەوەی ،چ بە ئاودیووکردنی کارگەو ئامەرەکان، چ بەتاەانبردنی سەروەتو سامانی گشتی بە پرکردنی گیرفانی بەرپرسەکان و چەکدارکردنی حزبەکانیان.

ئەگەر ئەم لەشکرە لە بەکاران خەی رەک نەخستبوو یان پەرچەکرداری بە کەمەی نەبوو، دەبەت ئەوەمان لەبەر چاوبەت کە دەیەی هەفتاو هەشتاکان لە عەراقدا نەک هەر سرینەوەی شەوەکانی رەکخراوبوون بوو لە دەرەوەی دەسەات، بەکو سرینەوەشی بوو لە عەقەیەتی بەشرەکان. بارودەخەک سیاسەتی بەعس خوەقاندبووی لە نەو خەکدا کە هەمیشە وەک و تاک بیر لە چارەسەرو وەام بە کەشەکان دەکرایەو. یەکەتی بەکاران سەرباری ئەوەی هەوەی خەی خستبووەگر بە چارەسەرکردنی ژیانی بەکاران ، لە لایەکیتریشەو دەیویست ئەو ئەقەیەتی نارەکخراوبونە تەک بشکەنەت و وەسیلەیەکی نوەی خەباتکردن بخاتە بەردەستی کەمەگەی کوردستان. هیچ کەسانەکی ئازادیخوازو مرەڤ دەست ناتوانە بەدەنگ و دەستەوەستان دابنیشیت لە بەرانبەر مەرگی لەسەرخەی کەمەگەکەی. ئەمەش لەو بەرەیبووین کە نەمانتوانی

بدەنگبین.

پرسیار: ئەگەر ئامانجی بنەەتیی ئەم ڕێکخراوە بریتی بووبێت لە: "کار یان بیمەی بێکاری"، ئایا لەو بار و دۆخەدا کە حکوومەتی بەعس لە کوردستان پاشەکشەی کردبوو، کارگا و کارخانەکان لەکار کەوتبوون، کوردستان دوو جار لەژێر گەمارۆی ئابووریدا بوو، دەسەاتێکی دواکەوتوو، یانی، بەرەی کوردستانی ژێرخانی کوردستانی تاڵان و ئاودیو ئەکرد… چەند زەمینەی گونجاو و لەبار بێ ئەو ئامانجە فەراهەم بوو؟ پاشان دەپرسم: ئەم ڕێکخراوە توانی کارێک بێ کرێکارانی بێکار بکات؟

وەاڵم:
کاری گونجاو یان بیمەی بێکاری زۆرتر وێک دروشمێکی ستراتیژیانەی بێکاران نمایش دەکرا ، کەئێو خواستی هەموو کەمێگەیەکی تەندروستە. یەکێتی بێکاران کاری خۆی لە چوار چێوەی ئێو دروشمە قەتیس نەکردبووە. ئەمە بە کەمترین دەسکەوت بە بێکاران دەرگای زۆرێک لەو ڕێکخراوە خێرخوازیانەی دەهاتنە کوردستان دەکوتا، کەم تا زۆرێک دەستکەوتمان هەبوو بە خێکی بێکار. بەاڵم لە بڕانبەر ئێو هەموو خێکەی خۆی ناونوس کردبوو وە چاوەروا نیان هەبوو، دەتوانین بڵێین دەستکەوتکان هیچ نەبوون.
ئەمە بە بە باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خێکی بێکار لە ١٩/٦/١٩٩٣ بریاری خێپیشاندانمان دا لەسلەمانی وە لە هەولێریش بەخستنی کەبونەوەی نارەزایەتی.

ئێو بانگەوازەمان تەواو دەسەاتی حکومەتی هەرەمی سێغڵەت کردبوو، هەواڵی خێپیشاندانکەمان بە شێوەیێک دەنگی دابووەوە ،ڕۆژنامەی عراق لە ژمارە ٥٢٦٣ لە ١٨/٦ بە سەردێرێکی دیار نووسیبوی (سبەی یەکێتی بێکاران دژ بە پارتە بە کرێگیراوەکانی ئەمریکا لە کوردستان خێپیشاندان دەکات) . لە سلەمانی لە ڕۆژکانی ١٦ و ١٧/٦ دانیشتن لەگەڵ مەبەندی یەکێتی و بەڕێی کوردستانی و پارێزگاری سلەمانی کاک جەمال عەبدول کرا ، مەبەند رایگەیاند کە مل بە داواکاری بێکاران نادات، سەرباری فشارێکی زۆر بە سەر ئێندامانی بێکاران ، دەستەیێک لە هاوڕیانی لیژنەی باڵیان پاش دەرچونیان لای پارێزگاری سلەمانیەوە رفاندبوو،پاش ئێوەی ئاگادار کرابوونەوە کەوا خێپیشاندانکە ناکرێت ،لە پاش چەند کاتژمێرێک لە گلدانەوە ئازادکرابوون.

لە هەولێریش دۆزگای ئاسایش تەواوی شاری چنیبوو چەندین ئێندامی

یەکەتەکەمان لە کاتی بەاوبوونەوەی بەیانامەدا لە لایەن ئاسایشەوە دەسگیرکرابوون،لە دانیشتنمان لەگەڵ پارەزگاری هەولەر(کاک عەبدولموهەیمەن بارزانی) من و کاک عەبدولرەحمان وەکوو لیژنەی سەرپەریشتکەر ، پاش ٢ سەعات لە گفتوو گەو بەیندان لەلایەن پارەزگارەوە، بەوەی ئەگەر گەنم مایەوە لە پاش ئەو ناوانەی کە مەجلیسی وزەرا رەوانی کردووە ئەوە بەیەن بەت لە (١ – ٧٠٠٠) بەش بیدەم بە بەکاران، تەنانەت لە قسەکانیدا چەندین جار تەئکیدی دەکردەوە کەوا درە ناکات. دیارە ئامادەییەکی باش هەبوو بە خەپیشاندان، بەام بە هەی ئاەزی بارو دەخەکەوە لە دانیشتنەکدا بە ئامادە بوونی ئەم هاورەیانە (شاپور عەبدولقادر ، قابیل عادل ، سیروان عەلی، د.ئەمین ، سەردار حەمید، عەبدوەا سلەمان، عەبدولرەحمان مەولود و من)بریاری دواخستنی خەپیشاندانەکەمان دا،دیارە پەش ئەمە هاورەیانمان لە شاری سلەمانی ئەو بریارەیان دابوو. رەژی ١٩/٦ کەمەکی بەرچاو لەو بەکارانەی ئاگاداری دواخستنی خەپیشاندانەکە نەبوبون لای بنکەی بەکاران ئامادە ببون.

لە درەژەی هەوەدانمان بە چارەسەری کەشەی بەکاری و رەگرییەکانی حکومەتی هەرەم لە پەش رەکخراوەکەمان، لیژنەیەکی سە کەسی کە پەکهاتبوو لە (جەمال چاوشین ، عەبدولرەحمان و من) دانیشتنەکمان لەگەڵ کاک کەسرەت رەسوە سەرەکی حکومەتی هەرەم لە ٢٣/٧/١٩٩٣ ئەنجام دا ، لەو دانیشتنەدا سە داواکاریمان خستە بەردەستی کاک کەسرەت ١- وەزیری ناوخە کاک (یونس مەولود ەژ بەیانی) مەەتی هەە گرتنی پەنەدداین بە یادکردنەوەی یەکەمین سا ەژی یەکەتی بەکاران . سەبارەت بە خاەی یەکەم، راستەو خە لەبەرچاوی ئەمەدا تەلەفەنی بە کاک یونس کردو مەەتی هەەکەی بە وەرگرتین. خاەی دووەم پەیوەست بوو بە قانونی جەمعیاتەوە کە پەیوەند بو بە مەەتپەدانی کاری رەژنامەو رەکخراوەکانەوە . بە ئەو خاەش دوو هەزار دیناری پەداین بە وەرگرتنی مەەت بە رەژنامەی دەنگی بەکاران . خاەی سەیەم کەشەی کار پەیداکردن بوو بە بەکاران . سەبارەت بەم خاە بەەنی گەرانەوەی(٢٣٣) کرەکاری پەداین بە سەرکارەکانیان کە لەسەردەمی بەعس بە بیانەی جەراو جەر لەسەر کارەکانیان دوورخرابونەوە ،وە دامەزراندنی ٣٠ بەکار.(بەام ئەم بەەنانە هەر لە خانەی بەەن مانەوە و نە چوونە خانەی کردارەوە). هەروەها داوای ئەوەی لەکردین کەوا پەشنیاری خەمان لە مەر کەشەی بەکارییەوە پەشکەشبکەین، ئەوبوو لە ١/٩/١٩٩٣ عەبدولرەحمان مەولود و من یاداشتنامەیەکان ئامادەکردو لە دانیشتنەکدا بە بەشداری هاورەیانی سلەمانی (کاژاو جەمال و فەرەیدون حەمە ساەح)

پشکشی کاک "کسرت سو"مان کرد. دیار زری پباشبوو و بنی ئوی دا کوا بیخاتە بردستی مجلیسی وزرا. بام ئستاشی لگدابت هواکمان لو یاداشتە نبیستو. ئم کارانو چندین پرژی ترمان خستە بر دستی نک هر دساتدارانی کوردستان ، بکوو ئو کخراو خر خوازییانی کە لە کوردستان کاریان دکرد. بام ئنجامکی وام ندانوو خە دزینوبوو لە داخوازکانمان.

پرسیار: زر جار ەخنە لە سازمان و گرووهەکان، پاشانیش لە حیزبی کمنیستی کرکاریی عراق ئەگیر، کە دەخاەتیان لە کاروباری ئەم کخراوەدا کردووە! بە بوای تە، سازمان و حیزبەکان مافی دەخاەتکردنیان نییە؟ ئەگەر نییانە، بچی؟ ئەگەر هەیانە، چن؟

وەام:
وشی دخات خی لە خیدا مانای هز دبخشت، یان بە مانایکیتر هست بە وجودی هز دکیت لە پشتیو و خشت لدبتە ژمارییکی بحیساب. ئو دساتە دیکتاترکانە بە مافی خیانی دزانن کی و چن بیانو دخات لە وردو درشتی کمگە بکن. هرچی شتە بە عقی بشرکانیشو لە دروی دستوردانی ئوان نییە ،دیار ئوکارش لە ژر ناوی جراو جردا ئنجام ددن، کتایکشی بە ربتکردنی کمگیە لە خزمت ستراتیژییکی تایبتدا.
من بروام بە هیچ شویک لە دخاتکردن نییە ، ئوش نک هر بە ئحزاب و گروپکان ، تنانت بە دوتیش. لەهر واتکدا کە پابندی بنماکانی دیموکراسیبت بە خی نادات دخاتی کاری رکخراوکان بکات،تنها ئو رکخراوانی کە بودجە لە دوت وردگرن ، دوت بی هیە تنها داوای لیستی ئو کارانی کە ئنجام دروان لگە چنیتی سرفکردنی بودجکە. بی نییە ئرگان دروست بکات و ئرگان هبووشنتو.

من کە رکخراویکی سربخم بە هیچ لاینک نە روایە و نە مافی ئوشی هیە دخات لە کارکانمان بکات. ئگر خیان بە هاوخبات و هاوبیر دزانن، یان هر نزیکایتییکی تری هیە، دتوانت بە شویکی رسمی و لە کنارسمکانی خیو کمک بکات یان پشنیارو بچوونکانی خی بگینت. نوکوو بتە ناو رکخراوکت و لژر پردی یارییە دیموکراسکاندا نیار فیکرییکانی خی ولابنت. ئگر نا ئوا ئم رکخراو قتیس دمنتو لە نوان کمە خکی تایبت و هاوفکردا، لە

کتایشدا بە گوڕی گوڕو بچوکبونەوەی گروپ و سازمانە سیاسکە ئەمیش گوڕو بچوک دەبەتەوە ، واتە ئەو ئامانجەی بەی دروست بووە لە بنەڕەتدا ، لەدەستی دەدات.

پرسیار: زەر جار باسی سەربەخەبوونی ڕەکخراوەک ئەکرەت، بە باوەی تە سەربەخەبوونی ڕەکخراوەک دەبە چەن بەت؟ ئایا دەکرە بەین، "یەکەتیی بەکاران" ڕەکخراوەکی سەربەخە بوو؟

وەام:

پەم وایە وەامی بەشی یەکمی ئەم پرسیارەم لە وەامی پرسیاری پەشوتردا داوەتەوە. بەام بە وەامی بەشی دووەمی پرسیارەکە دەم ، یەکەتی بەکاران ڕەکخراوەکی سەربەخەبوو لە دەسەات و پاشکەی هیچ حزبەکی سیاسی نەبوو بە شەوەیەکی فەرمی. بەام بەو پەیەی کە زەربەی هەسوراوەکانی کەسانی مارکسی و چەپ بوون بەیە هەر زوو دەسەات و کەمەگە ئەمەیان بە بەشەک لە ڕەوتی کەمەنیست و پاشان حککع دایە قەم. دیارە دەسەات بە مەبەستەوە ئەو کارەی دەکرد، ئەوەش بە مەبەستی دابرانمان لە کەمەگە. ئەمە سەربەخەبوونی خەمان لە هەموو دەزگایەک پاراستبوو بەام نەمانتووانی سەربەخەیبوونی خەمان لە دەخاەتەکانی حککع بە شەوەیەکی ئسوەی بپارەزین. دیارەئەو بەچونەی کە لەپشت دەخاەتکردنی کادرەکانی حککع وەستابوو دوو خاە بوو:

١- ئەم حزبە خەی بە حزبی کرەکاران دەزانی، هەر بەیە حەقی مامەستایی بوونی خەی بەسەر هەموو تەیفەکانی تری کەمەگەدا بە ڕەوا دەزانی.

٢- ئەو تەسەورەی کە پەی وابوو ڕەکخراوە کرەکارەکان لە دەسەاتی بەرژوازی سەربەخەن نەک لە ئەحزابی کرەکاری.

لە سەنگەی ئەو خاەانەوە ڕەوایەتی بە خەی دابوو دەخاەت لە وردو درشتی کارەکانمان بکات، هەر لە دروستکردنی ئەرگانەکانمانەوە تا دەگاتە هەبژاردنەکان و گەرانی مەراسیمەکان.

دیارە لەلایەکی تریشەوە خودی کەسە ناسراوەکانی ڕەکخراوەکەمان زمانی نووسین و وتاردانمان هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەە وتارە سیاسییەکانی حککع.

ئەم بەد حاەیبوونە لە سەربەخەبوون و پایەکانی کاری ڕەکخراوەی جەماوەری ،لەو لاشەوە بەربەست و پلانەکانی دەسەات لەبەرانبەرمان و وەام نەدانەوە بە داخوازەکانمان، کەشەکانی ناو ڕەکخراوەکەی گەورەتکردەوە، تاگەیاندی بە دوولەت کردنی یەکەتی بەکارانی سلەمانی.

پرسیار: ئەگەر کرێکارێکی بێکاری کارا و دەسەز، ئەگەر بهاتبایە کۆمۆنیست یان سەر بە یەکێک لە سازمانە کۆمۆنیستییەکانی ئەو دەمە نەبووایە، نەخشەی لە پشتەوە بۆ دانراو بۆئەوەی دەنگ نەهێنێ و نەتوانێت بچێتە ناو بەرایەتیی ئەو ڕێکخراوەوە، ساز ئەکرا؟

وەڵام:
لە هەوڵەر هیچ کۆیسکی لێو بابەتمان بۆ نێهاتێ پێش، کەس هەبوو هیچ پێوەندییەکی بە دونیای کۆمۆنیستییەوە نەبوو کەچی ئێندامی لیژنەی باڵا بوو.

پرسیار: گۆڤار و بڵاوکراوەکانی "یەکێتیی بێکاران" چی بوون؟ چەند ژمارەی لێ دەرچوو؟ نووسەرانی کێ بوون؟ باسە بنەڕەتییەکانی چی بوون؟ چۆن دەنووسرانەوە، بەدەست یان بە چاپ؟ تیراژیان چەند بوو؟ شێوازی بڵاوکردنەوەیان چۆن بوو؟ ئایا ئەوانە شتێکی وەک ئەرشیف لێ ماوەتەوە؟

وەڵام:
یەکێتی بێکارانی هەولێر ڕۆژنامەیەکی مانگانەی هەبوو بەناوی دەنگی بێکاران، یەکەمین ژمارەی لێ ئابی ١٩٩٢ بڵاو کرایەوە و لێ ژمارە ٧ وە بو بە زمان حاڵی یەکێتی بێکاران لە کوردستان ، ١٨ ژمارەی لێدەرچوو لێگۆ چەند پاشکۆیەک. دەستەی نووسەرانی لەسەرەتادا ئەم کەسانە بوون (جەمال چاوشین، عەبدوڵا سلێمان، عەبدولڕحمان مەولود ، جاسم محەمەد و من) . پاش سەرتاسەریبوونەوە هاوڕیانی سلێمانیش بەشداربوون لەو هاوڕیانەی کە لەیادمدا ماون فەرهاد فەرەج ، ئازاد، سەلام مارف و چەندان هاوڕی تر ، بەڵام زیاتر وەک نووسین. تایپکردنی هەموو ژمارەکان لەسەر شانی من بوو. وەکوو نووسین زۆربەی هەڵسوراوانی بێکاران بەشدار دەبوون لە نووسین و دارشتنی هەواڵدا، دەکرێت لەو بارەوە بە زانیاری زیاتر بگەڕێنەوە بۆ ژمارەکانی دەنگی بێکاران.

بڕەو ئایار:
بەناوی کۆمیتەی مەراسیمی یەکی ئایارەوە دەرمان دەکرد. لە ١٤/٤/١٩٩٣ یەکەمین ژمارەی دەرچوو، پاشان چەند ژمارەیەکی تریشی بەدوادا هات . دەستەی بڕەوبردنەکەی پێکهاتبوو لەم کەسانە: (یوسف ، سەباح ، گۆران). لە نیسانی ١٩٩٤ بەهەمان شێوەی ساڵی ڕابردوو بڕەو ئایارمان دەرکرد، دەستەی بڕەوبردنەکەی پێکهاتبوو لەم کەسانە:(عەبدولڕحمان ، سەردار،گۆران).

هواننامەی خەپیشاندان:
لەلایەن یەکەتی بەکارانی سلەمانییەوە دەردەکرا، تایبەت بوو بە خەپیشاندانی ١٩/٦ کە بریاربوو بکرەت. دەنیا نیم چەند ژمارەی لەدەرچوو ، بەەام یەکەمین ژمارەی لە ٢١/٦/١٩٩٣ بەاوکرایەوە. نووسەرەکانی (سەەاح، ئەنوەر، کاژاو، عەبدولرەحمان) دەستەی بەرەوبردنی دیاری نەکرابوو.

ەەگای کرەکاران:

زمانحاەی (یەکەتی کرەکاران لە کوردستان"فدراسیەن") بوو، ئەم رەکخراوە لە ٨/٧/١٩٩٤ لەئەنجامی یەکگرتنی چەند رەکخراوەیەکی تری کرەکاران لەگەە یەکەتی بەکاران، ئەم رەکخراوەیە پەکهات. ژمارە ١-٢ی رەگای کرەکاران لە نەڤەمبەری ١٩٩٤ بەاو کرایەوە، بەو پەیەی ناوی دەستەی نووسەران نەنوسراوە دەنیا نیم لەوەی دەستەی نووسەرانەکەی لە کە پەکهاتبوو، بەەام سەرنووسەرەکەی کاک عەبدولرەحمان مەولود بوو.

پرسیار: لایەنە بەهەز و لاوازەکانی پەیوەندییەکانی ئەوە لەگەە دەسەەات، حیزبەکان و ەەکخراوە جەماوەرییەکان چی بوون؟

وەەام:
لە هاوکەشە سیاسییەکاندا ئەگەرخاوەن هەزبیت، لایەنی بەرانبەر ئامادەی دانیشتن و گفتوگەکردنی هەیە لەگەەت. کە هەزت نەبوو دەبەت ئاستەکی باەا لە دبلەماسیەت لە خەت پیشان بدەیت. ئەو کاتەی هەزمان روولەسەر بوو کەمەەە دەرگا بەروماندا کرابوونەوە،چ وەک دەسەەات ، یان حیزبە نزیکەکانی بە دەسەەات. ئەستاش لەو بروایەدام دەکرا سودی زیاتر لەو پەیوەندیانە وەربگرین، بەەام بەو زمان و دونیابینیەیی هەمان بوو، زەر زوو وامان کرد دەرگاکان دابخرەن بەروومانداا، بەشەک لە کەشەکانمان ئەوە بووە نە جەگاو و رەگای خەمان دەزانی لە نەوەندی سیاسی، نە زمانی گفتوو گەو سیاسەتکردنمان گەرانی بەسەردا دەهات،ئەوەندەی ببوینە کەیلەی موفرەداتە سیاسەکان ئەوەندە زمانمان نەکردبووە ئامرازەک بە چوونە پەشەوەی کارەکانمان.سەبارەت بە ریکخراوە جەماوەرەکانیش بە شەوەیەکی گشتی پەوەندەکانمان باش بوو، بە تایبەتی کەمەەی ئاوارەکانی کورستان لە هەولەر کە لەسەر دەستی هاورەیان شاپور عەبدولقادر و قابیل عادل تەیب ٢ و شوان داودی لە ساەی ١٩٩١ دامەزرا. ئەم هاورەیانە دەورو نەخشەکی زەریان هەبوو لە ناساندنی رەکخراوەکەمان بە خەەکانی ئاوارەو دەوەەمەندکردنمان بە دەرس و

تجربەکانی خەیان سەبارەت بە کاری رەخراوەی جەماوەری. دەتوانین بەین کەمەی ئاوارەکان یەکەمین رەکخراوەی جەماوەری سەربخە بوو لە کوردستان درووست بوو.

پرسیار: شەی ناوخە بە بزووتنەوە ئیسلامییەکان خەری دایەوە، ئەی بە "یەکەتیی بەکاران" چەن بوو؟

وەام:
شە گرانەوەی کەمەگەیە بە خاەی سفر، دابەشکردنی کەمەگەیە بەسەر بەرەکانی خەر و شەردا. لە شەدا بەشەرەکان حەوسەی گوەگرتنیان نییە، تورەو خەپەرست دەبن ، عەدالەت و عەدالەت خوازی دەبەتە مەقولەیەکی سواو بەناوەرەک. دوو شت دەتوانەت لەو سەردەمەدا جەگاو ەگات پتەوبکات لە ناو کەمەگەدا ،ئەویش چەک و پارەیە. ئەمە هیچ یەک لەوانەمان نەبوو. سەروەتی ئەمە قسەکردن و ئەو ئەتەریتەیە بوو کە لە ئاکامی کارەکانمانەوە لە کەمەگە پەیدامان کردبوو. خەر بە ئەمە ئاسودەیی و خەشگوزەرانی خەک بوو، رەشنە لە شەردا ئەوانە نەک هەر لەدەست دەچن ، بەکوو بە چەند فرسەخیش کەمەگە لەو ئاسەیە دوور دەکەوەتەوە.

ئەمە لەکاتی شەی ناوخەدا سەرباری لە دژ وەستانەوەی ئەو شە بە نووسین و کەرو کەبوونەوەکانمان ، بە بەشداری لەگە کەمەی ئاوارەکانی کوردستان، حزبی کەمەنیستی کرەکاری عەراق، پارتی کاری سەربەخە، حزبی زەحمەتکەشانی کوردستان و رەکخراوەی تەکەشان ، دوو خەپیشاندانی شکەدارمان دژ بە شەری ناوخە بەرپا کرد لە شاری هەولەر .لە دووەم رەژی خەپیشاندانەکە ،زیاتر لە پەنج هەزار خەک ئامادەبوون و بە شەوەکی زەر مەدەرنانە لای بنکەی بەکارانەوە دەستی پەکرد و بەناو بازاری شەخ ئەادا تەپەری و لای کەتری سەلام وەستا، بریار بوو هەر لەوەدا نوەنەری لایەنەکان قسە بە خەپیشاندەران بکەن. پاش خوەندنەوەی ناوی لایەنەکانی بەشداربوو لە خەپیشاندانەکە لە لایەن لیژنەی بەرەوبردنی خەپیشاندانەکە، لە پە خەپیشاندەران درایە بەر دەستەژی گولەی بیکەیسی و هەر لەوەدا دوو هاوەاتی بە ناوەکانی (خالد خەلیل حەمەد ئەمین و حەمید حوسەن) گیانیان لە دەستدا و (رەفعەت سالح ، خزر سەفی مامەند ، جەوهەر ئەنوەر عەبدولجەبار، عومەر قاسم قادر ، مەعروف سوارە مەولود و جەوهەر جەعفەر حوسەن) بە توندی بریندار بوون. بە مەژوش ئەوە دەم هەر لەو کاتەدا کە خەپیشاندەران خەتانی خوەن کرابوون ، رادیەی حزبی شوعی لە هەولەر و لەسەر زمانی کاک کەریم ئەحمەدەوە خەپیشاندەرانیان بە ئاژاوەگە لە قەم دا.

پرسیار: لەناوچەی بادینان نەتان توانی کارێکی ئەوتۆ بکەن! هۆکارەکەی چی بوو؟

وەڵام:
بادینان بۆتە حەسارێکی شەرزاد حەسەن و پارتیش دەوری باوکیکە دەگەڕێت ، وەک چۆن لە شۆڕشەکی ئەو ڕەمانەدا باوک دەڕێت (گوێ بگرن... بۆ دوا جار... لێرە لەم حەسارەی من، نە کوێژن دێنێ و نە کچ دەتوانێ شوو بکا، ئەوەی خۆی بە کچی من دادەنێ دەبێ لەنێو تاریکی ژووورەکەشی دا حورمەتی خۆی و من و ئەم حەسارە رابگرێت...)٣ نێ ئەوانەی پێش ئێمە توانیان کارێک لە دژواری بەرژەوەندیکانی پارتی بکەن لە ناوچەی بادینان، وە نێ ئەوانەی دوای ئێمە. پاش هەوڵ و تێکۆشانەکانی هاوڕێ " نەزیر عومەر"و کەمەی هەسوراوی تر لە دژواری بادینان بۆ دروستکردنی ڕێکخراوەیێک بۆ بەکاران ،توانرا لەو بارەوە بەیاننامەیێک دەربکەن بۆ ناوی " لیژنەی کاتی یەکێتی بەکارانی دهۆک" لە ٢٢/٥/١٩٩٣(بەیاننامەکێ بۆ زمانی عەرەبی بوو). ئەوە بوو پاش ماوەیێکی کورت و لە ٢٥/٨/١٩٩٣ هاوڕێ نەزیر دەرفەندرێ و لە ٢٨/٨/١٩٩٣ تەرمەکەی لەسەر ڕێی سمێ زاخۆ دەدەزرێتەوە. بەیێ هیچ کارێکمان لەو بارەوە نەچووە پێشەوە لەو ناوچەیە.

پرسیار: ئەو دەمە "یەکێتیی بەکاران" لەگەڵ مام جەلال کۆبوونەوەیەکیان ساز کرد، ئەو کۆبوونەوەیە لەسەر داوای کێ بوو؟ لەلایەن "ی. ب" کێ بوون ئەوانەی بەشداریان تێدا کرد؟ ئایا بەشداریەکە بە هەزامەندیی ڕابەرایەتیی ئەم ڕێکخراوە بوو؟ باسەکانی ئەو کۆبوونەوەیە چی بوون؟

وەڵام:
یەکێتی بەکاران لە هەوڵی بەردەوامی خۆیدا بۆ لابردنی تەنگژەکانی پێش کاری ڕێکخراوەکێ و چاککردن و باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی بەکاران، هەوڵی جەراو جەرمان دەخستە گر لەو بارەوە. ئێمە نامەمان بۆ زەربەی کۆسایەتی و حزبە سیاسەکان ڕەوان کرد، وە زەرەکیش لەو لایەنانە لە ئاستی باڵادا دانیشتنیان لەگەڵ کردین.یەکێتی نیشتمانی پێش ئەو دانیشتنەی مام جەلال ئێمە چەندین دانیشتنی ترمان لە ئاستە جەراو جەرەکاندا کردبوو لەگەڵیان. لەوەڵام بۆ نامەکەماندا مام جەلال وەڵامی دایندەوە و خۆی کاتەکی بۆ دیاریکردین. ئەم هاوڕیانە بەشداربوون لە دانیشتنەکەدا(حاجی ئەنوەر، عەبدولڕەحمان مەولود، ئەکرەم چاوشین، کاژاو جەمال و فەرەیدون حەمە ساڵح) قسەکانی مام

جەلال بە شەوێکی تووند و یەکلایەنە لەسەر سەربەخەبوونی یەکەتی بەکاران ببوو، ئەو پێوابوو کە ئەم رەکخراوە سەبەخە نییەو سەربە کەمەنیزمی کرەکارییە. لە قسەیەکیدا وتبووی ئەگەر ئەو سەربەخەبن من ئامادەم کەمەکتان بکەم تا ئەوەی چەکیشتان بدەمە. لای هاورەیانی ئەمەو زیاتر هەوەدرابوو دەخی قسەو باسەکان بەلای بارو گوزەرانی بەکاراندا بروات، بەەام مام جەلال کەمتر دەرفەتی بە هاورەیانی ئەمە دابوو بە قسەکردن.

پرسیار: سەرەنجام ئەم ەەکخراوە دوولەت بوو، هەی دوولەتبوونەکەی چی بوو؟ ئایا کاریگەریی ئەو کەبوونەوەیە یان کاریگەریی عەبدوەای موهتەدی و کەمەە بوو؟ وەیان نەخەر، ئەوانە سەربار بوون و خەی لە خەیدا زەمینەی دوولەتبوونی ئەو ەەکخراوە فەراهەم بوو؟

وەەام:
لە پرسیارەکەتدا، ئەو ناوو لایەنانەی وەک کاریگەری نەگەتیڤانە لەسەر رەکخراوەکە ناویانت ریز کردووە، دەبوایە ناوی حیزبی کەمەنیستی کرەکاریش لەو ریزەدا بووایە، چوونکە لە راستیدا ئەوانیش تەرەفەکی کاریگەر بوون لەو کەشەیە و قوەکردنەوەی نەک چارەسەر کردنی. ئەوان تا مەنسوری حیکمەت رەخنەی توندی لە هاورەیانی حککع نەگرت بەهەی تەرفداریان بە بەشەک و دژایەتی بەشەکەی تر و بە ئایدیلەژیکردنی کەشەکان، بە نەفەسەکی درەژەو خەریکی قوەکردنەوەی کەشەکان بوون.

دیارە بە دەنیاییەو دەەم ئەو خەتەی کە بەخەتی کەمەەی دەزانن خەتەکی زەر لاوازبوو پەشم وانییە توانای ئەوەی هەبوایە بەکارانی سلەمانی دوولەت بکات، بەەام دونیای سیاسەت وایە کاتەک خەت لە ئەزمەدا بیت دوژمنەکەت هەرچەندە بچوکیشبەت ، تە گەورەی دەکەیت بە رەوابوونی شەرەکەت، لەوکەشەیەشدا هەروا کرا. بەشەک لە کادرەکانی حککع بە لاسایکردنەوەی مەنسوری حیکمەت لە جیابوونەوەکەی لەگەە حزبی کەمەنیستی ئەراندا، چەن سە هەەی دیاریکرد لە ناو حیزبدا ئەمانیش سە هەەیان لە ناو "ی ب ک" دیاری کرد وەک (١- هەەی کەمەنیزمی کرەکاری ٢- هەەی ناوەند ٣- ناسیونال چەپ) ئیتر دەبوایە خەت یەکلابکەیتەو، وەک ئەوەی کادرەکی باەای حککع بە منی وت (تا ئەستا تە لەبەرانبەر کەشەی نەوان هەەسوراواندا وەستییت دەبەت خەت یەکلا بکەیتەو لەگەە کام تەرەفیت!).
کاریگەری کەبونەوەکەی مام جەلال ئەو بوو، کاتە لە چاوپەکەوتنی برادەرانی ئەمە لەگەەیدا ، راستەوخە پێوتبون کە ئەو سەربە

کەمەنیزمی کارگەرین ، ئەگەر سەربەخەبن من ئامادەم یارمەتیتان بکەم ، ئەو قسەیە بیانوویەکی زیاتری دایە دەستی بەشەک لە هەسوراوانی"ی ب ک" بە دژایەتیکردنی "حککع"و قوەکردنەوەی کەشەکان تا چوونە دەرەوەی بەشەکیان لە یەکەتی بەکارانی سلەمانی ٤ و دروستکردنی رەکخراوەیەکی تر بە ناوی : " رەکخراوەی بەکاران".

بەام بەای من هەموو رەکخراو و ئەرگانەکی سیاسی و جەماوەری، ئەو کاتەی لە پایە کەمەایەتەکەی خەی دادبرەت و پەشرەوی ناکات لەکارەکانی و دەکەوەتە دەخەکی بەستەکییەوە لە ووی پایەکەمەایەتیکییەوە، ئیتر دەکەونە وەزەی یەکترو تاوانبارکردنی یەکتر بە تەمەتی جەراو جەر. کەشەو بەتەجروبەییەک لە مەر سەربەخەبوون و ناسەربەخەبوون و چەنیەتی میکانیزمی رەکخستنی رەکخراوەیەک بە بەکاران و شەوەی کارکردنی لەگەە دەسەاتدا یەخەی پەگرتبووین وای کردبوو لەشوەنەکیتر و جیاوازتر لەو سەنگەرەی کە بریار بوو لەوەی شەربکەین خەریکی شەر بوین لەگەە یەکتر. ئەمە بەهەمان سونەتی حزبەکانی ناو بەرەی کوردستانییەوە خەریکی دابەشکردنی کەمەگە بووین لەسەر بنەمای ئایدیەلەژییەت. ئەمە سانەکی پەشتر لەگەە بوونی رای جیاواز و ململانەی فکریشەوە ، چوونکە لە حاەتی هەکشاندا بووین ، جیاوازە فکرەکان دەست و پەی نەدەگرتین و کەسیش بیری لە جیابونەوە نەدەکردەوە.

پرسیار: ئەو بەشەی کە جیابوونەوە "ەکخراوی بەکاران"یان پەک هەنا. ئایا ئەم هاوەیانە توانییان نموونەیەکی باشتر پیشان بدەن؟ وە سەرەنجام دەسکەوتەکی زەتر بە کریکارانی بەکار بەدەست بهەنن؟

وەام:
من زەر ئاگاداری وردەکارییەکانی کاری ئەو رەکخراوەیە نەبووم ، بەام وەک لەژیک لەوە دەنیام ئەگەر کارەکی باشتر و زیاتریان لە یەکەتی بەکاران بکردبایە ئەوا لە ١/٩/١٩٩٥ بە دەرکردنی بەیاننامەیەک ئیعلانی یەکگرتنەوە نەدەکرا لەگەە یەکەتی بەکاران لە کوردستان، واتە گەرانەوەیان جارەکیتر بە ناو هەمان رەکخراوەی پەشوو.

پرسیار: سەرەنجام هەردووک ەکخراو پووکایەوە! بەچی؟

وەام:
وەک وتم ئەو دوورەکخراوە لە ١/٩/١٩٩٥ یەکیانگرتەوە .
ئەو واقیعەتە سیاسی و ئابورییەی لەسەردەستی یەکەتی و پارتی لە

کوردستان زاکراوە ، وەزیاتر لە دوو دەیە دەستیان بەسەر وردوو درشتی سەرچاوە ئابوریەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا گرتووە ، بە بەرژەوەندی بنەماڵەیی و حیزبی خۆیان. کاردانەوەی کارکانیان واقیعەتکی نالەباری لەسەر زەمینەی کوردستان بەرهەم هێناوە ،بونی ئەو سیاسەتە نەخوازراوە وایکردووە کارکردن لەدەرەوەی بازنەی ئەو دوو حیزبە ئاسان نەبێت .یەکێتی بەکارانیش وەک دەیان رێکخراو و رۆژنامە و گروپی تر کە بە هیواو ئومێدی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکیی تەندروست و یەکسان ، بە شەرو شۆڕکی بە وێنەوە ،لەسەر ئەرکو ماندووبوونی خۆیان دەستیان دایکار، کەچی دەسەڵات بەوپەری خوێن ساردیەوە مامەڵەیان دەکات ، سەرکوتیان دەکات یان پشتگوێیان دەخا. لەدەستکی تریشەوە دەیان رێکخراوەی بێناوەرەکی خۆی بە پارەو ئیمکاناتی بە تاڵانبراوی کۆمەڵگە ، بە بەلاڕادابردنی خەڵک قوت کردەتەوە.

پرسیار: دەرس و ئەزموونەکانتان بە بەکارانی ئێستا چین؟ ئایا پێت وایە، لە ئێستادا پێویستی بەرێکخراوێکی هاوشێوەی ئەو دەمە لەئارادایە؟

وەڵام:
من بەکورتی چەند خاڵێک سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکەت دەستنیشان دەکەم . پێم وایە خاڵگەلێکی گشتگیرو بنەڕەتین بە هەموو رێکخراوەیکی جەماوەری فرە بەچوون و فکری جیاواز ئەم چەند خاڵە وەک بنەمایەک لەبەر چاوبگرێت لە پرسەی کارکردنیدا:
١- خۆپاراستن و خۆ دورگرتن لە ئایدیەلۆژیگرایی لە کاری رێکخراوەکەدا.
٢- هەمیشە لە سەنگەی بەرژەوەندیکانی رێکخراوەکەوە مامەڵە لەگەڵ کێشەو رێگریەکانی بەردەم رێکخراوەکە بکرێت.
٣- بارنەکردنی رێکخراوەکە بە کارگەلێک کە ئەرکی ئەو نییە.
٤- پاراستنی بنەماکانی دیموکراسی لە بریارو هەڵبژاردنەکاندا.
٥- قبوڵکردنی ئای جیاواز و گۆڕان بە دوایی خاڵی هاوبەشدا لە پێناو کاری باشتر و راگرتنی یەکگرتوویی ریزی رێکخراوەکەدا .
٦- رێگەگرتن لە هەموو رێکخراوو لایەنێک لە دەخاڵەتکردن لە کاری رێکخراوەکەدا ،ئەوەش لە پێناو راگرتنی سەربەخۆی تەواوی رێکخراوەکە و لەبەر یەکنەترازانی.
سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت دەڵێم: بەو شێوازەی پێشومان نا ، بەڵام بە جیاواز لەو شێوە میکانیزمەی لە زهنیەتی ئێمەدا بوو بە کاری وەها رێکخراوێک. ئێمە ئۆکاتەی ی ب ک دروستکرد،

بەتەجروبەییەکی زۆرمان هەبوو لەو مەیدانەدا، چوونکە ڕێکخراوەیەکی لەو شێوەیە بە بەکاران ئۆزمووندکی زۆر نوێ بوو ، نەک هەر لە کوردستاندا بەڵکو لە ناوچەکەشدا بەگشتی. هەر وەهاکوردستان لە بارودۆخکی زۆر نالەباردابوو ، چ لە ڕووی سیاسییەوە وچ لە ڕووی ئابوورییەوە.
کۆشێک لە دونیایی بیرکردنەوەی ئەمە هەبوو، وە تا رادەیەک ئەستاش بەردەوامی هەیە ئەویە، هەر ڕێکخراوەیەک دروست دەکەین ، جا ئەو ڕێکخراوە لەهەر بوارێکدا بێت زیاتر بارگاوی دەکرێت بەکاری سیاسی ، پێیوایە دەبێت لەهەموو بوارەکانی کەمتر گەسی هەبێت وە گوتارەکانیشی هیچ جیاوازییەکی نابێت لەگەڵ حزبێکی سیاسیدا. بەیە ئەگەر ئەمڕۆ ڕێکخراوەیەک بە بەکاران دروست بکەم لە کوردستان، ڕاستەوخۆ پشت بە ئۆزمووندی وەاتێکی وەک کەنەدا یان هەر وەاتێکی تری ئەوروپا دەبەستم کە بیەە کەمایەتییەکان تێیدا جێگیرکراوە ، لەگەڵ چەنییەتی کارکردنیان لەو بوارەدا . بوونی ڕێکخراوەیەک بە بەکاران تا ئەو کاتەی کار و سەرمایە لە ئارادایە، زۆرورەتێکی حیاتییە بۆ کرێکاران و بەکاران . بەکار ئەوکاتەی بەکارێ واتە کارێکی لەدەست داوە یان تازە بەدووای کاردا دەگەڕێت، لەهەردوو بارەکەدا پێویستی بە ئەرگانیزاسیۆنێک هەیە ڕووی لەبکات:
١- بژانینی هەی لەدەست دانی کارەکەی.
٢- دەستنیشان کردنی تووانایەکانی.
٣- ئاسانکاری لە چەنییەتی گەران بە دووای کاردا.
ڕێکخراوەکی لەم چەشنەش ڕاستەوخۆ دەبێت پێیوەندی هەبێت بەدەوەتەوە، بە کار ئاسانی کاری ڕێکخراوەکە و پاپشتیکردنی لە بوارێ جیاجیاکاندا، بە نمونە کرێکار بە ئەوەی بیەی هەبێت دەبێت دەوەت بە یاسایەک هەموو بوارەکانی کارکردن ناچار بکات کۆمپانیایەکی دیاری کراو لە کرێی کرێکار بگرێتەوە بە سندوقی بێکاری کە ڕاستەو خۆ لە لایەن دەوەتەوە هەم پشتیوانی لەبکرێت و هەم بەڕێوە ببرێت.

نەوزاد مەدحەت (گەران عەبدوڵا) لە ساڵی 1964 لە شاری کەرکوک لە دایک بووە. لەسەرەتای ساڵی 1980 دا دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و پاشان ئەندامی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست. یەکێک بووە لەو دەیان کۆمۆنیستەی کە "حککع"یان پێک هێناوە و لەساڵی 2002 دەستبەکار دەکەشتەوە.
بەوانامەی دیپلۆمی لە (وێب پەیج دیزاین) هێناوەو لەساڵی

(2002)وە ماڵپەڕی دەنگەکانی دامەزراندووە. ئەندام و دامەزرێنەری هەڵخراوی پەیوەندی کوردی دژی جینۆسایدە. ئێستاش دانیشتووی شاری تەرەنتۆیە لە کەنەدا.

-_____

پەراوێز:

١-

لە ١١/١٢/١٩٩٢ یەکەمین کەبوونەوەی یەکێتی بەکارانی هەولێر لە قوتابخانەی ئایوبیەی سەرەتایی بەسترا

٢-

هاورێیان قابیل عادل تەیب و شاپور عەبدولقادر لە ٢٨/٤/١٩٩٩ لە ناو بنکەی یەکێتی بەکاران لە شاری هەولێر بەدەستی چەند چەکدارێکی ئیسلامی تووندرەو تیرۆرکران.

٣-

هەمانی "حەسار و سەگەکانی باوکم" نووسینی : شەرزاد حەسەن

٤-

یەکێتی بەکاران لە کوردستان دوولەت نەبوو ، ئەوەی دوولەت بوو یەکێتی بەکارانی سلێمانی بوو. چوونکە لە راستیدا ئەوکەشەیە بوو گەرموو گوریەی سلێمانی نەگەشتە هەولێر.

بچوکبـــــوونەوەی ئەدەنیـــــس وگەورەبوونی سەرهەنگ … نووسینی: یوسف عزەدین

(دیموکراسییەت چانسی ئەوەت دەداتە، ببیتە کێلەی ئەو کەسەی بە خەت هەیدەبژێریت) کاڤە کراوس

کردەیەکی ئاساییە نەك هەر ئەدەنیس-ێکی گەورەکراو، بەکو هەر بابایەك، ئەگەر نەناسراو و کردە نادیار و کەم فەرهەنگ و خاوەنی هیچ بەرهەم و عیلم و عیرفانێکی بەرچاویش نەبێت، لیژنەیەکی هەواداری لەبەر هەر هەکار و مەسەلەیەك خەڵاتی پێببەخشن. ئەگەر

بەخشینی ئەو خەاتەش بۆ خۆی ببێتە مایەی سەیر و سەمەرەیی، وەك بەخشینی خەاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی ساڵی 2016بە "پۆپ دیلان"ی سترانبێژ و گیتارژەن. باشە کەحان و مەسەلە وایە، ئەدی بۆ بەخشینی خەاتی ئاشتی"ئیریش ماریا ریمارك" لەبەرواری 19 فێبرایری2016 بە ئەدەنیس، هەر پێشوەخت و پێش بەخشینەکەیی و دواتریش زۆرترین مشت و مۆ و ناڕەزایی لێکەوتەوە؟ هەر لە لێکەڵەر و نووسەر "نافید کرمانی"یەوە کەپێشتر ئەو خەاتەی پێبەخشرابوو، ناقایل بوونی خۆی بەخوێندنەوەی وتارێك لەمەراسیمی وەرگرتنی خەاتەکەی ئەدەنیس-دا ڕاگەیاند و تا کار گەیشتە وەرگێڕی سەرجەم بەرهەمەکانی ئەدەنیس بۆ ئەمانی، "شتیقان قایدنەر" سەبارەت بە ئەدەنیس-ەك کەساڵانێکی لەتەمەنی خۆی بۆ وەرگێڕانی کارەکانی تەرخانکردووە، بڵێت: "پێم وا نییە ئەدەنیس بگاتە ئاست وەرگرتنی خەاتی ئاشتی، چونکە ئەو هەوڵستەکانی ناسراوە بەوروژاندنی…"*

لەلایەکی ترەوەو هەر لەسەرەتاوە خاتوو "جێزیبینا ماریا نیکولینی" سەرۆك شارەوانی دوورگەی "لامبیدۆزا" ئامادەنەبوونی خۆی دەربڕی، بەوەرنەگرتنی ئەو خەاتەی هاوکات بەویش دەدرێت، ئەگەر لەتەك ئەدەنیس-دا بێت. ئەمە جگە لەو هەموو وتار و نوسین و دژایەتی و ڕەگریانەی کەهەکارە سەرەکییەکەی بەدەر لەهەموو شتێکی دیکە، لە نامەکەی ئەدەنیس-وە بۆ سەرۆکی سوریا سەرچاوەی گرتبوو.**
ئەدەنیس پێش ئەوەی لەبەرواری 28یئۆگستۆس-ی2011دا خەاتی گۆتە-ی پێبەخشرێت، بەپەلەپرۆز و لەنامەیەکی کاڵا و کرچی خاڵیی لەو بەهایانەی کەخۆی ساڵانێك باسی لێوەکردبوو، بەمەبەستی قەزتنەوەی هەلەکەو سواربوونی شەپۆلەکان و زیادبوونی شوهرەت و سەرکەوتن بەپێپلیکانەکانی خەاتە جێراو جێرەکاندا، هات و خۆی تێکەڵا بەدنیای گەمە ساماکەکان کرد.

ئیدی ئەو پیاوەی کەسانێك دەمیان لەحزوریدا تەتەڵەی دەکردو بەشەوق و تاسەو جدییەتەوە گوێبیستی هێنراوەکانی دەبوون. نازانم چی بەو کەسانە دەڵێن؟ لەئێستادا بەکەمێك تەوس و جار جارە بزەو گاڵتەجاڕییەوە نامەکەی ئەدەنیس دەخوێننەوە!
نامەکەی "ئەدەنیس" بەسەیدولڵەئیس دەست پێدەکات و بەحیکایەتی دیموکراسییەت بۆ سەرۆك داخێ بەنامەکەی دەبڕت و دەڵێت:
"دیموکراسییەت لەسوریادا، تەنها پاش خەباتێکی درێژخایەن دێتەدی، بەپێی شەرت و شەرایت و پرەنسیپگەلێك، دەبێت دابمەزرێت..ئەمەش هەر لەمڕۆوە، نەك لەسبەینێوە"

لەکاتێکدا وەك کاڵ کراوس دەڵێت:

"دیموکراسییەت چانسی ئەوەت دەداتێ ببیتە کۆیلەی ئەو کەسەی بۆ خۆت هەڵبژێریت" و ئەمە لەلایەکەوەو لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر دیموکراسییەت چارەسەر و شتێکی باشیش بێت، ئەدۆنیس لەکوێداو بۆ کێی باس دەکات ؟!
لەبەشی 2-ی نامەکەیدا داوا لەسەرۆکی "بەقەولی خۆی هەڵبژێردراوی "سوریا دەکات، هەر لەسەرەتاوە بەر بەناڕەزایی خەڵك بگرێت، ئەویش بەوەی کۆمەڵگە لەووی کلتووری و سیاسییەوە لەزەمەنی ئاسمانی و ئیلاهییەوە بهێنێتەوە بۆ زەمەن و زەمینی مرۆڤانە. ئەمە لەکاتێکدا جەنگ و ئاشوب و ململانێی خوێناویی و ئایەتین و ناڕەزایەتی و ئیعتیسامەکان، لەسەر زەمین و لەزەمەنی مرۆڤانەدا ڕووەدەن! ئەو سەرۆکەی ئەویش موخاتەبەی دەکات، دواجار خوێندکارێکی مەدرەسەکەی میشێل عەفلەق-ەو باوەڕی بەئایدۆلۆژیایەکی ئیمانیی هەیە، نەك ئیمانێکی لاهوتی و ئیلاهی و ئاسمانی، هەر بۆیە

لەکتێبی"فی سبیل البعث"دا "عەفلەق"دەڵێت:
(ئێمە دەمانەوێت ئەوانەی ئێمەیان قبووڵەو کاریش دەکەنە سەر ئەوانەی تر، تەنها بەبیستنی دەنگمان و تەماشاکردنی جووڵە ئاسایییەکان و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەمان بکەونەگەڵ. دەمانەوێت بزانین کێن ئەوانەی بەغەریزە وەدوومان دەکەون...بەبێ ئەوەی پێویستمان بەبەڵگە هێنانەوەو زانست و سەلماندن و ژمارەکان بێت...).
چۆن دەبێت، ئەدۆنیس-ێکی دەرچووی فەلسەفەو تەماشاچی دوو سەدە، لەوە حاڵی نەبووبێت، سەرۆك تەنها پێویستی بەوەلائی کۆرانەو ئیمانی ئایدۆلۆژی و کەسە گەوجەکانە و وەك خودی میشێل عەفلەق ئاماژەی پێداوە:
"ئیمان پێش مەعریفەیە"، واتە ئیمان بەعروبەو بەعسیزم، نەك ئیمانی ئاسمانی و لاهوتی.
لەهەمان بەشدا ئەدۆنیس ئاماژە بەوە دەکات، هەر لەسەرەتاکانی دەوڵەتی ئیسلامییەوە بیرمەند و شاعیرانێکی عەرەب هەبوون، ویستویانە بەتەواویی ئایین و دەوڵەت لێك جوودا بکەنەوە؟!

لەبەشی 3-دا پاش ئەوەی سەیدوڵەئیس دووبارە دەکاتەوە، دەڵێت:
(دامەزراندنی دیموکراسییەت بەجیاکردنەوەی تەواوی نێوان هەموو شتێکی ئایینی لەلایەك و لەلایەکی تریش هەموو شتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان دەبێت... ئەمەش ئەوە بوو"حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی" نەیکرد، وەك چاوەڕوان دەکرا لێی...).
دیارە ئەدۆنیس چاوەڕێی زەر شتی ئیجابیی لە حزبەکەی سەرۆك کردووەو لەمیانی نامەکەیدا دەگەیتە ئەو ڕاستییەی هێشتاکە هەر بەتەمایە.

ماوەتەوە بڕین، بەر لەوەی ئەدۆنیس خەڵاتەکەی وەربگرێت، بەر لەدوو هەفتە، گۆڤاری "دەر شبێگەڵا" چاوپێکەوتنێکی لەگەڵا سازکردو ئەنجامدەری دیالۆگەکە توانی ئەدۆنیس لەگۆشەیەکی کوشندە-دا تەنگەتاو بکات، کاتێك بەئەدۆنیس-ی گوت:
(بەڕام تۆ پاش ڕاپەڕینی گەلانی سوریا، بەچەند مانگێك، نامەت بۆ ئەسەدد ناردووەو بەشکۆمەندیی و ڕێزەوە وەسفی دەکەیت کەئەو سەرۆکی هەڵبژێردراوی وڵات و گەلە، تۆ ئەو شەرعییەتەی پێدەبەخشیت کەشایانی نییە).

_____

سەرچاوەکان
http://www.aljazeera.net/news/cultureandart/2015/9/ %8A%D8%A9*
**http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=263205

گفتوگۆ لەگەڵ نووسەر بەیان سەلمان ... سازدانی / شاخەوان سدیق

بەیان سەلمان:
لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، گۆڕانەوە بەشێکی تەواوکەری گرنگی ژیانە

ژنە ڕۆژنامەنووس (بەیان سەلمان) یەکێکە لە ناوەدیارو دەنگە جدیەکانی ناو دونیای ئەدەبی کوردی و وەرگری خەڵاتی ئەم ساڵی ئەندێشەیە بۆ ڕۆمان لە ئێستادا خاوەنی هەریەکە لە ڕۆمانەکانی (شەوانی ئادەم و بەرزایی شوراکان و نەوەکانی مادائی) و لە ئێستاشدا سەرقاڵی نوسینی ڕۆمانێکی نوێیە کە تایبەتە بە شاری کەرکوك، بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە تەوانینی ئەو بۆ ئەدەب، ئەم دیدارەمان لەگەڵ سازدا.

پ1/ (کۆن وڵسن) لە کۆندا وتویەتی " کاریگەری ڕۆمان لەسەر کلتوری

مرۆڤایەتی لە تێکۆشای تێزەکانی (داروین و فرێیدو مارکس) زیاتر بووە. ئەمڕۆ بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو، بەتایبەت هاتنی ئینتەرنێت، زۆرێك پێیان وایە، بایەخ و گرنگیی ڕۆمان لە ئێستادا وەك جاران نەماوە، ئێوە پێتان وایە تا چەند ئەم بۆچوونە ڕاستە؟

بەیان سەلمان/ با لە وتەیەکی پێل ڤالێری دەست پێ بکەم کە لە ساڵی 1937 وتویەتی "کاتی کۆتای دنیا وا دەست پێ دەکات.". کە ڤالێری ئەوەی گوتوە، ماوەی دوای شەڕی جیهانی یەکەم و دوو ساڵ پێش دەسپێکی شەڕی جیهانی دووهەمە. ئاساییە کە مرۆڤ هەشبین بێت. دیارە ڤالێری بەو ڕستەیە، باس لە "بەیەك ڕەنگکردنی" دنیا دەکات. وەك یەك بەرگ، هەموو کەسێك یەك بۆچوونیان دەبێت و دەیانەوێت وەك یەکیان لێ بێت و وەك ئەویان هەبێت. لە کوردستانیش، ئەو هەشبینییە بە بارو دۆخی ناوچەکەوە پابەندە. بێ گومان ئەوە کاریگەریی لە سەر بۆچوونی ئەو کەسانەشە کە تاقەتی خوێندنەوەیان نییە. ئەدەب هەر دەمێنێت. ڕۆمانیش وەك بەشێك لەو، بە تایبەتی بەرگریی دەکات، جۆرێکە لە "ئەنتی بایۆتیکی" سروشتیی، کە دژ بە ئایدیۆلۆژیا بەرگرییت پێ دەکرێت. ساتەکیش دێتە پێش، کەسەکە خۆی لە تەوژمی تەکنەلۆجی بێ تاقەت و وەس دەبێت، ئەوجا دەست بە خۆ ڕێکخستنەوە دەکات. لە جێیەکدا، تەکنەلۆجیاش دەبێتە ئایدیۆلۆجی و دەسەپێندرێتە سەر تاکەکان. دەبێ تاك دژی ئەو سەپاندەنە بەرگریی بکات.

کێشەش لە خودی تەکنەلۆجیادا نییە، بەڵکو لەگەڵ شێوەی بەکارهێنانێتی، لە چاولێکردن لە بەکارهێنانی، وەك لە ناوەڕۆکی ڕستەکەی ڤالێری تێ دەگەین. کە بزانین: بۆ، کەی، لە کوێ، بەکاری دەهێنین، هیچ گرفتێك دروست ناکات و ناتوانێت وەك ئامرازێك تێ بەکار بهێنێت، بەڵکو تێ، دەسەڵاتت بەسەر ئەو ئامرازەدا دەشکێت و سوودی لێ وەر دەگریت. تەکنەلۆجیا لەگەڵ داهێنانیدا، لەسەرەتاوە، تاکو گەشەی کۆمپیوتەر لە ئەمڕۆدا، ئەگەرچی زۆر ئالۆزیی جیهانی ئەمڕۆ و تاکێتیی و دوورکەوتنەوە وبگرە چوونە کەنار بە ویستی تاك خۆی، بەرجەستە دەکات، هاوکات بەشێکیشە لە گەشەی ژیان. بمانەوێت و نەمانەوێت ئاسانکاریی داهێناوە، کەسایەتی تاکەکان و تەنانەت چەرخی فیکریشی گۆڕیوە. وەرای ئەوەش، ئەمە چیتر ناتوانین پشتگوێی بخەین، بەڵام دەکرێت، زۆر بە چاکیی خۆمانی لەگەڵ بگونجێنین، بە باشیی کاری پێ ئەنجام بدەین، بێ ئەوەی لە داهێنان و هەوڵی تاکێتمان کەم بکاتەوە. بە تایبەتی نابێت لە دنیای ناوەوەی خۆمان دامان ببڕێت. کێشە لەو دابڕانەیە لەگەڵ خود، ئەگەر زۆر سەر بکەینە سەر بەکارهێنانیان. بۆجگە لەوەی، بۆچوون و نووسین دەبنە

دەستکرد و بەهایان نامنت، وەك نووسینی خرای لاپەیەکی فەیسبووکی لە دت. کە کەس بە استیی و بە قویی نایان خوینتەوە و بە "لایککی" زلنان کتاییان پە دت!
با سەیری ئەو لایەنەی تەکنەلجیاش بکەین، کە لە جی خمانەوە، هەزاران مان لە ناو بەرزترین رەفەی کتبخانە گەورەکانەوە دەهنیننە سەر شاشەیەك و دەیان خونینەوە. ئەوە لە ساییەی گەشەی کمپیوتەرو هاتنی ئینتەرنت هاتتە دی. گرنگە کەسانی "ساغ" ئەندام کەمك بیر لە "کەم" ئەندامکیش بکەنەوە. ئەوەی نابینا و تەنانەت نەخەوندەواریشە، ئەمە دەتوانت بە ئاسانیی گو لە هەزاران کتب بگریت. لەبری ئەوەی دەیان مان و کتب لەگە ختدا بە سەفەر بەریت، کلیلکی (یو ئیس بی) و تابلتك سەدان کتبت بە دەگوازتەوە. بە استیی لەگە ئەو جرە ەشبیینیانە نیم کە بەزر پمانی دەفشن. بە کورتیی، کەوتتە سەر ئەوەی، چن مامەەی لەگە دەکرت. دواجار، خوندنەوە بەشکە لە هەوی تاك خی، خشەویستییە، پەیوەندی مرڤ بە خوندنەوە و کتب، پەیوەندییەکی ئیشقی ئەزەلیی سەیرە.

پ2/ مرڤ بەدرژای مژوو لە گەی (ئەفسانەو حیکایەت و چیرك)ەوە دەماودەم شتی گاوەتەوە، وەك ئەوەی (عەتا محەمەد)یش دەت "ئەوەی مرڤی دروستکرد گانەوە بوو"، مەبەستمە بپرسم، تە لە نوسیندا دەتەوت چی بگیتەوە، یان مرڤ بە هەمیشە خەمیەتی بگتەوە؟

بەیان سەلمان/ لە کنەوە بە ئەمە، گرانەوە بەشکی تەواوکەری ژیانە. ئەو بەشەیە کە پویستە تیدا بە وردەکاریی ژانەدا بچینەوە. ژیان بریتییە لە هماو نهنی، تکەەیەکە لە سەیروسەمەرە، پە لە بوونەوەر، لە شون، لە ووداو، لە توندوتیژیی و لە جوانییش. لە هەموو چرکە ساتکدا پویستە باسیان بکرت. ئیتر ئەو کەسەی چیرك دەگیتەوە، وەك ئەوەیە کە کمەك کد لە دەوروبەری بت و ئەو بە گانەوە یەك بە یەکی جفرەکانی بکاتەوە.لەلام، ئەوە مڤە کە زادی فەیلەسووف و ماننووس دابین دەکات، نەك بە پچەوانەوە. لە میتلژیادا، چەەکی گەردوون سەرەتا بە دروستکردنی ئاسمان و زەوی و بوونەوەرەکانی تر بوو، لە کتاییدا مرڤ. بە ئەوەی مرڤ هەموو ئەوانە لە گای پرسیارکردن بگتەوە؛ هەر خودی میتلژیا کە مرڤ دایهناوە، ئەو پرسیارکردنە دەسەلمنت. ئەوە مرڤە لەبری سروشت و سەرجەمی بوونەورەکان و گیان لەبەرەکان قسە دەکات، پرسیار لە وجودی خی

دەکات و دەیگۆڕێتەوە. گۆڕانەوە، گەڕانە بە دوای شتی نادیار تا بیکەینە دیار. هەندێك جار، شتی زۆر سادە و ئاساییە، بەڵام نەبیندراون. دەتوانم بڵێم، ئەو بەهەشتەیە کە هەموومان بە دوایدا دەگەڕێین، ئەوەی لای نزیك دەبێتەوە، ناشێم پێی دەگات، تا ئادەیەك دەستی دەچێتە ناو نادیار و زمانەکەی وەر دەگێڕێت و دووبارە بە زمانێکی تایبەت کە خۆی دای دەهێنێت، شتەکانی پێ دەگێڕێتەوە. لەبیرشمان نەچێت، کە خودی زمان، ئامرازێکی هاوپەیوەندییە، کە بە نێوەندی ئاماژە ئەنجام دەدرێت، ئەوە کە سەر لە شتە نادیارەکان هەڵ دەداتەوە.

پ3/ بەدرێژای مێژووی نوسین جگە لە وەزیفەی گێڕانەوە، چیرۆك و ئەفسانە، بەپێی قۆناغە جیاوازەکان ئەرکی جۆراو جۆریشیان هەبووە. وەك ئەوەی (باختین) دەڵێت" ئەوەی کە دۆنێ ئەرکی ئەفسانووس بوو، ئەمڕۆ ئەرکی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانە" مەبەستمە بپرسم، ئەرکی سەرەکی ڕۆمان پاش گێڕانەوە چییە؟ تا چەند نووسەر لە ڕۆگەی کارەکتەرەکانیەوە، دیوی شاراوەی واقیع دەگوازێتەوە؟

بەیان سەلمان/ با لەوەوە دەست پێ بکەم کە باختین دەڵێت "ڕۆمان جەندەرێکە کە لە پرسەی بە بوونە" بەم واتایە، هەمیشە لە گێڕاندایە. ئەمەش ئەو ئازادییە بێ سنوورەی ڕۆمان دەسەلمێنێت کە بەردەوام لە هەڵسەنگاندنە. لە داهاتوودا فەلسەفە لە ڕۆمان زیاتر، هەڵسەنگاندن بەخۆیەوە دەبینیت. ئەوە یاسای ئاڕزیی دنیاییە، کە جەغەت دەکاتە سەر فیکر و هەڵسەنگاندنی. من وشەی "کارئەکتەر" caractère بەکار نابەم، ئەوە بێ خەسڵەتەکانی کەسایەتییەکی ناو شانۆیە، وشەی "کەسایەتی" personnage ڕاستەرە، هەر بۆیە لە تیۆری ئەدەبیی فەرەنسیدا لەگەڵ "کەسێك" personne جیایان کردۆتەوە. لێرەوە، ئەو کەسایەتییەی دەخرێتە ناو کارێکی ئەدەبیی، هەگری بۆچوون و ڕوانینێکە لە بارەی مرۆڤ و دنیا. بێ گومان هەرچی دەیزانێت، یاخود پێی هەڵ دەستێت و بە نیازە بیکات، لە ڕۆگای گێڕانەوە ئەمە پێی ئاشنا دەبین و دیزانین. ئیدی ئەمە لەسەر نووسەر کەوتووە، چۆن چیرۆك و ڕووداوەکان دەخاتە بەر چاو خوێنەر. کە باس لە ڕاستیش دەکەین "واقع"، ئەوە ڕاستی ژیان دەگوازینەوە، بەڵام بە نێوەندی داهێنانێکی خەیاڵیی. لەوانەیە ئەو "دیوە شاراوەیەش" کە لەلای تۆ پرسیارە، وەها شاراوە نەبێت، بەڵام کەسایەتییەکی دەستنیشانکراو ئامانجی ئەوەی لە دوایە ببێتە زمان حاڵی ئەو کێمەی تێیدا دەژی، یاخود ببێتە هەگری هەستی کەسێك، بۆچوونی، تێگەیشتنی بۆ شتەکان، مامەڵەکردنی لەگەڵ کێشە و ڕووداو

و ئەو کۆمەڵەی دەوروبەرەکەیشی.

پ4/ ئەوەی ڕوماندەکانی تۆ بخوێنێتەوە زوو لەوە تێدەگات کە ڕەگەکی گەورەی کارکردنی تۆ لەناو مۆژوو دایەو دەتەوێت هەمیشە مۆژوو وەك تۆمایەکی سەرەکی لەناو کارەکانتا وجودی هەبێت، قسەك هەیە دەڵێت "مۆژوونووس مۆژووی کۆمەڵ دەنوسێتەوە نەك مۆژووی مرۆڤ، بەس ڕوماندەکان مۆژووی مرۆڤ دەنوسێتەوە. تۆ دەتەوێت کامیان بنوسیتەوە مۆژوو بۆ بۆتۆ گرنگە؟

بەیان سەلمان/ مۆژوونووس ئیشی نووسینەوەی مۆژووی مرۆڤیشە! مۆژووی شارستانییەتێك بۆ نموونە، مۆژووی مرۆڤەکانیشە. هیچ کۆمەڵێك، شارستانییەتێك بۆ مۆژووی مرۆڤەکانی بەهای نییە. کە باس لە شارستانییەتی میزۆپۆتامیا و گرێك دەکەین، ئەو مرۆڤانەی کە لەو سەردەمەی ژیاون و ئەوانەن کە خودی شارستانییەتەکەیان دروست کردووە، بوونی نییە! لە ڕوماندەکانمدا، دیوێکی مۆژووم نووسیوەتەوە، نەك هەموو مۆژوو. تەڕامانم لە مۆژوویەك، ڕوانگەم لە ئاستی ڕووداوی ئەو مۆژوودا هێناوەتەوە. مۆژووی ڕاستی سەردەمێکم دەقاودق زیندو نەکردۆتەوە. وەك ڕومانووسێك، ئەمە ئیشی من نییە. جاری وەهاشە، دەبیستم، ئەمەش هەر لەبەر ئەوەی ژنە ڕومانووسم، پێم دەڵین، هەموو دەقەکانی لەسەر ژنن. ڕومانەکانم باسی هەموو مرۆڤێك دەکات. پیاو وەك ژن جێی خۆیان هەیە. پاشان ئەوە پۆیستیی ڕووداوەکانە کە کەسایەتییەکی سەرەکی ژن بۆت یان پیاو، یان منداڵ. خۆ شاڕە دیکنز کە " ئەلیفەر تویستی" نووسیوە، منداڵ نەبووە، پیاوە! ژاك لەندن "دان چەرمێ"ی نووسیوە، کە باس لە ئاژەڵێکی نیوچە سەگ و نیوچە گورگ دەکات!

پانتایی ڕومان بریتی نییە لەوەی تەنها پیاو، یان ژنی تێدا بەکار ببرێت. نووسەر باس لە پێکهاتەی کۆمەڵێك، یاخود شارستانییەتێك دەکات، کە گرنگە هەموو ڕەگەزی مرۆڤ و بوونەوەرێکیشی تێدا بێت. لە "بەسەرهاتەکانی خەزنە مەملووك" بۆچوونێکم لەبارەی مۆژویەکی کۆیلایتییەوە هێناوەتەوە و کەسایەتی سەرکیش پیاوە، خودی گەڕانەوەکەش بە زمانی پیاوە. لە "شەوانی ئادەم" کەسایەتی سەرەکی ئادەم و مەردۆخ و ژنێ و سەکینە و بۆقەرە، کەسایەتییەکی نێرەموو کیشی تێدایە. لە نەوەکانی مادایی کۆمەڵە خەڵکن، ژن و پیاو و منداڵ. بەدەر لەوەی، ئەمانە ڕەگەز نین لە لێکدانەوەی هەندێك کێشەی کۆمەڵایەتی و وجودیی و فیکریی، کە پۆیستیان بە چوونەوە سەر مۆژوویەکی تایبەتی خەڵکانێك، شوێنێك، هەیە و لەو ڕوانگەیەوە لێکی بدەینەوە، وەك ئەوەی "لە بەرزایی شوراکان"دا

هاتووه. ئەو جۆرە کارکردنە پێوستییە، دەستکرد نییە.

پ5/ لە ساتی گۆڕانەوەی چیرۆکی هەردوو ڕۆمانی (خەزنە مەملوك و بەرزایی شوراکان)دا زۆر بە وردیی کار لەسەر کێشە بەردەوامەکانی ئینسانی ئەمە دەکەیت. پێت وایە مرۆڤی ئەمە بەردەوام گیرۆدەی کەمەڵك گرێی دەروونی تایبەتە، کە خۆشی شەرم لە باسکردنیان دەکات؟ لەرەشەوەیە کە تاکی ئەمە خاوەنی زیاتر لە دەموچاوێك و کەسێتیەکەو بەردەوام بە چەندین ماسك ڕوخساری داشارێتەوە. دەمەوێت بپرسم، تۆ دەتەوێت چۆن لەم بابەتە بڕوانی؟ تا چەند ڕۆمان دەست و پەنجە لەگەڵ کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی مرۆڤدا نەرم دەکات؟

بەیان سەلمان/ مرۆڤ لە هەموو جۆرێك دروستکەری ژیانە. ڕووی ئەودیوی خودی ژیانە. کە دەڵێین ژیان پێ لە نەهنی و هەما و کەدە، واتە مرۆڤ ڕوویی ئەودیوێتی. لەبەر ئەوەی ئەقڵ و بیرکردنەوە و زمانی دەربڕینی پێیە. واتە، بوونەوەرێکی ئاڵۆزە، خاکیترین تاك، بێ ئاڵۆزیی نییە. لەلای خۆمان و لە هەموو شوێنکی دنیاش، مرۆڤ سەدان کێشەی دەروونیی هەیە. جیاوازیی لە نێوان ئێرە و ئەوێ، لە جۆری شاردنەوەیەتی. چونکە کەسی نەخۆش هەوڵ دەدات کێشە دەروونییەکانی بشارێتەوە، ئەوە ئەگەر هۆشی پێیان هەبێت. ئەو دەمامکانەی ئاماژەشی پێ دەکەیت، لەو ڕاستییەوە هاتوون، کە مادەم مرۆڤ زمانی دەربڕینی هەیە، کەواتە پێویستی بە ماسکە و بەکاریان دەبات، دەنا ناتوانیت ژیانی ڕۆژانەی بەسەر بەرێت. بگرە بێ ماسك لە دۆزەخدا دەژی. بگومان دەمامکەکان بە ڕووی ئیجابی و سەلبی جودان. خەزنە دەمامکی شەرم و نەخوێندەواریی بەکار دەبات، تاکو لە دەسەاتی زۆرداران خۆی ڕزگار بکات. خاوەنەکەی دەمامکی چوونە مزگەوت بەکار دەبات، تاکو بازرگانەتکەی هەر لە گەشەدا بێت. لە "بەرزایی شوراکان" ئەو کەسانەی لاقەی زەکیە دەکەن، گشتیان، ڕۆژانە ماسکیان هەگرتووە و دواییش ئاسایی بێ سەر ئیشی خۆیان دەچن. لە "شەوانی ئادەم" پیاوەکانی ناو کێشك گشتیان ماسکەکانیان لاداوە، بۆیە چیتر ناتوانن لە ناو کەمەڵ بژین و لە چۆلەوانییدا جۆی خۆیان دەکەنەوە. ئەوە کەمەڵە کە ماسکی هەمە جۆر دەسەپێنێتە سەر خەڵك. ڕۆمان ئیشیش لەناو ئەو دوو فاقەی ئاڵۆزیی کەسایەتییانە دەکات، کە کەمەڵك پێك دەهێنن، یاخود تاکێکی لێ بەرهەم هاتووە.

پ6/ زۆر جار باس لەوە دەکرێت، کۆتای ڕۆمانەکانت کۆتای کراوەن و هەمیشە کەمتر خۆت لە چارەسەری کێشەی کارەکتەرەکانت دەدەیت، بەجۆرێك کۆتاییەکان بێ خوێنەرەکانت جێدێیت، تا چەند ئەم بۆچونە

ەستە؟ ئەمە بە مەبەست دەکەیت یان نا، ئەوە تەنها بۆچونی خۆنەرەو کاری □□کەوتە؟
بەیان سەلمان/ من دیسان دەمە سەر ژیان. دە□□م بەرابەر بە مردن کە دۆخێکی داخراوە، ژیان تەواو کراوەیە. ئیتر بەو شێوەیە ئیش لە □□مانەکانم دەکەم. تا ئەو جێیەی کە "کۆتاییەکانی"، هەر وەك لە ژیانی □استیدا، کراوە بێت و لە شوێنکدا، کە ئێمە نازانین بەرەو کوێیە، ناشزانین لە کەیە، واتە کاتیشی نازانین، ئەوە مرۆڤەکان بۆیاری خۆیان دەدەن، هەر وەك □استیی لە ژیاندا. ئێمە ناچین بۆیار بۆ کەسێك بدەین چی بکات. □□مان چیرۆکی کۆن نییە، تاکو زەمانی شازادە و کچە پاشا بگ□□تەوە، کە کۆتاییەکەی بە "هەپی ئێند" تەواو دەبێت و "هەموو بە یەك شاد دەبنەوە"! □□مان خودی پێناسەی ژیانە، □□مانووسیش بە زمانێکی تایبەت □ووداوەکانی دەگ□□یتەوە. ئەوە لەگەڵ بۆچوونی خۆنەری هەمەجۆریش دەگونجێت. لەوانەیە خواستی خۆنەری زۆر سادە نەپێکێ، کە هەمیشە بەدوای چارەسەر دەگ□□ت. دە بپرسین: کێ چارەسەری □استیی لەلایە؟ چارەسەر خۆی بریتیە لە چی؟ ئەوەی کەسێك بە چارەسەر دای دەنات، یەکێکی دیکە بە سەرچاوەی کێشە سەیری دەکات. واتە ئێمە لێرە، لە بەرامبەر دۆخێکی □□ژەیین "نسبی".

پ7/ باس لەوە دەکرێت لە ئێستاداو دوای بۆاو بونەوەی □□مانی (شەوانی ئادەم) کار لەسەر □□مانێکی نوێ دەکەیت. دەکرێت هەندێك زانیاری گرنگ دەربارەی □□مانەکەو بیرۆکەکەی بە خۆنەران بدەیت؟

بەیان سەلمان
هەڤۆانی نەوت لە سەدەی □ابردوو، لە گوندەکانی سەر بە کەرکووك، دەرکردنی خاوەن عەردەکان، شیرازەی بنەماڵەی باجە و مۆژووی کوردیش لە ناوچەکە، بەرە بەرە هەڤ دەوەشێتەوە. لەو □□مانەدا، تا قوڵایی بنچینەی شار و پێکهاتەکانی دەچین. چۆن سەیری بەردەوامبوون لە شوێندا دەکرێت؟ خودی شار موڵکی کێیە؟ مرۆڤی هۆشمەند ئەوەیە کە پلەیەکی بەرزی خوێندەواریی هەیە، یاخود کەسێکی ئەقڵانییە؟ لەهەناوی ئەو مۆژووە پڕ ئازارە، لە □□گای چارەنووسی (باجە گەورە)، بۆ ئەوەی زۆر جۆ گ□□گۆ بکات، چەرخی □ووداوەکان دەسوڕێت. ئەو گەورە-کچە نەخوێندەوارە، باش دەزانێت، لە هەر قۆناغێکی ژیانی، کە بە هەڵسەنگاندنی مۆژووییی و سیاسیی و فیکری کەسایەتییەکان گرێ دراوە، جەوی کەسایەتی خۆی و ئەوانەی بە دەوریشییەوەن، بگرێتە دەست. کۆمە□□ك کەسایەتی زۆر لە دەوری (باجە)ن. ئیشکەرەکانی ماڵەکە، (سپاردە)، (دەوڵەت) کە لە

هەرزەکارییەوە لەو ماڵەیە و جێی متمانەیەتی، خزم و کەسەکانی، هاتوچۆکەرانی دیوەخانەکەی. ئەگەر دیوەخانەکەی بە پێی سەردەم هەر لە شوێن خۆیەتی، ئەوە دۆخی کەسەکان و ڕووداوەکان نییە، کە هەمیشە لە گۆڕاندان. کاتی خۆی، چوار کچ دەچنە لای باجە؛ لەم سەردەمەی ئێستاش، چوار کچی جیاواز کە پێ پەنهانیین و جێی گومانن دەچنە لای. لە هەردوو سەردەمدا، ئەو کچانە چییان لەبن سەرە؟ ڕۆژکیان، داستان، خوشکەزای باجە، بێ وێات دەگەڕێتەوە. ئەو هاتنەوەیە ڕووداوی زیاد لە نیو سەدە زیندوو دەکاتەوە. داستان بەدوای خۆشەویستەکەی (سپاردە) وێە. نەبوونی هیچ هەواڵێکی، نهێنیی چی شاردێتەوە؟ قین و خۆشەویستی، چ ئاکامێکیان لێ دەکەوێتەوە؟ لە ڕێگای باجە، چارەنووسی هەموو کەرکووك، لە ناو ئەو ڕێمانە نوێییە. چارەنووسێك، کە هەتا بێی لایەنی بەهێزیی دەرەخات، هاوکات ناسکییشیی، واتە هەمیشە جێی گرەوە.

بێد وێرگێان … ئـــازاد ئێحمێد ئێسوێد

لێ ژمارێ 235ی گێڤاری (ڕامان) 05/12/2016 جێلال بێرزنجی دوو شیعری (دێریك واێکێت)ی شاعیری ترینیدادی لێ ئینگلیزییێو وێرگێڕاوێ. لێـرێدا هێو ئێدێم ئێو هێـانێ دێسـتنیشان بکێم کێ وێرگێ تێـی کێوتووێو لێگێ دێقی ڕێسێندا بێراوردی ئێکێم.

خۆشەویستی دوای خۆشەویستی
Love After Love

The time will come
when, with elation
you will greet yourself arriving
at your own door, in your own mirror
,and each will smile at the other’s welcome

and say, sit here. Eat.
You will love again the stranger who was your self.

Give wine. Give bread. Give back your heart
to itself, to the stranger who has loved you

all your life, whom you ignored
for another, who knows you by heart.
,Take down the love letters from the bookshelf

the photographs, the desperate notes,
peel your own image from the mirror.
.Sit. Feast on your life
وەرگێڕانەکەی جەلال:

کات دێت کە لەگەڵ خۆشیەک
لە دەرگاکەت، لەناو ئاوێنەی خۆت،
پێشوازی لە گەیشتنی دەکەیت
هەر یەکەو خەندەی بە بەخێرهاتنی ئاوەی دی دێت

لە وەرگێڕانەکەی جەلال دا، بەهەی خەبەستنەوە بە وشە بە وشەی شیعرەکەو پشتبەستن بە فەرهەنگەوە جڕڕك لەك حاڵی نەبوون دروست بووە خوێنەر تووشی چەواشە ئەکات. بە نموونە؛ "لەگەڵ خۆشیەک" with elation، "لەناو ئاوێنەی خۆت"in your own mirror ، "پێشوازی لە گەیشتنی دەکەیتyou will greet yourself arriving..
وشەی with ی ئینگلیزی هەموو دەمە بەمانای "لەگەڵ" نایە، بەڵکو بەگوێرەی کۆنتەکستی ستەکە ئەگۆڕێ. کورد ناڵێ "لەگەڵ خۆشیەک"، بەڵکو ئەڵێ "بە خۆشیەوە".. هەروەها دەڵێ at your own door، ئەبێتە "لەبەر دەرگاکەت" یان "لەبەر دەرگای خۆت" نەك لە دەرگاکەت. بە هەمان شێوە دەڵێ in your own mirror ئەبێتە "لە ئاوێنەکەتدا" یان "لە ئاوێنەکەی خۆتدا"، لەبەر ئەوەی ئینگلیز لەگەڵ وشەی mirror پریپۆزیشنی in بەکار ئەهێنن، بە نموونە ئەڵێن: I looked in the mirror کە لە کوردیدا ئەبێتە "وانیم ئاوێنە" یان "لە ئاوێندا وانیم خۆم".. هەروەها دەڵێ "پێشوازی لە گەیشتنی دەکەیت"، کە نازانین مەبەستی لە گەیشتنی کێیە. بەڵام لە دەقە ئینگلیزیەکەدا You will greet yourself arriving بەمان دەرئەکەوێ کە مەبەستی لە گەیشتنی خۆتە، بەم جۆرە ئەبێتە " پێشوازی لە گەیشتنی خۆت ئەکەیت"… دەڵێ who knows you by heart کە جەلال حەرفی وەریگەڕاوەو کردوویەتی بە " بە دە دەتناسێت"، واتە "ئاوەی ئەزبەری کردووی/لەبەری کردووی"، کە مەبەستی لاوێیە بەباشی ئەتناسێت. ئینگلیز ئەڵێن I knew it by heart یان I memorised it

واتە ئەزبەرم كردووە.

ئەگەستی تاریك
Dark August

So much rain, so much life like the swollen sky
of this black August. My sister, the sun,
.broods in her yellow room and won’t come out

Everything goes to hell; the mountains fume
like a kettle, rivers overrun; still,
.she will not rise and turn off the rain

She is in her room, fondling old things,
my poems, turning her album. Even if thunder falls
,like a crash of plates from the sky

she does not come out.
Don’t you know I love you but am hopeless
at fixing the rain? But I am learning slowly

to love the dark days, the steaming hills,
the air with gossiping mosquitoes,
,and to sip the medicine of bitterness

so that when you emerge, my sister,
parting the beads of the rain,
,with your forehead of flowers and eyes of forgiveness

all with not be as it was, but it will be true
(you see they will not let me love
as I want), because, my sister, then

I would have learnt to love black days like bright ones,
The black rain, the white hills, when once
.I loved only my happiness and you

باران زەرد، ژیان زەرد وەك ئاسمانەكی
قووت دراوی ئەو ئەگەستە تاریكە

وەرگێڕ لەردا بە هەڵە وشەی swollen ی بە قووتدراو وەرگێڕاوە، پەم وایە لەگەڵ وشەی swallow دا لەی تەکەڵ بووە. وشەی swollen کە پاست پارتیسپە-ی وشەی swell ە واتە ئاوسان یان هەڵئاوسان. بەڵام swallow واتە قووتدان. کەواتە swollen sky واتە ئاسمانی ئاوساو.
دەی My sister, the sun, broods in her yellow room and won’t come out
وەرگێڕ بەم جەرەی لە کردووە:
رەژی خوشکم باندیەکە نایەوەت لە ژوورە
زەردەکەی بەتە دەرەوە
بە لەبەرچاو گرتنی وشەی ڕەژ کە چەند مانایەك بەدەستەوە ئەدات؛ ڕەژ [“یوم” و “نهار”ی عەرەبی]، هەروەها خەر، خوەنەری کورد تووشی چەواشە ئەبە لەوەی ئاخە مەبەستی شاعیر ئەو ڕەژەیە کە خوشکم بەسەری ئەبات یان مەبەستی لە خەری خوشکمە، کە دیسان ماناکەی ەوون نییە. بەڵام بە چوونەوە سەر دەقی ئەسەی بەمان ەوون ئەبەتەوە کە شاعیر خەری بە خوشکی خەی چووانـدووە. جگە لەوە، وەرگێڕ وشەی “باندە”ی بە ئەو دەڵە زیاد کردووە، کە لە دەقە ئینگلیزییەکەدا نییە. لە فەرهەنگی Oxford دا هاتووە:
Brood: (of a bird) sit on (eggs) to hatch them
واتە کە کەوتنی باندە لەسەر هەلکە بە مەبەستی هەڵهەنان
بەڵام ئەمە مەبەستی شاعیر نییە، بەڵکو مەبەستی لە گەشەگیرییە، چونکە مانایەکی دیکەی وشەی بروود لە فەرهەنگی ئەکسفد:
Brood: think deeply about something that makes one unhappy
بە قووەی بیرکردنەوە لە شتەك کە خەمبارو دەتەنگی کردووی. کە ئەمەیان مەبەستی شاعیرە.

Rivers overrun; still,
She will not rise and turn off the rain.
ەووبار دەوا
هەناسەتەوە باران بکوژنەتەوە
لە زمانی ئینگلیزیدا ئەو کردارانەی لەگەڵ ڕەیستنی ەووبار river بەکار ئەهەنرەن ئەمانەن: flow, run بەڵام کە بوو بە overflow, overrun ئەوا مەبەست لەیان هەڵچوونی ەووبارە بەجەرەك کەنارەکانی داپەشە.. هەرچی دەی دووەمە ئیحای ئەوە بە خوەنەری کورد ئەدا کە ئەوە ەووبارەکەیە هەناسەتەوە باران بکوژنەتەوە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ەاناوی She کە پەشتر ئاماژەی بە کراوە، بەمان دەرئەکەوە کە مەبەستی شاعیر خەرە نەك باران.

She is in her room, fondling old things,
my poems, turning her album. Even if thunder falls
like a crash of plates from the sky,
.she does not come out
لە ژوورەکەی ئەو، لە شتە کۆنەکان دەگەڕێ
شیعرەکانم ئەلبوومەکەی ئەو دەگەڕێن
ئەگەر هەورە تریشقە وەک تەنەکەی ناسک
لە ئاسمان چەخماخە بدات
ئەو لە ژوورەکەی نایەتە دەرەوە

وەرگێڕانە کوردییەکە هەندە ناوونە نازانرە کە لە ژووری کیە؟، مەبەست چییە لە "شیعرەکانم ئەلبوومەکەی ئەو دەگەڕێن"؟. بەڵام لە دەقە ئینگلیزییەکەدا ئەو، کە مەبەستی لە خەڕە، لە ژوورەکەی خۆیدایە، دەست بەسەر شتە کۆنەکان و شیعرەکانمدا ئەهێنێ (نەک ئەگەڕێ) و ئەلبوومەکەی خۆی بەسەر ئەکاتەوە. تەنانەت گەر هەورە تریشقەش بکەوێتە خوارێ (یان چەخماخە بدات) وەک شکانی قاپ و قاچاغ، ئەو لە ژوورەکەی خۆی نایەتە دەرەوە.

Don’t you know I love you but am hopeless
?at fixing the rain

نازانە بە خەشم دەوێت
لە باران چاکردنەوە بی هیوام،

وەرگێڕە وشەی fix ی بە چاککردنەوە وەرگێڕاوە، کە ئەوە تەنیا یەکێکە لە ماناکانی، بەڵام مەبەستی شاعیر لە چەسپ بوون یان وەستانی بارانە هەروەک پێشتر ئاماژەی بە کردووە. ئەمە سەرەڕای دەیەی یەکەم کە لە دەقە ئینگلیزییەکەدا لە شەوەی پرسیار نووسراوە.
(ئەی) نازانی خەشم ئەوەی بەڵام من بە هیوام
لە وەستانی باران؟

But I am learning slowly
to love the dark days, the steaming hills,
the air with gossiping mosquitoes,
,and to sip the medicine of bitterness

لەسەرخۆ فێر دەبم
بە ئەوەی ڕۆژیکی تاریک و
گردێکی سەر بە تەمت خۆش بوێت

بە ئەوەی دەرمانی بەختەوەری بخەیتەوە

مەبەستی شاعیر:
بەهار لەسەرخۆ فڕ دەبم
بە ئەوەی ڕۆژە تاریکەکان و، گردە هەمینەکان و
هەوای پڕ لە ویزەویــزی مشــوولەم خــۆش بــوەت و (وەرگێڕ ئەم دێڕەی پەراندووە)
دەرمانی تاڵیی هەقوەتنم (نەك بەختەوەری)
so that when you emerge, my sister,
parting the beads of the rain,
,with your forehead of flowers and eyes of forgiveness
کە سەرنجی خوشکم دەدەیت
دڵۆپە باران دابەش دەکەیت
بە نەوچەوانێک لە گوێ
دوو چاو لە لەبوردەیی

کاتێ، خوشکم، تۆ دەرئەکەویت و
بە نەوچەوانێک لە گوێ و دوو چاوی لەبوردەیی
زەنگیانەی باران جیا ئەکەیتەوە

all with not be as it was, but it will be true
(you see they will not let me love
as I want), because, my sister, then
(وەرگێر ئەم کۆپلەیەی پەراندووە)
شتەکان وەکو خەیان نامێننەوە، بەهار ئەبن بە شتی ڕاستەقینە
(وەك ئەزانی لەم ناگەڕێن بە ئارەزووی خەم
خۆشەویستی بکەم)، لەبەر ئەوەی، خوشکم، ئەوکاتە
I would have learnt to love black days like bright ones,
The black rain, the white hills, when once
.I loved only my happiness and you

وەرگێڕانەکەی جەلال:

من فڕ بووم ڕۆژە تاریکەکانم وەك
پشنگدارەکان خۆش بووەت
بارانی ڕەش، گردی سپی
کاتێ جارێك تەنیا ئاسوودە بم و
تەم خۆش ویست

مەبەستی شاعیر:
من فەر ئەبم ەەژە تاریکەکانم وەك رۆژە پەشنگدارەکان خۆش بوە
بارانی ەەش و، گردی سپیم خۆش بوە
وەك ئەو کاتەی، تەنیا ئاسوودەیی خەم و تەم خۆش ئەویست.

لە کەتاییدا؛
ەاستکردنەوەی هەندە زانیاریی کەسیی لەبارەی شاعیر؛ ناوی دەرەك ئاەتن واەکەت (بە ئەمەرکی: وەەکات)ە، لە سەینت لووشە (نەك سانت لوسا) لە دایک بووە، کە دووگەیەکی سەربەخۆیە لە دەریای کاریبی. ئەو 14 خەاتەی بەدەستی هەناوە هەمووی شیعری نییە، بەکو بە شیعرو شانۆگەری و کتێبکانی دی و، یاخود بە سەرجەم بەرهەمەکانیەتی. خەاتی گریفین نەك گریفنی. خاوەنی 24 کەمەە شیعرە نەك 14. سالانی 2010 تا 2013 پرۆفیسەری شیعر بووە لە زانکۆی ئیسیکس-ی بەریتانی.

ناسینی بوونی شیعر و خۆ دەستنیشانکردن (مانیفێستی شیعری) … سەباح ەنجدەر

بە عەبدەەا تاهیر بەرزنجی، یەکەم کەس بوو، هەستی بە گرینگی، یان ناگرینگی ئەم مانیفێستە کرد.

1
بەرپرسیاریەتیی شاعیری ەاستەقینە ئەوەیە، شیعری بگەڕد بگەیەنێتە کەمەگای مرۆقایەتی. لە کاتایی حەفتایەکاندا، بووم بە خوێنەرێکی تامەزرۆی شیعر، شیعرپەروەریش بە شێوازێکی سەرسوڕهێنەر لە ژیانمدا دەرکەوت و پەرەی سەند، هیچم نەدەبینی جگە لەو جوانییانەی لەناو شیعردا دەکرانەوە و جووڵەدار بوون، تەنانەت لە ەەیشتنی ناو شەقام و دانیشتنی ناو پارك و لەسەر خوانی خێزانیشدا، شیعر وەەنەی چێژداری پێ دەکردم. ژیانی من، قەرەباغ نەبوو بە پلە و پایەی فەرمانبەری و باڵەخانە و خانووی گەورە و دەوڵەمەندبوون و

.... تاد، تەنیا بە شیعر قەرەباغ بوو، باس و بابەتی سەرەکیم لەگەڵ هاوڕێکانم و ژیان، شیعر بوو بەس، واش تێدەگەیشتم ئەگەر دوو دوژمنی هەچەك کوشتەی سەرسەختی یەکتری لەناو کرانەوەی شیعریدا گفتوگۆ بکەن، دەماری گرژیان خاو دەبێتەوە، تا ئادەی پاکبوونەوە، یەکتریان خۆش دەوێت و پشت دەدەنە یەك.
بنچینەی ئەم خۆشەویستی و پشتدانە یەکتریەش ئەفسوونی شیعرە، لەپاڵ ئەم بڕواهێنانە کەکەڵەی شیعرنووسین ناخی بە تۆندی ئاتەکاندم.
بڕواهێنان جوانترین و بەهێزترین شیعریەتی تێدایە، بانگی وشەشم هاتە بەرگوێ، بمهێنە ناو ژیان.

هێزم تێدایە خەونە نەبڕاوەکانت بە ئومێد و ناوەند بگەیەنم، ئەم بانگکردنی وشەیە، بە یەکەمین و گرینگترین هەکار و پەیام دەزانم.
دوای ئەم ناخ ئاتەکاندنە، ناوە ناوە دەقی شیعریم دەنووسی و بوێرانە بڕاوم دەکردنەوە، بەتەواوی بار و بواری بیرکردنەوەش بەدوای کەشوهەوای سەربەخۆ وون بووم و بە هۆی ئەفسوونیدا ڕۆیشتم تا بە ئێستاکە گەیشتووم، لەناو بەهەشتی نووسین لە پانتایی خەوندا کار دەکەم.
خەون کاریگەری بوون بە شیعری تێدا بەهێزە، جیهانبینیی منی لێوە ڕوون بووەتەوە و بووەتە پەیوەستێکی پتەو لەگەڵ پرسیارەکانی ژیان.

مرۆڤ، ئێستای لە نەماندایە، ئابردوو و داهاتووی هەیە، شیعرێك لەسەر بنەما و جیهانبینیی ڕوون بنیاد نەندرابێت، نە بە کەڵکی ئەمڕۆ دێت، نە هیچ سەردەمێکی دیکەیش وەك دەقی پتەو و پەتیی ئەدەبی قبووڵی دەکات.
ئابردوو بەشی هەرە گەورەی ژیانی نووسەر پێکدەهێنێ و پێکهاتەی دەقیشە، چونکە ئێستا، کە خەریکی کار و کردەی نووسینی، دوای قاوە خواردنەوەیەك چرکەی کار و کردەی نووسینەکەت دەبێتە ئابردوویەکی زیندوو، کەواتە: ئەو کاتەی کار و کردەکەی تێدا ئەنجام دەدەیت ئێستایە، بەشی هەرە گەورەی پێکهاتەکەی ئابردووە. ئایندە تەنیا لەناو دەقدا دەبیندرێت و ئەندێشەیەکی تێکەڵ بە فەنتازیا بەگەڵ دەخات. ئەو ئەندێشە تێکەڵ بە فەنتازیایە بیرکە و خاڵی تەواوینە. ژیانبینی بە ئایندەبینییەوە تەواو دەبێ و بە بێ ئایندەبینی ناتەواوە. کرێك و دیوی نهێنیی ژیان، ئایندەیە. ئایندەش خاڵی تەواوین و لە هەموو بەشەکانی دیکە چالاکترە، چونکە بەردەوام هەوڵی بێ دەدرێت و هەستی قووڵایی ژیانبینی سەر دەخات. ئەم هەوڵ و دەربڕینەش مایەی داهێنانی ئەدەبین.

تایبەتکاریی من ئەوەیە، شیعرم گەیاندەوە بۆ خەون. خەونیش پاکییەتی ژیان وادەگرێت. هەموو دەقەکانیشم، دەقی بیرکردنەوەیی و درۆژن، ئاسۆ و دووریی ئەفسانەییان تێدا سەربەخۆ و گونجاوە بۆ پێ نهێنی و ئەزموونکردنیان، بە شێوازی هەمەجۆر کارم لەناو کردوون، تا ئەو شوێنەی دەقەکە دەخوازێت خۆی بەکۆتایی بگەیەنێت لەگەیدا تەبا دەبم و دەڕۆم.

زمانی بێدەنگکراوم لە دەقەکاندا بە دەنگ هێناوەتەوە، بە ئاسانیش دەتواندرێت هەڵە جیاکارەکان لەم بەدەنگهێنانەوەیەدا دەستنیشان بکرێت.
شیعر ناوەندە، هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی ئەدەبی بەرەو ناوخۆی بەکێش دەکات و چارەنووسی ڕاستەقینەیان بە ڕوونی دەداتە دەست، لە ژیانی شیعریدا سوودی گەورانەوە و تەوژمی هێش و گفتوگۆ لە هونەری ڕەمان و پەخشان و شانۆنامە و ئۆپەرێت و سینەما و چیرۆك ... تاد، وەردەگرم. لە ڕەگەزی خۆیان دەریاندەهێنم و هێزی کرانەوە و جووڵاندنیان پێدەدەم، پتەوتر و کاریگەرتر و سەیرتر و بەپیتتریان دەکەم، لە ئامادەکردنیان بۆ دامەزراندنی دەقی شیعری. دەقیش خوێندەوارانی دۆنیا دەکات لە چۆڕ وەرگرتنی شیعرییەت و خواست، چاوەڕوانییان دەهێنێتە دی.
من بەرپرسیارییەتی دەنووسم، لەبارەی بەرپرسیارییەتییەوە نانووسم.

2
یەك لە دڵەڕاوکێی من ئەوەیە، شاعیرێك، یان گرووپێك کارێکی نایابیان بەرهەم هێنابێت، هەوڵ دەدەم باش لە چۆنیەتی و ڕەگی هەقیقەتی سەرکەوتنی کارەکەیان بگەم.
لە ڕووی هیچ ڕەگەزێکی ئەدەبی حەزم نەکردووە وەك کەس بم، کەسیشم لەبەرچاو نەگرتووە، هاوڕێی هەموو ئەو شاعیرانەم، کە پێش من پرۆژەی داهێنانیان هەبووە، ئەوانەی هاوچەرخن، ئەوانی دوای منیش دێن و دەبن بە شاعیری خاوەن پرۆژە.
خۆم لە دەرەوەی هەموو نەوەیەکدا دەبینم، تەنانەت لە هەندێ شیعردا سەر بە شیعری لە پێشتری خۆشم نیم، سەر بە ئەزموون و ئەفسانەی ئەو شیعرەم، کە دوا شیعرمە و لە نووسینیدام، زەمینەی ئەفسانەیی پێش ئەوەی لە هیچ ڕەگەزێکی ئەدەبیدا کاری پێکرابێ و هەبووبێت لە شیعردا کاری پێکراوە و هەبووە.
ناچمە ناو هیچ گرووپێکی ئەدەبی، خۆشم بە هیچ گرووپێك نەزانیوە، لە بنەڕەتدا ئەدەب و داهێنان کاری تاکە کەسییە، چوونە ناو بازنەی گرووپ، دەرکردن و چەواشەکردنی ئەم تاکە کەسییەیە لە بازنەی ئەدەب

و داهێناندا.
خانەخانەیی و قۆناخبەندکردن، هەڵەیەکی کوشندەیە، شیعر تەنیا بە گەیشتن بە باری دەروونڕشنی پێوانە دەکرێت، ئەمە بۆچوون و بیرکردنەوەی کەمەڵك خودی وریایە، دەق قسەیان بۆ دەکات و دەق قسەشیان پێدەکات.

بۆچان لەگەڵ خۆمدا لە جەنگی بۆ ئاماندام بۆ ئەوەی بگەم بە باری دەروونڕشنی تا بەسەر تەمەن و کاتدا زاڵبم، خۆشم بە تەلیسمی لۆژیی ساختەوە هەڵنەواسیوە، هەوڵم داوە ئاراستەکانی توانا و بیرکردنەوەی ئەمڕۆ بم.
لەمڕۆدا بزواندن و پێشبینیکردنی ئایندە دەردەکەوێت، لە جیهانی خۆمدا ئارامی دروست دەکەم و بارێك دەهێنمە بەر زەین و تێیدا نیشتەجێ دەبم و دەنووسم، پەیوەندیشم لەگەڵ سۆراخکارانی بەرهەممدا بەردەوام و پتەوە، ناشزانم تا کوێ بۆ دەکەم، بەڵام خۆم لەوە دڵنیا کردووەتەوە لە شیعرەوە بەرەو ژیان و ئایندە دەڕۆم.
لەسەر هەموو ئاست و ئاراستەکانی ژیان لایەنگیری گۆران و جۆگیرنەبوونم، شیعری کوردی لە کلاسیکەوە تا بە ئەمڕۆی گەیشتووە لەباری وەستاو نەماوەتەوە، بگرە قۆناخ بە قۆناخی بۆیوە، ئەگەر گۆرانی ڕیشەیی و داشتنی قووڵیشی پەیدا نەکردبێت، ئەوە بۆچوونی هاوچەرخ و ڕەسەنی لە ئاست شارستانییەتی وڵاتەکەیدا، هێندێك ناوکی بنەمای دۆزیوەتەوە. کاری زمان و شێواز و شیعرییەتی قۆناخەکەی لەسەردا کردووە.

چەند قۆناخێکی دانپێدانداوی شیعری کوردی لە ئارادان و لێتۆژینەوەیان لەبارەوە دەنووسرێ، بەڵام قۆناخەکان قۆناخی دەروشاوە نین، بگرە هەر یەك لە قۆناخەکان دەنگێکی دەروشاوە نوێنەرایەتی قۆناخەکەی کردووە.
ڕەخنەی کوردی، نەهاتووە تەواوی قۆناخێك بە ئاستی دەنگەکان وەربگرێ و خوێندنەوەیەکی وشیاری بۆ بکات، گرینگییەتی سەربەخۆیی و هاوبەشی کارکردنیان و بنەما دۆزراوەکانی قۆناخەکە دەربخات.
بگرە یەکە یەکە نوێنەرە بەهێز و دەروشاوەکانی وەرگرتوون، ئەم یەك یەك وەرگرتنەش وای کردووە قۆناخەکان کارکردنی هاوبەشیان بە نەدۆزراوەیی بمێنێتەوە.
من ژیان دەنووسم، لەبارەی ژیانەوە نانووسم.

3

هەست دەکەم، ژیان لە دۆخگۆڕیندا جۆرە بەرزی و نزمییەکی ناڕێکی تێدایە، دەمەوێ لەم دۆخگۆڕین و بەرزی و نزمییە ناڕێکەدا ڕزگارم

ببێت، لەناو شیعری پەتیدا بژیم و مانایەك بە ژیان و دادپەروەری بدەم، شاعیر ئەگەر خۆی خستە خزمەت دەسەڵات و سیستمی دیکتاتۆریی سیاسییەوە، هاوپەیمانی بوو، بۆگومان ڕێ و ئامادەیی گەشەکردن و پەرەسەندنی جیاکاری لە بەین دەچێت، ناتوانێ توانای بەهێزی داهێنان ڕابگەیەنێت، بەڵام ئەگەر دوور لە هێزی شەخوازی، جۆرێك باوەڕی سیاسی هەبێ بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی ڕووداو، چالاکییەکی هێشمەندییە لێیەوە کاریگەریی خۆی بەدی بهێنێ و تێواینەکانی نیشان بدات و بیانچەسپێنێت. چرکەساتی نووسین، چرکەساتی تێکۆشانی گیانییە.

شیعری داهێنراو، وشەکانی جەنگاوەری سەربەخۆیخواز و سەرلەشکری بەرەنگاربوونەوەن دژی دیکتاتۆریەتی بە زەبری هێز خۆسەپێنەر، کە هەستم بۆ خۆشییەکانی ژیان جۆشا، ژیان زۆر بە ئازیزی و گرانی خۆی پیشاندام، لەم کاردانەوەیەدا دەمەوێ لە ڕێگای شیعرەوە ئازیزی و سەختییەکانی ژیان بەتاڵ بکەمەوە، ژیان بهێنمە ناو زمان و نووسین، بۆیە ئاوا هەگری شیعر بوویمە، هەموو ژیانی لێ سەندووم.

بۆ ئەم داوایە لە ژیان. شیعر پێویستییە، لە چرکەساتی چاوەڕوانەکراو و نەبیندراو و خەونئامێزدا، بار و کەشکی پیرۆز سەر تا پێم دادەگرێ و دەڵێت: خودی بەرپرسیار بەرانبەر بزواندن، پەیامی شیعر بەرز بکەرەوە.
شیعر حەوشە و ماڵی خودایە، گوناهی هەموومانی لێ پاك دەبێتەوە و تێیدا دەبین بە فریشتە و خوداوەند.

شیعر ئامانجی بەختەوەری و جێگای هەموو هیوا و خۆشدمانکردنێکە بۆ من، لە ڕێگایەوە دەتواندرێت پەیوەندی بە جیهانی فریشتە و خوداوەندانەوە ببەستی، هەروەها خەونەکانت کێ دەکاتەوە، ئەگەریش زانیارییەکی گشتیت لەبارەی کەرەستە و ئامرازەکانەوە نەبێت، ناتوانی هەگری خەونەکانت بیت.
من خەون دەنووسم، لەبارەی خەونەوە نانووسم.

4

بۆ بەهرەکان، بە چالاکی و پۆ بەرهەمیم جۆرێك شەژاویان کەوتووەتێ و نائاسوودە و سەغڵەتن، بەئاشکرا و ژێراوژێر لە پلان و پیلاندانانن دەمبەستم بکەن و بمچەوسێننەوە، یان ئەو ڕووناکییەی لێمەوە دروست بووە، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت، بیکوژێننەوە، یان بیشارنەوە، ئەگەرنا بیشۆڕنن و گومانی بخەنە سەر.
لەم دژایەتیکردنەدا هەست بە هیچ زیانێك ناکەم، بایی ئەوەندە

گۆیان لێ ئادەگرم بزانم چی دەڵێن، ئاست و ئاراستەکانیان چین، هێندە کاتیان نادەمێ بیریان لێ بکەمەوە، گیانی لەخۆبوردن و بەبایەخکردنی دوژمنەکانم لەمندا بەهێزە، ئەمەش لە ڕۆگای گیانپەروەردەکردنکی بەردەوام و دڵزینەوە و خۆناسینەوە پێی گەیشتووم.
شیعر بۆ من پەیامی ئاڕاستەکاندن و ئەو ئاگرەیە قەت ناوی لە خامۆشی نییە، تەواو بەوام پێی هێناوە و ئەمەکدارم بێ، دوژمنەکانم لەناوەوە یاندا لە ئاست ئەم ئەمەکداریەی من داتەپیون، خۆیان بە گۆنەتەڵە و چەوساوەی دەقەکانم دەبینن، منیش لە شەڕە بۆفەڕەکان خۆم پاراستووە و فەرامۆشیان دەکەم.
لە گردەنشینی دەروونی ئامانجدارم، خەریکی بەرزکردنەوەی ئەو شتە پیرۆزە دەبم، کە بەوام پێ هێناوە، بەواهێنان جوانترین و بەهێزترین شیعرییەتی تێدایە، هەلومەرج و ئارامیی تەواوم بۆ دابین دەبێت وەک منداڵێک خەون دەبینم، ژیان لەناو خەوندا مشتوماڵ بکەم.
شاعیری ئاستەقینە هەموو کات وەک منداڵێک هەڵسوکەوت دەکات، هەرکاتێک ڕۆگای دا ئەو منداڵییەی ناوەوەی وەک گەورەیەک فەرمانی پێبدا و هەڵیسووڕێنێت، ئەوە لەم چرکەیەدا جاڵی بەتاڵبوونی خۆی دەدا، چونکە گەورە لە هەڵسوکەوتیدا تاکتیك بەکاردەبات و تاکتیکیش بەکاردەبات، داهێنەریش پاکی و یەکڕوویی فەرمانەوایەتی، پاکی و یەکڕوویش تەنیا لە منداڵییەتیدا دەست دەکەوێت، لە پاکی و یەکڕوویدا دەگەیت بە دەروونڕۆشنیی خودایی.
پەرە بە خەونبینین دەدەم، خەون لە دەربڕیندا بنەڕەتی واقیع ون ناکات، ملکەچی دەسەڵاتیش نابێ، بەرهەمهێنەری ترپە و ئاوازی نوێیە بۆ دەربڕین لێکردن و بەکاروەچوونی واقیع لەناو دەقی فەنتازیادا.
من پاکی دەنووسم، لەبارەی پاکییەوە نانووسم.

5

شاعیری دامەزرێنەری گەورەمەند بە ڕەخنە لێگرتنی نابەجێش بۆای بە دامەزرێنەری و گەورەمەندی خۆی لەق نابێت، پتەوتر و کاریگەرتر و پەتیتر دەبێتە هەمای ئاوونبوونەوەی زمان و نووسین. مێژووی لەناو دادەمەزرێ، ئەو بۆا پتەوتربوون و کاریگەرییە و پەتییەشی هێزی ئزگارکەر و ئزگارکردنی دەقە لە پاشماوە جڕماوەکان و پاشخاپەرکەکانی زمان و نووسین.
من ئزگارکردن دەنووسم، لەبارەی ئزگارکردنەوە نانووسم.

6

هیچ وشەیەک لە ژیان و مردن کۆنتر نییە، وشەش لەسەر کۆنی و نوێیی

نەکەوتووە، بگرە لەسەر تێگەیشتنی نووسەر کەوتووە چۆن بەکاری دەهێنێ و ئاست و ئاراستە و ئاسۆی لێ دەدزێتەوە.
نەمویستووە جیهانی کۆن بووخێنم و جیهانی نوێ بنیاد بنێم، تێکۆشاوم لەناو جیهانی کۆندا جیهانی دیکە بدزمەوە و بیکەم بە نموونەی ڕووبی و خاوێنیی بەهەشتی تا هەتایە.
شاعیر دەتوانێ کەڵك لە تەواوی وزە سروشتییەکان وەربگرێ بۆ بنیاد و پێکهاتەی شیعری.

شیعر، بە پەیوەندییەکی پێداگر و زیندووی ژیان دەزانم، هێندێك کاری سەرەتاییم سادە بوون، کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیم ناساندوون، بە شایستەی ئەوەیان نازانم لە کتێبێکدا بیانهێنمەوە ناو جیهانی زمان و نووسین، دووبارە پیشانیان بدەمەوە، یان جارە یەکترناسینێك بوون لەگەڵ خەیاڵی بە پیتی شیعر و هەڵشتنی مانادا. کارکردن لەپێناو مانادا لەناو ڕەگەزە شیعرییەکاندا ڕەگەزێکی بنچینەیی نییە.
وەك دەسپێك و زەمینە لە هێندێکیاندا جیهانبینیی شیعریم سەرەتاییە، لەگەڵ ئەوەشدا بە هەموو هێز و توانای دەربڕینم لە تەواوی ژیان و بوونم ڕوانیوە، ئەو ڕوانینانەی لێیانەوە دەگەی بە قووڵایی ئومێدە پەیامدارە ڕاستەقینەکان.
هەوڵم داوە ئەوەی لە گیان و ناخی من جێگیر بووە، بیگوازمەوە بۆ گیان و ناخی کەی ئادەمیزادەکان بەو حیکمەتەی شیعر پاکییەتی ژیان ڕادەگرێت.
من دەزینەوە دەنووسم، لەبارەی دەزینەوە نانووسم.

7

پێشبینی لە بیری منداڵ بەهێزە، زۆر جاران شەو خەونم بینیوە بۆ بەیانی، یان لە ماوەیەکی کورتدا ڕووداوی خەونەکە بە واقیعی هاتووەتە ناو ژیانم و بووەتە ڕووداوێکی بیندراو.
شیعر دەکەم بە ژیان، شیعریش دەوری ئەم چەترە دەبینێ هەموو چالاکییەکانمی لە سێبەردا یاداشت دەکەم.
شیعر وەك خەون وایە، ئەگەر نەیبینم هەست دەکەم وەك مرۆڤ تەواو بوویمە و شۆن و ئەرکم لە ژیاندا نەماوە.
ترپە و خورپەیەکی شاراوەی ناخە، دڵت و دەستم دەگرێ، دەمباتە ناو ژیانێکی جوان و بەهەشتی تا هەتایە، لەم گەشتە جوانەشدا بە نەرمە گرانی گوتنەوە، شتە هەرە جوانەکان دەکەم بە هاوڕێی گیانی بە گیانیی خۆم و دەیانهێنمەوە ناو ماڵی هەمیشە دڵخۆش و فەرامۆشبەخشی زمان و نووسین.

من پێشبینی دەنووسم، لەبارەی پێشبینییەوە نانووسم.

8
شاعیر لە شیعرەوە هەستیاری خۆی دەگەیەنێ، شاعیری داهێنەریش کەللەسەر و چاوی ڕوونی میللەتە، لە هەر شیعرێکیشدا ڕاستییەك لە کەللەسەر و چاوڕوونیدا دەدۆزێتەوە.
کەمەڵك دەقی پەتیم نووسیوە لە پانتایی خەون بوونەتە شەواز و بەرگری لە مانای جوان دەکەن، پێناسەی ئەدەبیی منیان پێکهێناوە، بە ئەدەبیاتبوونی خەونم لێیانەوە ناساندووە، تا ڕادەیەکی بەرچاویش سەر بە گێبەندبوونە و لەرزەیەکی نوێبەخشیان خستووەتەوە، بەهۆی خۆ دامەزراندن و گورج هاتنە پێشەوە و بۆوا بەخۆبوونم لە بەردەوامیی بەخشیندا کاردانەوە و بەدگۆیی و ئیرەیی و نیازخراپی و دڕندەشی و کەمسەری و ناکەسبەچەیی دوژمنە گوێنەتەکانم گەیشت بە پلەیەك هەڕەشەی زۆر ناشارستانیم لێ بکەن.

لە دەقەکانمدا سەرچاوە ئێستێتیکییەکانی ژیان لە هەموو شتێك بەرزترن، پەیوەندیشم لەگەڵ شوێندا، پەیوەندییەکی گیانییە، یەکەم خەیاڵگەی بەپیتمە هەموو یادەوەرییەکانم لە شوێنکدا خەوتوون، کە چاو بواری نییە کۆیان بکاتەوە و بیانگرێت، مەگەر لە ڕێگای خەونبینینەوە بە ئاگایان بهێنمەوە و ئاوی چاوی تیشکهاوێژم بدەم، بیانخەمە ناو چالاکییە هەستی و خەونییەکانم.

ئەگەر ڕۆژێك بە هەست، دەستی نیانی هەتاوی شوێن لە خەو بە ئاگام نەهێنێت، وا دەزانم ئەو شەوە چالاکیی هەستی و خەونی تێدا نەبووە.
شوێن لە دەقدا خەیاڵ و ڕوانین و خەونی شاعیر دایدەمەزرێنێ، جیاکارە لەو زەوییەی ڕۆژانە بەسەریدا گوزەر دەکەیت. جیهانی خەونیش بەڵای منەوە سەرنجڕاکێشترین جیهانی شیعرییە، لەبەر ئەوەی باسی ژیانی تەواو داماڵدراو لە فرت و فێڵ و بەدگۆیی و ئیرەیی و نیازخراپی و دڕندەشی و کەمسەری و ناکەسبەچەیی و تەواو ئازاد بە گشتگیری دەکات.
من شوێن دەنووسم، لەبارەی شوێنەوە نانووسم.

9
ژیانی ڕاستەقینە، ئەو شتەیە، کە دەسەڵات و سیستمی دیکتاتۆریی سیاسی لێی سەندووین، ئەم لەسەندنەوەیەش لە دەسەڵات و سیستمی دیکتاتۆریی سیاسی تەنیا لە ڕێگای خەونەوە دەبێت، کەواتە: ژیانی ڕاستەقینە تەنیا لە خەوندا هی خۆمانە، ئازادیی تەواوی لێ وەردەگیرێت.

شۆازی خەونیم پەیەو کردووە، لە دەقی خەونیدا دەتواندرێت خودی شاعیر بناسرێ و هەنگەکانی ببیندرێن.
خەون، یاخیبوونی بە جەرگانە و دەنگی ناهەزاییە لەکار و ووداوە نابەجێیەکانی دەسەڵات و سیستمی دیکتاتۆریی سیاسی.
لە خەوندا شاعیر پرسیار ئاراستەی ژیان و کۆمەڵگا و دەسەڵات دەکات، لە ڕێگای ئەم پرسیارکردنەشەوە دەگات بە دڵزینەوەی گەوهەری مرۆڤ.
جووڵەی بەهۆزی ناوەوەی شیعر لە توانایدایە ڕاستەوخۆ کار بکاتە سەر ژیان و بیگۆڕێت.

خەونی نایاب دەبێتە زمان و شۆواز و بابەتی نایاب، دەقەکانم دەقی خەونین، خەونیش وەك گیان و هاندەر، هەمیشە تێکەڵ بە شیعرییەتی دەقم دەبێت و هەستی شکۆمەندی لە منداڵسکاندووە و دەڵسکێنێ.
ڕوانینەکانم دەخەمە ناو بازنەی خەونەوە، خەونە بەرجەستەکراوەکانیش پێویستیان بەوەیە دووبارە بیانهێنیتەوە ناو ژیان تا ڕۆڵ و کار و چالاکیی خۆیان ببینن و پتەوتر هاوبەشی لە گۆڕان بکەن.
لە بواری خەونبینیندا پشت بە چاودێری و سەرگەرمیی خۆم دەبەستم لە پێکهاتەی دەقیشدا خەون ڕۆڵی بنچینەیی دەبینێت، ئامادەبوونی بەردەوامیشی لە ژیانی کەسایەتیمدا بەدیار کەوتووە.
خەون هەڵوێست و بڕچوونی ڕوونە بەرانبەر بە دیمەنی شەڕاو و دیکتاتۆریەتی ژیان.
من پرسیار دەنووسم، لەبارەی پرسیارەوە نانووسم.

10

نووسین کاتی هەستیاریی تەمەنە، لە درەوشانەوەی شیعریی دڵنایدێنی کەشوهەوای ئازادیی بیرکردنەوە و خەونبینین دەبم، خەیاڵ و خەون و چەمکی سەرلەنوێ ژیانەوە لە پلەیەکی ئەفسوونیدا یارمەتیدەرمن بۆ کۆشانی ئەو شتانەی کە چاوم نەیدیبوون.
لەناو شیعردا دەجووڵێم و بارودۆخی گیانیم ئارام دەبێت، سەیری تەواوی جیهان دەکەم، لەم سەیرکردنەمدا هیچ دەسەڵاتدارێك بوونی نییە، تەنیا ئەو خودایە نەبێت، کە پەیوەندیم پێوەی بەهێزە و هەستووێنەری گیانیمە، ئامۆژگارییە ئاسمانییەکان هەمیشە لەبیرمدان و فەرامۆشیان ناکەم، هەستی ئایینیم بەرجەستەکردووە. نەك بابەتی ئایینی، تا سنووری هەوا لە نووسەرە گەورەکان نزیك دەبمەوە و بەهرە و سرووشیان لێ وەردەگرم، بەڵام ناچمە ناو ئەو بازنەیەی تایبەتە بە جیهانبینی و بۆای ئەوان. خودی سادە و ساکار

ژیاوی متەسەووف و سروشتخواز و خەونبین وەك بوونێکی گشتی تەماشای دەوروبەر دەکەن و لەناو جوانییەکاندا دەتوێنەوە. لەم توانەوە دڵئاگاییەدا هەست بە شتەکان دەکەن و دەگەن بە خود و غوربەتی ناخ و گیانی باڵا، لە ڕێگای ئەم گەیشتنەشەوە شاد دەبن بە دواین پلەی دەروونڕۆشنی و شینایی سەرەتا و بێگەردکردنەوەی تا هەتایەی هەموو شتەکان.
من بێگەردی دەنووسم، لەبارەی بێگەردییەوە نانووسم.

11
لە دەقی خەونیدا دەستەواژە لە ئازادکردنی مانا و بنیادی ڕستەدا هەمیشە لە سنووربەزاندنایە.
دەقی خەونی دەستکەوتێکە لە ئەوپەڕی زمان و جیهانبینیی ڕوون، دەربڕینە خەونییەکان پەنجەمڕی لەسەر داناون، شێوازی هەمەجۆر لە دەقی درێژدا بەکار دەهێندرێ، جۆرێك لە دەستکرد و دروستکردنی تێدا ڕەوایە، لەبەر ئەوەی پشت نابەستێت بە چرکەی تەقینەوەیەك، بگرە زنجیرە تەقینەوەی یەك لەدوای یەك و جووڵاندنی ڕابردوو و تێئامانی لە مۆژینەن لە کەشی نووسین دەگەڕێتەوە سەریان و جیهانبینی تێدا دەجێشت.

گونجاندن و لێك نزیککردنەوەی شێوازی شیعری ئازاد و شێوازی پەخشانەشیعر ئاست بێ سنووربەزاندنەکان دەدزێتەوە. ماناکان لە هەناوی زمانەوە دەرپەڕیون، وێنە ڕاستەقینەکان لە هەست دەچن، هەندێ جار خۆیان ئاشکرا دەکەن، هەندێ جاری دیکەیش ون دەبن.
لەم ونبوونەدا ژیان یەکپارچە دەبێتە گومان، لەو گومانەشدا شیعرییەت دەبێتە خوداوەندی سەرزەمینێکی لێوانلێو لە ڕازی نوێبەخش و جیهان بە باشی و چێژ وەرگرتنەوە دەبینێت.
من گومان دەنووسم، لەبارەی گومانەوە نانووسم.
12
کەلەپوور بازنەیەکی نیمچە داخراوە، داهێنەر هەمیشە پانتاییەکی ڕوون و ئاماژەیەکی گرینگی تێدا دەکاتەوە بۆ پرسیار، پرسیار دروستکردن لە دەقدا، پەیوەندییەکانی شاعیرە بە زمان و هەستەکانی ژیانەوە.
دەقی خەمۆیو لە ئەزموونی مرۆڤی وریا لە ئاست چارەنووسدا، خۆی لەو بیر و مانایانە دادەماڵێت، کە لەناو دەقدا یەقین دروست دەکەن، دڵەڕاوکێ و گومان دەستمایەی دەقی ئاستدار و خەونین.
کەلەپوور ئەگەر پانتاییەکی ڕوون و ئاماژەیەکی گرینگی تێدا نەکرابێتەوە بۆ پرسیار، یانی ڕابردوو، ڕابردووش وەستاوە و یەقینی

تەدا زاڵە، بە هەموو توانامەوە هەوڵ دەدەم کەلەپوور وەک ئابردوو وەرنەگرم، مەبەستمە بیکەم بە خەڵکی جیهانی ئەمڕۆ، خەڵکی جیهانی ئەمڕۆ بم، ئەمڕۆ شتێکی تەواو بیندراو و زاندراو و وتراو نییە. ئایندە بڕئامانترین سەرچاوەی نیگەرانی و دڵەاوکێی ئەمڕۆیە، ئەو ئەمڕۆیەی ئایندە تێیدا کەرەستەیەکی خاوە، ملکەچی توانایەکانمان نییە.
من ئاماژە دەنووسم، لەبارەی ئاماژەوە نانووسم.

13
نووسینی واقیعی بیندراو لەکەوتنەوەی زەینی ئارام و خۆشنوودییە، بەڵام دەقی خەونی، لەکەوتنەوەی زەینی شەژاوە. زەینی ئارام حەز بە خوێندنەوەی ئەو نووسینە دەکات، زەینی ئارام نووسیویەتی، زەینی شەژاویش حەز بە خوێندنەوەی ئەو نووسینە دەکات، زەینی شەژاو نووسیویەتی.
لە دەقی خەونیدا هەست دەدەزرێتەوە، هەستیش زەمینەیەکی لەبارە بۆ بەرهەمهێنانی شیعرییەت، خەون کردەیەکی هەستییە لەوەی کردەیەکی عەقڵی بێت، لەگەڵ ئەمەشدا بنچینەی خەون هەست و واقیعە، بەڵام واقیع بەو شێوازە نا، کە دەبیندرێت، واقیع بەو شێوازەی هەست لە دەقی پەتیدا ئامادەی دەکات، لەم بار و کەشەدا خەون هێزی خەیاڵ لە نووسیندا بەرز دەکاتەوە و کار لەسەر لایەنە شاراوەکانی چارەنووسی مرۆڤ دەکات.
من شاراوە دەنووسم، لەبارەی شاراوەوە نانووسم.

14
ژیان لە هەموو دنیادا، جۆرێک چوونیەکی تێدایە، دەگونجێ شاعیر نەریتی هەموو دنیا لە دەقدا بکات بە هی خۆی، وەک بیر و ماناش لە شیعردا نیمچە نزیکییەک لە نێوان نەتەوەکاندا ئەگەر هەبێت هەوایە، بەڵام شیعرییەت لە زمانی نەتەوایەتیدایە. مانای وێنەی شیعری لە ترپە و ئاوازدا کۆ دەبێتەوە و لە ئەوپەڕی زماندا دەسکێ، شیعر تەنیا لە زمانی خۆیدا شیعرە، لە هیچ زمانێکی تردا شیعر نییە. واتە: لە وەرگێڕاندا ناوەکی تر وەردەگرێت. ئەدەبێکی جوانە، بەڵام شیعر نییە. لەبەر هۆیەکی بنچینەیی، چونکە هەستی زمان و هەستی شێواز و هەستی فۆرم لە وەرگێڕاندا لە بنیادی یەکەمەوە ناگوازرێنەوە بنیادی دووەم، ئەگەر شیعریش ئەم سێ هەستەی تێدا بەهێز نەبوو، شیعر نییە پەیوەندییەکی شیعرییە.
زمان هەڵگری بیر و ئاکانی نەتەوەیە، شاعیریش لە ڕۆگای زمانەوە جوانییەکانی نەتەوە ئادەگەیەنێت، نووسین بە زمانی نەتەوە

ئینتیمای نووسەرە بۆ نەتەوەکەی، بەکارهێنانی زمان دەبێتە ناوەند و سەربەخۆیی داهێنان و ئینتیمابوون وەردەگرێت، زمانی درەوشاوە و جووڵەدار لە دەقدا یانی گەشەسەندوو و داهێندراو و درەوشاوە و سکاو.

دەزینەوە لە ڕێگای خوێندنەوەوە، بە بەهرەمەندی نووسەر وەردەگیرێ، من کە لە دایك بووم و هاتمە ناو قسەکردن، وشەی مردنم نەدەناسی و نەمدەزانی واتای چی دەدات، لە خوێندنەوەدا گەیشتم بە کرێکی واتایی و ئاسۆکانیم ناسی و بەهرەم لێ وەرگرت، چوومە ناخی وشەکە و وشەکەش هاتە ناو ناخی من و بووین بە هاوتای یەکتری.
ئەو بە چاوی منی ڕوانی و منیش بە چاوی ئەو جوانییەکانی ژیانم بژارد، دواتر لەگەڵ بینینی مەرگی باوکم گونجاندم و هێنامە ناو زمان و نووسین.
وشەی دایە و بابە گەشترین و بەهێزترین شیعرییەتیان تێدایە، واتایەکی ڕاستەقینەی بەردەوامین، ژیان بە ئەمانەوە خۆشحاڵ و پەیوەستە، لەوێوە دەست پێدەکات. واتە: لە شیعر خۆیەوە، ژیان خۆی جووڵێنەری خودی شیعرە.
من ناسین دەنووسم، لەبارەی ناسینەوە نانووسم.

15
ئەرکی شاعیر ئەوەیە گۆڕان لە ڕوانین و نەریتی باوی کۆمەڵگا دروست بکات. واتە: شۆڕشگێڕ لە ڕوانین و گۆڕینی چێژ بۆ جوانی. کە جوانیشی خۆشەویست کرد لەناو کۆمەڵگادا، واتە: تەواوی ژیانی خۆشەویست و پەسند کردووە.
شۆڕشگێڕیش بەشێکە لە ژیانی پەسندکراو، بەڵام بیری توندوتیژیی ناڕەوا، یان سیستمی دیکتاتۆریی سیاسی لە دەقی شیعریدا هۆی خنکێنەری فەزا و هونەری پەتییە.
بیری توندوتیژیی سیاسی شیعری هەڵچووندار بەرهەم دێنێت، هەڵچوونیش گرینگی بەهۆیەکانی لێکدانەوەی توندوتیژی و زەبروزەنگ نادات، بگرە دەیانخاتە ڕوو. قسەمان لە هەڵچوونی گیانی نییە، کە سووتان دروست دەکات و دەبێَتە بەرهەمهێنەری شیعری ڕۆمانسیی هەستی و دەروونڕۆشنیی تەسەوف.
شیعری تۆڕامان، بەرهەمی بارودۆخی ئارامە، کە جوانی تێدا خەمڕێندراوە.

شیعری هەڵچووندار، بەرهەمی بارودۆخی شەڕاوە، کە جوانی تێدا بزر کراوە.
شیعری هیچ نەتەوەیەکیش بە هەڵچوونداری ناگا بە غوربەتی ناخ و

گیانی باڵای خۆی و مەزنایەتی وەرناگرێت.
من تەنامان دەنووسم، لەبارەی تەنامانەوە نانووسم.

16
هیچ ئاستێکی جیاکار لە نێوان هەقیقەتی گەورە و داهێنراوی گەورەدا نابیندرێت، هەمیشە نووسراوی داهێندراو لە باسکردن و ووداوی بیندراو و بیستراو بەهێزتر و کاریگەرترە.
بەشێك لە بەشە کاریگەرەکانی ئەدەب، هەخنەیە، هەخنەش لە کرێکدا هەیەکە بێ گەیشتن بە ئاکامی بیری پێگەیشتووی دەق و خستنە ووی پێکهاتە زیندووەکانی بەرزی شێواز، هەروەها ناوەندی کارکردنی دێزینەوەی داهێنانیشە، ئەو بۆچوونانەی لە بیر و شێوازی دەقەکەدا بەدەستیان دەهێنێت، ئاراستەی دەقەکەیان دەکاتەوە و گوتاری خۆی دادەمەزرێنێ، ئەو هەخنەگرەی توانی گوتاری تەریبی خۆی لەگەڵ کارە ئەدەبییە داهێندراوەکاندا دابمەزرێنێت، دەروونێکی بگەرد و ئاشقە.

هەخنە، دەق بە ناسنامەی کراوەی ووون لەسەر بەرزاییەکی دێزراوەی ناوەند ئادەگرێت و پرۆژەی دامەزراندنی پێشنیاز دەکات، پێویستە دەروونی بگەرد و ئاشق بەجێی بهێنێ و کاری لەبارەوە بکات، نەك دەروونی لێخن و نەخۆش.
دەروونی بگەرد و ئاشق، بینینی هەخنەیی تێیدا ئاشکرایە، سەراخکەری نووسین یارمەتی دەدا و ئامانجە بۆ ئاشناکردنی.
دەروونی لێخن و نەخۆش، بینینی هەخنەیی تێیدا بزرە، سەراخکەری نووسین چەواشە دەکات و هەیە بۆ بەلادا بردنی.
من پێکهاتە دەنووسم، لەبارەی پێکهاتەوە نانووسم.

17
خەم وەك خودێکی بیرکەرەوە لەناو خەیاڵ و فەنتازیای دەقەکانمدا، هەموو بنەماکانی ئەم خەدەربڕینەشم لە جووڵەی دەقەکانی خەمدا دێزیوەتەوە. دیتنی منی بۆ شیعر بەووونی تەدا دەبیندرێت، شێوازی گەڵانەوەی خەونم وەك بنیاد و جووڵانەری نووسین وەرگرتووە، زمانیش وەك دامەزرێنەر و بەشێکی زیندووی دەقی ئاستدار و خەونی.
هونەری کۆلاژ و هەڵشتن و بەدوایەکداهێنانی وێنەی جێراو جێر، یان هێنانەوەی وێنە لەدوای وێنە دەبێتە هۆی ئارامی و ئاگری زیندووی گیانی و زەینیی خوێنەر.
جێرێك پەرتی و بایەخنەدان بە یەکێتی بابەتم وەك هەگەزی کتوپڕی پەیەوە کردووە، ئەم هونەرەش لە شیعری کلاسیکی کوردییەوە فێربووم، لەشیعری کلاسیکی یەکێتی بابەت نییە، بگرە یەکێتی دۆِ هەیە، من

ئەم یەکێتی دێمەم گێیوە بێ یەکێتی وێنە، لێچوون و لەوچووشم گێیوە بێ هێما و ئاماژە، هەروەها مۆسیقا و ترپە و ئاواز لە شیعری کلاسیکیدا لە کێش و سەروا و بێگەوە دەبینرێت، لای من جووڵەی وشە تێکەڵ بەیەکتر دەبن. مۆسیقا و ترپە و ئاواز پێکدەهێنن.
من هەگەزی کتوپڕی دەنووسم، لەبارەی هەگەزی کتوپڕییەوە نانووسم.

18

سەرنجدانی هیچ شتێك بێ بەهرەمەند لە سوودوەرگرتن بێبەش نییە، هەر شاعیرێکیش لە ژیانی دێژانەیدا زەربێ بوو، زوو سەرنجەکانی دەربڕی نەیهێشت بارەکانی بگەن بە باری تێئامان و ناخ ڕوونبوونەوە و جیهانبینی و بەهرە خەمڵاندن، درکاندنی. بێگومان کارەکەی وەك نووسراوی ئاسایی پێە، بەڵام وەك نووسراوی داهێندراو بەتاڵە، چونکە نووسراوی داهێندراو تەنیا بە تێئامان و ناخ و ڕوونبوونەوە و جیهانبینی و بەهرە خەمڵاندن، مەزنایەتی وەردەگرێت. شتە بێندراو و هەستپێکراوە بەسوودەکان پێش ئەوەی لە نووسین جێگایان بکاتەوە بەسەر قسەکردن دابەشیان دەکات. لەم بارەدا بەهێی قسەکردنەوە هێشیارمەندیی نووسین لەدەست دەدات، یان بەردەوام بەپەلە قسە بێ دیاردە سروشتییەکان هەدەێژێت، کە شیعر بێدەنگییەکی خودایییە، ناهێێت ئەم بێدەنگییە خودایییە ئەم بە قسە بڵێ، یان بە ئاماژە و نەرم نادوێت، بگرە بە تەواوی هێزی دەمی بەهێا دەکات و بارەکانی بێدەستمایەی نووسراوی داهێندراو بەتاڵ دەبن.
من بێدەنگی دەنووسم، لەبارەی بێدەنگییەوە نانووسم.

19

کتێبخانە کەسایەتی نووسەرە، من وەك بارستاییەك هێندە بەفری کتێبم لەسەر کەوتوون، بەهرەی ئەو کتێبانەم چێاوەتە هێشیاری و کەللەسەر، تا وەك کانییەك لەژێر گرانایی ئەم بەفرەدا، کە هاندەری گیانە دەربووم و جێگەلەم هاوێشت.
لە دژوارترین کاتدا، کە زەبر و زەنگی واقیع و دەسەێات و سیستەمی دیکتاتێری سیاسی ویژدانم دەهەنجێنن. وەك منداێکی هەست بە شاێاوی تێقێنەرکردوو، کتێبخانەکەم بە دڵنیاترین قەڵای پارێزگارکار دەزانم، لەناویدا ئاهی پشتیوانی و بەرگریم پێدا دێت و پشووی ویژدانم خێش دەبێت، هەست دەکەم پارێزراوم، هەروەها وەفادارترین و جێی بێواترین ئەنوا، ئەنوای خەونە، هەر فەرامێشی ئەو ئەنوایە بوو، هەیبژاردم بێ نووسین.

خەون لە چارەنووس دەپرسێت، بێ ئەوە خەون دەبینم ڕووبەووی ئەو پرسیارە گرینگە ببمەوە سەرسامی چییە، یان من کێم، یان کەسەکانی

ناو بەهەشت و دۆزەخ خۆشی و ئازارەکانیان چین.
پتر لە هەر کتێبێك قەرزاری خەونبینینی خۆم، خەونبینینیشم تاکە بەشوازی کێ، هەمیشە لە نووسیندا من کاتی نووسینم، نووسین کاتی من نییە، کە کاتێکی زۆر بزر و تایبەت و هەستیارە، بەردەوام خەونەکانم دێنە ناو چرکەکانی نووسین، فریشتەی پەیامگەیەنەر هاوڕانین و هاونووسین و هاوخەونبینینم دەبێت و ڕێنوێنی ژانی گیانم دەکات.

دوای تەواوبوونی یەکەمین هەشنووسیش بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئادەمێنم و بیر دەکەمەوە بۆ چەند هەفتەیەك پشوو دەدەم، دواتر دەگەڕێمەوە سەر هەشنووسەکە و پاکی دەکەمەوە، ناونیشانی بۆ دادەنێم، ناونیشان وەك ڕووناکییەکی تیژ تێپەڕە بۆ ڕێشنکردنەوەی پانتایی و بنیاد و جووڵەکانی ناوەڕۆك و ناساندنی دەق، چونکە بەهۆی ناونیشانەوە نووسین و بینینی نووسەر پێشکێش دەکرێت، واتا و کرۆکی دەقەکە دێتە بەر بیر و خەیاڵی خوێنەر.
من چارەنووس دەنووسم، لەبارەی چارەنووسەوە نانووسم.

20
کەمەڵك حیکمەت و گیانی پەتی و بیر و مەودای ئێستێتیکیم لە کەلەپوور و ڕێشنبیریی کوردی بۆ ماوەتەوە، نموونە: لە حەیراندا خاڵبەندی پەیڕەو نەکراوە، سەربەند و ناوبەند و کرانەوەی دوابەند هەیە. بە گۆڕگرتن و هۆشیارییەکی ئاستەقینەی ترپە و ئاواز هەستی خاڵبەندی لای حەیرانناس دروست دەبێت، هەروەها لە شیعری میللیی کوردی و شیعری کلاسیکی خاڵبەندی پەیڕەو نەکراوە، پەیڕەو نەکردنی خاڵبەندی لای من نەزانین نییە، بگرە وەك مەبەست و هونەر گەلانەوەیە بۆ هەستی سەرەتایی کوردی و هەسەنایەتیی کەلەپوور.
لە سپێتی کاغەز و دابەشکردنی وێنەدا هەست و نیشانەکانی خاڵبەندی لە ئاستەکانی دەربڕین لە خەیاڵ و زەینی خوێنەری خود وریا دەستنیشان دەکەم.
نموونە: ئستەی بۆ کۆ دەچیت. ئەم ئستەیە ئەگەر نیشانەی پرسیار، یان سەرسوڕمانم بۆ دانا. ئەوە بگومان ئستەکە دەستنیشان دەکەم. پرسیارە، یان سەرسوڕمان. ئەگەریش هیچ نیشانەیەکم بۆ دانەنا و بە کراوەیی هشتمەوە لەم بار و بوارەدا ئستەکە دەبێتە ئستەیەکی ئاستدار و دڕخگێ و زەینی.
من زەین دەنووسم، لەبارەی زەینەوە نانووسم.

21
تێگەیشتن و تێنەگەیشتن هیچ لە ئارەزووی من ناگێ بۆ ئەدەب، لە

هەڵە گشتییەکانی هونەری خودایی و سامانی ژیان و هەگەزەکانی شەوەکاری ... تاد، خەیاڵ ئامادە دەکەم، لەسەر هەر شەش هەست کاری پێدەکەم و دەیخەمەڕوو. شەوەکاری بەشێك نییە لە سامانی جوانی، بگرە خاوەنی سامانی جوانییە، شەوازیشی ناوەندی سرووش و ئاماژە وەرگرتنە بۆ تەواوی هونەرە جوانەکان. هەڵە و خاڵ و بۆشایی و سێبەر و هاوناکی و دووری و نزیکی و گونجاندنی هەنگەکان لە بەرهەمی ئەدەبیی منداڵ دیار و نادیارەکانی دەروشاوەیە و بەکاربردراون.
شیعریش گەیشتووە بە چەبوونەوە لە هۆشنایی و سەداسەد کردارێکی بەرهەمهاتووی جوانییە، جاروبار هاوبەشێوی ئەم بارە بوومەتەوە لەکاتی گەرمەی نووسیندا مەبەست و نیازەکان دژوار دەبن، هاون و ئاشکرا دەخی نووسین وەرناگرن، دادەمێنم، سکێچ دەکێشم بە سرووش و ئاماژە وەرگرتن لە سکێچەکان دەگەڵمەوە دەخ و باری سەرەتایی نووسین. مەبەست و نیازەکان بە هاونی و ئاشکرا دەدوێنم و شەوازێك بۆ ئەوپەڕی زمان و ئامرازەکانی دەربڕین پێشنیاز دەکەم.
من جوانی دەنووسم، لەبارەی جوانییەوە نانووسم.

22
لە تاکیدا نووسەر لە هەقیقەتی ژیان دەپرسێت و سەربەخۆیە، سەربەستی تەواوی لە جۆری بیرکردنەوە و خۆ دەربڕیندا دەستکەوتووە، ویژدانی لەبەیاری گوتن و هۆزی شەوازدا ئاسوودەیە، سەرچاوەکانی دەگەڵتەوە بۆ ئەو ئازادی و ئازاییەی خۆی بە خۆی داوە، پرسیویەتی: من بیرکەرەوەیەکم، شوێنم لە ژیاندا چییە. نابم بە داماوی هیچ شەواز و گرووپێك، سەردەمی گرووپ و قوتابخانە شیعرییەکانیش بەسەرچوون، ئێستا سەردەمی شاعیری تاکە.
من سەرچاوە دەنووسم، لەبارەی سەرچاوەوە نانووسم.

23
شاعیری ئەزموونداری کار لەناو مانای ئامادەکراو ناکات، ئاماژەکان دەجووڵێنێ تا ئاستی پەرجوو دروستکردنیش سادە دەبێتەوە، لە سادەبوونەوەیدا دەگات بەخۆ دەربڕین و چێژی بوون، تەنیا مرۆڤە هەستیارەکانی ناو کۆمەڵگا بایەخ بە شیعر و دەروشانەوەی گیانی دەدەن، هەستیارەکان خاوەنی دەروونێکی هەنگاو هەنگی ئاشتی ویستن. دەڵێی بەندەیەکی خودایی و سووتاوێکی پاکبووەوەم لە هەموو شتەکاندا، خەونی سادە دەبینم، سروشتی کەسایەتیم وا هەڵکەوتووە لە دانیشتندا کەم بدوێم، گوێ بۆ گفتوگۆی دەوروبەر هاڵگرم، بۆ ئەوەی خۆم ئەو بۆدەنگییەم وەك پلان بۆ ژیانم نەخشەڕێژ کردبێت، خۆی لەگەڵ

قۆناخەکانی ژیانم هاتووە و لەدایکبوون و خودا بەخشیویانە.
بڕەنگی و کەمدوویی بووەتە بەشێکی سەرەکی لە ژیانم. زۆر گرفتیشی بۆ ناومەتەوە، چاوناسی وام لێ ڕاست هاتووە. دوور، زۆر دوور لەوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵمدا هەبێت و تێکەڵ بە کەسایەتیم بووبێت، تەنیا بەهۆی ئەم کەمدوویییەوە ڕقی ئەستووری لێم هەڵگرتووە و قسەی لەبارەمەوە هەبزێکاندووە، بۆ ئەوەی هیچ بار و بوارێکی بۆ هەقیقەتیش هەشتبێتەوە.
وا هەست دەکەم لە بڕەنگیدا بە کرێکی بوون دەگەم، یان بوون نهێنییەکانی خۆیم بۆ دەدرکێنێ، خەونیش بە ئامرازێك دەزانم بۆ باش حاڵیبوون لە هەقیقەت و واقیع.
من کرێك دەنووسم، لەبارەی کرێکەوە نانووسم.
24
شیعری نەوەی پێشە من هەرچییەك بووبن، بەڕازەوە لە کتێبخانەکەمدا پاراستوومن، کە زۆرینەشیان یەکبینی و یەك هەستپێکردن و واقیعی هەڵچووندارن، بەڵای منەوە جێگای مانەوەن، وەك نووسین و بەرهەمی نەتەوە شیاوی بە گەورەیی تەماشاکردنن، ئەگەرچی لە بیری منداکاریگەرییەکی وایان جێ نەهێشتووە و نەبوونەتە ناوەند و مایەی سوودبەخشین و جووڵاندنی یادگە تا بەردەوام وەك خەیاڵی جوانی گەشتی گەڕانەوەم بۆ لایان دووبارە بکەنەوە.
ئەوان شیعریان ستوونی بینی، یان بە ئاست و ئاراستەی بەرزبوونەوە، یان بە ئاست و ئاراستەی نزمبوونەوە، بۆ جیاکاربوون و خۆتازەکردنەوە بە لێزیادبوونی ستوونی و ئاسۆیی و بازنەیی بینیم، بە یەکەم بینین و هەستپێکردنێکی تەنك کەشی نووسینم بۆ ناڕەخسێ و ناچمە ناوی.
بینین و هەستپێکردن لەگەڵ فەنتازیا و خەون دەخەمڵێنم، دواتر وەك ئەزموونێك لە هەناوی گشتی سەر هەڵدەدا و دەبێت بە بوونێکی خاوەن قەبارەی شیاو، تەبایی و گونجاندن و هێز دەبەخشێتە کارەکانی دیکەم.
من کەش دەنووسم، لەبارەی کەشەوە نانووسم.

25
شاعیرانی کلاسیکی کوردی، بە تێگەیشتنی ڕاستەقینەی شیعر، ووتر و داهێنەرانەتر لە شاعیرانی ئێستا بایەخیان بە ئەوپەڕی زمان، ئێستێتیکای زمان داوە، تەماشای هێگربوونیان بە ئەوپەڕی زمان و ئێستێتیکای زمانەوە بکە، گەیشتوون بە ئاستی دەروونڵێشنی و تێگەیشتنی ڕاڕای زمان لە دەقی ئەدەبیدا.
زمانی کەم وێنە و دەسەڵاتداری شیعری کلاسیکی منی بەکێشی ناوچەقی

زەمینەی بە پیت و هەوایەکی نۆ کرد، ئەزموونی خۆی لە ئامادەبوونکی ۆشن و سروشتی و پۆ ەنگتر پۆ تاقی کردمەوە.
کرکی ژیان و مردن بە نەدزراوەیی ماوەتەوە، هەروەها زمانی شیعری کلاسیکی کوردیش.

زمان لە شیعری کلاسیکیدا ئاست و ئاراستەی لەباری وەرگرتووە بە تەواوی لایەنگیریم، شاعیری هاوچەرخ لەناو زمانی شیعری کلاسیکی قۆ نەبووبۆتەوە، ببۆای ببۆ ناگاتە هیچ سەرکەوتن و پۆشکۆشکردنکی هۆشمەندانەی زمانەوە.
دەمەوۆ لە وشیاریی نووسیندا، کە دەربۆین لە خەم و هونەر و دەروونی کوردی دەکات، زمانکی نزیك لە شیعری کلاسیکیی ۆیشەدار و فرە ئاسۆیی، ئەگەر بتوانم دابەنم، یان بەکاربەنم. وەك شۆواز نا، وەك گیان و زمان و سرووش و پرسیارە گەردوونی و چارەنووسسازەکان. دەچمە ناو کلاسیك و خاڵی دەرچوون دەدزمەوە. واتە: ئەوپەڕی زمان و خەیاڵی بینین.

لە دەقی خەونیدا زمان ۆستە دەکاتەوە و کەشوهەوای تەسەوف دادەکشۆنۆتە ناوەوەی تاك و مانا چەسپاوەکان ۆادەکۆشۆتە ئاقاری گۆڕان و بارگاوییان دەکات بۆ جووڵاندن.
ئەمەش بە لووتکە گەیشتنی شیعرییەت و جۆبەجۆکردنی ۆاسپاردەی جوانی و بە پیتکردنی ۆۆڕەوەکەیەتی. جوانییەکان قەوارەیەکن بۆ ئازادکردنی مرۆڤ و ئەندۆشەی ئەفسانەیی و نووسینی ئازاد.
لە دەقی خەونیدا مانا هەمەچەشنەیە، خەیاڵ پەڕشان ناکات و بانگەوازە بۆ خوۆقاندنی جوانییە هەمیشەییەکان و بەۆز ۆاگرتنی بەها تا هەتاییەکانی ژیان.
من ئەفسانە دەنووسم، لەبارەی ئەفسانەوە نانووسم.

26

من سەر بە هیچ ئایدۆلۆژیایەك نیم و لایەنگری هیچ حزبۆکیش نابم. بە نان و ئاوی، ویست و خۆبوونی خۆم دەژیم، ئەم خۆۆاگەیاندنە دژی شۆری دەوۆ، شیعری بۆگەرد دژی شۆرە. داهۆنەری ۆاستەقینە لە سروشتی خۆیدا کەسکی یاخی و دژە دەسەڵاتە. من شیعری بۆگەرد بەرهەم دەهۆنم، شیعری بۆگەردیش پشت بە نوۆبەخشی کۆمەڵگا دەبەستۆت. کۆمەڵگا لە نوۆبوونەوەیدا دژی شۆر دەدزۆتەوە و دەیبەخشۆتە داهۆنەری ۆاستەقینە.

نووسەری ئایدۆلۆژیست بەوە تاوانبارم دەکەن، کە دوورم لە کۆشە و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانەوە، منیش بەهەموو ئاست و ئاراستەیەك خۆم

پاراستووه لە فریوی ئایدۆلۆژیا و هەراسانکردنی ئەم جۆرە تاوانبارکردنە. ئەدەب بە گیانی پەتی و جوانی دەزانم، خۆ بەدوورگرتنیش لە ئایدۆلۆژیا بە هەقیقەتی ئەدەب، لە ڕێگای هەقیقەتی ئەدەبیشدا بیر لە جیهان دەکەمەوە. گرفتەکانی لە خاکدا کە دەکەمەوە ئەمیش خاڵی هێزی نووسین و درەوشانەوەی خەونییە. ئەو چەمکەی مەبەستیشمە بیگەیەنم پەراوێزی ناکەم، بۆ دووداڵی وەك بەرزاییەك پیشانی دەدەم و دەریدەبڕم. ویستوومە خەون بکەمە کەسایەتی چالاك و ووبەووی ژیانی بکەمەوە، درەوشانەوەی خەونبینین لە کۆوە دێت، من بەبێ خەونبینین لە نووسیندا هیچم پێ ناکرێ و هیچ بە هیچ ناکەم، هەمیشە بەدوای ناوەندی درەوشانەوەی نووسین وە و ماندووم، ئەی خودایە من مرۆڤێکی بە باوەڕم، بمگەیەنە دەروونناسی نووسین، پەیامبەرەکانیش مرۆڤی بە باوەڕ و گەورەترین خەونبین بوونە.
من گیانی پەتی دەنووسم، لەبارەی گیانی پەتییەوە نانووسم.

27
ئەدەب بە سەرجەم شتەکانی ناو کۆمەڵگا پێوەندارە، بەوانەوە بوونێکی درەوشاوەیە، ناتوانێ لەناو دواکەوتوویی کۆمەڵگا دەرپەڕێ و خۆی وەك دەقی شارستانیی ئەزموونداری پیشان بدات، لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگا گەشە دەکات و ئەزموونی هاوتای شارستانی بەدەست دەهێنێ، پەیوەندییە جۆگیرەکان هەدەوەشێنێتەوە، پەیوەندیی نوێ دادەمەزرێنێ بۆ بەردەوامچوون.

توانای گۆڕان لە ژیان ئاسان نییە، هەروەها گۆڕان لە ئەدەبدا چەند بارە گرانتر و دژوارتر، داهێنەری سەیر و سەرسوڕهێنەر، کە دەگەنە دواین پلەی داهێنان و دەروونناسی. بابەت و هونەرەکەیان تەواو خەماڵی و وەرگیراوی ناو ژیانی گەرم و قووڵایی بیرکردنەوەن، بۆیە وەك دەقی سەرسامکەر خوێنەر قبووڵیان دەکات و بە ئەزموونی بەردەوامی خۆی دەزانێ، لە چاوگ و سەرچاوەی کولتووری پێ جموجووڵی کەمەڵگا نیشانەکانی هونەر و جوانی پێکاوە، کولتووریش هەمیشە شۆڕشگێڕە، بەردەوامیش لەگەڵ بوون و پەرەسەندن کەرەستەکانی بەڕێوەچوون بەرهەمدار دەبێت.

بابەتی ئەدەبی هەرچەندە خەماڵی و لەناو جەرگەی ژیانداە هەبژێردراو بێت و هونەری تێدا بدۆزێتەوە دەرگای بە جیهانبوونی فراوانتر بە ڕووداە دەکرێتەوە، بە قەناعەتتریش وەردەگیرێ.
من گۆڕان دەنووسم، لەبارەی گۆڕانەوە نانووسم.

28
تەواوی ژیانم خستووەتە خزمەت شیعرەوە، هەر بۆ شیعریش ژیانم دەوێ، بەهۆی ئەم خۆ تەرخانکردنەشەوە زۆر گۆچەڵم پێ کراوە، لەمەشدا خودا یارم بووە و دڵشادم بەوەی ئەوانەی گۆچەڵیان پێ کردووم هەر هەموویان ئەوانەن، کە لە پەراوێزی ئەدەبدا کارمەندن، یان خوێنەری تەمبەڵن.
داهێنەرم زۆر لەبەر چاون، لە ژووری کتێبخانە و نووسینمدا وێنەی هێندێکیانم هەڵواسیون، لە خەمە نیشتووەکانی سەر دەموچاویان ورد دەبمەوە سرووش و خەون و خەیاڵ و وشەیان لێ دەدزمەوە و لە شیعردا بەکاریان دەهێنمەوە.

نەشمویستووە ببم بە کەس، بگرە ویستوومە بەو ڕێگایانەدا بڕۆم، کە ئەوانەی لەبەرچاوم گرتوون پێی گەیشتوون بە شیعرییەتی پەتی و دەروونڕۆشنی.
من دەروونڕۆشنی دەنووسم، لەبارەی دەروونڕۆشنییەوە نانووسم.

29
هەخنەی بنیادنەری کوردی نا، بگرە پەراوێزەکانی ڕۆشنبیریی کوردین، تەپەڕێك قسەی لە هیچە و پەلاماری بڕما و بۆ بنەمان، دەنا یەکێك لەم پەلاماردەرە هەبزێکاوانە ئەو هەقیقەتبین و بۆرییەی لا دروست دەبوو ڕووبەڕووی دەقێکم ببێتەوە و گومان بخاتە تانوپۆ و ڕایەڵی بوونی، لێکدانەوەکانی بۆوا بە بەرانبەرەکەی بهێنێ بنیادی بەرهەمهاتووی شەژاوە.

من بۆ خۆم زۆر ڕەزم لە داهێنەرانی پێشە خۆم گرتووە، بەردەوامیش دەبم، بۆواشم بەوە هەیە ململانێ لە ئەدەبدا ناتگەیەنێتە هیچ و هەوایی تێدا نییە، بگرە خودناسی و بەردەوامبوون و سووربوون و نیازپاکی دەتگەیەنێتە ئەنجامێکی سەرنجڕاکێش، ئەوەی تا ئێستا من پێمزانیبێ و ئاگاداری بم لە مێژووی شیعری کوردیدا، هیچ شاعیرێك بەقەد من تووشی شەڕ و گۆچەڵ و قسەی لە هیچە و دەمهەبەست و پەلاماردان نەهاتووە، بەڵام هەقیقەتبین بەسەر ئاژاوە و بێتوانایی پەراوێزەکان هەت دەبێت و خۆی دەسەپێنێ و دەدرەوشێتەوە.

هەبزێکاوە بەسەرچووەکان پەلاماری ناشارستانی ئەزموونی پتەوی جوانووسەکان دەدەن، خۆ مشوولەش تەنیا لەناو نێرگزەجارێدا دەنگێکی نەشازی لێوە دێ، بە خەیاڵی بەتاڵی بوونێکی کاتی بۆ خۆی دروست دەکات، دەشبێندرێ پەلاماردەرە هەبزێکاوەکان دەکەون و وەجاخکوێر دەمێننەوە، دەقی پتەویش وەك شمشێری هەکێشراو دێتە ناو

ژیان و تەکەڵ بە جووڵانەوە کاریگەرەکان دەبێت، دواتریش دەبێتە هۆمای مەزنی و درەوشاوەی نەتەوەکەی.

لەگەڵ ئەمەشدا، هەڵخنەگرانی بنیادنەر هووبەووی ئەم پەلاماردەرە بەسەرچووانە بوونەتەوە، ناچاری شەڕ و گڕچەپیش کراون لەپێناو پارێزگاریکردن لە ئەدەبی پەتیدا.
بەسەر پلان و پیلانی دوژمنان و پەلاماردەرە هەڵبژکاوەکان سەر دەکەوم، بە هەوڵ و کۆششی لە دژەوەم بۆ شیعر بە سزای داهێنانیان دەگەیەنم. بە بینینی داهێنان قەڵەمی دەست و پێیان دەشکێ.
هەڵخنە دوو باوەڕی نییە لەگەڵ دەقە، یان لەگەڵی نییە، یەك باوەڕی بە تینی هەیە ئەمیش کارکردن و بڕواهێنانە لەناو دەق.

هەڵخنەی خۆ نیشاندەر و مەبەستی دەرەکی و قسەی لە هیچە و پەلاماری بۆ مانا و بۆ بنەما، جێگا و متمانەی لەناو ڕۆشنبیری پەتیدا نییە، بەتاڵکردنی ڕق و کینە و بێتوانایی و کەمسەری و ئیرەیی و خۆخەڵەتاندن و ویژدان کوڕییە.
هیچ نیازێکی هاوبەش و ئاماژەیەکی گرینگیش لە نێوان قسەی لە هیچە و پەلاماری بۆ مانا و بۆ بنەما و دەقی ئەدەبی پەتیدا نییە.

هەر کەسایەتییەك گیانی بە ئەدەب و هەقیقەتبینین و پاکی و جوانی داگیرسابێت، بە هیچ جۆرێك دەرگای ئازاوە و ناشیرینی و دووڕویی ناخاتە سەر پشت، هەر کەسایەتییەکیش بەچوونی ئازاوەچێتی لە دەروونداا ڕوابێت، هۆشتان بە ئەقڵی پاشکۆیی و دارەستی و دواگرتنی ئەم و ئەو بەڕوە دەچێت.
بۆ شیعرییەت تەدەکۆشم و نایەمە سەنگەری قسەی لە هیچە و پەلاماری بۆ مانا و بۆ بنەما، قەڵەمی لێ ناجووڵێنم، بەکارێکی بێهوودەشی دەزانم، جەنگان لەگەڵ جۆماو و پەراوێز و بێبار و لێخنبیر و قڕپیەچی و خەمەگووی ئەدەبی و پاشخاپەرێك و ویژدان کوڕان.
من تانوپۆ دەنووسم، لەبارەی تانوپۆوە نانووسم.

30

بۆای بۆ بیرم بۆ ئەوە نەچووە بڕۆم لەم کردار و بەکاربردنە یەکەم کەسم، یان ئەم هونەرە لە ڕوانینی منەوە خوڵقاوە، پێشەو و هۆمای ئەو ڕووداو و دیاردەیەم، ئەم جۆرە خەیاڵکردنانە، بە نەخێشی کوشندە و گران و لەناوبەر دەزانم، بگرە هەموو خاڵەکانی گڕانکاری لە درەوشانەوەی شیعرییەت دەبینم و بەس. شاعیری خاوەن دیدگای ڕوون و بەهێز و جواندڕژەر بەئاماژە و ڕەشنایی هیچ بۆیار و مەرجێکی سەپێندراو نانووسێت، ئەرکی دەوڵەتە ئیش بۆ کتێبی کۆمەڵایەتی و

ئابووری و هزری و ئایینی و زانستی و پەروەردەیی و یاسایی و سەربازی و مژوویی و فەلسەفی ... تاد، بکات و بە تیراژی زۆر بڵاویان بکاتەوە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش بخاتە خزمەتیان.
ئەرکی شاعیر یەك شتە، پەیوەندییەکانی مرۆڤ و ژیان و جیهان بدۆزێتەوە، ئەم دۆزینەوەیەش جوان بنووسێت و بیگەیەنێت، ڕادەی ئاگادارکردنەوەی هۆزی وشەی کاریگەریی و شۆڕش جۆ بەڵێت لەسەر هەست و ئاراستەی ئێستێتیکای کۆمەڵگاوە. پرسیارە کاریگەرەکان بکات و ئامادەبوونی تاقانەی خۆی بپارێزێ.

ژیان بەرگەی مانەوەی گرتووە و دەگڕێت، شیعریش نەگەڵێتەوە بۆ منداڵدانی ڕۆشنبیریی پەتی و بەسووڕی سروشتی تۆ نەپەڵێت دەبێتە لاسایییکەرەوەیەکی یەکجار بۆ بایەخ، یان کەناڵی ڕاگەیاندنی پڕوپاگەندەی پووکاوە.
هەرچی هۆی بەختەوەری هەیە، دەسەڵات و سیستمی دیکتاتۆری سیاسی لە مرۆڤی دەروونڕۆشنیان داگیرکردووە. مرۆڤی دەروونڕۆشنیش ئەم لەدەستچوونەی لە خەوندا بەدەست دەهێنێتەوە.
پڕویستە ئێمە خەون بەجۆرێك لەناو دەقی ئەدەبیدا بەکار بهێنین پەیامەرگر بۆای پێ بهێنن و لێمان وەرگرن، توانای بیرکردنەوە و ووبەووبوونەوەیان لە ناخدا دروست بکەین.

لە پێناوی بەجوانی ڕاگرتن و هێشتنەوەی بەهای شتەکاندا، شاعیر بە دادپەروەرێکی دانا دەزانم، پڕویستە لەم دۆخەشدا بژی و بمێنێتەوە، مەشقی مەیدانخوازیی شایستە بکات.
شۆڕشی ڕاستەقینەش بدا بە شیعری پەتی و بگەڕد، کە خەون و جوانی و مانا و ناەزاییە لە کرداڕە ناجۆرەکان، دەنگ هەبێنە لە بێدەنگییەکان، جوانییەکیش ڕەت دەکاتەوە مانای تێدا ئاوەژوو کرابێتەوە.
من بەها دەنووسم، لەبارەی بەهاوە نانووسم.

31
هەموو بوونەوەرێك خاکێکی خۆگونجاندنی خودی هەیە، بۆشی هەیە بۆ خۆگونجاندنی لەم خاکەیدا تایبەتکارییەکانی خۆی بپارێزێت.
من تایبەتکاری دەنووسم، لەبارەی تایبەتکارییەوە نانووسم.

32
پەیامی ڕاستەقینەی ئەدەب دەسەڵاتی دەقی خەونی بەهێز دەکات و دەیکات بە ڕەگەزێکی گرینگی پرسیارکردن لە ژیانی جوان، کە بوونی مرۆڤ پرسیارێکی کاریگەرە لەناوکی بوون دەکرێت.

مەسەلەی گیانی و جوانی لە هونەرەکانی نووسیندا هەمیشە خەبات و جۆشی ژیانی کەسی جوانیبینە، لە دەقی خەونیدا ژیان بەهای پێکهاتەی جوانی وەردەگرێت.
شیعری بیرکردنەوەی پێ لە جووڵەی هاوتا بە جوانی، ڕوانین و درەوشانەوەی لە گیان و خەونەوە داڕژاوە، کە جووڵە و مانا و بەهاکان لە گەردوون و ژیان و مرۆڤ بە چەند ئاست و ئاراستەیەك وەردەگرێت، فرە پاڵەوانییەتی لەیەك پاڵەوانیدا ئامادە دەکات، دەیهێنێتە ناو ململانێ و جەنگی توندوتیژی هەمیشەیی، تا خودی شاعیر دەربازبێت لە تاکییەوە بۆ ناو ڕۆشناییە پێ تەلیسمەکانی هاوتابوون، یان حەز و ئارەزووی ڕوو لە زیادبوون و چاوە نەسرەوتووەکانی بەردەوام لە گۆشە لەبیرکراوەکاندا داگیرساوە، خودی شاعیری خاوەن ڕوانین و جیهانبینی بەهێزی بارستی کاغەزەوە هەست پێدەکرێت و وەك ژیانی جوان دەبیندرێت.

لە دەقی خەونیدا شیعر نە بۆ ئایندە دەچێ، نە بۆ ڕابردوو، بگرە هەموو کاتەکان ڕووگەنمان بۆ دێزینەوە. بۆگومان هەر شاعیرێك بیەوێت بەو شێواز و ئاراستەیە بنووسێت، پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگرێت، کە قووڵبینییەکەی لە ئاست کێشە هەبووەکانی ئەو ڕۆژگارەدا بێت، کە دەبێتە خۆڕاگرێنەری بارە ناهەمواڕەکان، یان بارە جوانەکان.
لەباری یەکەمدا ناهەمواری دەبێتە مایەی هەڵچوون و تووندوتیژیی نووسین.
لەباری دووەمدا جوانی دەبێتە مایەی ئارامیی بیرکردنەوە و خوێقاندنی نووسین.

ئەوەی پێویستی بە قسە لێ نەکردنە، ئەمڕۆی شارستانی و ڕووناکبیری لە هەموو بار و دۆخەکانی پێشتردا سەرسوڕهێنەرترە، شارستانییەت و تەکنەلۆژیا بیری جوانی ناشوێنێت، بە پێچەوانەوە گەشەپێدەری بیری جوانی و مۆتیف و وێنە و خەیاڵ و گفتوگۆ و بەختەوەریی خەونە.
لە دەقی خەونیشدا یەکگرتنەوەی گشتی بەشە جیا جیاکان دەدۆزرێتەوە. ململانێی ڕوانین شەڕاو و بارمردوو، لەگەڵ ڕوانین ڕوون و بار زیندووی نوێزادەی دۆزەرەوە لە گفتوگۆی لە یەکنەگەیشتنن. لە دەقی خەونیدا، لە جەنگی توندوتیژی لەگەڵ خۆتدا، دەتوانیت خۆت ڕەت بکەیت، ئەو شێواز و ئاراستە باوەی پێت نووسیوە، فڕێی بدەیتە پشت نووسینەکانی لە پێشترت، بە شێواز و ئاراستەیەکی تەواو جیاکار و نوێبەخش بێیتە ئاخاوتن و گۆڕانێك لە ڕابردووی خۆت بەرهەم بهێنیت، بەڵام ئەو گۆڕانە چۆن بەرپا دەبێت، کام هێ و شێوازی دەربڕین فڕێی

کلیڤلاند، ژیانی ئەلحوصریی بە سە قەناغ، دابەش دەکات. قەناغی یەکەمی لە خزمەتی دوەتی عوثمانییدا خەرج کردووە. دیارە ئەلحوصریی، ویستوویەتی، بە بەدەنگیی و خامەشیی دیزبەدەرخەنەی بکات. کلیڤلاند، توانیتی، رەزامەندیی حکومەتی تورکیا بەدەست بهەنەت، بە بەدەستهەنانی ئەو دەکیومەنتە مەژووییانەی کە تایبەتن بە ژیانی ئەلحوصریی لەسەردەمی عوثمانییەکاندا، توەژەر، ئەم قەناغە شاراوەیەی دەزییەوە.

گومان، لەسەر رەچەکی ئەلحوصریی، هەیە. خەی بانگەوازی ئەوە

دکات ، گوایە لە سیلالەی ئیمامی عەلییە، نازناوی ئەلحوصرییش دەگەڕێتەوە بۆ شارچکەیەک لە یەمەن، بەلام محەمەد مەهدیی ئەلجەواهیریی لە کتێبەکەیدا(یادەوەرییەکانم ج ١) باسی ئەوە دەکات کە پرسیاری لە زەرەک لەو یەمەنییانە کردووە کە بینیونی، لەسەر ناوی ئەلحوصریی، ئەوان، نکۆلییان لێکردووە کە شوێنکی وا هەبێت.

ئەم قەناغی یەکەمە لە ژیانی ئەو، چل ساڵ دەخایەنێت کە قەناغی عوثمانییەکان بوو، لە ئیستانبوڵ و پاریس، ژیاوە و لەو ماوەیشدا، خەی تەثقیف کرد. لەم قەناغەدا یەکێک لەهەرە داکۆکیکارە ناودارەکان بوو کە داکۆکیی لە فیکری عوثمانییەکان دەکرد دژی ئەو ڕوانگانەی کە داوای دابەشبوونی دەوڵەتی عوثمانییەکانیان، لەسەر بناغەی نەژادیی و نەتەوەیی، دەکرد. ئەم دژایەتییەشی لە جوغزی دینییەوە نەبوو، چونکە ئەو هیچ کاتێ، لە ئیسلامەوە نزیک نەبووە. تەنانەت لەو قەناغەی لە تورکیا ژیاوە، عەرەبکی ناسیۆنالیست، نەبووە. کاتێکیش جەمال پاشا لە سوریا، ناسراو بە جەمال سەفاح، ناسیۆنالیستە عەرەبکانی لەسەدارە دەدا، لەناویاندا عەبدولغەنیی ئەلعریسیی ، هەروەها عەبدولکەریم خەلیل کە برادەری ئەلحوصریی بوو، تەنانەت بە وشەیکیش بە پرسەی برادەرکەی بەشداریی نەکرد. خەی لە جەوانانی تورک بوو، لەگەڵ مەدەرنکردنی عوثمانییەکاندا بوو، دژی ناسیۆنالیزمی عەرەبییش بوو. هەوەستی خەی نەگەیی تا کەوتنی عوثمانییەکان لەجەنگی جیهانیی یەکەم کە بەشە عەرەبییەکانی لە جیابووەوە و وڵاتانی عەرەبیی دروست بوون .

شایانی باسە، لە کۆتایی سەردەمی عوثمانییەکاندا، برای ساطیع ئەلحوصریی کە ناوی بەدیع بەگ بوو، موتەصەیفی لیوای ناصیرە بوو. حکومەتی مەرکەزیی لە ئیستانبوڵەوە، پلانی تەرکردنی طالیب نەقیبی داشت کە لە بانگهێشتکارانی ناسیۆنالیزمی عەرەبیی بوو. پلانی ئەم تەرکردنە، درا بە سەرکردەیکی عەسکەریی تورک، لە بەصرە، بەناوی فەرید بەگ، بەنام گرووپی نەقیب وریاتربوون و بە فەرەکیان زانی. هاوکات، طالیب نەقیب، بەیاری دا، ئەوان بکات بە خەراکی ژەمی نیوەڕۆ، پێش ئەوەی ئەوان، ژەمی ئێوارەی پێوەبخۆن. ئەم ڕووداوەش، پێدەچێ کاریگەرییەکی قووڵی لە وروژاندنی ئەو حیقدەی ساطیع ئەلحوصرییدا هەبێت کە دژی عەراقییەکان، لە هەسوکەوتکانی دواتریدا، هەیبوو.

کاتێ مەملەکەتی عەرەبیی سوریی دروست بوو، ئەلحوصریی، هەوەستی سیاسیی خەی گەیی و گەشتی بە شام کرد. لە ساڵی ١٩٢٠ دا، کاتێ لە

چل ساڵیدا بوو، پەیوەندیی بە گرووپی شەریفی مەککەوە (ئەمیر فەیسەڵ بن حوسێن) کرد و بە مودیری مەعاریف، دەستنیشانکرا. لەڕەوە قەناغی دووەمی ژیانی دەستپێکرد. زمانی عەرەبیی نەدزانی، بەهۆی ئەم عەرەبییەزانینەوە، سوریێکان، رقیان لێیەڵگرت. ئەو تورکیی وەکو زمانی زگماک دەزانی و زمانی فەرانسیشی وەکو دووەم زمان، دەزانی.

پاش کۆتایی مەملەکەتی سووریی، بەهۆی رووداوەکەی میسلەونەوە ، گەڕایەوە بۆ ئیستانبوڵ، دواتر بۆ ئیتاڵیا و سەرەنجامیش بۆ قاهیرە، بەدوای کارێکدا لە وانەگوتنەوەدا، سەراغی دەکرد. بەهۆی دەستوودائیرەی ئینگلیزەکانەوە ، گوێبیستی ئەوە بوو کە پلانێک هەیە بۆ دامەزراندنی مەملەکەتی عێراق و دامەزراندنی فەیسەڵ، بۆ مەلیکی عێراق، لەڕەوە عەودای هەلومەرجی عێراق و خەڵکەکەی بوو. خۆی بە شاعیری عێراقیی، عەبدولموحسین کاظمیی ناساند کە لە قاهیرە دەژیا (تا مردنی لە ساڵی ١٩٣٥دا، هەر لە قاهیرە بوو). هەموو ئەوەی، ئەلحوصریی، گرینگیی پێدەدا کە طائیفەیەکی بەرینی شیعە هەن و لەلایەن عوثمانییەکانەوە، دەچەوسێنرانەوە. بەیاری دا، بە گرووپی فەیسەڵی دووەمەوە، پەیوەندیی بکات (2)
ئەلحوصریی گەیشتە بەغداد لە ئابی ١٩٢١ دا، لەڕەوە، دەستیکرد بە مەترسییترین قەناغی ژیانی کە بەشاراوەیی لای خوێندکاری عەرەب، ماوەتەوە. لە کاتێکدا قەناغی کۆتایی ژیانی، بە وردەکاریی زۆر بەنرخ، ناسراوە . پاش ئەوەی عێراقی بەجێهێشت، لە ساڵی ١٩٤١ دا و تا مردنی، کەمتر کتێب و بڵاوکراوەی گرینگی نەتەوەیی بڵاوکردەوە.

حەسەن عەلەویی دەڵێ" ئەلحوصریی، هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ هیچ تاکێکی عێراقییدا دروست نەکرد، لە ماوەی بیست ساڵ، لە ژیان و کارکردنی لە عێراق، دانی خۆی بەعێراقدا نەنا، بەڵام زۆری لەسەر عەجەم نووسی. هەروەها باسی ئەوەیشی کردبوو کە دوژمنایەتییەکی زۆریان کردووە و موئامەرەی زۆری لێکراوە. لە ماوەی شەش مانگی یەکەم گەیشتنی، بۆ بەغداد، لەگەڵ ئینگلیزەکاندا (کەرنەالیس، گاربرەت، واڵمس بیە، دواتریش لەگەڵ سمیثدا کەمتر پەیوەندیی رەحیی و دۆستانەی بەست" (3)

ئینگلیزەکان، پشتیان بە ئەلحوصریی دەبەست، بە جۆرێجبووونی سیاسەتەکانی بریتانیا ، وەکو عەڕابی ناسیۆنالیزمی عەرەبیی و بەستنەوەی بە طائیفییەتەوە، سوودیان لێی بینی. ئەمەش بە چەوساندنەوەی ٤/٥ ی عەرەبی عێراق و بەبەشکردنیان لە مافی هاووڵاتییبوون، لە وڵاتەکەی خۆیاندا، ئەمانە هەمووی خرایە

بەرنامەو. ئەو، زەر بەباشیی هەوەی بە جەکەوتکردنی ئەم نەخشە طائیفییە دا و لەو ماوەیەی لە عەراق، مودیری مەعاریف بوو. ئەلحوصریی، هیچ ئینتیمایەکی بە دەوەتەک نەبوو کە بیست ساڵ تەیدا ژیا، هاوکات هەستی دانیشتووانەکەی دەرهەق بە مەژووەکەیان و دابونەریتەکانیان، نە بەهەند وەردەگرت و نە دانیشی پەدا دەنا.

فەلسەفەی ئەلحوصریی،

کلیڤلاند، جەخت لەو دەکاتەوە کە ئەلحوصریی، بەلای فیکری رەشنگەریی چینی ناوەاستی(وردە بەرژوازیی) ئەوروپییدا وەرچەرخا، نەک بەلای بەچوونە چاکسازییەکانی جەمالەدینی ئەفغانیی و محەمەد عەبدە، رەی چاودەریکی بیانیی دەبینیی کە لەبەرزاییەکانی ئەو باڵاخانە کەمایەتییانەوە ، بە چواردەوردا دەیەوانی(٤)…

ئەلحوصریی، کەوتبووە ژەر کاریگەریی فەلسەفەی فیختە و هیگلەوە، بەیە فیکری ئەم دوو فەیلەسوفە ئاڵمانییەی وەرگرت و بە فیکری ناسیەنالیزمی عەرەبیی، زیاد کرد.لەم روانگەیەوە، توەژەرەکی ئەمەریکیی ج.هایم، ئەوە باس دەکات کە ئەلحوصریی چەن کەوتووەتە ژەر کاریگەریی ئەوانەوە کە حەقیقەتی مەسەلەکە ئەوەیە" پەشکەشکردنی فیختە و هیگل لە وەنەی عەلامەی فیکری عەرەبیی ئیسلامییدا" لە ئەستە گرتووە؟ لە شوەنەکی تر، دەە" پەنابردنی ئەلحوصریی بە داشتنەوەی ثیەرییەکەی لە قاڵبگەلەکدا کە لەگەڵ ئیسلامدا بگونجەن، ئەمەش وەکو" ئەوەی لە فیختەوە وەریگرتبەت نەک لە قورئانەوە کە سەرچاوەی ئیلهامی بەت"(٦). ئەمە شتەکی نامە نییە بە ئەلحوصریی، سەرسام بە فەلسەفەی ئاڵمانیی(هیگل و فیختە) کە فاشیزم بنیات بنە لە تەنظیرە ناسیەنالیستییەکەیدا، کلیڤلاندیش ئەم شتە لەسەر ئەلحوصریی جەخت دەکاتەوە و دەە" ئەو سیستەمەی کە ئومەدەکانمانی پەوە بەستینەوە و هەوەی بە بدەین، سیستەمەکی فاشییانەیە." (٧)

ئەلحوصریی، نکەی لە هەوەستی خەی لەسەر دیین و رەی خەی لە عوروبەدا، ناکات. وەای ئەوەی کە جەخت لە" رەی مەزنی بە وەنەی دەرکەوتنی ئیسلام دەکات لە دروستبوونی ئوممەی عەرەبیی و فراوانکردنی مەوداکانی عوروبە" لەگەڵ ئەوەشدا، راستگەیانە گوتی" لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، وای نابینم کە توەژینەوەکانم بواری ئەویان نەدا و پەویستیش نەبوو کە دیین ببە بەیەکەک لە موقەوماتە سەرکییەکانی ناسیەنالیزمی عەرەبیی". وەای ئەمانەش" بزوتنەوەی ئیسلامیی، وەرچەخانەکی مەترسییداری بەسەر بارودەخی عەرەبدا هەنا… کە بەتەواویی وابەستەی ناسیەنالیزمی عەرەبیی نەما

، لەبەرئەوەی هەندێ گرووپ، تەعریب بوون، بۆئەوەی ئایینی ئیسلام، وەرگرن. پێچەوانەی ئەوەش، هەندێ گرووپی تر، دینی ئیسلامیان وەرگرت، بۆئەوەی زمانی عەرەبیی وەربگرن." (٨)

ڕۆی ئەلحوصریی لە "پەروەردە"دا

ئەلحوصریی، بە مودیری مەعاریف دامەزرێنرا، سەرەتای ئەوەش ڕاوێژکاری مەلیک بوو. لە ڕووداوەکانی دواتردا دەرکەوت کە قسەی لەسەروو قسەی وەزیری پەروەردەشەوە، بوو. تەنانەت هەندجار لەسەروو قسەی مەلیکیشەوە بوو، لەبەرئەوەی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، پاپشتیی دەکرا، چونکە ڕاسپێردرابوو، بەدەستووری ئینگلیزەکان، ئەرکەکەی بەهاوکردنەوەی طائیفییەت و دوژمنایەتیی شیعە بوو. هەروەها، گومانکردنە سەر عەرەببوونی شیعە و وەصفکردنیان بە عەجەمیی و شعوبیی(مەبەست لەی پەپلیزمە= شعبویيەت- وەرگێ)

جەدەستی ئەلحوصریی بە پڕۆگرامەکانی خوێندنەوە، لە ئاراستەکردنی خوێندکارانی قوتابخانەکان بە نامەبوونی عەراقییەکان بە توراثی ئەدەبییان، لەو کتێبانەی تایبەت بوون بە ئەدەبی عەرەبیی و مەژوو، زۆر کاریگەر بوو. ئەو، ناوی یەک ئەدیب و شاعیری عەراقیی، نە لە دەرینەکان و نە لە نوێکان، نەهێناوە کە ڕەچەڵەکیان شیعە بووبێت. ئەمە، سەرەتای ژمارەی زۆریان و ڕەی گۆڕیان لە خزمەتکردنی ئەدەبی عەرەبیی، لە نموونەکانیان، ئەلکومیت بن زەیدلئەسەدیی، موتەنەبیی، مەعەریی، هاوچەرخەکانیش، محەمە ڕەضا ئەلشەبیبیی، مەهدیی ئەلمەخزومیی، باقر ئەلشەبیبیی، فەقیهو شاعیری گۆڕ محەمەد سەعید ئەلحبوبیی و جەواهیریی، ئەم دەخەش بەدرەژایی سەردەمی مەلیکیی درێژی هەبووە. لەبەرامبەریشدا، جەختی خستبووە سەر ئەدیب و شاعیرانی عەرەب لە سوریا، میصر و وەتانی تر، جگە لە عەراقییەکان.

شایانی باسە، ئەوە ئەلحوصریی بوو کە سزای لەدان و دەرکردنی خوێندکارانی هەنایە ناو قوتابخانەکانەوە، ئەو سزا زەلیلەی کە زانستی دەروونناسیی سەلماندوویەتی کە شوێنەواری دەروونیی تێکشکێنەر لەسەر کەسایەتیی خوێندکار و ئایندەی دروست دەکات و پاڵی پێوە دەنێت کە پەنا بە تووندوتیژیی بەرێت لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا.***

***

(((بەم بۆنەیەوە، پێشنیار بە بەرپرسانی سیستەمی پەروەردە ،لە عەراقی نوێدا، دەکەم، بە ئەوەی نەوەی ئێستا و نەوەکانی ئایندە،

بە پەروەردەیەکی زانستیی دروست، پەروەردە بکرێن، بە ئەوەی لە گرێی دەروونیی و لادانی مەراڵیی بپارێزرێن، داوا لە دەسەڵاتی تەشریعیی دەکەم کە قانونێک دەربکەن، لەهەموو قەناغەکانی خوێندندا، قەدەغەی سزادانی جەستەیی و دەروونیی بکات.)))

رێی ئەلحوصریی لە بە طائیفییکردنی دەسەڵاتدا
ئەوەی باسکرا، دەزانین رێی ئەلحوصریی لە بنیاتنانی دەوڵەتی عەراقی نوێدا، لەسەر بناغەی طائیفیی بوو کە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عەراق، دژی زەرینەی گەلی عەراق، لە حکومەتەکەی عەبدولڵەحمان نەقیبەوە بە صەدام حوسێن، بە سەختیی دەستیان پەوەگرتبوو. جگە لەو ماوەیەی حکومەتی شەشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ کە سەکردەی کەچکردوو، عەبدلکەریم قاسم، سوور بوو لەسەر ئەوەی مامەڵەی عەراقییەکان بە یەکسانیی بکات، دوور لە هەڵاواردنی نەژادپەرستانە، طائیفیی، عەشایەریی و ناوچەگەریی…هەربەیە بەوپەڕی شەانگەزییەوە، تەڵەیان لەکردەوە.

کەمپەینەکەی ئەلحوصریی و حکومەتی" نوخبە" گومانیان دەخستە سەر ئەوەی شیعە، عەرەب بن کە تا ئەم ساتەش، درەژەی هەیە. ئەوەی زانراوە کە عەشائیرەکانی ناوەاست و باشوور، لە نەسەی عەربن. هەر جەگەی مەهزەلەیە، پەداویستیی ئەوە باسبکرە کە داکەکیی لە عەرەببوونیان بکرە، ئەوانیش عەشائیرەکانی تەمیم، خەزاعیل، زوبەد، رەبیعە، خەفاجە، ئال فتلە، جبوور، بەنی حەجیم، بەنی ئەسەد، ئەرزیرج، بەنی کەعب، بەنی لام، شەممەر، عەنزە…و تاد. هەموو ئەوانە، تەکە بوون لەگە نەتەوەکانی میزەپەتامیادا، لە سەمەرییەکان، ئەکەدییەکان، بابلییەکان، ئاشورییەکان و کەلدانییەکان…تاد. بە تەپەبوونی کاتیش ئەم رەچەکە جەراوجەرانەی مرەڤایەتیی، تەکەبوونە لە بوتەقەیەکدا کە نەتەوەی عەراقیین.

حەسەن عەلەویی، هەوەستەکانی ئەلحوصریی لەسەر عەراق، کورت دەکاتەوە بەمشەوەیە(١٠)؛-

ئەنتی نیشتمانپەروەرانی عەراقیی بوو تا رادەی قین، سوننە بووبەت، یان شیعە.
ئەنتی عەراقییە شیعەکان بوو، نیشتمانپەروەر بووبن یان بەکرەگیراو ئەنتی کورد بوو، لەهەردوو بارەکەدا

فیتنەی ئەنیس ئەلنصولیی

هەرکاتێک بریتانیا ویستبێتی پەیماننامەیەکی ناوا دەرهەق بە عێراق، واژۆ بکرێ، ئیعازی دەدا بە ئەلحوصریی کە هەستێ بەکارێک، بە ئاوەی یەکێیزیی نیشتمانیی تێکبدات، ئامۆش بە نانوەی فیتنەیەکی طائیفیی بەسەرقاڵکردنی گەل و چەواشەکردنیان بە کێشەی لاوەکییەوە، تا پەیماننامەکە، تێدەپەڕێنرا. کاتێ بریتانیا، ویستی ڕێککەوتننامەی نوێت، واژۆ بکرێ، ئەلحوصریی وانەبژێکی لوبنانیی هاوردە کرد بە وانوێنەوە لە عێراقدا، ناوی ئەنیس ئەلنصولیی بوو. ئەم کابرایە هەستا بە بڵاوکردنەوەی کتێبێک، هەرشی کردبووە سەر ئیمامی عەلیی، بەسەر خوێندکارانی قوتابخانەکانیدا سەپاندبوو، ئامۆژگارێکی پیلان داڕێژراو بوو، تێحەدای هەستی عێراقییەکانی دەکرد و کەمتەرخەمی ئاژاوەی زێری نایەوە.

فیتنەیەکی طائیفیی تر

لە حوزەیرانی ١٩٣٣ دا، حکومەتی ڕشید عالیی گەیلانیی دەرگیری کێشەیەکی طائیفیی بوو کە یەکەم بەسەکەی لەوێوە دەرکەوت کە کتێبێک بەناوبووەوە بەناوی" عوروبە لە تەرازوودا"، کەسێک نووسیبووی بەناوی عەبدولڕەزاق ئەلحەسان کە لە وەزارەتی مەعاریفی عێراقیی ئیشی دەکرد و لەژێر فەرمانی حوصرییدا بوو. لە کتێبەکەیدا، باسی فیکرەیەکی کردبوو کە ناوەندەکەی ئاوبوو گوایە شیعەکانی عێراق، عەرەب نیین، بەڵکو لە مەجوسییەکنەوە هاتوون. ئەوانەی لە عێراقیشن،ئەوە پاشماوەی ساسانییەکانن، شیعەکانیشی وا وەسفکردبوو کە وەلائیان بە ئێران هەیە، مژووەکەیشیان، هەمان مژووی شعوبییەکانە.

ئەم کتێبە، تووڕەیەکی زێری لەنێوان شیعەکاندا لێکەوتەوە، بەتایبەتیی لەشارە پیرۆزەکان، مژوو دووبارە دەبێتەوە، کاتێ هەمان تەمەت، بوونی هەیە لە ڕۆژگاری ئەمەدا کە روو لە شیعەکانی عێراق و سەرکردە سیاسییەکانیان دەکرێ. ناڕازایەتییەکان گەیندران بە دەستەڵاتداران لە نەجەف، کەربەلا، حیللە، کوفە، شار و شارۆچکەکانی تر، هەروەها، کاری توندوتیژیی و هەرشکردنە سەر دائیرەکانی حکومەتی لێکەوتەوە. سەرەنجام، حکومەت ناچاربوو، کتێبەکە بکشێتەوە و دادگایی نووسەرەکەی بکرێ و بە زیندان بسپێردرێ (١٤). دانەری نامیلکەکە(عەبدولڕەزاق) لە دەستودایەرەی نوریی سەعید بوو، دواتر دەرکەوت کە یاسین هاشمیی لەپشتیەوە وەستاوە و بە شەخصییش، طەها ئەلهاشمیی ، پێزراندبووی(قبوڵی کردبوو).

دەردەسەریيەکانی جەواهیریی بەدەست ئەلحوصرییەوە

شایانی باسە، ئەلحوصریی، شاعیر محەمەد مەهدیی ئەلجەواهیریی، لە سەکتی خوێندن و پەروەردە، فەصەکرد، چونکە لە یەکێک لە قەصیدەکانیدا، سالی ١٩٢٧ وەصفی یەکێک لە هاوینەهەوارەکانی ئەرانی کردبوو. تاوانباری کردبوو بە شعوبییەت و بەوەی سەر بە ئەرانە. ئەلحوصریی سووربوو لەسەر فەصەکردنی ئەلجەواهیریی، وەای ئەوەی مەلیک فەیصەلی یەکەم، تەدەخولیشی کرد. ئەمش مەلیکی ناچارکرد کە جەواهیری وەکو فەرمانبەر، لە بیلاط، تەعین بکات. جەواهیرییش، دەیان پەیامی لە یادەوەرییەکانی تەرخانکردووە کە چەن بە بیانووی طائیفییەوە بەدەست ستەمی ئەلحوصرییەوە، ئازاری چەشتووە.(جەواهیریی، بیرەوەرییەکانم ج ١)

ئەم تەمەتی سەربەئەرانبوونە بە دوای کەسوکاری ئەلجەواهیرییەوە، مایەوە. بەشکی زەر لەنەوەکانیان، لە وەرگرتنی جنسیەیی عەراقیی مەحروم بوون کە بە ئەو جنسیەیە، رەگی نەدەدرا لە زانکۆکانی عەراق بخوێنن یان ئیشی دەوڵەتیی وەربگرن. لەماوەی خزمەتکردنم وەکو پزیشک لە ناوچە دوورە دەستەکانی قەضای ئەبی صخەر، سالی ١٩٧١، ئاشنایەتییم لەگەڵ زەرەک لەو خزانانە، پەیدا کرد کە دەگەڵانەوە سەر بنەماڵەی ئەلجەواهیریی، لەوانەش، لاوەکانیان کە دەرچووی خوێندنگە ناوەندییەکان بوون. کاتێ لەمەپرسین بۆچی نەچوونەتە زانکۆ و خوێندن تەواو بکەن؟ وەڵامەکەیان ئەوەبوو کە دەسەڵات داواکانیانی رەتکردووەتەوە بە وەرگرتنی دەکیومێنتی جنسیەیی عەراقیی، لەبەرئەوەی لە خزمانی گەورەترین شاعیری عەرەب، محەمەد مەهدیی ئەلجەواهیریی، بوون.

ئایا لەو بەدادیی زیاتر دەرهەق بە هاووەتیانێک کە باووباپیرانیان بەشداریان لە شۆڕشی بیستدا کردووە، هەکاری سەرکیی و راستەوخۆی دامەزراندنی دەوڵەتی عەراق بوون، هەروەها رێبیان هەبوو لە دەوڵەمەندکردنی رێشنبیریی عەرەبیی، لە عەراق و جهیانی عەرەبییدا کە بەو شێوەیە تەحریم بکرێن لە سادەترین مافی هاووەتییبوون؟ هەشتا ئازار، دەمگوشت لەسەر ئەوەی ئەو لاوە شەتگیرانەی دەیانویست زانست و مەعریفە، فەربن، طموحیان بە ئایندەیەکی گەش هەبوو لە وەتەکەی خەیاندا، بەنام پەیان رەوا نەبینرا، لەبەر هیچ نا، لەبەرئەوەی شیعە بوون و لە خزمانی محەمەد مەهدیی ئەلجەواهیریی بوون و بە بەیاری مرۆڤکی وەکو ئەلحوصریی کە ئەصڵەن، عەراقیی نەبوو.

هەوڵستی ئەلحوصریی دەرهەق بە طائیفەکانی تر

قینی ئەلحوصریی تەنیا لەسەر شیعە، کورت نەدەبووەوە، بگرە دژی سەرجەم گەلی عێراق بوو، هەروەکو لە کارەکانی تریدا دەردەکەوێت. طائیفییەتیش شتێک نییە جگە لە هەکارێکی کوشندە کە بەکاری هێنا بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی، دژ بە کاروانی ئاشتیخوازانەی گەلی عێراق، هەموو هەوڵێکی خۆی خستەگەڕ بۆ ئاوەژوو کردنەوەی مرۆڤی عێراقیی تێکبشکێنێ و باوەڕی بەخۆی نەمێنیت، بەچوونێکی لە هەناوی عێراقییەکاندا چاند کە عێراقیی بەکێکی هیچ نایەت. عێراقییەکان زۆر بەزەحمەت نەبووایە، ئیشیان لە وەزارەتی مەعاریفدا، دەست نەدەکەوت. ئەو زۆر جەختی لەوەدەکردەوە کە مامۆستا لەدایکبووە، لە سوریا، لوبنان و میصرەوە هاوردە بکات و فەزڵیان بدات بەسەر عێراقییەکاندا. لە کاتێکدا هەزاران لە دەرچووانی قوتابخانە دینییەکانی، نەجەف، کەربەلا، کاظمییە ، بەغداد و سامەرا هەبوون، بەکێکی ئەو دەهاتن کە وانەی زمانی عەرەبیی، ئەدەب، بابەتی مێژوو و بیرکاریی بڵێنەوە.

کاتێ مالیک فەیسەڵ، فەرمانی کرد بە کردنەوەی خانەی مامۆستایان لە حیللە و لە موصڵ، ئەلحوصریی، بە توندیی دژایەتیی ئەم پڕۆژانەی کرد. دواتر لە یادەوەرییەکانیدا باسیکردوو ێ کە بۆچی ڕەتیکردەوەتەوە، لەبەرئەوەی لە حیللە، سوودی بە شیعەکان دەبوو، لە موصڵیش بە مەسیحییەکان سوودی دەبوو. بە دەقیش ئەمەی گوتووە:" من دووڵە نەبووم لەو بیارەم، چونکە جێبەجێبوونی پڕۆژەی خانەی مامۆستایان لە حیللە و یەکێکتی تر لە موصڵ، یەکێتیی نیشتمانیی دەخستە بەردەم مەترسییەکی مەزنەوە، لەبەرئەوەی لەو سەردەمدا، زۆر ئاسایی بوو کە زۆرینەی خوێندکارەکان لە موصڵ، مەسیحییەکان بن و لە حیللەش لە نەوەی جەعفەرییەکان بن."(١٦)

ئەو دانی بە دەرچووانی قوتابخانە جەعفەرییەکاندا نەدەنا، سووربوو لەسەر ئەوەی کە لەگەڵ باوەڕنامە(نێک بەوانامە-وەرگێڕ)ی قوتابخانە ناوەندییەکاندا، نابێ بەرامبەر بن. لەرشەوە، داوای خوێندکارە شیعەکانی بە وەرگرتن لە کۆلێژی حقوق، ڕەتدەکردەوە. کاتێ ناڕەزایەتییەکان زیادی کرد، مالیک، ئیعازی دا کە پۆلیکی زیادە بە وەرگرتنی خوێندکارە شیعەکان لە دەرچووانی قوتابخانە جەعفەرییەکان بکرێتەوە. شایانی باسە، ئەم ئیجرائاتی مالیک، بەرەنگاری ناڕەزایی بووەوە نێک هەر لەلایەن ئەلحوصرییەوە، بگرە لە بەرپرسانی تریشەوە،لە بەشی ئایینداد، دێنە سەری.

ئەو کتێبەی د. عەبدولخالیق حوسێن لەم بڕگەدا ئاماژەی پێدەکات کە کتێبی کلیڤلاندە، ئەمە ناونیشانەکەیەتی بە ئینگلیزیی

The Making of an Arab Nationalist :Ottomanism and Arabism in the Life and Thought of Sati’ Al-Husri
by William L Cleveland
(بە کوردیی دەبێتە، چەکردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبیی: عوثمانییزم و عەرەبییزم لە ژیان و فیکری ساطیع ئەلحوصرییدا)

سەرچاوەکانی بە ئەم بڕگەیە، بەکارهاتوون، بە زمانی عەرەبیی، ئەمانەن:-

المصادر

1-علي الوردي، لمحات اجتماعية، ج3، دار كوفان- لندن، 1992، ص214-215.
2-حسن العلوي، الشيعة والدولة القومية في العراق، مطبوعات CEDI فرنسا عام 1989، ص 254-255.
3-حسن العلوي، نفس المصدر، ص 257
4-وليم كليفلاند، الحصري من المفكرة العثمانية إلى العروبة، ترجمة فكتور سحاب، دار الوحدة، بيروت، 1983، ص71.
5- وليم كليفلاند، نفس المصدر، ص 133
6- تيخونوفا، ساطع الحصري رائد المنحى العلماني في الفكر القومي العربي، دار التقدم، موسكو، 1985، ص14.
7- كليفلاند، نفس المصدر، ص142
8- تيخونوفا، نفس المصدر، ص53، مقتبس من أبحاث مختارة في القومية العربية، ج2، ص125-126، دار التقدم، موسكو، 1985.
9- حسن العلوي، نفس المصدر، ص 258، نقلاً عن مذكرات الحصري.
10- حسن العلوي، نفس المصدر، ص ،258
11- عبدالكريم الأزري، تاريخ في ذكريات العراق، ج1، مركز الأبجدي، بيروت، 1982، ص 30-31.
12-عبدالكريم الأزري، مشكلة الحكم في العراق، لندن، 1991، ص 237
13-د.سعيد السامرائي، الطائفية في العراق، ص 116، ط1، 1993، مؤسسة الفجر، لندن، عن ديوان الجواهري، المجلد الأول، ص 214
14- د.خالد التميمي، محمد جعفر أبو التمن، دار الوراق، لندن، 1996، ص320-321.
15- حسن العلوي، التأثيرات التركية، ص 12، دار الزوراء، لندن، 1988، نقلاً عن مذكرات الهاشمي، ج2 ص 244
16- حسن العلوي، نفس المصدر، ص 270، نقلاً عن مذكرات الحصري، ص

80.
17- تيخونوفا، نفس المصدر، ص30
18-اطع الحصري، حول القومية العربية، ص97
19- تيخونوفا، نفس المصدر، ص27
20- كليفلاند، نفس المصدر، ص 133
21- حسن العلوي، الشيعة والدولة القومية في العراق، ص .256
22- حسن العلوي، نفس المصدر، ص 288

ئەمەی خوارەوە، لینکی بەشی شەشەمی کتێبەکەیە بە زمانی عەرەبیی

http://www.abdulkhaliqhussein.nl/index.php?news=406

دەسەڵاتی پارە .. کارڵ مارکس … وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: جەمال موحسن

دەستنووسە ئابوری و فەلسەفیەکان (ساڵی ١٨٤٤)، لە کۆکراوەکانی مارکس ئەنگلس، بەرگی ٣ (لاپەڕەکانی ٣٢٤_٣٢٦). بڵاوکراوەی لەرینس و وشەرت ساڵی ٢٠١٠.
دەسنووسی ٣، بەشی: دەسەڵاتی پارە

’’…. ئەو شتەی لە ڕۆی پارەوە بۆ منە، یانی ئەوەی کە ئەتوانم پارەی پێ بدەم (بە واتایەکی دی، ئەوەی پارە ئەتوانێ بیکڕێ)، ئەو شتە هەر خودی خۆم کە خاوەنی پارەکەم. مەودای دەسەڵاتی پارە مەودای دەسەڵاتی منە. تایبەتمەندییەکانی پارە هەمان تایبەتمەندییەکان و دەسەڵاتە ڕاستەقینەکەی منە، واتە خاوەنی پارەکە. بۆیە بە هیچ جۆرێك کەسێتی سەربەخۆی من دیار ناکات کە من چیم و چیم لە تواناداید. من ناشرینم، بەڵام ئەتوانم جوانترین ژن بۆ خۆم بکڕم. هەربۆیە من ناشرین نیم چونکە کاریگەریەکانی ناشرینی و توانای کڕسپدانەکەی بە پارە پوچەڵ ئەکرێتەوە. من، بە پێی سیفاتە شەخسیەکەم، شەلم، بەڵام پارە ٢٤ قاچم بۆ دەستەبەر ئەکات.

کەواتە من شەل نیم. من کەسێکی خراپم، ناپاکم، بێ ویژدانم، بێ مشکم بەڵام پارە ڕێزدارە و هەر بەمجۆرەش خاوەنەکەی. پارە باشترینە، هەربۆیە خاوەنەکەشی باشە. لەگەڵ ئەوەشدا پارە ناهێڵێ کەشەی ناپاکیم هەبێ: بۆیە من بە کەسێکی سەرڕاست دائەنرێم. من مشکم لەسەردا نییە، بەڵام پارە مشکی ڕاستەقینەی هەموو شتێکە، کەوایە چۆن خاوەنەکەی بەمشك ئەبێ؟ لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی پارە ئەتوانێ خەڵکی زیرەك بێ خێی بکێ. کەواتە ئایا ئەو کەسەی کە دەسەڵاتی بەسەر زیرەکەکەدا هەیە، زیرەکتر نییە لەو زیرەکە؟ ئایا منڵك کە بەهێی پارەوە هەموو ئەو شتانەی دڵی مرۆڤ پێی خۆش بێ هەمبێ، خاوەنی هەموو توانییە مرۆییەکان نیم؟ هەر بەمپێیەش ئایا پارەکەم هەموو ناتوانییەکانی من پڕچەوانە ناکاتەوە؟
ئەگەر پارە ئەو لکێنەرە بێ کە من بە ژیانی مرۆڤەوە ببەستێتەوە و کەمەگاش بە منەوە و من پەیوەست بکات بە سروشت و مرۆڤەوە، ئیتر ئایا پارە گرێبەستی هەموو گرێبەستەکان نییە؟ ئایا لە توانایدا نییە هەموو گرێکان بکاتەوە و بیانبەستێتەوە؟ لەبەرئەوەش ئایا هەروەها هۆکاری سەرەکی جیابوونەوە نییە؟ ئەوە دراوە کە بە ڕاستی ئەبێتە هۆی جیابوونەوە و هاوکاتیش هۆکاری سەرەکی پێکەوە بەستنە، واتە ئەو هۆزی کیمیایی کەمەگایە. (لە دەقە ئینگلیزیەکەدا نووسراوە کە لێرەدا وشەیەك لە دەستنووسەکەدا ناخوێنرێتەوە و پەیوە_ وەرگێڕی کوردی).

شکسپیر بە تایبەتی پێداگری لەسەر دوو تایبەتمەندێتی پارە ئەکات:

١. پارە خودایەکی بینراوە، یانی گۆڕینی تەواوی سیفاتە مرۆیی و سروشتیەکان بۆ دژەکانی خۆیان، شێواندن و تێکوپێکدانی شتەکان: شتە نەشیاوەکان (موستەحیلەکان) بە هۆی پارەوە پێکەوە ئەلکێندرێن.
٢. پارە قەحبە و گەوادی گشتی خەڵك و نەتەوەکانە.

توانای شێواندن و تێکوپێکدانی تەواوی سیفاتە مرۆیی و سروشتیەکان، وە توانای پێکەوەلکاندنی شتە نەشیاوەکان (موستەحیلەکان)، واتە دەسەڵاتی خودایی پارە لە جەوهەری پارە خۆیدایە بە وێنەی سروشتی جۆرێتی مرۆڤی نامۆبوو و نامۆکەر و خۆنامۆکەر. پارە توانای مرۆڤی نامۆبووە. ئەوەی کە من وەك مرۆڤێك ناتوانم بیکەم و بەوهۆیەشەوە هەموو دەسەڵاتە جەوهەریە تاکیەکانم بێتوانا ئەمێننەوە، ئەتوانم بە پارە بیکەم. بەمجۆرە پارە هەموو ئەم دەسەڵاتانە، کە خۆیان هیچ نین، ئەکات بە شت واتە ئەیانگۆڕێت بە دژەکەیان.
ئەگەر حەزم لە ژەمێکی دیاریکراو بێ یان بمەوێ گالیسکەی ئەسپ بگرم چونکە ئەوەندە هۆزم نییە بە پێ بڕۆم، پارە ژەمەکە و گالیسکەکەم

بۆ دەستەبەر ئەکات. کەواتە حەزەکانم لە شتێکەوە کە لە دونیای خەیاڵدایە ئەگەڕێ و لەوەوە کە لە دونیای خەون و خەیاڵ و ئارەزووکردندا بوونیان هەیە ئەگەڕێ بۆ بوونێکی هەستپێکراو و ڕاستەقینە، لە خەیاڵەوە بۆ ژیان، لە بوونێکی خەیاڵییەوە بۆ بوونێکی ڕاستەقینەیی. پارە لە ڕووداوێکی ئەم ناوبژیکردنەدا دەسەڵاتە داهێنەرە ڕاستەقینەکەیە.

هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە داخوازیەکە بۆ ئەو کەسەش کە پارەی نییە لە ئارادایە بەڵام داواکردنەکەی ئەو تەنها خەیاڵێکە و هیچ کاریگەری و بوونێکی نییە بۆ من، یان بۆ کەسی سێیەم، یان بۆ کەسی تر. هەر بۆیەشە تەنانەت بۆ منیش وەك شتێکی ناڕاستەقینە و بێئامانج ئەمێنێتەوە. جیاوازی لە نێوان داخوازیەکی کاریگەر کە لەسەر پارە بەند بۆ لەگەڵ داخوازیەك کە لەسەر پێویستی من، هەستی من، ئارەزووی من و… هتد بەند بۆ جیاوازیە لە نێوان بوون و بیرکردنەوەدا، لە نێوان شتێکدا کە بوونی لە ناو مندا تەنها وەك بیرێك هەیە و ئەو بیرەی کە وەك شتێکی ڕاستەقینە لە دەرەوەی من بوونی هەیە.

ئەگەر پارەم نەبێ بۆ سەفەر، کەواتە پێویستم بەوە نییە سەفەر بکەم، واتە پێویستی ڕاستەقینە و وەدیهاتووم بۆ سەفەر نییە. ئەگەر بگونجێم بۆ خوێندن بەڵام پارەکەیم نەبێ، کەواتە گونجاو نیم بۆ خوێندن، واتە گونجانی کاریگەر و ڕاستەقینەم نییە. لە لایەکی تریشەوە، ئەگەر بە ڕاستی هیچ نەگونجێم بۆ خوێندن بەڵام بمەوێ و پارەکەیم هەبێ، کەواتە گونجانێکی کاریگەرم هەیە بۆی. پارە وەك ناوەندێك و توانایەکی دەرەکی و گەردوونی (کە لە مرۆڤەوە وەك مرۆڤ یان لە کۆمەڵگاوە وەك کۆمەڵگا نەهاتبێ) بۆ گەیشتنی وێنەیەك بۆ واقع و واقع بۆ وێنەیەکی پەتی، دەسەڵاتە ڕاستەقینە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ و سروشت ئەگەڕێ بە تەنها مەفاهیمێکی موجەرەد و بەمجەرەش بۆ ناتەواویەکان و خەونێکی بەدینەهاتووی ئازاربەخش. ێك بە هەمان شێوەی کە ناتەواویەکان و خەونە بەدینەهاتووەکان، واتە ئەو دەسەڵاتە بنەڕەتیانەی کە لە ڕاستیدا هیچ لەبارانەبوون و تەنها لە خەیاڵی تاکەکەدا بوونیان هەیە، ئەگەڕێ بۆ دەسەڵاتە ڕاستەقینەکان و توانایەکان. بەمجەرە پارە لەبەر ێشنایی تەنها ئەم خاسیەتەیدا بریتیە لە شێواندنی گشتی تاکەکان کە ئەیانکات بە پێچەوانەی خێیان و سیفاتی پێچەوانە ئەدات بە سیفاتەکانی خێیان.

بەمجەرە پارە بە شێوەی ئەم دەسەڵاتە تێکدەرە دەرئەکەوێ کە لە دژی تاکیش و بەستەرەکانی کۆمەڵگاشە، کە خێیان وەك قەوارە دێنە

بەرچاو. پارە دەسزی ئەگ□□ بە نادەسزی، خەشەویستی بە □ق و □ق بە خەشەویستی، چاکە بە خراپە و خراپە بە چاکە، خزمەتکار بە سەرەك و سەرەك بە خزمەتکار، بەمەشکی بە زیرەکی و زیرەکی بە بەمەشکی.

لەبەرئەوەی پارە، کە وەك مەفهومەکی چالاکی بەها بوونی هەیە، هەموو شتەك تەکئەدا و ئەیشوێنێ، خەی شوێنەر و تەکدەری گشتی هەموو شتەکانە، جیهانە بە ژێرەوژووری، شوێنەر و تەکدەری تەواوی سیفاتە سروشتی و مرۆییەکانە.
ئەو کەسەی کە ئەتوانێ ئازایەتی بکا□ ئازایە هەرچەندە ترسنۆکیش بێ. لەبەرئەوەی پارە ناگ□□درێتەوە بە هەر جۆرێتیەکی دیاریکراو، بە هەر شتەکی دیاریکراو یان بە هەر دەسەاتەکی بنەەتی مرۆیی دیاریکراو، بگرە ئەگ□□درێتەوە بە تەواوی جیهانی ئێبجەکتیڤی مرۆڤ و سروشت لەبەرئەوە لە □وانگەی خاوەنەکەیەوە ئەکەوێتە پێناوی ئەوەوە کە هەر جۆرێتیەك ئەگ□□ت بە هەر جۆرێتیەك و شتەکی تر تەنانەت کە پێچەوانەکەشیەتی: پارە پێکەوەلکاندنی نەشیاوەکانە. پارە دژ بەیەکەکان ئەخاتەوە ئامێزی یەك.

وای دابنێ کە مرۆڤ مرۆڤ بێ و پەیوەندیەکەشی بە جیهانەوە مرۆییانە بێ، ئەو کات ئەتوانی خەشەویستی تەنها بە خەشەویستی بگ□□یتەوە، متمانە بە متمانە و …هتد. ئەگەر حەز بکەی خەشی لە هونەر ببینی، ئەبێ لە باری هونەریەوە کەسەکی □□شنبیر بی. ئەگەر بتەوێ کاریگەری لەسەر خەڵك دابنێی، ئەبێ کەسەکی خاوەن کاریگەریەکی بزوێنەر و هاندەر بیت لەسەر خەڵك. هەر پەیوەندیەکت بە مرۆڤ و سروشتەوە ئەبێ دەربڕینەکی دیاریکراو بێ پەیوەست بێتەوە بە ئامانجی ئیرادەتەوە، بە ئامانجی ژیانی □استەقینەی شەخسیتەوە. ئەگەر خەشەویستی بکەیت بە بێ ئەوەی لەبەرامبەردا خەشەویستی وەربگریتەوە، واتە ئەگەر خەشویستنەکەت وەك خەشویستن خەشەویستی دوولایەنە بەرهەمنەهێنێ وە ئەگەر لە □□ی دەربڕینەکی زیندووەوە دەربارەی خێت وەك کەسەکی هەستناسك نەتوانی خێت بکەیت بە کەسەکی خەشەویست، ئیتر خەشەویستیەکەت هیچ لەبارانەبووە، بەدبەختیە.‘‘

* هەموو هەڵە□□ی تەئکیدەکان هی مارکس خۆیەتی (وەرگ□□ی کوردی)□

دلاوەر قەرەداغی.. زیاد لە کەسێک..! ... ئیدریس عەلی

دنیای کلتووری و ئەدەبی ئەم، لەم پنتە داخراو و دوورە شارستانییەتەی جیهاندا کە ناوی کوردستانە، زیاتر لەو منداڵە بکەس و هەژارە دەچێت، کە چاوەڕێی دەستکی ڕەحمەتە تەر و پشتەی بکات، لە ڕووی بەرهەمی ئەدەبی و داهێنانەوە، لە چەند هەوڵێکی لەرەولەوە بترازێت، چ شتێکی ئەوتۆ نابینرێت، ئەم حاڵەتە تەواو لە کتێبخانەکانماندا بە زەقی ڕەنگی داوەتەوە و دەبینرێت و هەستی پە دەکرێت.

بەڵام ڕەنگە لەڕووی کاری وەرگێڕانەوە، هەشتا شانسکی ئەوتەمان مابێت بە بەرگەگرتنی دەڕەقی ژیان و وەستانەوە بەڕووی ناشرینییە زەرەکاندا، لانیکەم بە وێنەی وڵاتانی دەوروبەرمان هەنگاو بنێین و وزە و ژیانێک بگەڕێتەوە بە نێو گیانی کلتوور و ئەدەبییەمان، دیسان ئەم حاڵەتەش بە ڕووبی بە کتێبخانەکانماندا هەست پێ دەکەین و دەبینین، پەدچێت ئەمەش جارە خەشبەختییەک بێت بە ئەمەی خوێنەر، کە لە ناو ئەم بکەسیی و کەس بە کەسدا، چەند وەرگێڕێک، بەوپەڕی پەرەشی و عەشقەوە خەریکی کاری وەرگێڕانن لە ناو زمانە جیاجیاکانی دنیادا، وەرگێڕانی شاکارە زیندووەکانی نووسەرە گەورە و دیارەکان، لە لایەکەوە بوونەتە خەزنەیەکی دەوڵەمەند و بە بەها بە خوێنەران، لە لایەکی دیکەوە خەری ئاودانین و تیشکەکانیان کەوتوونەتە سەر کتێبخانەکانمان، ئەوان بەوچان کاری وەرگێڕان دەکەن و لەو جوانیانەی خەیان دەیبینن بەشی ئەمەشی لە دەدەن.

بەشبەحاڵی خەم، وەک خوێنەرێک کە سەروکارم لەگەڵ کتێبە ئەدەبییەکاندا هەیە و حەز بە خوێندنەوە دەکەم، ئاشنای گەلێ وەرگێڕ و بەرهەمکانیان بووم و تا سەر ئێسک بە کتێب و جوانی قەرزاریان کردووم، ڕەنگە لە ئابردوودا لەسەر هەندێکیان لەرەولەوە.. لەم ڕەزنامە و گۆڤار، قسەیەکی خەرمانکردبێ، یاخوود بە ستوونێک و چەند وشەیەکی سادە، بەڵام هەڵقوڵاوی ئاستگەیی ناخ و دڵ، سوپاسیکمان کردبن، بەڵام هەشتا ئەم هەوڵانەی ئەمە لە کوێ و ئێو ماندووبوون و شەوننخووننی و عەشقە گەورانەی ئەوان لە کوێ؟.

یەکێک لەو وەرگێڕانەی کە ئەزموونێکی جوانی هەیە (دلاوەر قەرەداغی)ە، ناوبراو لە پەنا ئەزموونە تایبەت و هەمنکەی شیعردا،

بە عەشقێکی ئەبەدییەوە، چەندین شاکاری مەزنی جیهانیی وەرگێڕاوە و بە زمان و کوردییەکی تەواو جیاواز و جوان ئاشنای کردووین، گەر لامسەلایی و بە خەرایی چاوێک بە کتێبخانەی کوردیدا بگێڕین. مومکین نییە نیگامان لەسەر چەنین کتێبی (دلاوەر) نەگیرسێتەوە، من بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەڵێم کە ئەگەر ئەو نەبوایە ئەمەی خوێنەری کورد، مەگەر تەنها لە دوورەوە ناوی نووسەرەکانیان، یاخوود کتێبەکانیانمان ببیستایە.

هەنگاوی کاری ئەم نووسینە نەبەت ناوی یەک بەیەکی ئەو کتێبە گرنگانە بهێنێت کە لەماوی ئەزموونی کاری وەرگێڕانی دا پێشکەشی کردووین، چونکە بە دڵنیاییەوە خودی خوێنەران بە خۆیان ناوی سەرجەم کتێبەکانیان ئەزبەر و بەریکەوتوون، کتێبخانەی ماڵەکانیان تژین لەو هەمان و شانامە و بیروڕیانەی گەورە نووسەرانی جیهان، کە ئەم وەریگێڕاون، دیسان کاری ئەم نووسینە ستایش و مەدحکەی بە بنەما و فووتکردنکی لە خۆ نییە، چونکە نە نووسەری ئەم نووسینە بە بنەما وەسف دەکات، نە ئەوەی ئەم نووسینەی لەبارەوە نووسراوە پێی خۆش وەسف بکرێت، نە کاریشی پێیەتی، هازیبوونی خوێنەر لە کتێبەکانی بە ئەو هەموو شتەکە و پەزانینەکی خاکەرایانە سەرلەنوی دەیخوێنەوە سەر نەغمەی کارکردن و ماندووبوونی لەبیر دەبەنەوە.

تازەترین کتێبی وەرگێڕانی کاک دلاوەر، کتێبە بە نرخەکەی (ئەندرە مالرۆ)ی فەڕەنسییە، بە ناوی(نایادەوەری) ئەو کتێبە قەبەی کە ئەمە پێشتر تەنها ناویمان بیستبوو و لەڕەو لەوە باس لە گرنگی و بایەخی کرابوو، وەک خوێنەری کورد خۆنمان بە وەرگێڕانییەوە دەبینی، من بیر لەوە دەکەمەوە چ ئازایەتی و عەشقێک لای دلاوەر هەیە کە دەست بەرێت بە کتێبێکی قەبارە گەورەی وەها؟ لە سەردەمیکدا کە دنیا بەرەو بەرژەوەندییە زەر تایبەتییە تاکە کەسییەکان دەڕوات، ئەوە چ لە خەبردوویەکە وا لە دلاوەر دەکات پشت بکاتە خێی و چۆڕی ژیان و هووبکاتە خوێنەر عەزابی وەرگێران و ئازاری نووسینەوە و وەک کارگێڕیکی چالاک پێ بەرهەم بەت و جوانی پێشکەش بکات؟ لە نەوەندێکدا بە ناوی نەوەندی ئەدەبی کوردییەوە کە دەیان و زیاتریش خەریکی خەبردنە پێشەوە و ئیمتیازات و هاتوهاوار و گیرفان گەرمکردنن، ئەو تایبەتمەندییە چییە وا لە دلاوەر دەکات بەدەنگ و بە بانگێشە و دەنگدەنگ، تاوناتاوی کتێبێکی نوێ و نووسەرێکی نوێمان پێ ئاشنا بکات؟ بگوومان بوونی کەسانی وەک کاک دلاوەر و چەند هاوڕێیەکی دیکە لە نیوەندەکەدا، کتوومت لە کەڕەکەی ئەو ماڵە

هۆژارە دەچن، کە شانیان داوەتە بەر ڕووخان و بە پەوە ئازار دەچێژن بە ئەوەی جوانی نەکەوەت، ئەز دەنیام ئەوەی ئەم هاوە شاعیر و وەرگەرە بە تەنیا دەیکات، کاری دامودەزگایەکەی گەورەیە بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە.

گفتوگە لەگەڵ نووسەر ئارام کاکەی فەلاح ... سازدانی / شاخەوان سدیق

ئارام کاکەی فەلاح:
نووسەر بوونەوەرەکی ئاڵز و پەرش و بەاوە، کتەب نەبە هیچ شتەکی تر کەی ناکاتەوە

لە دونیای ئەدەبی ئەمەداو بەتایبەت لە بواری نوسینی چیرەکدا (ئارام کاکەی فەلاح) یەکەکە لە ناوەدیارو دەنگە جدیەکانی ئەو بوارە، بە ئەم ساەیش و لە چوارەمین ڤەستیڤاەی ئەندەشەدا، خەاتی چیرەکی پەبەخشرا، بە ئاگاداربوونی زیاتر لە دونیای ئەدەبی ئەو نوسینەکانی ئەم دیدارەمان لەگەڵ سازدا.

پرسیاری یەکەم: لە وتارەکدا (شەرزاد حەسەن) دەڵێت:مومکین نییە مرەڤ پاش خوەندنەوەی هەر کتەبەك بەشەك لە دونیا بینییەکانی نەگەڵێت. بەڵزیشتان لە نووسینەك دەربارەی ناسینی کتەبەوە دەڵێن:ئەوەی رەژە دەستی بردو کتەبەکی بە چەژەوە خوەندەوە، ئیدی قەت وەك خەی لە نایەتەوە. مەبەستمە بپرسم:کتەب بە لە ژیانی مرەڤدا گرنگە؟، ئەم سیحرە، ئەم جادووە چییە کتەب لە مرەڤی دەکات و دەیگەرە بە کەسەکی دیکە؟

ئارام کاکەی فەلاح: لە چیرەکی (ژنی ژەر باران)دا وتەیەکی ژنە نووسەری فەرەنسی تیایە بە ناوی (مادام دی سڤەنگە)، کە لە ناوەاستی سەدەی حەڤدەهەمدا ژیاوە و بە نووسینی نامەکانی، بە تایبەتی نامەکانی بە کچەکەی، زەر بەناوبانگە و دەڵێ: هەتا کتەب هەبە خەمان هەناواسین.لە ەاستیدا لای من کتەب ئەو ماەە ەمزییەیە

که مرۆڤ هەمیشە هەیەتی و دەتوانێ بچێتەوە ناوی و دەرگاکەی پێوە بدات وەهەست بە ئارامیی بکات. ئەو ئاوێنە سیحرییانەیە لە جیاتی سیمای دەرەوەت دەتوانی لە خۆت بڕوانیت و ترس و هاوار و نائومێدییەکانتی تێدا بدزیتەوە. یان دڵستۆڤسکی وتەنی ئەو نهێنییانەی تێدا بدزیتەوە کە مرۆڤ تەنانەت جورئەتی ئەوەی نییە لەگەڵ خۆیدا باسیان بکات. کتێب ئەو زەوییەیە کە دەتوانی خەونەکانتی تێدا بچێنی. ئەو سەفەرانەیە کە ناتوانی خۆت بیانکەیت، ئەو سەفەرانە بە نێو سەدەکاندا، بە نێو وڵات و شارەکاندا. ئەو کەسانەی بێ ئەوەی بیانناسیت، دەبنە بەشێکی گرنگی ژیانت. کتێب چەندێ گرنگە بێ ناسینی دونیا، هێندەش گرنگە بێ ناسینی خۆت. کتێب دەستکاری هەندێ شوێن دەکات کە وا دەکات لە خۆت زیاتر نزیکت بکاتەوەو زیاتر بەو مرۆڤەی ناو خۆتت ئاشنا بکات. بۆیە ئەوانەی پەیوەندییەکی قووڵیان بە کتێبەوە نییە، بە خێیان زۆر غەریبن. ئەوانەی کتێب ناخوێننەوە، چونکە سەیری خێیان زۆر ناکەن، زۆر قسە دەکەن و بە گشتی کەسانی زۆرە بۆن.

پرسیاری دوو: زۆر جار دەوترێت کاتێك مرۆڤ دەستی بە هێنانەدی خەونەکانی ناگات، پەنا بێ نووسین دەبات. بەختیار عەلیش لە دیدارێکدا دەڵێت(مرۆڤ کاتێك لە هەموو شتەکان فاشیل دەبێت رووو دەکاتە نووسین و دەبێت بە نووسەر). بەڵاستی نووسەر بوون دواکارتی فشاری مرۆڤە بێ بەردەوام بوون لە ژیان؟ یان نووسین بێ دەستاگەیشتنی مرۆڤە بێ ئاشنابوون بە دیوێکی تری ژیان و کەشف بوونی دونیایەکی نوێیە؟مەبەستمە بپرسم تۆ بۆ دەنووسیت؟ نووسین وەڵامدەرەوەی چ پرسیارێکی تێیە لە ژیان؟

ئارام کاکەی فەلاح: نووسین وەك عەشق وایە، تەنها ئەو کاتە هەستی پێ دەکەی کە لەناو زیندانەکەیدایت. لەمەوە دەمەوێ بڵێم کە نووسین بڕیارێکی پڕش وەخت نییە. نووسەری راستەقینە ناتوانێ بڵێ ئیتر من لە بەیانییەوە دەبم بە نووسەر، یان گەورە بم دەبم بە نووسەر. مرۆڤ کاتێ پێ دەزانێ نووسەرە، کە ئیتر لە هەموو شتێکی تر دەستی شتووە. رۆژێ هەست دەکەی تەواو بە تەنیا ماویتەوە، یان لەناو دەیەها کەسدایت و تەنیایت. هەست دەکەی هیچ شتێکی تر سوودی نەماوەو کەس گوێ ناگرێت لاپەڕە سپییەکەی بەردەمت نەبێت. کتێب نووسین ئەو پەرچەکردارەیە بەرامبەر ناعەدالەتییەکانی دونیا، بەرامبەر برین و خواروخێچییەکانی. ئەو هاوارانەیە کە کەس ئامادە نییە بیبیستێت. من دەنووسم، چونکە هەست دەکەم بەشێکی زۆر زۆری من بە نووسین نەبێت قسە ناکات. نووسەر بوونەوەرێکی ئاڵۆز و پەرش و

باوه، کتاب نەبێ هیچ شتێکی تر کەی ناکاتەوە.

پرسیاری سێ: گوستاف فلوبێرلە شوێنێکدا دەڵێ:(مادام بۆڤاری خەمم). منیش زۆر جار لە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی تۆدا، وێنەی خۆت دەبینم و ئامادەییتان وەك کاراکتەر لەناو چیرۆکەکاندا دیارە، بە تایبەت لەناو چیرۆکی (باوکی ناو تەلەفۆن)دا. دەمەوێ بزانم تا چەند بۆچوونەکەم ڕاستە؟ تۆ دەتەوێت چیرۆکی خۆت بنووسیتەوە یان هی ئەوانی تر؟

ئارام کاکەی فەلاح: وەك لە زۆر شوێنی تریش باسم کردووە، مرۆڤ ناتوانێ خۆی لە نووسینەکانی بهێنێتە دەرەوە. کە سەیری ژیانی گارسیا مارکیزو ئەو شوێنەی لێی دەژیا، دەکەین،ئەوسا تۆدەگەین کە ژیانی ئەم نووسەرە بە چۆی لەناو ڕۆمان و چیرۆکەکانیدایە. من تا بیرەوەرییەکانی ئانا دەستۆفسکایام نەخوێندبووەوە، بۆوام نەدەکرد دەستۆفسکی هێندە لەناو کتێبەکانیدا بێت. تۆ هەر سەیری دوو ڕۆمانی بکە،(بیرەوەرییەکانی ماڵی مردووان هی ساڵی ١٨٦٤ و قومارچی هی ساڵی ١٨٦٦) ،ئینجا بۆت دەردەکەوێ سێبەری ئەم پیاوە لەهەموو شوێنکی ئەم دوو ڕۆمانەیە. من لە پراگ ئەو کەلاوەو ماڵ و ژوورە ووخاوانەم بینی کە کافکا تەمەنکی زۆری ژیانی تۆدا بەسەر بردبوو، ئەو شوێنانەی کە لێی دەژیا و دەنووسی، ئینجا لە نووسینەکانی باشتر تێگەیشتم و زانیم کە زۆربەی چیرۆك و ڕۆمانەکانی باسی ژیانی پێ برین و پەپووتی خۆیەتی. بێگومان ئەمانە هەموویان بێ ویستی نووسەر خۆی دێنە کایەوە. منیش وەك هەر نووسەرێکی تر بێ ویستی خۆم بەشێکی زۆرم لەناو چیرۆك و ڕۆمانەکانمدایە. بەڵام ئەم باس کردنە، باسکردنکی بایۆگرافی و ژیانی تایبەتی نییە، هێندە هەیە دەبێ لەشوێنکی تردا بۆی بگەڕێین، ئەم شوێنەش یادەوریە.دوایش ئەم خودە هێندە لە نێوان دیەکان و ئەوانی تردا دەتووێتەوە کەهەر باس کردنکی خود، چەندەها کەسی تر خۆی تێدا دەبینێتەوە.

پرسیاری چوار: لە دیدارێکدا خۆزانی (مەحموود دەوێەت ئابادی) باس لەسەر وەختی نوسینی ڕۆمانی(کلیدەر) دەکات و دەڵێ: شەوێك نیوەشەو خەبەرم بووەوە، مەحموود بە کۆ دەگریا، پێم وت خێرە چی بووە بۆ دەگریت؟ وتی یەکێ لە پاڵەوانەکانم مرد کە نەدەبوو بمرێت. تۆش لە پشەکی یەکێ لە کتێبەکانتا دەڵێیت: زۆر بە وردی وچۆی لەگەڵ پاڵەوانەکانم دەژیم ولاتان سەیر نەبێ گەر بڵێم لەگەڵ نووسینی هەر چیرۆکێکدا نەخۆش دەکەوم. مەبەستمە بزانم تا چەند رووداو

وکاراکتەر لە دەرەوەی ئیرادەی نووسەر لە دەقدا خۆیان فەرز دەکەن؟

ئارام کاکەی فەلاح: دەزانی گارسیا مارکیز هەمان چیرۆك دەگێڕێتەوە کە مارسیدیسی ژنی شەوۆك هەڵدەستێ و دەبینێ مارکیز دەگەڕێ و لێی دەپرسێ چی رووێداوە؟ ئەویش دەڵێ : پاڵەوانێکی خەمم لە ناو ڕۆمانەکەدا کوشت. ناچار بووم، مەرسیدیسی ژنیشی تا بەیانی لای دادەنیشێ و دڵی دەداتەوە. ئەم قسەیە لە کتێبکدایە کە دیدارێکی دوورودرێژە لەگەڵ نوسەردا و هەموو کتێبەکە بە دیدارەکە تەرخان کراوە. بەهەر حاڵ ئەوە لای من وایە کە لەدوای نووسینی هەر چیرۆکێك و ڕۆمانێك من تەندروستیم تێك دەچێ و نەخۆش دەکەوم، هاوڕێنزیکەکانم ئەوە دەزانن و من هەندێ جار بە گاڵتەوە پێیان دەڵێم کە من دوای نووسینی هەر چیرۆکیك، چوار تا پینج کیلۆ کەم دەکەم ونووسینی چیرۆك لای من بە ڕێجیم باشە، بۆیە پیشنیار دەکەم ئەوانەی دەیانەوێ وەزنی خۆیان دابەزێنن، بڕۆن و چیرۆك بنووسن و بە چێی و بە قووڵی لەگەڵ کاراکتەری ناو چیرۆکەکانیاندا بژین، کاتێك نووسەر وا بە قووڵی، بەو جۆرەی من مەبەستمە لەگەڵ چیرۆکەکەیدا دەژی، ئەوا نووسینی زەحمەتتر دەبێت، چونکە ئەرك و پێداویستی لەسەرت زیاتر دەبێ و گەر ئەوسا شتێکی واش هاتە پێشەوە کە وای لێ کردی بڕیارێك بدەی بێ نەمانی یەکێك لە کاراکتەرەکان، ئەوسا وەك دەبینی کاراکتەری ناو چیرۆك و ڕۆمانەکان وەك کاراکتەرەکانی دەرەوەی تێکستی لێ دێ و نەمانی ئەوانیش ژانێکی گەورەت پێدەگەنێت.

پرسیاری پێنج: لە ئێستادا ڕۆژانە و لە بۆاوکراوەکاندا بەر چەندین تێکست بە ناوی چیرۆکەوە دەکەوین، بەڵام کاتێ بەدوای چیرۆکی جددیدا دەگەڕێن، چیرۆکی جددیمان زۆر کەمە. بە بۆچونی بەڕێزتان ئەم زۆر و بڕییە هی چییە؟

ئارام کاکەی فەلاح: سارتەر لە ساڵی ١٩٤٧ دا کتێبکی هەیە بە ناوی (ئەدەب چییە)، لەوێدا بەراوردێك دەکات لەنێوان نووسەر و دانەردا دەڵێ: مەرج نییە هەموو دانەرێك، نووسەر بێت. منیش لەسەر هەمان بۆچوونی سارتەر دەمەوێ بڵێم، دەبێ ئەمەش بەراوردێك بکەین لەنێوان نووسینی چیرۆك و چیرۆك نووسدا و بە بۆای من مەرج نییە هەموو ئەوانەی چیرۆك دەنووسن و تەنانەت کتێبی چاپکراویشیان هەیە وەك کەمەڵە چیرۆك بە چیرۆکنووس لەقەڵەمیان بدەین. با بڵێمەوە سەر زۆر و بڕییەکەو لەچەند خاڵکدا کۆیان بکەمەوە. یەکێ لەو خاڵانە ئەوەیە کە بەڵاستی نووسینی چیرۆکی جوان زەحمەتە. هەر خێی هونەری گێڕانەوە کارێکی سەختە و بەهرەو لێزانین و ماندووبوونێکی زۆری

دەو و کارەکی هەتا بەیی پەووکەنەرە. دووم هە ئاستی خراپی ئەو گۆڤار و رۆژنامانەن کە زەربەی ئەوانەی سەرپەرشتی دەکەن ئاگایەکی زەر قووڵیان لە ئەدەب نییە و شایستەی ئەو شۆنە گرنگە نین کە ای خەیان لەسەر ئەو ژانرە گرنگەی ئەدەب دەربەن و زەربەیان زمانکی زیندووی بیانی نازانن و ئاگایان لە ئاستی ئەدەبی جیهانی کەمە خوەنەرکی تەمەن، بەیە هەر تەکستکیان بە ناوی چیرکەوە بە بەت، بە کارکی ناوازەو داهنەرانە لەقەەمی دەدەن و بەاوی دەکەنەوە، بەیە ئەوان لای من هکاریکی زیندووی ئەو زەرو بەرییەن و لەپرسراوی یەکەمی ئەو ناشرینییەن. هکاری سیەم، دەتوانم ئەو گروپ چتییەی ناو ئەدەبی کوردی دەستنیشان بکەم، کە هاورییەتی و پیاهەدانی درە زیاتر بوونەتە هنانە پیشەوەی هەندە تەکستی خراپ، کە ماوەیەك سەرقاە و بەزارت دەکات و ئیتر بە خەی ون دەبەت. بەام ئەوەیان لای من زەر گرنگ نییە، چونکە هیچ تەکستکی خراپ بە مەدح و پیاهەدان ناژی، بەام لەوە نیگەرانم کەئەم جەرە ئەدەبە تەواو ئەدەبی کوردی داپشیوەو بەخەی و وەهمەکانییەوە خوەنەری ئەمەی سەرقاە کردووە و ئاستی چژی ئینسانی ئەمەی لە تەکستی جوان دابەزاندووە و لەسەدا نەوەدی خوەنەری ئەمە نازانە تەکستی جوان چییە؟ یەککی تر لە هکارەکانی ئەم دە پازدە سالەی دوایش، دەرکەوتنی تەکی کەمەایەتی وەك فەیس بووك و دەست خشیەکانتی، نووسەرو خوینەری وا ساویلکە هەیە کە هز و جوانی نووسین بە لایك و دەست خشیە درکانی ناو فەیس بووك دەپەوت و بەو جەرە خەی لە دەبەتە نووسەری چیرك و لە هەمان کاتدا رمان نووس و رۆژنامە نوس و وەرگرو دەیەها شتی تر. هکاری تریش زەرن، بەام ئەوەندە جارە بەسە.

پرسیاری شەش: زەر جار لە چیرکەکانتا کتایی کراوە هەیە، خوەنەر چاوەڕی بەشی تری چیرکەکانت دەکات.وەك بە نموونە چیرکی (ژنی ژەر باران). بە استی نەدەکرا کی بەشەکانی ئەم چیرکە و هەندە لەوانی تریش پکەوە وەك مان بنووسرانایە؟ ئەمە ویستی ختە خوەنەر تامەزرە بکەیت و وای لە بکەیت چاوەە بکات تا بەشکی تری چیرکەکە؟ یان بە ویستی خت ئەمە رووەدات؟

ئارام کاکەی فەلاح: بگومان زەربەی زەری ئەو چیرکانەی من نووسیوومن، دەمتوانی بیانکەم بە رمان و ئستاش دەتوانم بە شوەی مان بیاننووسمەوە، تە باسی(ژنی ژەر باران) دەکەیت، منیش نەك تەنها ئەو چیرکە کە سە بەشیم لە نوسیووە و بەشی سیەمیم تەکەاوی چیرکی نووسینەوەی دك کردتەوە، بەام هەموو چیرکەکانی تریشی وەك (گوەکانی دزەخ، نووسینەوی دك،من و

کامڕاکەم، باوکی ناو تەلەفۆن، ئەو کوڕەی لە زار کەس دەچێت، دزینی خەونەکان و من بە بووکێکی گەورەوە) بە ڕۆمان بنووسیایە، بەڵام ڕاستت بوو، من هەر ڕۆمانێك بتوانم بە چیرۆك بنووسم، ئەوا وا دەکەم و بە چیرۆك دەیاننووسم با چەند بەشکیش دەرچن. ئەوە بۆ من گرنگ نییە خاوەنی چەند ڕۆمان دەبم، بەڵکو ئەوە بۆ من گرنگە خاوەنی چەند چیرۆکێکی جوانم. چیرۆکێکی جوان، بە دە ڕۆمان ناگۆڕمەوە، بەڵام ئەم ڕۆمانەی دوایم(سیزیف، ئەو کوڕەی دوو دڵی هەیە)بە چیرۆك بڵێم نەنووسرا بێیە بۆ ویستی خۆم درێژ بووەوە بۆ ڕۆمان. هەر چەند پێشم خۆش بوو بوو بە ڕۆمان، بۆ ئەوەش خۆم بێبار نادەم، بەڵکو نووسینەکە خۆی بێبار دەدا، قەت ئەو بەشانەی چیرۆکەکانم، کە لە یەکەوە دەبنە دووان سیان، بۆ تامی ..تامی و تامەزرۆیی خوێنەر نایاننووسم، بەڵکو پێویستییەکەی ڕۆحی خۆمە وا دەکات درێژ ببنەوە تا ناکۆتا.جۆر و کاراکتەری ئەو چیرۆکانەی من دەیانووسم وا فەرز دەکاست تا ناکۆتا درێژ ببنەوە.، من تەنانەت ڕۆمانی (سیزیف ئەو کوڕەی دوو دڵی هەیە)، لەناو خۆیدا چەندەها ڕۆمانی تری هەڵگرتووە، چەندەها بەشە ڕۆمانی نەنوسراوی تیایە، هەر کاتێ بیەوێ بانگم دەکات تا بینووسمەوە. هیچ شتێ سنوور بۆ ئەو خەیاڵ و نوسینانەی من دانانێت مەرگ نەبێ، بێیە تا من بژیم و توانای نووسینم هەبێ ئەوانیش دریژ و درێژتر دەبنەوە و بەشی تر لەدایك دەبێت.

پرسیاری حەوت: لە ئێستادا ئێوە یەکێکن لە دەنگە جددییەکانی ناو چیرۆکی کوردی و خاوەن خوێنەری تایبەتی خۆتانن.دەکرێت لێرەوە بە خوینەرەکانتان بڵێن، پڕۆژەی ئایندەتان چییە و خوێنەرەکانتان بەم زوانە چیرۆکی تازەتان دەخوێننەوە؟

ئارام کاکەی فەلاح: بەڵێ ماوەیەکی تر چیرۆکێکی تازەم بە ناوی (کارگەی تووڕەیی) لە گۆڤارێکی تازەدا بڵاودەبیتەوە و لەوێدا خوێنەران بەر تەکنیکێکی تازەم دەکەون لە ناو چیرۆکدا کە دەتوانم ناوی بنێم (تەکنیکی شانۆیی لەناو چیرۆکدا).پڕۆژەی نووسینی ترم زۆرە و ڕۆمانێکی تازەم بە دەستەوەیەو گەر بۆم کرا وەك چیرۆك بینووسم ئەوا دەیکەم، گەر نەمتوانی ئەوا دەیکەم بە ڕۆمان.

پرسیار: لەوەڵامی پرسیاری شەشدا دەڵێیت(هەندێك چیرۆك هەبووە دەمتوانی بیکەم بە ڕۆمان و هەندێك لە ڕۆمانەکانیش دەمتوانی بە شێوەی چیرۆك بنووسم)دەپرسم گۆڕینی چیرۆك بە ڕۆمان و گۆڕینی ڕۆمان بە چیرۆك ئەوەندە کارێکی ئاسانە؟دەتوانی بە وردی باس لە جیاوازییەکانی چیرۆك و ڕۆمانمان بۆ بکەیت؟

ئارام کاکەی فەلاح: بۆگومان هێندە ئاسان نییە، بەڵام وەك لە پێشدا وتم، کاراکتەری ئەو جۆرە چیرۆکانەی من دەیاننووسم، بە پێی ئەوەی تەکنیکێکی کراوەیان هەیە، ئەگەری درێژبوونەوەیان هەیە تا ناکۆتا، ئەگەری ئەوەی هەمیشە بڵێنەوە ناو ژیانی ئێستا، ئەگەری خۆتازەکردنەوە، ئەگەری ژیان خۆی لەهەمووی گرنگترە، کەمەڵك کاراکتەر هەمیشە ئەگەری ئەوەیان هەیە بڵێنەوە بەردەمت وهەناسەت لێ قەرز بکەن و بڕۆن بمانووسە ئێمە نەمردووین.من گەر بتوانم ژنی ژێر باران بە سێ بەش بنووسم، بێ ناتوانم بیکەم بە ڕۆمان؟بە تایبەتی ژنی ژێر بارانێك کە چیرۆکەکەی قەت تەواو نەبێت. من گەر غەریب ریکێرد بە سێ بەش بنووسم، بێ ناکرێ بەشێوەی ڕۆمان بینووسم بە جۆرێك ئەم کاراکتەرەم هەمیشە دێتەوەو دەچێتە ناو چیرۆکەکانی تریشمەوە؟ لەکاتێکدا من خۆم ڕۆمانیش دەنووسم، دەزانی بێ یەکێ نووسەری هەردوو جۆرەکە بێت، ئەوە دەزانێ کە چیرۆك و ڕۆمان هێندە دوو دونیای لێك جیاواز نین. ئەوە لای ئێمەی کورد چونکە ڕۆمان تەمەنێکی هێندە کورتی هەیە، لامان زەحمەت ترە و وا دەزانین چیرۆك نووسین ئاسانترە، بەڵام ڕاستت بوێ پێچەوانەیە. گەرکەمێك لە پێوانە گشییەکانی چیرۆك و ڕۆمان قسە بکەم، دەتوانم بڵێم کە چیرۆکێکی درێژ(نۆڤێل کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی ئیتاڵییەو لە نۆڤێلاوە هاتووە کە بەمانای هەواڵ دێت، یان بە لاتینکەی پروسە کە مەبەست لێی جۆرێك گێڕانەوەیە کە هەناسەیەکی درێژی تێدایە) دەتوانی بێ چل و نۆ لاپەڕەیەك درێژ بێتەوە، دوای ئەوە دەکرێ لە پەنجاوە ناوی بنرێت ڕۆمانی کورت.

هەرچەند من خۆم زۆر بڕوام بەم جۆرە پێوانانە نییە.ئیشی ڕۆمان ئیشکە لە ئاسۆیەکی فراوانتردا، لە یاریگایەکی فراوانتردا، لەگەڵ کەمەڵك کاراکتەری زۆرتردا، لەگەڵ جیاکردنەوەی بە چەند بەشێك و هەر بەشێکیش دەکرێ باسکی سەربەخۆ بێت، دوایی بە تەکنیکێك ئەم بەشانە پێکەوە ببەسرێتەوە،بەڵام لە چیرۆکدا دەکرێ یەك بەسەرهاتت هەبێ و یەك کاراکتەر،یەك هەناسە، یەك ڕووداو، یەك چوونە ناوەوە، یەك کۆتایی، یەك گرێچن، یەك سەرەتا، بەڵام ئەمە کاری نووسین ئاسانتر ناکات، چونکە لە چیرۆکێکی جواندا دەبێ حیساب بۆ هەموو ڕستەیەك و بۆ هەموو وشەیەك بکەیت، دەبێ هیچ شتێکی زیادەی تێدا نەبێت، لە کاتێکدا لە ڕۆمانێکی ئاساییدا دەتوانی چەندها لاپەڕە بە وەسف پێبکەیتەوە، دەتوانی چەندەها شت بڵێیت کە دەکرێ نەیانڵێیت، وەك سیاسییەك چۆن دەتوانی سەعاتێك قسە بکات و هیچیش نەڵێت، ڕۆمان نووسێکیش دەتوانی چەندەها لاپەڕە بنووسێت و هیچیش نەڵێت، نەك تەنها نووسەران، بەکو خوێنەرانی ڕۆمانیش ئەوە دەزانن کە ڕۆمان

پرتی له شتی زیاده، که دەکرێ فڕێیان بدەیت و هیچ کارێکیش نەکات، له کاتێکدا چیرۆکی جوان به شێوەیەك بیناکراوە دەسکاری یەك ڕستە بکەیت دەمەوێ، بڵگومان ئەم پێوانەیە بۆ زۆربەی ئەو چیرۆك ڕۆمانە خراپانەی ئێستا لای ئێمە دەنوسرێن و باوەڕبنەوە ناگونجێ، پێش هەموو شتێ دەبێ ئەو سەرنجە باوە فڕێ بدەین کە نووسینی چیرۆك ئاسانترە لە ڕۆمان، بەتایبەتی ئەو جۆرە چیرۆکەی ئێستا ئێمە دەینووسین، مەبەستم چیرۆکی مۆدێرنە، هەموو ئامادەکارەییەك و هەموو ئەگەرێکی بوون بە ڕۆمانی تێدایە، من باسی ئەو دوو چیرۆکەی خۆم کرد، بێجگە لەوان، تۆ سەیری چیرۆکی (من و کامێراکەم) چیرۆکی (دزینی خەونەکان)، ئەمانە بۆ نموونە وەك لە پێشەکی کۆمەڵە چیرۆکەکەشدا باسم کردووە، کە بە تەکنیکی مینی ڕۆمان نووسیومن، کەسانێکی زۆر کەم نەبێ، زۆرکەس ئاوڕیان لێ نەداوەتەوە و تێی ناگەن، تێشی بگەن، هێندە سەرقاڵن بەخۆیانەوە دوو وشە لەبارەیەوە نانێن، زۆر کەسیش دەیبات و بەهەڵە بەکاری دێنێت،من ئەم ماوەیە چەند چیرۆکێکم خوێندەوە بەو جۆرە تەکنیکەی من دەینووسم نووسرابوون، هێندە چیرۆکەکەیانی قەرەباڵەغ کردبوون، یەکسەر تێدەگەی کە ئەم برادەرانە لەم جۆرە تەکنیکە تێنەگەیشتوون و بەکاری دێنن.دەستخۆشیان لێ دەکرێ و هەندێ جار خەڵاتیشی پێ وەردەگرن.

بۆ ئەوەی ئەوانەی بۆیاردەدەن لەبارەی ئەو چیرۆکانەوە، لە جیاتی ئەوە پێیان بڵێین کوڕی باش! چیرۆك وا نانووسرێ، ئەم تەکنیکە بە هەڵە تێگەیشتووی. بۆ نموونە ئەو جۆرە تەکنیکە یارمەتیت دەدا چیرۆکێك بە تەکنیکی ڕۆمان بنووسیت، بەڵام ئەم جۆرە تەکنیکە دێت و ڕووداوەکانت بۆ کۆدەکاتەوە و دەیهێنێتە ژێر کۆنترۆڵی نووسینەوە،بۆیە چیرۆکەکە بەم جۆرە تۆکەڵ و پێکەڵ و قەرەباڵەغ نابێ، وەك چۆن ڕووناکییەك لە دەرەوە دێتە ناو کامێرایەکەوە و عەدەسەی کامێراکە ڕووناکییەکەت لە یەك خاڵدا بۆ کۆدەکاتەوە تا پەش و باو نەبێتەوە، تا عەدەسەکەشت باشتر بێ، ئەو وێنەیەی دەیگرێت ڕوونتر دەبێت، ئەو تەکنیکەش وایە ڕووداوەکانت بۆ کۆدەکاتەوە تا کۆنترۆڵیان بکەیت و بۆ گۆڕانەوە ئاسانتر بێت، لەچەند ڕووداوێکەوە بێنەوە سەر یەك دوو ڕووداو، لە ڕۆماندا بە پێچەوانەوەیە، لە عەدەسەکەوە جارێکی تر دێتە دەرەوە و پەرش و باو دەبێتەوە، لە یەك ڕووداوەوە دەبێتە چەندەها ڕووداو. لە یەك کاراکتەرەوە چەندەها کاراکتەری تر لەدایك دەبێ.بۆیە ئەگەری ئەو ئەو چیرۆکانەم و کردن و نووسینیان بە ڕۆمان کارێکی هێندە زەحمەت نییە، وەك لەچاوپێکەوتنێکی تریشدا باسم کرد، کە من بە نهێنی

لابورێکم هەیە کە تەکنیکی چیرۆکی تێدا لەدایك دەبێ، جارێ وا هەیە لەدایك بوونی تەکنیکێك چەند مانگ وساڵ تێڕامان و بیرکردنەوەی وردو قووڵی دەوێت، هەندێ کەسیش دەیانەوێ بە دوو چیرۆك ئەو تەکنیکانە بەرن و بەکاری بێنن بێ ئەوەی بەقووڵی لێی تێبگەن. وەك ماشێنێك بیدەیتە دەست قووتابییەکی نەزان لێی بخوریت، ئەوانەشی بریار لەسەر باشی ئەو تێکستە خراپانە دەدەن، وەك ئەو مامۆستایانە وان لەتەنیشت ئەو قوتابیانەوە دانیشتوون ولەبەر ورگ و گیرفانی خۆیان هەر خەریکی دەستخۆشی کردنیانن بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە هەموو ئەو رووداوانەی لە ڕۆگا تووشیان بوون.

نامەی نێوان ئەدیبان (نامەی عەبدوڵڵا سەڵاح بێ سەباح هەنجدەر)

گیانەکەم رەنجدەر: گشت ڕۆز و سەاو و سۆزم بێ تۆ و دایکی خەون و ڕەهەکانت، لە وشەی (گیانەکەم) دا خەستکردووتەوە، پترم بێ ناوێژرێت.
دواین کێشیعرت: (حەزدەکەم ئەوەندە بژیم – 2015)، ئەزی بە شیعرییەتی: (پووشکین و ئیلیەت و ئێکتاڤیێ پاز)ەوە، بەستایەوە و بەهاستی لە کێشیعرەکانی دیکەت ترازاویت و دەنگت سۆزناکتر و پاراوتر و جوداترە و ئومێدی داهێنانت لە دڵی گەورە و بەهێزی شیعردا دورست کردووە، بەتایبەتی لە کەڤاڵە وشەییەکانت و سۆفیگەرییە شیعرییەکەت، تێ هەشتا ساڵت بێ تەمەنت نیشانداوە: (18/11/1965 – 18/11/2045)، کە دەق دەکاتە تەمەنی ئێستای من، ئایا لەو کۆتاییەدا، (عەبدوڵڵا سەڵاج)ی مامت لەکوێ دەبێت؟ پرسیارێکە خۆی لە زەینمدا سەپاندووە، وەهامی لەلای (الهو)وە، کە کەڤاڵکمە، بەهام بێ نیگاییە کێشاومە، ببووڕە ڕاستەوخۆ ئەم (شەتەحاتانە) دەنووسم و لە فەرموودەیەکی (ئەلنیفەری) سۆفیدا ئاگادارت دەکەمەوە، کە پێمی گوت: (لە تاریکیدا جێگیربە، کە لە تاریکیدا نیشتم، خۆم بینی).

تۆ لەوێژی لە هۆزی خودا، لەم شیعرانەتەوە خۆت ناسیوە و جەستە و گیانی ئۆقرەگری خۆت دەبینی، بەختەوەر خۆت، ئارام خۆتی، نەك وەكو بەندە، لە بەرزەخی بێوا و نابێوادا، لە لێواری گومان و یەقیندا گیرماوم، خەتای من نییە، خەتای ئەوەی سەرەوەیە، كە (مەشكم) و (هزرم) و (هەشم)ی ئاوها داشتووە و هەمیشە لە سەراخی كۆن و دەروازە و رێنمام بێ نایدزمەوە؟ ئەمەیە ئەو پرسیارەی هەراسانی كردووم و بەگوناحی خۆمی نازانم.

گیانەكەم: ئەو ئافریدەی، كە لەسەرەوەیە، ئەمەگەلی ناچارکردووە كە هەبژێرین تەم دەگەی، كەوابوو، چاوەنێی فریادەسم لە باوەشم بگرێ و سوكنایی بە گیانە رەوانە ناشادەكەم بدات بەر لەوەی (خۆ) دامپۆشێ، بێ ئەوەی ئەم تەرمە پیس و بۆگەنەم رەگەزەكانی (خاك، با، ئاو) نەگاونێ، حەزم لە ئاگرە پیرۆزەكەیە، بمكاتە زووخاو و خۆەكەوە.

كتێب لە وەرگێراندا دووبارە لە دایك دەبێتەوە: داهێنان لە مانا هەرە تایبەتییەكەی خۆی داوام لێ دەكات و پێ بەگیان و دڵ حەز دەكەم ئەم كۆشیعرەت بكەمە عارەبی، تا عەرەب داهێنانی داهێنەری كورد ببینن. وەلێ ئاوها پرۆژەیەك كۆتایی ئەو لە 10% یەی تاكە چاوەكم، ئەویش چاوی چەپمە، گیانەكەم با قەرزبێت لەسەر تەندروستی و تەمەن. شانازی بەوە بكە، جیاوازی لەوانگەل، بەدەر لە پێلی مەلانی ئاسایی، ناباو و پشت بە رۆحی خۆت دەفێیت بەرەو دەرباری شیعر و ئارامگەی سیمرغ، لەم كۆشیعرەتدا بەتەواوی ترازاویت لە پێشینەی شیعری خۆت و نەوایەكی نوێ، كەقاڵگەڵكی دەگمەن و سزەكی پەریانەت بەلاپەكاندا پەخشاندووە، هەست و نەوایەكی سۆفی مەشرەبانەم لە نێوان دڵە ورشەدارەكانت بینی، بەچاوی ناخم و هەم دیدی بینایینم. ئەوەی بەچاكیی لە ڕوانگەی جوانسازییەوە لە فەیزی شەتەحاتەكانت بنواێ، دەگاتە ئەو ئاقارەی كە بژێ: ئەوە (سەباح رەنجدەر) پەیتا پەیتا كەوڵە هزری و هونەری و جوانكاریەكانی دەشاخێنێ رووەو رۆحییەتی شیعر و ئێستێتیكا.

باوكی خەون، تۆ و منی نائارام لە گشت جێیەكانی ئەوێ و ئێرە، ناشاد لە گشت سات و زەمەنەكانی لاوی و تەمەنداری، لە (زەمەن)ێكدا بەڵكەوت هەڵكەوتین، كە بەنا پیرۆز ناوی دەبەم، چونكە راستییەكان ترازێندراون و جوانییەكان دزێو لێدراون و ... تاد، ئەدەبەكەش پووبازاڕییە. كا رەخنەی زانستی؟ كا جواناس و كا رۆز و كا مرۆی حەقشوناس. بەڵامەوە، شاعیر گرێبەستیاری نێوان: زمان و مەسقا و وێنەیە، بە واتایەكی ڕۆشنتر، كەڤاڵە زمانییە وشەییەكان لە

سیمفۆنیای گەردوون هەدەکۆشێ، چونکە نیگارکێشی بلیمەت، کەڤاڵە رەنگییەکانی ئاوێتەی مۆسیقا و زمانێکی پەیڤین دەکات، ئەم بێچوون و هاوکێشەیە بێ رەگەزەکانی دیکەی هونەر و ئەدەب، بە دراماشەوە …. تاد، دەشێت ئا لێرەوە رێحییەتی دەق چون کانیلەی سازگار هەدەقوێت.

ئافریدەکاران، هەڵگری ئاگری خودایین بێ ئەوەی شارستانییەت دروست بکەن. شیعر شیلەی وشەیە، بەجێرێکی دی، وتەی وتەیەکە قێزراوی زمانی هێز و زمانی سەردەمە. تێ بزانە چەند سەردەمییانەیە، پێناسەی شێخ محەدینی عارەبی، کە فەرموویەتی: (شیعر خێ دابێنە لە ئاسایی باو).
بێدلێر و رامبێ و مالارمیە و سان جێن پێرس و رێنی شار و نالی و مەحوی و گێران و ناوی دیکەش. هەمان رێچکەیان گرت، بەبێ گوێدانە دەنگی ناڵەزایی ئەم و ئەوی سەردەمەکەیان، تێش وەهابە، خێ واتکردووە. من ئاسایی، کە نەکێك بین لە چاوی قێژان و گەمژە بیران، پانتایی داهێنان بە ورشەی سەرشانێ و پیاهەدانی درێ، گیرفانمەندی و خەڵاتی پەرژەوەندمەندان قەتاوتەت هەڵناسەنگێندرێت. ئەوەی لە (بازاڕ)ەکەدا دەیبینین، بازاڕی گەوهەرناسی نییە، بەڵکو بازاڕی (هەڵاج) و گەندەفرێشی و هەم خێ فرێشییە. ئەوەی پەنجە بخاتە سەر زامەکە، چارەنووسی وەك چارەنووسی رێمانی: (سلیکێك هێکلێر)ی من دەبێت، بریا سەد بریا بەر لەماڵئاوایی ژیانم، بەچاوی کراوەوە، کێرمانەکانم بەبێ هەڵە دەبینین، خێ دەزگای ئاراس لە پرێژە دابوو ئەم کارە بکات، بەداخەوە لە بەختی من ئەمیش داخرا، ڕەشبین نیم، وەلێ لەم ڕێژگارە سەقەتەدا مەحاڵ و دژوارە …. مخابن، بەڵام دوای مردنم ئومێدم بە خوێنەری بە وەفا زێرە.

، کی ئم نووسینە، زیاتر جخت لە لایەنە ئەنثرپەجی، سسیزمانوانیی sociolinguistics ، رەهندە کولتووریی و فیکرییکانی چمکی کوردایتیی دکاتو کە چن بە مغزی فاشیزمی عوروبویی، قومییی عربیی و پانعربیزم، بیری کردووتو و لاسایی ئوانیان کردووتو؟ رائیدکانی ناسیناليزمی کوردیی، چن ویستوویان شانبشانی فیکری قومیی عربیی، فیکری قومیی کوردیی دابژن، بئوی میثد سیاسیی و مرایی و فیکرییکانیشیان جیاواز بت؟

کوردییت، بە لاساییکردنو و منتالیتیی شاعیرییو، سیری حوییت و قومییت و ئیستیقلالییت(بەهمان ریتمی عربییت، ترانییت و میلییت) ی کردوو. کوردییت و کوردایتیی، زمانی کوردیی و عقی کوردیی بلای ئایدیلژیایکدا جاندوو، لە هموو مژووی خیدا کە نزیکی٨٠ بە ٩٠ سا، پاشخانی مژوویی، سیاسیی و کولتووریی هی، چوار لاپی، بە ستاندردی جیهانیی، بە ستاندردی فیکریی و معریفیی، لسر ئایدیلژیای ناسیناليزم بە گشتیی و ناسیناليزمی کوردیی، بەتایبەتیی نەنووسیو.

هاوکات، ئگر لە رەهندی سسیزمانوانیی، ئەنثرپەجیای زمانیی، رەهندی فیکریی و کولتووریی، قومییی عربییە و پانعربیزمو سیری داهنانی کوردییت(کوردایتیی) بکر، ئو بە دیدی زمانوانیی، ئگر لاسایی "زمان"ی بکیتو، لاسایی "فیکر"ی دکیتو. بەدنیاییو، لاسایی مرا و ئثیکیشی ethic دکیتو. لردا جی خیتی ئاماژە بو چمکە فلسفییی ڤیتگنشتاین بدر کە پیوایە" طموح(بەرزخوازیی)، مرگی فیکر". ناسیناليزمی کوردیی، لە هموو تمنیدا، لگە فیکردا، کین و بینی نبوو، بام بە بە فیکر و معریفش، ویستوویتی بە سقتیی، زر بە پز و بەرزخوازییو، سیاست، بکات.

ئم سرگردانییی رائیدکانی ناسیناليزمی کوردیی کە دوای بەرزخوازیی کوردیی کوتوون، بام بە داینمی فیکریی ناسیناليزمی عربیی و خە تکاندن لە ناسیناليزمی ممچی تورکیی، بەهگبی بەتای ناسیناليزمی کوردییو، ئم بەرزخوازییان بە گوگواریی بە زمانی کوردیی (کوردییت)

گواستووەتەوە. بە دنیایشەوە، ئارگیومەنت لەسەر بچووکەی قیتگنشتاین، لەوەوە دەست پێدەکات کە هەر لەسەرەتاوە فیکریی ناسیۆنالیزمی کوردیی، بە مردوویی لەدایک بووە. بەدرێژایی مێژووی مانیفێستی کوردایەتیی، بە فاشیزمی کاژیکیشەوە، چوار نوکتە و قسەی نەستەقی بە ناوی "فیکر"ەوە، بەرهەم نەهێناوە. لە بەرامبەریشدا، دەیان هەزار بەیاننامە، نامیلکەی شیعریی و قەسیدەی پڕ لە بوغز، حیقد، خەخواردنەوە، کوژانەوە، لەمەکردنی نەتەوە و گەلانی دراوسێی کورد، بەبێی پشتیی فیکریی بەتاڵی ناسیۆنالیزم و دەکترینی کوردایەتیی بووە و تا ئێم ساتەش، ئێم مەهزەلە کولتووریی و فیکرییە، درێژەی هەیە.

جگەی ناسرییە، گەلی کورد بە چل میلیۆنەوە، تا ئێستا دوو ئینتیلەکچوال، دوو نووسەر، دوو ئەکادیمیست و دوو سیاسیی پراگماتیزمی تێدا پەیدا نەبووە کە ڕەخنەی فاشیزمی کوردایەتیی بکەن و ئارگیومەنتی پچەوانە(کاونتەر ئارگیومەنت)، بکەن. زۆربەی ڕەهایان، پەیاندا هەڵداوە، یان بەدەنگییان هەڵبژاردووە. هەکاری ئێمە بە ئەوە دەگەیەنتەوە، لە دونیای سەزداریی و غەزەل لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا، ئەگەر خەشوویستیی ئەفاتانەیشیان نەکردبە، بە بەدەنگیی، خەیان داوەتە دەستی قەدەر و ڕەبەنیی فیکرییەوە و جورئەتیان نەکردووە ئێم پیرەزییە پڕ لە وەهم و خورافاتە سیاسیی و ئایدیەلژییە بەر ڕەخنە بدەن. بە پچەوانەوە، هەندێک نووسەر ئەگەر ڕەخنەی کوردایەتیشیان کردبە، هەمیشە ویستوویانە جوانی بکەن و ئارایشتی بە بکەن، دەعجانیی، دزێویی و فاشیزمەکەی بشارنەوە.

ئەگەر ئاماژەیەکیش بەو حیزبانە بکرێت کە لەسەرەتادا، کوردایەتییان بەکارهێناوە و دواتر، وازیان لە هێناوە، ئەوە گومانی تێدا نییە، پەکەکە وەکو گەورەترین حیزب لە هەموو مێژووی کورددا، بە کردەوە دەستبەرداری فیکر، میژاد و عەقڵییەتی کوردایەتیی بووە. لەڕدا حیزبە ئیسلامیی و دینییەکان، یان کۆمۆنیست و شیوعییەکان مەبەست نیین، چونکە ئەوان خەیان کێڵەی ئایدیەلژیان و شتەکیی ئەوتەیان لەگەڵ ئایدیەلژیای ناسیۆنالیزمدا، جیاواز نییە.

هاوکات، پەکەک، بەتایبەتیی فیکری گۆشکردووی سەرکردەکەی (ئۆجەلان)،دەستبەرداری ئامای قەومیی و ئێتنیکیی" ئامای کورد" و" سروودی ئەی ڕەقیب"، بووە. تەنانەت دەستبەرداری چەمکی بەرزخوازیی و وەهمی" کوردستانی گەورە" ش بووە. لە کاتێکدا، فاشیزمەکەی کاژیک، دەیەوە ئامای کورد، کە لەسەردەمی بەدرخانییەکانەوە،

دیزاین کراوە، بە ئاڵای کوردستان(وەکو ئاڵای هەر چوار بەشی کوردستان) بە تەبزیی، بە بەعەقیی و بەفیکریی دەکترینی بەتاڵی کوردایەتیی، ساغ بکاتەوە.

ئەوەی پەکەکە، توانیویەتی تەجاوزی کوردایەتیی و ئاڵای ئەتنیکیی و دروشمی ناسیونالیستانە ببە، بەشکی بە باکگراوندە چەپەکەی دەگەڕێتەوە، بەشکیشی بە زیندانییکردنی رابەرەکەیان دەگەڕێتەوە. بە واتایەکی تر، ئەجەلان لە زیندانەدا، لەباری فیکریی و عەقانییەتی سیاسییەوە، زۆر گەشەی کردووە. لەڕەدا گرفتی سەرەکیی بە پەکەکە، دەتە پشەوە، ئەم بەچووون و کامەبوونە سیاسیی و فیکرییانە، ناتوانن بە ریزەکانی خوارەوەیان یان بە لایەنگرانیان شە بکەنەوە. بەتایبەتیی، ئەوانەی خۆیان بە پەکەکەدا هەواسیوە لە هەردوو کورستانی ئێران و عێراق، ناتوانن دەستبەرداری خەتە و پەگەواتەکانی کوردایەتیی ببن و ناتوانن خۆیانی لەبتەکنن.

بەشکی ئەم دەستکورتییە بە ئەوە دەگەڕێتەوە، پەکەکە تەنیا بە چەند کەسکەوە لە سەرکردایەتییەکەیدا بیر دەکاتەوە(بەتایبەتیی ئەجەلان)، کادیرەکانی خوارەوەیان، بەتایبەتیی لە کوردستانی باشوور، کوردستانی ئێران و لە ناو ناسیونالیزمی تاراوگەدا، هەشتا هەر خەریکی مەچاندنی کوردایەتیی و ئاڵای ئەتنیکیی کوردن و هەشتا کاژیکانە لەسەردەمی ڕۆنەقی "ئەی ڕەقیب"دا دەژین.

لە کوردستانی باشووردا، وەکو تاک، تاقەبانیی بەکردەوە لە ساڵانی دوایی تەمەنی سیاسییدا، لە فیکر و میژدی کوردایەتیی، دوور کەوتبووەوە، عەقانییەت، واقیعیی و پراگماتیزم، بەسەر فیکر و پراکتیکیدا زاڵ بوو، بەڵام وەکو چەمک و بە حەماسی مەب، هەشتا بەکاری دەهێنا. ئەم بە هەندە سەرکردەی سیاسیی تری ناو یەکێتی و ئەوانەی ئێستا گەڵانن، هەمان شت، دروستە، بەڵام ئەوەی کە زۆر ناسەریی فیکریی و سیاسیی هەیە دگرە، ئەمانە هەمۆیان بە ئاخیری تەمەنیان و بۆ هەموو تەجروبە سیاسییەوە، دوای هەڵەی کوردایەتیی (دەوڵەتی نەتەوەیی- دەوڵەتی کوردیی) کەوتوونەتەوە و جورئەت ناکەن، بە دەڵکیش ڕەخنە لەو موغامەراتە کوردایەتییە بگرن کە ڕەگی سواری ئەردەغانیی(سواری حەمیدیە) بە تورکیا دەگەڕێت و فەرهودی سامانی نیشتمانیی کوردستان دەکەن.

کورد، پەویستی بە جورئەتی کولتووریی و سیاسیی هەیە کە ئاوە لە ڕابردووی فاشیزمی کاژیک و فاشیزمی کوردایەتیی بداتەوە و ڕەخنەی لە بگرێت. ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن ئینتەلەکچوال و سیاسییە

عەقڵانییەکانی کورد، جورئەتی ئازاد موصطەفای پاسۆکی هەشتاکانیشیان نییە، کاتێ لە ' کورتە باسکی بڕیی کوردستانیی' دا بە دەق دەڵێ" "کاژیک لەسەرەتاوە، بە بیری بگانی (ئاریاچییەتیی و زەردەشتییزم) و دژایەتیی ئانتی کەمانیزم … و ئانتی عەرەب و ئانتی هەموو دونیایی، بە سەر و بە پا، شەواندبووی…"(موصطەفا، ۱۹۸۸: لا ۸) نەبوونی جورئەت بە ڕەخنەکردنی فاشیزمی کوردایەتیی و نگەتیڤیزمی کوردایەتیی، بارکی قورسە بەسەر تەوانینی عەقڵانیی کوردەوە لەسەر ناسیونالیزم بە گشتیی و ڤەرژنی کوردایەتیی، بەتایبەتیی.

لە کەتایدا، ئاماژە بە دوو دەستکەوتی زەر ناشیرینی کوردایەتیی بکرێ. یەکەمیان بە مانیفەستکردنی کولتووری عەشایەریی و زیندووکردنەوەی خێڵ، ڕئیس عەشیرەت، شێخ و ئاغاوات، هەڕەمی کوردستانی کردووە بە شێخنشین و بارمتەی هێندە سیاسیی باکگراوند عەشایەر. دووەمیشیان، تەڕەری ژنان، بە کولتووری عەشایەریی و ئەخلاقیی، ئەوەندەی سیستەمی سیاسیی و "کولتوور"ی فاشیزمی کوردایەتیی، ڕێیان لە ژن کوشتندا هەبووە، بەعس بەهەموو دەندایەتییەکانیەوە، ئەوەندەی مرۆڤ، لە کورد نەکوشتووە.

بە داتا و ئامار، لە سەردەمی بەعسدا، ئەگەر کەمپەینی ئەنفالەکان و کیمیاویی بکارهێنانی لەدژبکرێ، نە قەسابخانە و گرتووخانەکان، نە شێوەی جێبەجێکردنی خێڵەکی کوردستان، ئەوەندەی عەقڵییەت و فیکری کوردایەتیی، ئینسانی کوردی نە کوشتووە و نەهاڵیوە. ڕۆژی ژنانی تەڕەرکراو لە ٢٤ ساڵی ڕابردوودا، لەژێر کولتوور، فیکر و ئیدارەی کوردایەتییدا، ڕووی بەعسیزم و فاشیزمی عوروبە و تەنانەت ئیسلامی سیاسییشی، سپیی کردووەتەوە. کوردایەتیی لە فاشیزمە فیکریی و کولتووریەکەیدا، دەقاودەق لاسایی دەستخوشکەکەی خۆی" عوروبە"ی کردووەتەوە. لە کاتێکدا، عوروبە، بازاڕییترین نووسەر و سیاسیی عەرەب، لەووپان نایات باسی بکەن، مەگەر کەسانی ساقیطی وەکو عیزەت دووریی و صەداح ئەلموختار و تاد، ئەویش، ئەگەر لەووپان بێت چەمکی فاشیزمی عوروبە و ئەلعەڕەبییە، وەکو جاران، بەکار بهێنن.
ئەم باسە، بەهەموو کەموکوڕییەکانیەوە، کۆتایی هات.
لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ دا نووسراوە.

سەرنج: بەدەر لەو سەرچاوانەی لەناو نووسینەکەدا، لەبەشە جیاوازەکاندا ئاماژەیان پێدراوە، سوودیش لەم سەرچاوانە

وەرگیراو.

1. الحركة القومية الكردية – نشأتها وتطورها… تأليف: وديع جويدة … الطبعة الأولى ٢٠٠٣ دار الفارابي – بيروت
2. الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية في نصف قرن ـ بغداد 1989- الدكتور عبد الستار طاهر شريف
3. بحث عن حزب " هيوا " الدكتور مكرم الطالباني مركز خاك للنشر والاعلام في السليمانية عام 2002
4. حزب البعث مأساة المولد مأساة النهاية – مطاع الصفدي- دار الاداب – بيروت -١٩٦٤
5. أتيلا الهوني، ملك البرابرة وسقوط روما . تاليف جون مان . ترجمة عمرو الملاح . دار الكتب الوطنية . أبوظبي 2014
6. سردشتي، يا، ٢٠١٤، جمعية زردشت و موقف الحكومة الايرانية ١٩٢٨-١٩٢٩، جامعة السليمانية، السليمانية.
7. موصطەفا، ئا،١٩٨٨،كورتە باسێكی بارەی كوردستانیی، دەسگای چاپەمەنیی فەرهاد، سوێد. لەم لینكەدا پەی دەگەیت:-
https://plus.google.com/109776095265726466541/posts/29A3PTzwZG3

سەرچاوە ئینگلیزییەكان

Thornton, T, 1998, Wittgenstein on Language and Thought: .1 The philosophy of Content, EDINBURGH UNIVERSITY PRESS, Edinburgh.
2. WERNER Müller, J, 2007. Constitutional Patriotism, Princeton University Press, USA.
3. McCrone, D. 1998.The Sociology of Nationalism: Tomorrow's Ancestors. London: Routledge
4. HAAS, ERNST. (1986) What Is Nationalism and Why Should We Study It? International Organization.40:707-746.
5. Gunter, Michael (2007) 'The Modern Origins of Kurdish Nationalism', in Ahmed, Mohammed M. A.; Gunter, Michael (eds.) The Evolution of Kurdish Nationalism, Costa Mesa, CA, Mazda .Publishers, pp. 2-17

.

شیعرەکانی ژمارە (7) ی مانگنامەی (هیچ) م خوێندەوە ... میکائیل گەرمیانی

لێکێینەوە/

جاران کە ژیان رەسەن بوو وەختێك شیعرێکت دەخوێندەوە هەفتەیەك زیاتر بەرینەئەدایت و لەگەیدا دەژیای، بگرە بێ ماوەیەکی درێژخایەن لە نەستدا جێگیر دەبوو و جار جار دەگەایتەوە لای، شاعیرانیش ناێم لە پەنجەی دەست تێنەئەین، بەس گەر مەبەستت لە ژماردنیان بووایە دەتوانی بیانژمێریت، سەنگین بوون بە رێشنبیریی و خوێندنەوەو مەعریفەو ئەزموون و جیاوازیی ، ئەوەی شیعرێکی بێاودەبووەوە تەنیا لێهاتوویی و رەهەندە جێراوجێرەکانی خودی شیعرەکە بوون خێیان دەسەلماندو دەگەیشتنە بەرچاوی خوێنەران، بێیە خوێنەرانیش متمانەیان پێ بوون و دەیانخوێندنەوە، لێ ئێستا لەگەێ کاێبوونەوەی تامی ژیان و تەزویرکردنی شمەك و کاێاکان، مەیدانی مەعریفەو ئەدەبییاتیش توشی هەمان دەرد بووە، نەك ژمارەی بێاوکراوەکان زێربوون و کەسانی نا ئەکادیمی و ئاستلاواز سەرپەرشتیان دەکەن و ئەوەی عەقێیان بیگرێت دەیهێننە مەیدان، بەێکو ئەوانەش کە دەنووسن زێر کەمئاستانە و بێ بوونی پاشخانێکی پێویست بەختی خێیان لە مەیدانە جێراوجێرەکانی ئەدەبدا تاقیدەکەنەوە، وەك بێی هەێشتنی ئازارەکانی خێیان بێ سەر کاغەز تاکە پاێنەرێک بێت بێ نووسینی شیعرو ئەو ئەزموونەش کە کێیان کردووەتەوە رەنگە تەنیا گوێگرتن بێت لە چەند شیعرێك کە لە تەلەفزیێن پەخش دەبێت یان لە یوتیوب گوێی لێبگرن، نەك هەر ئەمە بەێکو ئەو ناوەندەی بە ناوی (ئەندێشە) جێی دێخشی زێر کەسە، برادەرێك چوو بوو لە پێشەوە لەگەێ خاوەنەکەیدا قسەی کردبوو ، لەوەێامی پرسیارێکدا پێی گوتبوو: کتێب سەرف نابێت، برادەرەکەش لێ پرسیبوو: ئێوە لە چاوپێکەوتنێکدا دەێن هەموو کتێبەکانمان سەرف دەبێت بێ نموونە کتێبە شیعری (هیچ) هەموو نوسخەکانی سەرف

بوون؟ لەوەڵامدا خاوەنەکەی گوتبووی: ئەوە راستە، ئاخر هەر کتێبەکانی ئەندێشە سەرف دەبن کە خەمان چاپی دەکەین.. برادەرەکە لێرەوە تێگەشت کە ئەمەش بووە بە حیزبێنەکەی پارتی و یەکێتی، گوایە دوو جۆر کتێب هەن؛ ئەوانەی ئەندێشە چاپیان دەکات جیاوازن لە سەرجەم کتێبەکانی تر.. یان ئەمە تەنیا بازرگانیکردنەو بانگەوازکردنە بۆ لای کارەکانی خۆیان؟!

نامەوێت زۆر درێژە بەم پێشەکییە ئازاراویە بدەم، کە پەنجە دەخەیتە سەر هەر شتێك زیاتر تەنیایی و غوربەتت دەهروژێنێت و گۆشەگیرترت دەکات، دەڵێن دەسەڵات نەوت دابەش ناکات کە خەڵك لەم وەرزە سەرمایەدا زۆر پێویستیان پێیەتی، تا نرخەکەی هەرزان نەبێت لە بازاڕی ناوخۆدا، لەکاتێکدا لەبازاڕی جیهانیدا بە گواستنەوەی بڕی و پاپۆڕەوە نرخەکەی 50 دۆلارە کەچی نەهەنگ و گورگ و حوتەکانی دەسەڵات لەگەڵ قاچاخچیەکانیاندا بە 120 دۆلاری لە ناوخۆدا دەفرۆشن، باشە ئەی بۆ قەساب سوێند دەخوات ئەو گۆشتەی دەیفرۆشێت هی ئەمڕۆیە و کەچی کاتێك دەیبەیتە ماڵەوە بۆگەن بووەو رەنگە لە هەفتەیەك زیاتر مابێتەوە؟ خۆ ئەمەیان هاوڵاتیانی ژێر ئەو دەسەڵاتەن کە 26 ساڵە کاریان لەسەر دەکرێت تا گەندەڵ بن و بەهای مرۆڤایەتی لەدەست بدەن تا ئەوان مانەوەی خۆیان مسۆگەر بکەن.. ئەم دوو نموونەیەم بۆیە هێنایەوە تا بزانین شاعیران و ئەدیبانی ئەمڕۆ لەکوێی ئەم هاوکێشیەدان، با سەرەتا بە سەر وتاری رۆژنامەی هیچ دەست پێ بکەین کە پەیوەندیدارە بە شیعرو شیعرەکانی ژمارە (7).

ئەوان تیایدا دەڵێن (وەك خۆیان نووسیویانە کە دەبوو بنووسن: بڕێین نەك بڵێین) : لە ژمارەکانی داهاتوودا لاپەڕەی هونەر نادەن بە شیعر.. بەم وتەیەدا دیارە خۆشیان لە ئاستی شیعرەکان دڵنیا نین بۆیە هەر لە ئێستاوە پەشیمانن، ئێ باشە کەی شیعری لاوان و پیران هەبووە؟ یان پیاوان و خانمان؟ کاکی برا یان شیعر هەیە یان نییە.. یان بە هەموو پێوەرە ستاندارو ئەکادیمیەکان باشە و پێی دەگوترێت شیعر یان میعرەو دەبێت پێش تەواوبوون لە خوێندنەوەی بچێتە سەبەتەی یادەوەریە لەبیرکراوەکانەوە.

1- شیعری (سەفەری ئەمجارەت):
شیعرێکە راناوی خودی شاعیر لە سەرەتاوە تا کۆتایی موخاتەبەی کەسی بەرانبەر دەکات، کە یەکێکە لە باوترین شێوازی شیعریی ئەمڕۆی بۆاوکراوەکان، بە زمانێکی راستەوخۆ داوای لێدەکات جۆرەها کراسی بۆ بڕێت، سوورو پەمەیی کە پێچەوانەی رەش و خەمیشین : یەکێکە لە دیارترین ناتەباییەکانی ناو ئەم دەقە، کە یەکیەتی بابەتیش

دەخاتە ژێر پرسیارەوە، خوێنەر سەری لێتێکچووە ؛ دەمانویست بزانین خودی بۆژەر شادمانە یان خەمگین؟
لە لایەك دەڵێت:
(ئەو بریسکەی سەرنجانەی
لای منەوە بێ لای تێ دەڕن)
دواتر دەڵێت:
(رەشتر لە چارەنووسی شومم و
ئەو شەوانەی بێتاقەتییم...)
لەمەش سەیرتر ئەوەیە لە یەکەم کۆپلەدا ئەم خانمە دەیەوێت شانازی بە رەنگی چاویەوە بکات کە (سەوز)ە، لە لایەکی تریش کەسی بەرانبەری بە ئاژەڵ دەشوبهێنێت بەوەی پێی دەڵێت:
(ئەو هەموو پەلکە گیایانەی...
لە لای منەوە بێ تێ دەڕن).
لای هەموومان ئاشکرایە کە ئاژەڵ گیا دەخوات، دەبێت چ جوانییەکی تیا بێت ئەو وێنەیە؟ ئەو پاداشتەی لە جیاتی کراسی سەوزی دیاریی، ئەمیش سەوزە گیا بدات بەو، ئایا تەنیا لەبەرئەوەی کراسەکە سەوزەو گیاش سەوزە دەبێت لەم کۆپلەیەدا جێیان بکرێتەوە؟؟ ئایا کەرەسەو زاراوەیەکی گونجاوتری شك نەبرد ؟
ئەمە جگە لەوەی ڕێنووسی (پەمەی) دەبوو (پەمەیی) بێت و وەک کورتبڕییەك و سازانی زمانی شیعریی بینووسیایە (ئەو بریسکەی سەرنجانەی..) نەك (ئەو بریسکەی سەرنجانەی)
لە کۆپلەی 2 شدا ناتەباییەکی تر دەبینینەوە کە دەڵێت: (شینتر لە لەپی دەستم) کە سیفەتێکی نێگەتیڤەو دژی دواتر سیفەتێکی پۆزەتیڤی بەدوادا دێت کە (میلدی ئاوی) یەو بە پیتی (و)ی پێکەوەلکان لکێندراون؟؟
من گلەیی لەم خانمە ناکەم، بەکو گلەییم لە هەکاری سەرەکی و بنەچەی کێشەکانە، کە بریتیە لە گەندەڵی بنخانی ژیان و ئەدەبی کوردی، بێ نموونە یەکك لە خانمە شاعیرەکان کە زۆرترین فان و هەوادار ی هەیە و فەرموو فەرمووی لێدەکرێ و هەمووان حەز دەکەن وێنەی لەگەڵدا بگرن و کتێبی بۆاو بکەنەوە ، جا نازانم لە خۆی دەکرێت یان لە شیعرەکانی!! تەنانەت لەگۆڤارێچکەی (ئەدەبی سەردەم) دا کە وەك مانگنامەی (هەمەت) گۆی ون بوو ، شاعیرێکی لیریکی سەرنووسەری بوو و دوای ئەوەی پەتووك و بابەتەکانی خۆیان لەو دەزگایەدا بۆاودەکردەوە، لە ژمارەیەکدا بە تەنیا شیعرێکی ئەو خانمە بۆاودەکاتەوە، با دیقەتبدەین ئەو خانمە لە کۆپلەی شیعرێکیداچی دەڵێت:
(پیاوێکی باش بێ و

بەدەنگ خۆشبوونم
با نەکەومەوە سەر خوێن) !!
بەس ئەو بیارە بە خوێنەر جەدەم؛ ئایا ئەو زمان و وشەسازیە چ هونەرو جوانییەکی تیایە؟ بگرە باسی حالەتێکی ئافرەتان دەکات کە هیچ شاعیرێکی خانمم نەیبینیوەتەوە ئەو زاراوە بازاڕییەیان بەکارهێنابێت و لایان وا بێت بە شیعر گونجاو بێت، کە سەلیقەو زەوقی خوێنەر دەشوێنێت.. هەرچەندە شاعیرانی ناوداری خانم لە سەرانسەری جیهاندا لە پەنجەی دەست تێناپەڕن.
لەم باسەدا پێم خۆش بوو؛ خوێنەر بە زانینی گەندەڵیی دەزگا ئەدەبییەکان بە نموونە ئەم وتارە بخوێنێتەوە:
(سەردەم.. نمونەی دەزگیەکی گەندەڵ و بۆسەروبەر) 2 بەش
fref=nf?/480013335422236-ئەدەبی-گەندەڵی/www.facebook.com

2- شیعری (سەدەی 21 یانی سەدەی بوون بە ڕەبەرت):

ئەم شیعرە زۆر لە شیعرەکەی پێشووتر کێشەوارترە، سەرەتا با لە کەموکورتی زمانەوە دەست پێبکەین، کە کەرەسەی خاوی هەموو شاعیرانە.
هەندێك لە هەڵەکان:
– با لە ناونیشانەکەوە دەست پێ بکەین، وشەی ئەوەی ناونیشان دەرگای چوونە ناو دەقە، کەچی ئەم ناونیشانە هەر وشەی ئاسایی قسە کردنە، تەنانەت هێندە دروست زمانی بەکارنەهێناوە کاکی شاعیر بزانێت لە راستیدا (ڕەبەت)ـە لە جیاتی (ڕەبەرت).
– دەبوو (ڕێشنایی) بەکاربهێنێت لە جیاتی (ڕێشنای)، ئەمەش دادەنرێت بە هەڵەی ڕێنووس.
– (گوێت لە مشتو مڕی نێوان دوو کەست گرتووە) لە ڕووی ڕێسای ڕێزمانەوە هەڵەیەو دەبوو بینووسیایە (دوو کەس گرتووە).
– (باخچە هەوات نەداتێت) هەڵەیە و لە ڕێزمانی کوردیدا لە وشەیەکدا 2 ئاوەڵناو بەکارناهێنرێت و دەگوترێت (باخچە هەوات نەداتێ).
– (بە مردنی مصدیق!) نازانرێت مصدیق کێیە، یان ڕەنگە بە هەڵە لە جیاتی (موسەدەق شا) بەکاری هێنابێت و نووسیبێتی.
– (سووراوم لێومانی ئاوساند) لە ڕووی ڕێزمانیەوە هەڵەیەو ڕاستیەکەی: (سووراو لێومانی ئاوساند).. چونکە ئەو بەگشتی لەو باسی کێ دەکات، وشەی ئەوەی من کارم بەوە نییە ئایا خۆی سووراو بەکاردێنێت یان نا؟!
زمانی دەقەکە بە گشتی ڕاستەوخۆیەو داشتنی درێژکردنەوەی

ناپ□ویسته، جارانـ□کیش دەگ□□درت بـ□ زمانی چیر□ك بـ□ نموونه دە□□ت:
(گوزەرانم هیچ باش نیەو ناشمەو□ت لەمە زیاتر باش بم)
(بـ□تاقەتم)
(من بـ□ نابـ□ت ئاسایی بژیم)
(مە هـ□□ە ئالودەی سایتە □ووتەکان بن)…

ئەم شیعرە (160) د□□ییە گەر بە جدی کاری لەسەربکردرایەو کاکی شاعیر خـ□ی پـ□وەماندوو بکردایە رەنگە هەمان مانای لە 20 د□□دا چـ□ بکردایەتەوە، بـ□یە بە گشتی خو□نەرانی جدی تاقەتی خو□ندنەوەی شیعری ئەم□□یان نییە!
لەم شیعرەدا هیچ تەکنیکی شیعریی سەرکەوتوو نابینر□ت، لە باسـ□کەوە بازدانی تیایە بـ□ سەر باسـ□کی تر، زیاتر باس لە خـ□ کردنە وەك لە هونەرکاریی شیعر هـ□نینەوە، سەرەتا ئامـ□ژگاری بەرانبەرەکەی دەکات کە وادیارە لە رەگەزی مـ□یە، پاشان پـ□مان دە□□ت خـ□ی حەزی لە چییەو لە چی نییە، دوایی دەگە□□تەوە سەرئامـ□ژگاریکردنی بەرانبەری کە چی بکات و چی نەکات و پاشتر د□تەوە سەر خـ□ی و باوکی، بـ□ ئەوەی ئەم کەسایەتیانە پەیوەندییەکی پتەو لە شیعرەکەدا پـ□کەوە گر□یان بدات.
باوکە شیعرو باوکە ژیان و باوکی راستەقینە تـ□کە□دەکات بە هـ□ی دانەنانی خا□بەندی لە نـ□وان وشەکاندا، باشە با بـ□□ین تەنیا مەبەستی باوکی راستەقینەیەو ئەمە هەـ□ەی □□نووسە، دەبـ□ت چ مـ□□ا□ و داهـ□نانـ□کی شیعریی تـ□دا بـ□ت کە هەستی هەـ□خەتـ□نی لە خـ□ □ازیبوون وای لـ□بکات بـ□□ت:
□□(باوکە تـ□ ساردو گەرمیت وەك من نەدیوە).

وەك بابەت ئەم شیعرە هەر دووبارەکردنەوەی خەمەکانی □□ژانەی گەنجان و مر□ڤەکانی ئەم□□یەو لە سەدان دەقدا ئەم بابەتانە دووبارەکراونەتەوە، لایەنی جوانکاریی و رەوانبـ□ژیی زـ□ر لاوازە گەر نەـ□□م تیایدا نییە، وەك مـ□رکی هەموو شیعرەکانی تری ئەم ژمارەیە بـ□هیوایی و خـ□کوشتنمان فـ□ر دەکات، وەك دە□□ت:
(دەست بنـ□مە بینە قاقام) ، (من زـ□ر نائومـ□دانە دەگریم) ، ئەمە و□□ای ئـەوەی چەنـد وشەیـەك زـ□ر دووبـارەکراوەتەوە وەك(مـن، تـ□، سووراو، سوخمە، سیسارك، باوك، مانگ، شەهرەزاد، نائومـ□د، ئاو، خەم، مـ□روولە ، کیسە□….)
جگە لەمانەش لەم شیعرەشدا بیر□کەی ناتەبا لە کـ□پلەکاندا دەبینر□ت و خو□نەر سەری لـ□ تـ□ك دەچـ□ت کە بزانـ□ت شاعیر مەبەستیەتی چی بـ□□ت، ئەمەش دەگە□□تەوە بـ□ نەبوونی دنیابینی لە هـ□نینەوەی شیعردا، بـ□ نموونە لە کـ□پلەیەکدا: چـ□ژی لە خـ□ رووتکردنەوەی ژنـ□ك دەبینـ□ت و

هەر لەهەمان کێپلەدا ئەو مەخلوقە بە ترسناك لێك دەداتەوە، ئەمەیە سەرلێشێواندنی خوێنەر.
لە کێتایی لێدوان لەسەر ئەم دەقە دەمەوێت ئەوە بڵێم کە زۆر کەرەسەو وێنەو لێکدانەوەی هاوبەش لە نێوان شیعرەکاندا هەیە، نازانم چ داهێنانێکی تیایە لەم شیعرەدا دووجار باسی بۆنی ژێر باڵ کراوە، وەک لە شیعری داهاتووشدا (تینوویەتی) دەڵێت: (ئارەقی بنهەنگێمان دەردەدا
یان لێرە باسی سوخمە کراوەو لەوێش مەمکدان!!

3- شیعری (تینوویەتی):
شێوازی ئەم شیعرەش دوور نییە لە شیعرەکانی پێشوو، بەوەی شاعیر لە خێی دەدوێت و بە (من) دەست پێدەکات و بە (من)یش دوا کێپلە تەواو دەبێت، لەم نێوانەشدا جارجار (تێ) ی تێدەخزێنرێت، – دوو بکەرە باوەکەی شاعیرانی ئەمێ..ێ-
ئەم شیعرە لە 7 کێپلە پێکهاتووەو لەوانی تر کورترە، بەڵام زمانەکەی کەمێك کێکراوەترە بەوەی کورترە، هەرچەندە بابەتەکان هەر یەکن و دووبارە دەبنەوە کە باسی سەرەتاو کێتایی ڵڵشتن دەکات، بەڵام لەو نێوانەدا زۆر زاراوەی لێکدووری تیا بەکارهاتووە کە بازدان لە وشەکاریدا دەبینرێت بەحساب بێ سوود گەیاندن بە دەوڵەمەندکردنی بیرێکەو مەبەستا!.. و لاوازیی پێکەوەگرێدانیان دیارو ڕوونە، بێ نموونە بەکارهێنانی (گلگامێش و ئەسغەریی و ئایشەشان، کوردو ئەنفال، بزن، ئیخوان ، زەردەشت…) دەهێنیەوە، وای دەبینم لە جیاتی ئەم ئاڵڵسکاندن و قەرەباڵغکردنەو تێکەڵکردنە و بێ پاراستنی یەکێتی بابەت باشتر وابوو پێش نووسینی ئەم شیعرە شاعیر زیهنی ڕوون بووایە کە دەیەوێت چێ بڵێت و چ کەرەسەیەکی بێ بەکاربهێنێت، وەك نەخشەکێشانێك بێ نووسین، ئەمە جگە لەوەی وشەکانی (تولەێ، خودا، کورد، پرسیار، تینوویەتی…) زۆر دووبارە بوونەتەوە.
دەتوانین بڵێین لە جیاتی بەکارهێنانی زمانی شیعر زمانی پرسیارکردنی لێژیك لە کێتایی زۆربەی کێپلەکاندا بە کاردەهێنێت کە ئەوانیش بێ خێیان بابەتی سەربەخێی ترن ، وەك:
(من تاریکی دەسمم، لێ هێکار لەمەدا چییە؟)
(ئاخێ لێکترازان و سەرهەڵگرتن، لە بۆناسنامەیی و غەریبی کوردانەدایە؟)
(کێتاییەکیان نەنووسیەوە؟) (پەلکێشی تینوویەتیم دەکەن یان نە ناسینەوەیان؟)…
هەروەها وەك چۆن لە 2 دەقەکەی پێشوودا جۆرێك لە سەنای خود

دەبینرا لەم دەقەشدا شاعیر دەڵێت: (تاریکی بە من نەبێت بژار ناکرێت)
جارێکی تر و بە هەمان شێوە لێرەشدا بۆئومێدی لە ناخماندا دەچێنرێت و ئەمەش دەسەوسانی ئەم شاعیرانە دەردەخات کە ئایا رێگای مرۆڤ چییە لە ژیاندا؟ نەتەوەیەکی وەك مالیزیا بۆچی لەماوەی 20 ساڵدا لە وڵاتێکی کشتوکاڵییەوە دواکەوتووەوە ببێت بە وڵاتێکی پیشەسازی پێشکەوتوو، کەچی ئێمە هەمووان هەر وشەی بۆ ئومێدی دووبارە بکەینەوە؟ ئەوە نییە شاعیر دەڵێت:

(نازانم چما ئەم نەهامەتیە توشە، شەرەك نەبوو لە بوونم!).
ئەمەش تەسلیمبوونە بە واقیع و بێ ئیرادەیی تاك دەردەخات کە پێچەوانەی مەدح و توانای سمینی تاریکی بوو کە پێشتر باسی کردبوو.
خوێنەر لەم قەرەباڵغی زاراوانەدا سەری لێ تێك دەچێت کە چۆن ئەو هەموو بابەتە جۆراوجۆرانە لەم چەند دێڕەدا یەك لە دوای یەك تەقە دەدەن لە هزری خوێنەرو فیکری پەرت و پڕاو دەکەن و جارجاریش ئاماژ، ئەوەتا جارێکی تر شاعیر بە 3 دێڕی جیاواز باسی سیاسەت و مەسەلەی کوردایەتی دەکات و نازانم چۆن گونجاندوویەتی لەگەڵ مەسەلەی ژیان و کێشەی فەلسەفی سەرەتاو کۆتایی ،و کۆچکردنی گەنجان. بێ نموونە دەڵێت: (چارەنووسی کورد، ئەنفالی کورد، غەریبی کورد) کە ئەمانەش زیاتر وشەگەلێکی ناو کورتەی هەواڵەکانن، یان هی ناو گوتارن نەك شیعر. بە هەمان شێوەش ئیقاع و وشەسازیی لەم شیعرەدا لاوازەو زمانێکی رەق بەکارهاتووە.

جگە لەوەی ئەم شیعرەش لە کەموکورتی زمانەوانی بەدەر نییە وەك بەکارهێنانی (پێچەپێچی) لە جیاتی (پێچاوپێچی) هەروەها (لە دەمی فریایاندا) لە جیاتی (لە دەمی فریادا)، (بە قۆڵ سوقدراویش) لە جیاتی (بە قۆڵ سواخدراویش).
جێی خۆیەتی بڵێین ؛ ئەم شاعیرە جیا لە دوو شاعیرەکەی پێشوو چەند وشەیەکی ئاوێتەو تێکەڵکراوی بەکارهێناوە کە جیای دەکەنەوە لە شیعرەکانی پێشوو وەك (بێکەسنیشتوو، شوێنباوەش، کۆنووسینەوە، ڕۆیشتن، بێندانیش، دەستغەڵەتی، بزنەڕۆ)..
ئەوە ماوە بڵێم ؛ گەر ئەو هەر بیەوێت دەمی کراوەی پرسیار بەکاربهێنێت و لەم پێناوەشدا زەر وشەی تینوویەتی دووبارەکردبێتەوە، ئەوا با دڵتەنگ نەبێت هەر ئەو نییە ئەو زاراوەیەی بەکارهێنابێت، ئەوەتا شاعیری دواتریش لە شیعری (سەفەرێك بە ناو تێدا) دەڵێت:
(تینوێتیی،

تینوێتیی لە زایەڵەی شکست و
تینوێتیی لە گەیشتنەوە بە تۆ.)

4- شیعری (سەفەرێك بە ناو ئەودا):
زاتییەتی ئەم شیعرە وا تەعبیر لە موعاناتەکانی شاعیر دەکات ، لە دووریی کەسی بەرانبەردا (ئەودا) کە رەنگە دڵدار بێت، توشی بێئومێدیی بووەو بەڵکە رەنگە خۆسووتان باشترین چارەسەر بێت بۆ ئەو دڵخە رەشبینییە، کاتێك دەڵێت:
(لە ئاگرێك زیاتر لە ناو پەنجەکانما دەبینمەوە…)
(رەنگە ئەو ئاگرە ئەوە بێت
کە دایکم بەردەوام لێی دەترسا تۆم بەربێت)
ئەمەش حاڵەتێکی دەگمەنی خوێندنەوەی ئەمڕۆ نییە بۆ شیعر، بەڵکو زۆرینە هەر ئەم قەوانە دووبارە دەکەنەوە، ئەو وای دەبینێت کچێنیشی هەر مەینەتە و هیچ شتێك نییە خۆی پێوە خەریك بکات بۆیە ژیان بە هیچ و بۆماناو بەرەو نەمانچوون دەزانێت، تەنانەت راشکاوانەتر حەزەکانی ناشارێتەوەو دەڵێت:
(من دەمەوێت ئێستا ماڵێکم
هەبێت، کە نیمە)
ئەوەی ئەم شیعرە لەوانەی پێش خۆی جیا دەکاتەوە هەوڵدانێکی تۆدایە بۆ دەربڕین وبە خولقاندنی وێنەی شیعریی و هەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوە لە راستەوخۆیی دەربڕین، هەرچەندە زۆر جار نەیتوانیوە، بەڵام دەتوانین ئاماژە بەو وێنە شیعریانە بدەین کە ویستوویەتی بیانکێشێت بەم کۆپلەیە، کە دەڵێت:
(پەنجەرەکەم بە هەناسەت
سواغ بدەم و
کتێبەکانم لە گەرم و گوێیت هەڵکێشم)
ئەوە ماوە بڵێم؛ بەکارهێنانی دالی (بەفر) چەند بارەیە لەم شیعرەداو لە زۆر شیعری شاعیرانی تریشدا بەکارهاتووە، وەك لێرەدا شاعیر سەرەتاو کۆتایی شیعرەکەی پێ دەنووسێت. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت بڵێین شیعر مەنووسن، خۆزیا هەمو کورد شاعیر دەبوون و شاعیرانە مامەڵەیان دەکردو شیعری رەسەن و جیایان دەنووسی، بە پشت بەستن بە سەرچاوەکانی ئەزموون و مەعریفەو خوێندنەوەو ڕچوون و گرنگیدان، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە شیعرنووسین زۆر بە ئاسان تەماشا دەکرێت و وادەزانرێت هیچ سەرچاوەیەکی پێویست نییەو هەر ختورەیەك هات بە دڵدا دەتوانرێت بخرێتە سەر کاغەزو ناوی شیعری لێ بنرێت، کە لە ڕاستیدا وانییەو تەواو پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیە.

لەم شیعرەدا تاکە ناتەبایی لە بابەتی شاعیردا کە خۆنەر توشی سەرلێتێکچوون دەکات ئەوەیە، کە نازانرێت ئایا شاعیر حەز بە گەانەوەی یارەکەی دەکات ؟ وەك لە چەند جێی شیعرەکەدا دەنووسێت:
(لێرە نا ئومێدیی بە گاگێی دەرێیشت پێش تێ
ئێستا لەگەێ باهێزدا دەبارێت)
ئەمە لە لایەك و لە لایەکی تریش یان لە هاتنەوەشیدا هەر بێزارو نیگەرانە کە دەێت:

(کەچی من وامدەزانی
نزیک بوونەوەت دەمترسێنێ و
دوور کەوتنەوەشت زیاتر)
ئەمە ئەوە ناگەیەنێت بە شاعیر نەێین بەکاهێنانی دیوار وەك رەمزی کەسانی نەفام و بەدکاریی دەوروبەر لەم شیعرەدا شتێکی جوانەو وەك چێن بەکارهێنانی وشەی (عادەبوون) وێای ئەوەی راستەخێیە، بە هەمان جێر ناشیعرییە و ناشرینە.

5- شیعری: کێشی ئەو شیعرەت بێ نادزرێتەوە؛ بلورێنە تکایە..
وێای ئەوەی ئەم شیعرە لە لاپەەیەکی جیادا جاپکراوەو بە (موخەزرەم) دانراوەو بەرواری 5 ساێ لەمەوبەر لەسەر نووسینی شیعرەکە نووسراوە، واتا 1390ی هەتاوی، بەێام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت منی خۆنەری ئازاد سەرپشك نەبم لە بەکارهێنانی پێوەرەکانی شیعر بێ شەن و کەو کردنی دەقەکەو هەسەنگاندنی و لەکێتایشدا بێاردانم بەسەریدا، ئایا تا چەند خرێشاندوومی و جیاکاریی تێدا دەبینمەوە؟
سەرەتا گەر لە ناونیشانەکەوە دەست پێ بکەین، ئەوا دەبینین وێای درێژیی، جێرێك لە بەرەنگاربوونەوەو گاێتەجاێیی تێدایە، ئایا کێ بلورێنێ وەك گورگ؟ رەنگە خۆنەرێك بێت مەبەستی لە دەسەێات نییە کە لە ناو شیعرەکەدا پێلیس نوماینەدەیی دەکات و بەکو رەنگە مەبەستی لە منی خۆنەر بێت، ئەمە یەك… دووەم: گەر مەبەست لە وشەی کێش وەزنی شیعریی بێت ؟ کە بەهای شیعرەکە دادەبەزێنێت و باوەێ ناکەم ئەمیان بێت، چونکە شیعرەکە خێی پەیەەوی کێشی تیا نەکراوە! ئەی دەبێت مەبەست سەنگ و ماناکانی ناوەوەی بن؟ کە من هەست دەکەم ئەمەیانە..

بە هێی سانسێرو نەبوونی ئازادیش رەنگە شاعیر لە هەندێك شوێندا پەنای بێ وێنەو ستایێی سوریالی بردبێت وەك دەێت:
1- (گورگێك..
دەوەێ بەو گوێەبەێژانەی
لە پەنجەکانی نەقاشێکدا ئاوا بوون)

2- (پۆلیسیش بە ڕۆگاوە فیتو لێدەدا و
ڕووبەڕووی کلوە بەفرەکان
پێکەك هەڵدەدا لە ئاور)…
کەواتە گورگ= پۆلیس، وەین= فیتو، (گوڵەبەڕۆژەی ئازادیی) نەقاش= بەفر(ی سپی بێ لەکە)
چونکە پۆلیس لە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکاندا هیچ نییە جگە لەبەرگریکارێکی بەوەفای سیستەمی تۆتالیتاریی (مەنزومەی تاڵ) ، هەرچەندە لە بواری تیۆریی و ریکلامی ڕاگەیاندنەکاندا وا دەخرێتە زەینی خەڵکەوە کاکە ئەوە گورگ نییە، بەڵکو سەگی پاسەوانی بە وەفاو بێ زیانە.
بە گشتی ئەم شیعرە هەوڵدەدات لەم خولگەیەدا کار بکات و شاعیر توانا وڕۆژەیی و زمانەوانیەکانی بخاتە گەڕ، جارانێك پێکاویەتی و جیاوازییەکی دروستکردووەو جارانێکیش گۆڕینی سەبجێکت و بازدان لە دەستەواژەکاندا دەبینین و هەست پێدەکەین.
فەرەنسا ئەو دەوڵەتە نییە تەنیا ئەڵەرکامۆ ڕۆلان بارت و دەیان سیاسەتمەدارو بیرمەند تێیدا بە کارەساتی ماشێن کۆچی دواییان کردووە ، بەڵکو پرەنسیس دایانا و هاوسەری نەوەی ملیاردێری ئەفریقایشیی هەر بە هەمان کارەسات کۆتایی بە ژیانیان هات، کە لە نێوەندی شیعرەکەدا ئەم نهێنیە واڵا دەکرێت و ڕەنگە هەر ئەویش بێت کرابێتە ڕەمزی نیشتیمانی، یان ڕەمزی هەموو ژنێك و ئاسۆکانی ژن . کە لە زوڵمڵکراویدا یەکدەگرنەوە.

جێگۆکێکردنی وەینی گوڵەبەڕۆژە بە تاریکی و ڕووبەڕووبوونەوەی پۆلیس لەگەڵ هەتاودا ئەو گەمە زمانەوانییەیە کە لە سەرەتا کۆپلەدا بە جۆرێکی تر بوو، هەروەها بەکارهێنانی جیناسی تەواوی –با- و –با- کە یەکێکیان بە مانای ببوا و ئەوی تر ڕەشەبایە لە کارە جوانەکانی زمانی ئەم دەقەیە، جگە لەوەی هێنانە ناوەوەی کەسایەتی (دایانا) وەکو بابەتی یاریدەدەر لە ناوەڕاستی دەقەکەدا هەوڵێکی نوێ و دەستپێشخەریەکی بوێرانەیە، کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە کێشمە کێشی نێوان شەڕو چاکە یان ئاوەدانکردن و وێرانکردن، جوانی و ناشرینی ، بابەتێکی هەمیشەیی بوونی ئادەمیزادە لە سەر زەوی، بەڵام ڕەنگە لە هەر کەمەگایەکدا جۆرێك بنوێنێت، وەرای ئەوەی مەیلو لایەندارییی شاعیر ناشاردرێتەوە بێ تووخم و ڕەگەزی مێ و کێشەکانیان لە زۆرانبازیەکانی ژیان و کەلتووڕە جیاوازەکانی میللەتان. ئایا لە کۆتاییدا گەر پۆلیسەکان بە باران بشڕدرێنەوەو پاك ببنەوە لە تاوان لەم مەدلولانە تێدەگەن، یان هەر کاژێر ناگاتە ئەو ساتە و لە کێشی ئەم شیعرە

تەناگەن؟؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە دوا کۆپلەو دەرگای دەقەکەی پێ کۆتایی دەدرێت.
لە کۆتاییدا چەند سەرنجێکی کورتم هەیە لەمەڕ زاراوەو زمانی دەقەکەوە.

– ماناکان راستەوخۆ خۆیان نادەن بەدەستەوەو شاعیر زمانێکی قورسی بەکارهێناوە، جگە لەوەی بابەتێکی ئاڵۆزیشی تاوتوێ کردووە. ئەمەش زیاتر رووی پێزەتیفی هەیە نەك نێگەتیف.
– شاعیر دەیتوانی لە جیاتی بەکارهێنانی وشەی دووبارەکراوی (فەز کەن) وشەی کوردی زۆر جوان و کاریگەرتری بەکاربهێنایە.
– لە ڕێنووسی نوێدا جیاکردنەوەی وشەی لێکدراو کە بە یەك مانا بەکاردێت سەر لە خوێنەر تێکدەدات کە دەبوو بە نموونە بەم جۆرانە بوونایە:

نزاتاندا، نەك نزاتان دا/ بڕزیلییان، نەك بڕزیلی یان/ دنیامکەوە، نەك دنیام کەوە… تاد

– بەکارهێنانی هەندێك وێنەو زاراوەی لاوازو تارادەیەك دوور لە کرێکی بابەتەکەوە بە جۆرێك لاوازی و کرێتی دەبەخشێت بە وێنەکان، وەك (قەڵەم موو)، تەنانەت ئەو کۆپلە 5 دێڕییەی دەڵێت (نیو کورە ئاسک) شازە لەو دەقەداو من وای دەبینم ئەم کۆپلەیە لەشانی کۆپلەکانی تردا نییە، جگە لە بەکارهێنانی دێڕی (نیسف و ننەهاری گورگ) لای منی خوێنەر لەهەمان کۆپلەدا جۆرێك هەڵەی تیایە. کە ڕەنگە لای شاعیر بە پێچەوانەوە لە هەموو کۆپلەکان بەهێزترو بە پێزتر بێت. دەیتوانی ئەم بیرکەیەی کە لە داشتنی ئەم کۆپلەدایە هاتووە بە شێواز و زمانێکی تر دەشتایە کە زۆر سەرنجڕاکێشتر دەبوو، بەو مانایەی وەك پێویست سەرکەوتوو نەبووە لە گەیاندنی مانادا لەکاتێکدا ئەم شیعرە بە زمانی کوردیە، ئێدی دەپرسین وشەی بیانی بۆ؟
لە کۆتاییدا بە ئاماژەدان بە جوانی و تازەگەریی ئەم وێنە شیعرییە دوایی بەم باسە دەهێنم و هیوادارم چیدی (هیچ) هیچ نەبێت.

(گوێچکەیەکی بۆاو دەبینم لە با دا
ماندوو لە دەنگەکان نا.. کە ڕەنگیان بە تامترین بەرامەیە
دەنگ دەدەم بە با دا.. کە بێ سنوور دەژی)

سیاسەتی برسی کردنی هاوواتیان لەپێناو چیدا؟ … جەزا ئەحمەد فارس

حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەی چەند ساڵێکە سیاسەتی برسی کردنی هاونیشتیمانیانی خۆی گرتۆتە بەر کە ئەم سیاسەتە بە شێکە لە ستراتیجیەتی سەرکردە سیاسیەکانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لە پێناو ناچار کردنی خەڵکی کە ملکەچی سیاسەتەکانیان بن و کاریگەری ئۆپۆزسیۆن کەم بکەنەوە.
سیاسەتی برسی کردن لە پاڵ ئەوەی کە سیاسەتێکی نا ئەخلاقیە چەندین دەر ئەنجامی ترسناك بەدوای خۆیدا دەیەنێت کە کاریگەری نەرێنی لە سەر هەرێمی کوردستان بە جێدەیەڵێت.

دەروازەیەك بۆ ناساندنی سیاسەتی برسی کردن

سیاسەتی برسیکردن بریتیە لەو سیاسەتەی کە لە ڕێگەیەوە هاوڵاتیان ناچار دەکرێن لە بارو دۆخێکی ئابوری قورسدا ژیان بگوزەرێنن بە شێوەیەك کە توانای ئەوەیان نەبێت بتوانن پێداویستە سەرەتایەکانی ژیان بۆ خۆیان و منداڵەکانیان دابین بکەن .
جاران ووڵاتە داگیرکەرە گەورەکان ئەم سیاسەتەیان دەگرتە بەر بەرامبەر بە هاوڵاتیانی ئەو ووڵاتانەی کە داگیریان دەکرد ئەمەش لە پێناوی ئەوەدا بوو کە هاوڵاتیانی ئەو ووڵاتەی کە داگیریان کردووە ملکەچی و سیاسەتەکانیان ببن.
ئەم سیاسەتە سیاسەتێکی نا ئەخلاقیە بەو پێیەی لە سەر ئەوە بنیاد نراوە کە سوکایەتی بە شەرەفو کەرامەتی مرۆ بکرێت، تاکەکان ناچار دەکرێن لە پێناو ئەوەی کە درێژە بە ژیانی ئاسای خۆیان بدەن چاو لە ناعەدالەت و گەندەڵیەکانی دەسەڵات بپۆشن.
لە ڕاستیدا دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لە پێناو ملکەچ کردنی خەڵکی هەرێمی کوردستان ئەم سیاسەتە دەگرنە بەر و دەیانەوێت لەم ڕێگەیەوە درێژە بەمانەوەی خۆیان بدەن.

ئامانجی پیادەکردنی سیاسەتی برسی کردن

دەسەڵاتدارانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لە هەرێمی کوردستان بەر پرسیاری سەرەکین لە پیادە کردنی ئەم سیاسەتە لە پێناو بە دەست هێنانی زۆر ترین داهات بۆ خۆیان و پارتە کانیان ئەم سیاسەتەیان گرتەبەر وە بۆ سەر شۆواندنی خەڵکێش هەمیشە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم دۆخە دەر ئەنجامی قەیرانی دارایی بەڵام لە ڕاستیدا شتێك بەناوی قەیرانی دارایییەوە بوونی نیە.

قەیرانی دارای قەیرانێکی دروستکراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە پێناو بردنی داهاتی ئەم هەرێمە بۆ گروپێکی بچوکی دەسەڵاتدار
یەکێکی تر لە ئامانجە بنەڕەتیەکانی سیاسەتی برسی کردن کە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پیادە دەکرێت بریتیە لە دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی مەڵ ئاسا کە بەڵی بۆ هەموو سیاسەتەکانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بکات.
بەگرتنەبەری سیاسەتی برسی کردن لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەسەڵاتداران دەیانەوێت کە خەڵکی ناچار بکەن جارێکی تر بگەڕێنەوە ناو هەردوو پارتی دەسەڵاتدار و لە چوار چێوەی ئەو پارتانە سیاسەت بکەن لە پێناو ئەوەی کە لە ڕێگەی ئەم پارتانەوە بتوانن هەندێك داهاتیان دەست بکەوێت بۆ درێژە پێدان بە ژیانی ئاسای خۆیان.

ئەکرێت ئەمەش بە خەیاڵێکی سیاسی ناو ببەین چونکە دوای ئەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی دیاری بینی لە ووشیار کردنەوەی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە میانەی (2009-2013) ئەگەر بە قورسکردنی گوزەرانی خەڵکی هەندێك ناچار بن پەنا بۆ هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بەنەوە، ئەوە بە تێپەڕبوونی ئەم دۆخە دەکەونە بەرەی دژایەتیان .

دەر ئەنجامی سیاسەتی برسیکردن

زۆر جار سیاسەتی برسی کردن دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ دروست بوونی هەندێك دیاردەی کۆمەڵایەتی کە ئەکرێت بە لادانی کۆمەڵایەتی ناوی بنێین وەك (لەشفرۆشی).
هەرێمی کوردستان ئێستا لە لێواری ئەوەدا کە ئەم دیاردەیە بەرەو هەڵکشان بڕوات وە خەڵکانێك تەنها لە پێناو ئەوەی کە ژیانێکی ئاسای بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن دەست دەکەن بەم کارە.
ئەکرێت ئاماژەش بەوەش بدەین کە ئەکرێت هەر لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە

بەهێی ئەم سیاسەتەوە دزی کردن تەشەنە بسێنێت.

جگەلەمانەی کە ئاماژەمان پێکرد ئەم سیاسەتە بۆتە هۆی ئەوەی کە ژمارەی جیابوونەوەی خەزانەکانیش زیاد بکات لەهەمان کاتیشدا چونە ناو پرسەی هاوسەرگیری کەم بکات.
سیاسەتی برسی کردن لە ڕووی ئابووریيەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە جۆرەی ئابوری کەمبکات و بازارەکان وەکو جاران مامەڵەی ئابوری بە شێوەیەکی فراوان بەخۆوە نەبینن .
لە ڕووی سیاسیەوە ئەم سیاسەتە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی کە هاوڵاتیان متمانەیان بە حکومەت و پارتە سیاسیەکان نەمێنێت و ناڕەزایەتیەکانیان دەر ببڕن بەچەندین جۆرانەوە لە شێوەی بزاوتی ڕێکخراودا .
ئەو بڕمتمانەیەی کە لە دەر ئەنجامی پیادە کردنی ئەم سیایسەتەوە دروست بووە لە نێوان هاوڵاتیان و دەسەڵات دور نیە سەر بکێشێت بۆ دروست بوونی توندوتیژی سیاسی ئەگەر ئەم دۆخە بەردەوام بێت.

میدیای کوردی لە بازنەی گەمەکانی سیاسەتدا … 4 … نەژاد عزیز سورمێ

بەشی چوارەم و کۆتایی

ڕۆژنامەنووس و میدیاکاری کورد
لەنێوان خوێندنی ئەکادیمی و بەهرە و شارەزایی تاقیکراوەدا

ڕۆژنامەنووس و میدیاکاری سەرکەوتوو دەخوازێ ڕۆشنبیری و بەهرەی هەمە لایەنەی هەبێ ، ئەمە هەمیشە لە پەسن کردن و نەکردنی لەبەرچاو دەگیرێ ، بە واتایەکی دی بەهرە و شارەزایی تاقیکراوە لە پێش خوێندنی ئەکادیمیدا دێ.
لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی و میدیای کوردیدا هەمیشە وا کەوتووەتەوە ئەوانەی ماکینەی میدیایان بەگەڕخستووە ئەوانە بوون کە حەز و ئارەزوو و بەهرەیان تێدا بووە ، کەم وا ڕوکەوتووە بەتایبەتیش

لەدەسپێکی ئەوەی بە ڕۆژنامەگەریی کوردی دەناسرێ ، لەو بوارەدا خاوەنی بڵاوانامەی ئەکادیمیی بوو بن ، تەنانەت زۆرجار دەرچوویەکی بەشی ڕاگەیاندن بە هۆی بێ بەهرەیی وا ڕێك کەوتووە کاری دیکەی کردووە .

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ناکاتە ئەوەی خوێندنی ئەکادیمی بەهەند وەرنەگیرێ بەتایبەتی بۆ ئەوانەی تێیاندا بووە کار لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسیدا بکەن ، چونکە خوێندنی ئەکادیمی دیارە دەبێتە ڕووناییەکی دی بۆ کاری ڕۆژنامەنووس و هەیەك بۆ داهێنان و وروژاندنی بەهرە شاراوەکانی.
خوێندنی ئەکادیمی مشت ومااڵی ئەو حەز و ئارەزوو و بەهرەیە دەکا ڕۆژنامەنووس و میدیاکاری ڕاکێشاوەتە ئەو مەیدانە.

مەسەلەکە بەداخەوە لای ئێمە لەووی چەندایەتییەوە هەنگە زۆرجار بەپێچەوانە کەوتبێتەوە ، بەتایبەتی لەم یەك دوو دەیەی دووایدا ، ئەوەی لە ڕێی خوێندنی ئەکادیمیەوە ڕاستەوخۆ دەسبەکار دەبێ، سەیر دەکەی ئەو بەهرە و شارەزاییە تاقیکراوەیەی نییە.
لە هەمان کات ددانیش بەوەدا نانێن لای شارەزایەك ڕێنوینی بکرێ ، لەبەرابەریشدا شارەزایانی ئەو بواڕە بە هۆی ئەزموونی چەندان ساڵەیان ، ئەوانیش بەرامبەر بەتازە دەست پێ کردووان و نەشارەزایانی کاری ڕۆژانە و خێهەواسی بە زانیاری تیۆری کە هەنگە زۆرجار لەگەڵ هەڵ و مەرج و ئاراستەی ئەم کەناڵ یا ئەو کەناڵ یەکیان نەگرتبێتەوە نەهاتبنەوە.

لەو ڕاستەشدا نە کادیرە ئەکادیمیە تازە دەست پێکردووەکە هەوڵی فێربوون دەدا ، ئەزمنووندارەکانیش لەو سەرەوە پلانەکانیان لێ تێك دەچێ، بەمەش زەرەرمەندی سەرەکی خودی کەناڵەکە دەبێ ، ئینجا ڕۆژنامە یا ڕادیۆ یا تەلەفزیۆن یاخود سایتێکی ئەلکترۆنی بێ.
ڕۆژنامەگەریی کوردی تا ئێستاش لەو جۆغزەدایە و ئەگەر ڕۆژنامەنووسی بەرپرسیاری تێدا نەبێ بۆیاری بوڕانە لە بەرژەوەندی کەناڵەکە و سیاسەتە پەیڕەوکراوەکانی بدا… چونکە نووسین با لە ڕۆژنامەشدا بێ هەرگیز بارێك نییە بە چەند وشەیەکی ئینشائی بێ ناوەڕۆکی دوور لە خوێندنەوەی هەخنەگرانە و پێشبینیکراو پێك بێ.

بەڵوویەکی دی ناشێ شارەزایانی ئەو بواڕە خوێندنی ئەکادیمی نەخوێنندەوە و حساب بۆ کادیرانی تازە دەستبەکار بوو نەکەن ، کە پێم وایە لە حاڵەتی هەندێ کەناڵی تایبەتمەندی وەك بواری پەروەردە

و تەندروستی و کشتوکاڵ و پیشەسازی و کولتووری (ئەگەر ئێستاش جێی باس نەبووبن)، بەڵام ئەمانە و هی دیش پێویستن و ڕۆژە دەبێ خەمیان لێ بخورێ.

دەڵێم لە حاڵەتی ئەو کەناڵەدا دەخوازێ ئەوانەی کار لەو چەشنە کەناڵانەدا دەکەن سەرەڕای شارەزاییان لە کاری میدیایی پێویستە لەو بوارانەشدا شارەزایی و ئەزموونی پێویستیان هەبێ. کەواتە هیچ تایبەتمەندییەك لە کاری میدیایدا لە دەرەوەی داهێنان و شارەزایی لە بواری کولتووردا نییە.
هەر لێرەدا تەماشا دەکەین لێك ڕاستبوونەوەیەك لە نێوان خوێندکارانی ئەو بواڕە ، کە دەیەوێ تەنیا بە هێزی تیۆری دوور لە ئەزموون و کارکردنی کارا شوێنێ بگرێ شایانی نییە لەبەرابەر ئەزموندار و شارەزایاندا کە بەکردار تەمەنێکیان لەو بوارەدا بەسەربردووە.
ئەمەش بەئاشکرا لە ڕووپەڕی ڕۆژنامە و سایت و ڕادیۆ و شاشەی تیقیەکانەوە هەستی پێ دەکرێ و بەمەش وردە وردە کەناڵەکە ڕوو لەپاشەکشە دەکا و توانای خۆ نوێکردنەوەی نامێنێ نەخاسمە ئەگەر کادیرە تازە دەست پێ کردووەکان بە هۆی بڕوانامەکانیانەوە بێ یا هەر هۆیەکی دیکە ببن بە کارمەندی کارای ئەو کەناڵانە .

هەواڵ لە میدیای کوردیدا
چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵ لە وەختی شەڕ و قەیراناندا

نامەوێ لێرەدا جارێکی دی بچمەوە سەر ئەو سیفەت و پرسیارانەی هەواڵ (هەر هەواڵێك)ی لەسەر هەڵدەنرێ وەك (کێ) و (چی) و (کەی)و (لەکوێ) و (بۆ) و (بۆچی)... ئەگەرچی من خۆم وای دەبینم لەگەڵ بەهەند گرتنی ئەو پرسیارانەشدا لە هەواڵدا بەڵام لە باری ئەو پێشکەوتنەی میدیا و تەکنەلۆژیای گەیاندن بەخێیەوەی دیوە ، بڕاوکردنەوەی هەواڵ هەهندێکی دیکەی وەرگرتووە ، بەڵادەیەك پرسیارەکانی سەرەوەی ڕۆژنامەگەریی سپاردووە کاتێ میدیا لە میدیای کاغەز (نووسراو) و درەنگتریش (بیستراو) زیاتر لەمەیداندا نەبوون.
ئەوێ ڕۆژە میدیا هەم پەیام بوو ، هەم بەرپرسیاریێتی و تاڵادەیەکی نکۆیلێنەکراویش ڕاستبۆژی بەتایبەتی لە هەندێ کەناڵی بەناوبانگی وەك ڕادیۆی (BBCی ئەوسا) کە حسابیان بۆ ناو وناوبانگی خۆیان دەکرد و ڕۆژی گۆگریان لا گرینگ بوو...

میدیای کوردی وەك لە پێشدا ئاماژەمان پێدا لە ئەساسدا لە ڕۆژنامەگەریی نووسراوەوە دەستی پێکردوە ، پاشان هەوڵەکانی

□□ژنامەگەریی (بیستراو)یشی هاتەتەسەر هەردوو جەریش بە هەژاری و یا لەسەر دەستی □□شنبیر و نووسەرانی بووە ، کە لە هەمان کاتدا بایەخیشیان بە سیاسەت داوە ، لەوەی دەهاتەوە ناو خەباتی قەومایەتی یا چینایەتی ، یان سیاسیەکان بوون ، ئەوانەی چ بە سەربەخە هەگری بیرو بەچوونەك بوون یا لە □یزی حزبەکی سیاسیدا بوون…

ئەو کەنا□انەش وەك وتمان هەژاربوون و مانگانە یا ناوەناوە، ، یا زەر زەر هەفتانە بوون بەوانەیشەوە کە دەزگا پەیوەندارەکانی ئەو حکوومەتانە بە بەرژەوەندی خەیان بە کوردی بەاویان کردوونەتەوە. تە هەرئەوەندە بەنە بەرچاو، سا□ی 1974 بیر لەوە کراوەتەوە □□ژنامەیەکی □□ژانە دەربچوەندرە ! کە زەر درەنگ بوو.. بەهەرحا□ لە هەوا□دا لەپەشترین سیفەت خەی فەز دەکا، خەرایی گەیاندنە ئەگەر لەپاشاندا باسی چلەنایەتی هەوا□ بکەین ، ئەمەش دیارە بە ئەوسا لە توانای حەفتنامە و مانگنامە و درەنگتر نەبووە کە ئەستا تەنانەت بە □□ژنامەی □□ژانەش (نا□□م ئەستەمە، پەم وایە دەکرە) بەام ئاسان نییە لە بەاوکردنەوەی هەوا□ دا □□ژنامە بتوانە کەبەرکە لەگە□ کەنا□ەکانی تەلەفزیەنی و سایتە ئەلکترەنی و ئەوەی پەی دەگوترە تە□ە کەمەایەتیەکان بکا. بەام با بزانین داخە دەنگوباسی (هەوا□) بەگشتی حا□ی حازر لە میدیای کوردیدا چەنە.

وای دەبینم ئەم□□ میدیا بەگشتی؛ بە میدیای کوردیشەوە لەگە□ □یکلام و دەرهاوەشتە و نەخشە بە دانراوەکانی بوون بە دوو □ووی یەك دراو ، هەندە جار ئەگەر دراوەکە هەدەی زیاتر بەدیوی □یکلامدا دەکەوە و دەچەتەوە ئەو خانەیە .. □یکلام کە ئەستا بە شەوەیەك لە شەوەکان تەکەی نەك هەوا□ بەکو بەرنامەکانیش کراوە ، بەمەش بەناچاری بە (□ازی کردنی سپەنسەر) یا هەر نیازەکی دی جگە لەوەی هەر کەنا□□ك لە بەرژەوەندی □اکەشانی بینەر (کە من لەگە□ پارەز وەرگرتنمدا ئەوە بەمافەکی □ەوا دەزانم) بەام زەرجار دوور لە □ەچاوکردنی لە بەرامبەر ئەوەی پەی دەگوترە ئاراستەیەکی ساغەم و بەرپرسیاری □ای گشتی لەوەی نا چاوپەشی لە بەرامبەر هەەکان بکرە بەکو لەوەی ئینتیما و خەشەویستی خاك و وەات و بەرژەوەندیە ستراتیژییەکانی لەبەرچاو بگیرە.

هەوا□ لەمیدیای کوردیدا لەچەند سەرەکەوە جەی لەسەر □اوەستانە ، لەلایەك کەم وا □□ککەوتووە هەوا□ □ای نەك هەر دا□□ژەری هەوا□ بەکو هەندە جار باربووکەریشی پەوە دیارنەبە بەتایبەتیش لەو کەنا□انەی خەیان. (بەئیستلاحی خەیان) بە (ئەهلی) و (سەربەخە) و

(بۆلایەن) ناساندووە.
لەو سەریشەوە سەیر دەکەی ڕووپەڕی لاسایی کردنەوە لە داشتنی هەواڵکی ناوخۆ یان دەرەوە دەگاتە ئادەی کۆپی کردن ئەمەش لە زۆربەی کەناڵە (بیستراو) و (بینراو)ـەکاندا هەستی پێ دەکرێ.
دیسان داشتنی هەواڵ زۆرجار مەرجە کلاسیکیەکەیشی پێوە دیار نییە ، سەرەڕای ئەوەی پێشینەی خودی هەواڵەکەش دیار نییە لە کۆوە سەرچاوەی گرتووە.

من سەیرم بە هەندێ قسە دێت کە لەم لاو ئەو لادا دەکرێت بەوەی هەندێ پێیان وایە ، نەك هەر پێیان وایە ، بەڵکو بە فەتحی قەڵای خەیبەریشی دەزانن کە دەڵێن ئێمە جاران هەواڵمان لە خەڵك وەردەگرت ئێستا خەڵك هەواڵ لە ئێمە وەردەگرێت.
جارێ تا ئێستا (مەگەر لە سایتەکان) گوێم لێ نەبووە کەناڵکی باوەڕپێکراوی دونیا یەکێك لە کەناڵە کوردیەکانی کردبێتە سەرچاوەی سەرەکی هەواڵکی خۆی ، مەگەر ئەو کەناڵە بە زمانێکی زیندووی وەکو ئینگلیزی لە ماڵپەڕی تایبەت بە خۆیان باویان کردبێتەوە.

پاشان زۆرجار وەرگرتنی هەواڵ لە ئاژانسێکی بەناوبانگ و خاوەن متمانە (بۆ دەرەوە) هەنگە خەرجی کەمتری بوێ و باوەڕپێکراوتریش بێ ، لەوەی لە تێی پەیامنێرانیدا خەرجی دەکا کە زیاتر هەندێ جار نەبێ کە ئەویش پەیوەندی بەخودی هەواڵەکەوە هەیە ، دەنا وەرگرتنی هەواڵ لە ئاژانسە متمانە پێکراوەکان ئەوەندە لەسەر کەناڵەکە ناکەوێ . جگە لە هەموو ئەمانەش، ئەوانەی دەڵێن ئێستا خەڵك هەواڵ لە ئێمە وەردەگرێ ، با گریمان بەو جۆرەش بێ ، لەبیریان دەچێتەوە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کوردستان دەمێکە بووە بە ناوچەیەکی هەڵایساو ، بەتایبەتیش دوای هاتنی مێردەزمەی (داعش) وەك دەبینین دونیای تەنیوەتەوە و پەلی بۆ ئەوروپا و ئەمریکاش هاوێشتووە بەڵادەیەك لەبەرەنگاربوونەوەیدا خەریکن لە ڕووی ناچارییەوە کلتووری دیموکراسیشیان بخەنە ژێر پرسیارەوە.

سیمایەکی دیکەی میدیای ئێمە کە خەریکە هەنگی پێوە دەگرێ ئەوەیە میدیای هەواڵ و بیروڕا تێکەڵ کراوە یاخود لێك هەڵنەوەردراوە ، لێرەشدا هەواڵ و دەرهاوێشتەکانی پاشتری لە ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژ و شرۆڤەی پەیوەندار لە میدیای کوردی دا بە قوربانی نووسینی جیاجیا و هەندێ جار ئینشائیش کراوە ، لە ڕووی (بایەخی هەواڵ)یشەوە، دەبینی هەر کەناڵە و بەنەغمەی خۆی دەخوێنێ و باوەکاتەوە کەناڵە حزبیە هەسمیەکانی لێ بترازێ کە ڕوانینی خۆیانی تێدا هەنگ دەداتەوە و باروبووکاریشی دیارە .

لەو ڕاستەدا سەیر دەکەی هەواڵێك هەنگە زۆر بەلای خەڵکیشەوە گرینگ بێ بەڵام کەناڵێکی دیاریکراو یان هەر بۆاوی ناکاتەوە ، یا ئەگەر بۆاویشی بکاتەوە لە چوارچێوەی ڕێنمایی سنوور بۆ دانراوی خاوەنەکەی تێناپەڕێ ، بەمەش نیوەی یا چاریەکی ڕاستینەی هەواڵەکەت پێدەگا.
پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە ، هەواڵی بۆ بایەخ هەیە ، کەناڵێکی دی زیاد لە سنووری خۆی گرینگی پێ دەدا و تەنانەت ئەگەر هەندێ هەگەزی ناڕاست یا هەڵبەستراویشی تێدا بێ.

جار هەیە هەنگە بە هەواڵی کەناڵێك (کە هەندێ جار نەخشە بۆ کێشراویشە) ئەوەی پێی دەگوترێ ئاسایشی کۆمەڵایەتی تێك بچی ، یاخود بچێتە خانەی دەمگێ (اشاعە) بۆ کەسێك یا لایەنێك، یاخود بە پێچەوانەوە لە پەسنی کەسێك یا لایەنێکدا بێ..
وای دەبینم بەتایبەتیش لە ڕووی بۆاوکردنەوەی هەواڵدا هێشتا زۆری ماوە (میدیای ئەهلی، سەربەخۆ، بۆلایەن) لەناو دووکەوانەدا دەربهێنرێن ، چونکە میدیای کوردی پێم وایە ماویەتی بەتایبەتیش لە مامەڵەکردنی لەگەڵ هەواڵدا، نەك هەر لە کاتە ئاساییەکاندا بەکو لە وەختی شەڕ و قەیرانیشدا بۆجگە لەوەی پیشەییایەتی نەپاراستووە هەندێ جار وەك بینیمان و خوێندمانەوە لە وەختی شەڕ و قەیرانیشدا لە نەزانی بێ یاخود بە پێشینە لە بۆاوکردنەوەی هەندێ هەواڵدا بەتایبەتی لە میدیای بینراو گەیشتووە بەو ڕادەیەی بەچاوساغی کردن بێ دژمن تۆمەتبار بکرێن.

هەندێ لە هێیەکانی لاسەنگی میدیای کوردی

ئەگەر دوێنێ هەندێ لە نەخشیەکانی میدیای کوردی کە تا سەردەمانێك لە دەرەوەی ئیرادەی خۆیدا بوو ، یا لە ژێر هەژموونی ئیرادەی خۆیدا بوو بێ ، (میدیای پێشمەرگایەتی) ئەویش ئیستگەکانی ڕادیۆی لێ هەبووری کە بەخڕاییەکی پێوانەیی پەیامی خۆی دەگەیاند ، دەنا میدیای نووسراو لە ڕووی خڕایی گەیاندنەوە ئەو ڕادەیەی نەبووە…

لەگەڵ ئەوەشدا میدیای ئەوان ڕێژانیش خاڵی نەبوو لە کەم وکورتی و ئەو نەخشیانەی پاش ڕاپەڕین (1991) ، لە باتی ئەوەی چارەسەریان بێ بدۆزرێتەوە ، تەشەنەیان سەندو و بۆاوتر بوونەوە !
لێ بە بەراورد لەگەڵ ئەمڕۆ ، کەم تا کورت ، باوەکو ڕێژنامەنووسانی کورد ، ئەوسا لە بوارێکی بەرتەسك و هەندێ جار تەنگ و تاریك کاریان کردووە ، بەڵام پاراستنی ئیتیکی ڕێژنامەنووسیی و هەواڵدان بێ بەرقەرارکردنی جۆرێك لە

پێشنیاری تەپەراندنی هەندێ بابەتی فەرهەنگیی لە بارودۆخێکی ئەستەمدا کە سانسار بەسەر هەموو بۆاوکراوەیەکدا لەوپەڕی دابوو... دیسان تادەیەك دوورتر بوو لەو نەخشیانە.
هەنگە هەیەکی دیکەش ئەوە بێت کە وا کەوتبێتەوە میدیای ئەوسا دیاریکراو و لە هەموو حاڵەتێك و بە هەموو باران بۆاوکراوەکان ژمارەیان نەدەگەیشتە ژمارەی پەنجەکانی دەست، سەرەڕای ئەوەش ئەوەی هەبووە هەمیشە بە سانسۆری دەوڵەتدا تێپەڕیوە ، بۆیە کەمی ژمارەی بۆاوکراوەکان هەنگە ئەگەرێك بێ لە دیاریکراوییەتی نەخشیەکانیشی...

بۆگومان لێرەدا ئەمە باسی ئەو میدیایە دەکەین کە لە عێراقدا بووە ، ڕاستی نەخشیەکانی میدیای کوردی زیاتر دوای ڕاپەڕین دەرکەوتن و تەشەنەیان سەند ، دوای ئەوەی لە لایەك ڕۆژنامەنووسان کە سەرەتا ئەگەر بشێ بگوترێ تووشی (شوکی ئازادی) بوون ، لە دوایشدا کۆبوونەوەی دەتوانین بڵێین لەشکرێك لە ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامە و کەناڵگەلێك زۆر زیاتر لەو سنوورە جوغرافیایەی لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی کوردیدا ، بەڕادەیەك وای لێ هات پیشەی ڕۆژنامەنووسیی لە پیشەی بانگخوازی بێ ئازادی و بەرپرسیاریەتی مژوویی و پاراستنی ئیتیکی پیشەکە ، بوو بە هەیەك بێ بژێوی ، هەر لێرەشڕا چاك و خراپ، زانا و نەزان تێکەڵ بوون و لە دیمەنێکی لە پێشدا نەدیتراودا میدیایەك بێتە کایەوەکەش، دوور لە فەرهەنگ، ماندوو، متمانە پێنەکراو – تەنانەت نەخشیەکان بە جۆرێك ، بەتایبەتش بەم دوادواییانە پەرەیان سەند کە زۆر لە کەناڵەکان (خۆنراو – بیستراو – بینراو) ڕاشکاوانە هاتنە ناو ململانێ سیاسیەکان کە ئەمە کاری میدیا نییە.

لەم بارەدا دەکرێ (هەندێ) لەو نەخشیانەی لە میدیای ئەمڕۆی کوردیدا دەبیندرێن لەخوارەوەدا کۆبکەینەوە :
– : ئەوەندەی شێوەی وانەدانی وەرگرتووە ، ئەوەندە حسابی بۆ ڕای گشتی نەکردووە ، تەنانەت هەندێ جار گەیشتووە بەوەی هەندێ کەناڵ ڕۆگایان بەخێیان داوە جۆی داواکاری گشتیش بگرنەوە و دەست لە کاروباری دادوەریشەوە وەربدەن ، بەمەیش لە چەندان لاوە کار بکەنە سەر ڕای گشتی و بەربەستێك پێکەوە بنێن (بەهەر مەبەستێك بێ) بۆ بەلادا بردن یا شێواندنی ئەو دەرهاوێشتانەی لە هەواڵکی دیاریکراوەوە دروست دەبن.
– : زۆرجار لەچوارچێوەی (ئازادی)دا ، میدیای کوردی غەدری لەو وشەیە کردووە و زۆر جار (ئازادی) بێ (بەرپرسیاریەتی) خوێندێتەوە

، ئەم دیاردەیەش (کە بەڕاستیش بووە بە دیاردە) گەلێك جار پشتوی کەمەڵایەتی یا سیاسی لێ کەوتووەتەوە ، وەك ئەوەی لە وەختی شەڕی ناوخۆدا بەرپا بوو.

– : بە گشتی میدیای کوردی هەڵسوکەوتێکی دروست و هاوسەنگی لە کاتی قەیرانەکاندا نەبووە ، یا 100% لەگەڵ هەڵوێستێکدا بووە یاخود 100% دژی بووە ! کە ئەمەش لە هەموو حاڵەتێکدا هەڵسوکەوتی پەسەند نییە و لەو ناوەشدا ڕۆڵ و کاریگەریی خودی کەناڵەکە لاواز دەکا و متمانەی خوێنەر و گوێگر و بینەرانیشی بە تێپەڕبوونی وەخت لەدەست دەدا، وەك ئێستا دەیبینین کە هەندێ کەناڵ هەواڵێك یا وتارێکی ڕۆژنامەنووسیی بە ڕادەیەك قەبە دەکەن تەنانەت خوێنەری ئاسایش دەرکی پێ دەکا ، دیارە پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە... سەیرایەتیەکەیش لەوەدایە هەموو ئەو کەناڵانە ، بە کەناڵی (سەربەخۆ) و (بڵایەن)و چی و چی خۆیان دەناسێنن !! سەیرتریش ئەوەیە زۆربەی کەناڵەکان بڵایەنی لە وەرگرتنی ڕای دوو لایەن یا زیاتر لە هەواڵێکی دیاریکراودا کورت دەکەنەوە ، لە کاتێکدا ڕەنگە هەندێ جار لە بنەڕەتدا هەواڵەکە تەنانەت شایانی بڵاوکردنەوەیش نەبێ !
– : لەداڕشتنی هەواڵدا، ئەمڕۆ زۆربەی میدیای کوردی (گوایە بێ سەرنج ڕاکێشانە)، ناونیشانێك بێ هەواڵەکە دادەنێ ، کە زۆرجار هەواڵەکە دوور و نزیك پەیوەندی بە ناونیشانەکەوە نییە، یا ئەگەر هەیشبێ پەیوەندییەکی دوور بەدووڕە.
– : لەووی زمانەوە، وای لێ هاتووە هەر کەناڵە و بەکەیفی خۆی نەك بە پێی دەستوور و ڕێسای زمان وشە و زاراوە دادەتاشێ !

دیارە مەسەلەی زمان لە کەناڵەکانی میدیادا دەخوازێ بە هەستیاریيەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ بەوەی کەناڵەکانی میدیا بەتایبەتیش کەناڵە بینراوەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە یەك بەیەکی کەمەگەوە هەیە کە کەناڵەکان ئاوەهایان وەرنەگرتووە.
زمانی کوردی جارێ بە ناوی نوێ کردنەوە و جارێ لە ژێر ناونیشانی ئەوەی پێی دەگوترێ (مۆدرێنایەتی)، کە نە ژێرخانێکی لە کوردستاندا هەیە و نە لە هەموو ئەو ماوەیەشدا کە بەماوەی خەباتەوە بەری دەناسرێتەوە توانراوە (دابڕان)ێك ڕووبدا وەك ئەوەی لە کەمەگە پشکەوتووەکاندا بووە کە ئەمەش دیارە پرسەیەکی هەمەلایەنایە ئەگەرچی پرسەی پەروەردە لە ڕیزی پێشەوەشدا بێ ئەویش لە کوردستان نە بایەخی پێویستی پێدراوە ، نە پێوەی دیارە وەکو پێویست گرینگی و هەستیاریی ئەو پرسەیە لە پێگەیشتن و بەرەو پێشچوونی کەمەگەدا بەهەند وەرگیرا بێ.

– : زەربەی کەناڵەکان (دەڵم زەربەی) هەرچەندە سەتلایتن و بە هۆی مانگە دەسکردەکانەوە پەخش دەکەن ، یان لە ڕادەبەدەر خەماڵییەتیان پێوە دەبینرێ، یاخود ئەگەر بایەخیش بەدەرەوە و هەواڵ و ڕاپۆرتی دەرەوە بدەن ، ئەو فلیمە بەگەنامەییانە بۆاودەکەنەوە کە لە دەرەوە بەرهەم هێناون، ئەمە لە ڕووی چڵنایەتییەوە ، لە ڕووی چەندایەتیشەوە، ژمارەی کەناڵەکانی میدیای کوردی خۆنراو – بیستراو – بینراو- لەو سنوورە دەرچووە کە پێی بڵێن (زۆر) بگومان پێشم وانییە ئەو ژمارە ڕۆژنامەنووسەمان (بەپێی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەشەش هەزار ڕەت دەکا بێجگە لەوانەیشی ئەندامی سەندیکانین). هەڵ بتوانن ئەو مەکینە زەبەللاحە ئیش پێ بکەن کە خۆی لە سەتان ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە و دەیان ڕادیۆ و دەیانی دیکەی کەناڵی ئاسمانی و ناوخۆیی و سایت و ماڵپەڕدا دەبینێتەوە ، ئەگەرچی پێ دەچێ هەندێکیان سەبارەت بە قەیرانی دارایی ، یا لێگرتنەوەی سپۆنسەرەکانیان ڕاگیراون .

– : ئەمڕۆ (باس لە ئەمڕۆ دەکەم) زەربەی کەناڵەکانی میدیای کوردی لایەنی کلتووریان پەڕاوێزخستووە ئەوەی هەشبووە پتر زیاتر بێ (اسقاگ فرچ)بووە، تەنانەت لە هەموو ئەو کەناڵانە، بیر لە کەناڵێکی تایبەت بە کولتوور نەکراوەتەوە ، هەمووی سیاسەت، سیاسەت بە خاوی ، بە کوڵاوی ، بە برژاوی، وای لێ هاتووە تێکڕای میللەت بووە بە (سیاسی) و (چاودێری سیاسی) و (شارەزای سیاسی) !! ئەوەی هەبووە لە میدیای کوردیدا کە بچێتەوە ناو میدیای کولتووری لە چەند لاپەڕەیەکی هەژاری ڕۆژنامە و ماوەیەکی کورت لە هەندێ لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن ، هەنگە لەم بارەیەوە ڕادیۆ و ماڵپەڕەکانی ئەنتەرنێت باشتر بووبن.
دەبێ لەبیر نەکەین، هەموو دیکتاتۆرایەتییەك بەهای (سیفەتی) پیرۆزیی و پرۆسەی دەروونیی پیرۆزکردنی لە پشتەوەیە. هەموومان لەم ڕۆژانە گوێمان لە بۆیارە سەیر و سەمەرە (لە جەوهەردا ئایینییەکەی) سەرکە دیکتاتۆرە هەڵاکەی کۆریای باکوور بوو، کە ئاهەنگی جەژنی سەری ساڵی قەدەغە کرد و داوای پەرستنی داپیری خۆی کرد (ئەمە لە ئیمپراتۆرە کۆنەکان دەچێ، کە داوایان لە خەڵك دەکرد بیانپەرستن). لەم نموونەیەدا حاڵەتی پیرۆزکردن دەگاتە چڕپڕەی خۆی. ئایا لە پشت هەموو پیرۆزکردنێکەوە ترساندن و تۆقاندنیش نییە؟ هەموو کەسێك دەبێ لە سەرکردەی دیکتاتۆر بتۆقێ. لێرە خۆشەویستی و تۆقاندن تێکەڵی یەکدی دەبن، بەڵام لە ئاکامدا تۆقاندن بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ دەبێ. بە نموونە: لە ئەڵمانیای هیتلەر و لە ڕوسیای ستالین و لە عێراقی سەددام و لە کۆریای باکووری (کیم جۆنگ ئۆن) و باب و باپیرانی، ئەم ترس و تۆقاندنە پیرۆزە هەڵدەگرێ بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ بووە و زاڵە.

پێچەوانەی ئەم نموونانە لە جیهانی هاوچەرخدا ماندێللا و کەمەگەی ئەفەریکای باشوورە. ماندێللای مرۆڤدۆست و دیموکراسیخواز، نەك هەر نەبووە هەمزێکی پیرۆزی دیکتاتۆر، بەکو هەموو بتەکانی پیرۆزایەتی سیستمی هەگەزپەرستیی (ئەپارتایدی) ئەوسای ئەفەریکای باشووری تێك شکاند و ئەو بووە هێمای خۆشەویستی و دیموکراسی و بەهای لێبووردەیی و دڵنیایی لەم کەمەگە شەڕاوی و پڕ لە ستەم و دواکەوتووە. پێدەچوو، نە جەماوەرەکەی ماندێللا ویستیان وەك خوا بیپەرستن، نە ئەویش هەرگیز بۆای بە پیرۆزکردن و بە پیرۆزکردنی خۆی هەبوو. لەمەوە ئەو مۆژوویەکی نوێی لە لێبووردەیی و ئاشتی و پێکەوە ژیان بۆ کەمەگەیەکی هەگەزپەرست بەدی هێنا و بووە هێمای خۆشەویستی و ئازادی هەموو جیهان.
ماندێللا هەموو خەڵك خۆشیان دەوێ، بەڵام دیکتاتۆران هەموو خەڵك لێیان دەترسن. ئا ئەمەیە جیاوازی جەوهەری و سەرەکی نێوان سەرکردەی کاریزمای دیموکراسیخواز و سەرکردەی کاریزمای دیکتاتۆر.

جیهانییبوونی ئەدەبی کوردی … د.فوئاد رەشید

لەنێوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا، زیاتریش لەمیانی چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکاندا و لەڕێگای پرسیارکردن لە نووسەرو ڕۆشنبیرانی کوردەوە، زۆرجار قسە لەچۆنێتی و چەندایەتی جیهانییبوون و نەبوونی ئەدەبی کوردی کراوە و دەکرێت و ئەم جۆرە پرسیارانە دەوروژێنرێت:
ـ ئایا شیعری کوردی یا چیرۆکی کوردی گەیشتۆتە ئاستی ئەدەبی جیهانی؟
ـ ئایا دەقی کوردی بۆچی نەیتوانیوە (بەپێی پێویست) سنووری نەتەوایەتیی خۆی بپەڕێنێت و جێگایەك بۆخۆی لەنێو خوێنەرانی میللەتانی دیکەدا بکاتەوە؟
ـ ئەدەبی کوردی بە بەراورد لەگەڵ ئەدەبیاتی جیهاندا لەچی ئاستێکدایە؟
ئەم پرسیارانەو هاوشێوەکانی بەدەربڕین و لەوانینی جیاوازەوە وەڵامدراونەتەوە و زۆرجاریش وەڵامەکان بەشێوەیەکی نێگەتیڤییانە بووە، بەتایبەتی کاتێك تایبەتمەندێتی ژین و ژینگەی نووسەری کورد لەلایەك و تایبەتمەندێتی ئەزموونی ئەدەبیی دەقی کوردی لەلایەکی دی، ڕەچاو ناکرێت و بەچاوێکی کەم تەماشای دەقی خەماڵی دەکرێت و چەند تێکستێکی بیانی دەکرێتە نموونەی باڵاو پێوەری هەسەنگاندن.
ئێمە لێرەدا بەنیازنین ئەم وەڵامە جیاوازانە پڵڕن بکەین و هەڵیانبسەنگێنین، بەڵکو دەمانەوێت جەخت لەوە بکەینەوە، کە بەر لەوەی ئەدەبی کوردی لەبەرامبەر ئەدەبی جیهانی ڕابگرین و پرسیار لەچۆنێتی و چەندایەتی جیهانییبوون و نەبوونی بکەین، پێویستە بزانین مەبەست و ماناکانی چەمك و زاراوەکانی (ئەدەبی جیهانی) و (ئاستی جیهان) و (جیهانییبوون، عالەمییەت) چین؟ زانینی ئەم زاراوانە بەگرنگ دەزانین، چونکە لەلایەك ئەم چەمك و زاراوانە بەماناو مەبەستی جیاواز بەکارهێنراون و لەلایەکی دیکەشەوە دیاریکردنی وردو بابەتیانەی هەر چەمك و زاراوەیەك کاریگەریی خۆی دەبێت لەچۆنێتی وەڵامی هەر پرسیارێك لەو پرسیارانەی ئاماژەمان پێدا.

*** ئەدەبی جیهانی:**

لەژدەرو سەرچاوەکانی ئەدەبی بەراوردکاریدا، بەچەند مەبەستکی جیا قسە لەسەر چەمکی (ئەدەبی جیهانی) کراوە:
+ شاعیر و فەیلەسوفی ئەڵمانی (گۆتە 1749 – 1832) زاراوەی (ئەدەبی جیهانی) بەو مانایە بەکارهێناوە کە ڕۆژێك لەڕۆژان ئەدەبەکان جیاوازەکانی هەموو جیهان ـ لەووی هونەریی و بەهای مرۆڤایەتییەوە ـ ببینە یەك ئەدەب. بەو مانایەی جیاوازی زمانی لێ بترازێت، ئیدی لەهەموو شتێکدا هاوشێوەبن و هەموو میللەتانی دونیاش بەشداری لەداهێنانی بکەن(1).
دیارە بەدیهاتنی ئەدەبێکی لەم شێوەیە ـ هەر وەك (گۆتە) خۆشی ئاماژەی پێداوە کارێکی دژوارو ئەستەمە، چونکە هەر کەمەگەو ژینگەو میللەتێك تاڕادەیەك تایبەتمەندیی خۆی هەیە، خودی تێکستی ئەدەبیش بەر لەهەموو شتێك سیماو مۆرکی ناوخۆیی بنکەو لانکەی واری خۆی هەڵدەگرێت، ئەمە زێدەباری ئەوەی کە هەر نووسەرێکیش شێوازو جیهانبینی خۆی هەیە.
+ ڕێنەی وەك و ئێستن وارین:
هەندێجار زاراوەی (ئەدەبی جیهانی) بێ ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە بەکاردێت، کە وەکو شاکارێکی ئەدەبی لە ئاستێکی جیهانیدا ناسراوە و ناوبانگی دەرکردووە. (ڕێنێ وەك) و (ئێستن وارین) پێیانوایە زاراوەی (ئەدەبی جیهانی) پتر ئەم مەبەستە دەگرێتەوە و لەمیانەشدا ئاماژە بە بەرهەمی شاعیر و نووسەرانی وەك (دانتی و شکسپیر و گۆتە) دەکەن، هەبەتە لێرەدا ئاماژە بەوەش دەکرێت کە ئەمجارە بەرهەمانە لەخۆاو هەڵەمەکییانە بەو پلەو پایەیە نەگەیشتوون، بەکو بەهای ئیستاتیکی و ڕەهەندە مرۆییەکانی ناوەکەکانیان ڕێگایان بێ شاکاربوونیان خۆشکردووە(2).

+ ئەلەسکەندەر دیما:

(ئەلەسکەندەر دیما) لەکتێبەکەی خۆیدا (شەنگستەکانی زانستی ئەدەبی بەراوردکاری) بەچەند شێوەیەك قسەی لەسەر چەمکی (ئەدەبی جیهانی) کردووە.
جارێك ئاماژە بەوە دەکات کە چەمکی (ئەدەبی جیهانی) تەنها ئەدەبیاتی میللەتە مەزن و پێشکەوتووەکان ناگرێتەوە، بەکو بەرهەمی ئەدەبی نەتەوە بچووکەکانیش دەگرێتەوە. جارێکیش ئاماژە بەجیاوازیی و هاوبەشی چەمکی (ئەدەبی جیهانی) لەگەڵا (زانستی ئەدەبی بەراوردکاری) دەکات و جارێکی دیکەش ئەدگارەکانی (ئەدەبی جیهانی) دیاریدەکات و لەمیانەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەدەبی جیهانی ئەو بەرهەمانەی لەخۆ گرتووە کە ئاراستەیەکی فیکریی باڵاو

رەخنەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتییان تێدایە(3).
هەر لەم چوارچێوەیەدا (دیما) ئاماژە بەوە دەکات کە باڵایی ئەدەبی جیهانی لەسەر بەهای هونەریی رەگەزە پێکهێنەرەکانی رادەوەستێت(4).
دەکرێت کێی بیروبۆچوونە جیاوازەکان سەبارەت بە چەمکی (ئەدەبی جیهانی) لەسێ ئاراستەدا کورت بکرێتەوە(5):
1ـــ ئاڵاستەیەك چەمکی (ئەدەبی جیهانی) بۆ تێکڕا ئەدەبیانی میللەتانی سەر زەوی.
زەوی بەکاردەهێنێت، بەم پێیەش ئەدەبی هەر نەتەوەیەك بەشێکە لەمێژووی ئەدەبی جیهانی.
2ـ هەندێکجار چەمکی (ئەدەبی جیهانی) بۆ چەند بەرهەمێکی ئەدەبی بەهێزی هەڵبژاردەی نێو ئەدەبیاتی جیا جیا بەکاردەهێنرێت.
3ـ هەندێکجاریش (ئەدەبی جیهانی بەو مانایە بەکاردێت کە کۆمەڵێك بەرهەمی ئەدەبی دەگرێتەوە کە لەچەند رووبەرێکەوە هاوبەشن و پێکەوە گرێدراون و نموونەی ئەمجۆرە بەرهەمانەش لەئەدەبی نەتەوایەتی میللەتاندا بەرچاودەکەوێت.

*** (جیهانیبوون = عالەمییەت)ی ئەدەب**:**

لەسەرچاوەکانی ئەدەبی بەراوردکاریدا، چەمکی (جیهانیبوونی ئەدەب) پتر بەدوو مانا بەکارهێنراوە:
1ـ بەو مانایەی کە ئەدەبێك لەدەرەوەی سنووری نەتەوایەتی خۆی کۆمەڵێك شێوازو بەهای هونەریی و نوێ بهێنێتە نێو خۆیەوە، بەمەبەستی پتر دەوڵەمەندکردن گەشەپێدانی ئەدەبی نەتەوایەتی(6).
لێرەدا مەرکەزی جیهانی بەئەدەبی نەتەوایەتی دەبەخشرێت لەرێگای کاریگەربوون بەفۆرم و بابەتی میللەتانی دیکەوە.

2ـ جیهانیبوونی ئەدەب: بەو مانایەش بەکاردێت کە دەقێکی ئەدەبی، لەبەر بەپێزی و بەهێزیی لایەنە جیاوازەکانی، سنووری ئەدەبی نەتەوایەتی خۆی بپەڕێنێت و خۆی بگەیەنێتە بەر دیدەی خوێنەرانی میللەتانی دیکە(7).
هەبەتە ئەم سنوور تێپەڕاندنە، چەند هەکارێك رێگای بۆ خۆشدەکات، هەندێکی دیکەش ئاستەنگی بۆ دروست دەکات:
(ئەلەکسەندەر دیما) ئاماژە بەوە دەکات کە ناوەرۆکێکی سەرنجڕاکێشی بەپێزو زمان و شێوازێکی سروش ئامێزو نوێکارییەکی هونەرییانەی بەهێز(8)، ئەمانە زەمینەسازیی دەکەن بۆ ئەوەی دەقێکی ئەدەبی بەناو وڵاتانی جیهاندا بڵاوبێتەوە.
هەرچی رەخنەگرو توێژەری هەنگاریی (لاسلۆکاردێش)ە لەدەرەوەی خودی دەقی ئەدەبییەوە ئاماژە بەچەند هەکارێك دەکات کە ڕۆڵێکی کاریگەر

دەبینن لەڕگادان و نەدان بەجیهانیبوونی دەق، ئەم هۆکارانەش وەك (بوون و نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی و ڕۆڵا و کاریگەریی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەهێزی و لاوازیی بزاڤی وەرگێڕان و کەم و زۆریی ژمارەی دانیشتوانی وڵات و ڕادەی بەربڵاویی زمانی دەق)(9).

*** ئەدەبی کوردی و جیهانیبوون:**

ئاشکرایە ئەدەبی کوردی لەووی ناوبانگی و ناسراوی و بەربڵاوییەوە، لە ئاستێکی جیهانیدا ئامادەبوونێکی ئەوتۆی نییە، بۆچی؟
ئایا لەبەر نزمی ئاستی هونەری و بابەتییانەی دەقی کوردییە، یان بەر لەم هۆکارە، چەند هۆکارێکی دەرەکی دی ـ لەدەرەوەی دەقەوە ـ لەپشتەوەی ئەم کێشەوەیەن؟
بۆگومان ئەدەبی کوردی خاڵیی نییە لە شاکارو بەرهەمی جوان و سەرنجراکێش و داهێنەرانە، ئەوانەی سەرنجی شیعری کلاسیکی کوردییان داوە، درکیان بەهەبوونی دەقی جوان و شاعیری داهێنەر کردووە، بۆ نموونە لەمیانەیەدا (د. مارف خەزنەدار) دەڵێت: (مینۆرسکی بەچاوێکی بەرز تەماشای ئەدەبی کوردی دەکات، بەڵاستی دەگاتە هەندێ تێبینی، ئەویش ئەوەیە نەبوونی لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی بۆتە هۆی ئەوەی نرخی تەواوی دیاری نەکرێت، هەروەها بووەتە هۆی ئەوەی دەوری ئەدەبی کوردی لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوون نەبێت..)(10).
کەواتە ئەدەبی کوردی بەپێی پێویست و وەکو ئەوەی کە هەیە لە ئاستێکی جیهانیدا نییە و میللەتانی دی ـ بەرادەیەکی زۆر ـ پێی ئاشنانین. هۆکارەکەی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە دەقێکی جوانمان نییە کە لەتوانایدا بێت ببێتە جێگای سەرنجی خوێنەرانی میللەتێکی دی، نەخێر، بەکو چەند هۆکارێکی دەرەکی ـ لەدەرەوەی دەقەوە ـ بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم بڵاوبوونەوەی دەقی کوردی و ناسینی وەکو شاکارێکی ئەدەبی لە ئاستێکی جیهانیدا.

(مینۆرسکی)یش دەرکی بەم مەسەلەیە کردووە، بۆیە لە باسکردنی پایەی ئەدەبی
کوردیدا، بە ئاماژەیەکی کورت دەڵێت (هۆی دەرنەکەوتنی نرخی ڕاستەقینەی ئەوەیە کە بەرهەمی لەژێر دەستدا نییە، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی تەواویش لەزمانی کوردیدا نەکراوە(11)).
کەواتە ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە دژوارەی کە میللەتی کوردی تێدا ژیاوە، لەچەندین لاوە کاریگەرییەکی خراپی

کردووەتە سەر دەرکەوتنی ئەدەبی کوردی، چونکە لەناوچوون و فەوتانی بەرهەم، نەبوونی لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی لەکات و ساتی خۆیدا، هەموو ئەمانە پێوەندن بەنەبوونی دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆوە.

ئەگەر بۆ نموونە قسە لەسەر هۆکاری (زمان) بکەین، دەبینین شارەزایان لەچەند رووبەکەوە ئاماژەیان بەگرنگیی (زمان) کردووە. ئەوەتا (مینۆرسکی) نەبوونی لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل لەسەر زمانی کوردی، بەهۆکاری دەرنەکەوتنی پایەی راستەقینەی ئەدەبی کوردی دادەنێت.
(لاسلوکاردوش) رادەی بەربڵاوی هەر زمانێك بەهۆکارێکی گرنگ دەزانێت لەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی سەر بەو زمانە، وەکو ئەدەبێکی جیهانیی لەقەڵەم بدرێن و خۆیان بەجیهان بناسێنن(12).
نالەباریی باری سیاسی میللەتی کورد، نەك هەر ڕێگای لەبەردەم بڵاوبوونەوەی زمانی کوردی گرتووە، بەکو لەچەندین لایەنەوە کێشەی بۆ خوڵقاندووە، وەك نەبوونی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو، نەبوونی ڕێنووسێکی یەکگرتوو، لەمەش زیاتر زمانی کوردی لەچوارچێوەیەکی وادا سنووربەند کردووە، تا ئەو رادەیەی بەلای هەندێکەوە بەیەکەك لەو زمانانە دابنرێت کە لەبەردەم هەڕەشەی لەنێوچوون***.
جا ئەگەر شارەزایانی بواری ئەدەبی بەراوردکاریی ئاماژە بەگرنگی بەربڵاوی زمان و کاریگەریی پێگەی نێودەوڵەتیی هەر وڵاتێك بکەن، لەوەی کە ئەدەبەکەی سنووری ئەدەبی نەتەوایەتی خۆی ببەزێنێت و بەنێو وڵاتانی جیهانیدا بڵاوبێتەوە و خوێنەرانی میللەتانی دی پتر ئاشنای بن، ئەوا سەیر و سەمەرە نییەو شتێکی چاوەڕوانکراویشە کە ئەدەبی کوردی لەم جیهانیبوونە، بێبەش بێت.

کەواتە دژواریی باری سیاسی و ڕشنبیریی کاریگەرییەکی زۆر خراپی کردووەتەسەر پرسەی (عالەمییەتی) ئەدەبی کوردی، ئەم قسەیەشمان مانای ئەوە نییە کە تێکڕای دەقەکانی ئەدەبی کوردی شاکارو چەپێپەی داهێنانن و سیاسەت و مژوو غەدری لێکردوون، نەخێر، بەڵام هێندە هەیە ئەدەبەکەمان چ کێنی و چ نوێیەکەی، دەقی وای تێدایە ڕووی مەجلیسی ئەدەبی میللەتانی دیکەی هەبێت، بەڵام دەلیقەی ئامادەبوونی نێودەوڵەتیی بۆ نەڕەخساوە.
لەسەرێکی دیکەشەوە، ڕاست نییە لەسەنگەی گرێی هەست بەکەمییکردن و پەرستنی ڕۆژئاواوە، هەرچی ئەدەبیاتی خۆمانە بە (ساکار) و هەموو بەرهەمی ئەوانیش بە (شاکار) بزانین، چونکە لەڕاستیدا بەرهەمەکانی ڕۆژئاواش هەموویان بەو شێوەیە نین.

پوختەی قسەکان ئەوەیە، ئەگەر مەبەستمان لەجیهانیبوون، ناسراوی و ناوبانگیی نێودەوڵەتی بێت، ئەوا دیارە ئەدەبی کوردی نەگەیشتووەتە ئەم پلەو پایەیە، بەڵام ئەگەر مەبەست لە (جیهانیبوون) ئەو بنەماو ئەدگارە ئیستاتیکی و بەها مرۆییانەی دەق بێت، کە مرۆکێکی مرۆڤایەتییانەی بەرفراوانی هەیەو هەر ئەم خاسیەت و تایبەتمەندییانەش ـ گەر دەرفەت هەبێت ـ رێگا بۆ بڵاوبوونەوەی لە ئاستێکی جیهانیدا خۆش دەکەن، ئەوا بەم مانایە ئەدەبەکەمان چ کلاسیك و چ نوێ و چ هاوچەرخەکەی دەقی وای تێدایە، ئەم تایبەتمەندییانەی لەخۆ گرتبێت.

_____

پەراوێزەکان:

* بیرۆکەی ئەم نووسینەو ناونیشانەکەشی لە پرسیارێکی (د. مارف خەزنەدار)ەو سەرچاوەی گرتووە، پرسیارەکەشی لەمیانی ئەزموونی کۆتایی کۆرسی دووەمی خوێندنی دکتۆرا (2000 – 2001) بوو، لەبابەتی (ئەدەبی بیانی)دا.

1ـ اوستن وارین، رینیه ویلك، نظریه الادب، ت: محی الدین صبحی، ص60.

جێی ئاماژەیە زاراوەی (ئەدەبی جیهانی) زاراوەیەکە لەلایەن (گۆتە)وە داڕژراوە.

2ـ د. جمیل نصیف التکریتی، د. داود سلوم، الادب المقارن، ص 26 – 27.

3ـ الکساندر دیما، مابدئ علم الادب المقارن، ت د. محمد یونس، ص 17 – 21.

4ـ هەمان سەرچاوە، ل 19.

5ـ د. جمیل نصیف، سەرچاوەی پێشوو، ل 23.

**ـ ئەم چەمکە جیاوازە لەچەمکی جیهانگەرایی ئەدەبی (العولمه الادبیه) کە ئەمەیان زیاتر نزیکە لە چەمکی ئەدەبی جیهانی بەچوونەکەی گۆتە.

6ـ د. محمد غنیمی هلال، دور الادب المقارن، ص 27.

7ـ هەمان سەرچاوە، ص 28.

8ـ د. جمیل نصیف، سەرچاوەی پێشوو، ل 23.

9ـ لاسلوکاردوش، الادب العلمی مفهومه وقچایاه، ت: جودت بلال اسماعیل، مجله (الادب المعاصر)، العدد (22 – 23) 1977، ص 7 – 9.

10ـ د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، ل 102.

11ـ هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

12ـ لاسلێکاردوش، سەرچاوەی پێشوو، ل 11.
**ـ ئەوەتا لەسەردەمی بیست و یەکدا (سەنتەری لێکۆلینەوەی ئیتنیکی جێراوجێر) لەچوارچێوەی (زنجیرەی ئەو زمان و کلتوورانەی مەترسی لەناوچوونیان هەیە) کتێبێکی لەسەر شیعری کوردی بڵاوکردۆتەوە، بڵوانە: گۆڤاری (ئایندە)، ژ (68)، 2006، ل 209.

مارا ساد لێ نێوان خوێندنەوێ و نمایشدا … بەشی چوارێم … ێزگار حەمێ ڕەشید

٤-٤

(نمایشی مارا ساد بەرهەمی کۆی شانۆی با، بێ هاوکاری بەڕێوەبەرێتی هونەری شانۆ و پێیمانگای هونەرێ جوانەکانی سلێمانی؛ نوسینی پیتەر ڤایس، وەرگێڕانی شێرزاد حەسەن، دەرهێنانی هیوا فایەق، لێ ٦/١١/٢٠١٦ و ڕۆژانی دواتر لێ هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی نمایشکرا.)

بێ خوێندنەوەی بابەتەکێ بێ فەرماتی پیدی ئێف کلیکی ئێرەبکەن ….

بەشەکانی تر:

بەشی یەکەم ….

بەشی دووەم ….

بەشی سێیەم ….

لە محەمەدی بەواوە بۆ محەمەدی مستەفا لە نووسینی- العفیف الاخضر ناساندنی کتێب – تاهیر رەحیم

خوێندنەوەکردن بە کتێب گرنگیو کاریگەری هەیە لە سەر خوێنەر، بەتایبەتی خوێندنەوە بە هەندێك لە کتێبە قەدەغەکراوەکان هەمیشە توانیویەتی ببێتە سەرچاوەیەکی زیاتری مرۆڤایەتی بە مژووی خودی مرۆڤ و پرسەی ژیان. ئەم کتێبەش بەجۆرێك لە جۆرەکان هەوڵی داوە دەست بەرێت بە قەدەغەکراوەکانو راستیەکان لە گۆشەنیگای زانستیو لە ژێر تیشکی زانستی سەردەمو بەراوردکردنی لەگەڵ سەردەمە کۆنەکان هەڵسەنگێنێت. بەیە پاش خوێندنەوەی بە شیاوم زانی بەو رادەیەی پەم دەکرێت خوێنەری کوردیشی لێبەبەش نەکەم. باسکراوەکان لەم کتێبەدا لەگەڵ خوێندنەوە جۆراوجۆرەکان لە محەمەدو مژووەکەی لایەن لایەنگرانی، ناتەبایی زۆری تێدایەو وەك باسم کرد زانستو کەڵك وەگرتنی نووسەرو پشت بەستن بەتێزە زانستیەکان هاوکاری بووە لە دەبەینی راستقینەو هەروەها راست کردنەوەی دیان هەڵەی مژووی کە بەداخەوە ئێستاکە بە زۆر کەس پیرۆزیەتی هەیە.

بەشی یەکەم

ئەم کتێبە ژیانی محەمەد و ئایینەکەی لە دونیای میتۆلۆجیەوە دەگوازێتەوە بە ناو کایەی مژوو. مژوویەك کە رووداوەکانی چەن لە دوایدا کاریگەری لەسەر کەمەگای عەرەب و دونیایی ئیسلام دانا.
ئایەتەکانی قورئان پەیوەندیەکی قوڵیان بە رووداوەکانی ژیانی محەمەد هەیە، تەنانەت بەشێکیان پەیوەندی بە ژیانی منالی، هەشتاکە لە سکی دایکیدا بووە باوکی مردووە، وەك منالیەك سەرخەرە ناوزەدکراوە. بەعەرەبی پەی دەڵێن:(احرف) لە کەمەگای دەشتەکی یان راستر بڵێین، کەمەگای باوکسالاری منالی سەرخەرە خۆشویست نەبووە. هەروەها پیاوەك کوڕی نەبێت لە کەمەگای دەشتەکی جێگای شەرمەزاریی بووە، گەر خاوەنی چەندەها کچیش بێت هەر پەی دەڵێن وجاخکوێر! محەمەدش کوڕی نەبووە! ئەمەش بە گومان کاریگەری لەسەر باری دەروونی هەبووەو لە ئایەتەکاندا رەنگیداوەتەوە.

خاکی گرنگی تری ئم کتبە لکدانوی بشیکی ئایتکانە لە رووی دروونناسیوە. محمد هرچند سر بە بنمایەکی ئرستوکرات بووە، بەام وك وترا بەهی ئوی سرخرە بووە لەسکی دایکی بووە باوکی مردووو هر لە تمنی مندایشیدا دایکی مردووە. لەم ماە وئوماە بخوکراوو ئوش کاریگریی لەسر باری دروونی هەبووە. وك بخاری باسیدکات محمد چندجارك هوی داوە خی بکوژت.

ئایتە توندوتیژکان وك سربین و قاچبین، ملپەاندن، گوبین و چاو و دان هەکەین تاوکوو نزاو جونکان، پیوندی بو بارە دروونیوە هیە کە محمد تیدا ژیاوە.
لە سیرە ابن هاشم ل 246 باسی ئوە دکات : لەشەی حنین ژنك بناوی شیما وك جنگاورك برگری لە هزکی دکرد، لەلایەن شەکرکانی محمد بە دیل دگیرت دەە : من خوشکی پغمبرم بە شیری. دیبن بە لای محمد، ئویش دەەت بچ هکارك ونیشانیك دنیابم تخوشکی منی ؟ شیما پشتی پیشان دەدات دەەت لە بیرتە بە منای بتووندی گازت لە پشتمگرت؟ ئیتر محمد بە نیشانی گازکردنکە دکوتە بیری کە شیما خوشکی شیری بوو لە مایك پکوە بخوکراونو بم بنوە ئازادی دکات.
بم گەانوانە روون دبتوە کە محمد بەهی ئوی هر لە مندایوە خاون دایکو باوك نبووە، وك منایکی هتیوو لەمان گورە بووە، هروها خودی محمد پاش هنانی 18 ژن کوی نبووە، تنیا کوەك نبت کە ئویش لە ژنکانی نبوو، بەکوو لەمارییی قوتبی کە کیلی بوو، ئو منابوونش دوایی بووە جگای گومان ! محمد ویستی ماپوری ئامزای (ماریە قوتبی) بکوژت ، پاشان ئاشکرابوو ماپور لو کیلانە بووە کە خسنراوو توانایی سیکسکردنی نییە. بم جرە ئیتر واز لە ماپور دهنیت.

براوردکردنی قورئان لگە زانست

خونر لە خای کتایی ئم کتبدا براوردکردنك لەنوان قورئانو زانستدا دخونتوە کە بشویکی گشتی نووسر باوەی وایە: قورئان نستی محمد، کە بە کمەك گرژی دروونی و چپاندن داپشراوە.
بشکی تری ئم کتبە باس لە چنییتی کاریگری کسکان وك ورقی کوی نوفل لە شاری مکە و سلمان فارسی لە شاری مدینە دکات و تیدا بە چشنك ویکچوونکی زر لە نوان قورئان و تورات ، قورئان و ئاڤستادا پیشان ئداتو هروها هندك

کاریگەری شاعیرەکان تەنانەت خەلیفەکان وەک ئەبوبەکرو عومەر لە ئایەتەکاندا رەنگ ئەداتەوە دەبینرێت.

لە کاتی خوێندنی ئایەتێکدا هەندێك جار ئامادەبووان کاریگەریان لەسەر ئایەتەکان هەبووە وەك سیوطی لە کتابی (الدر المنثور فی تفسیر الماثور) باس لە سورەتی ژن/ نساء دەکات کە دەڵێت ئەوانەی کە دانیشتوون نارەن بۆ جیهاد. کوڕێك بۆناوی ابن مکتوم دەڵێت ئەی پێغەمبەری خوا منیش؟ ئیتر ئایەتەکە دەست بە جێ لە وەدا گەڵانی بەسەردا دێت!! و دەڵێت بۆجگە لەوانەی شەل وکوێرن(بەوانە تەفسیری تەبری ل 175 بۆ سورەتی فتح ئایەتی 17)
هەندێك جار بۆکە کاریگەریان لە دابەزین! یان گەیینی ئایەتەکان هەبوو، وەك سورەتی ئەنفال ئایەتی 66.65 کە سەرەتا دەڵێت: هەر یەکێك لە ئەوە توانای شەکردنی بەرامبەر دە کەسی هەیە. بەڵام جێنگاوڕکانی محەمەد وتیان چۆن دەتوانین هەریەك لە ئەمە بەرامبەر دەکەس بگرێت. ئینجا لە ئایەتی 66دا دەڵێت: کە خوا زانی ئەوە لاوازن توانای هەریەکێك لە ئەوە بەرامبەر دووکەسە!
زۆربەی ئایەتەکان لەیەکدەچن و یان دووبارە بووەتەوە، تەنیا لە سورەتی مرسلات ویل للمکذبین 10 جار دووبارەیە یان ئایەتی فبأي آلاء ربکما تکذبان لە سورەتی رحمن 31 دووبارە بووەتەوە. سیوطی لە کتێبی الاتقان فی علوم القران لە 6236 ئایەت تەنیا 400 ئایەتی هەشتووەتەوە کە لەیەك ناچێت، کە بە ئایاتی مەحکەم ناسراون. بە م جۆرە دەتوانرێت لاپەرەکانی قورئان کەم بکەینەوە.
زکی امین نووسەری کتێبی رزقی تحت ضلال رمحی دەڵێت: قورئان تەکنیك و پێکهاتەترین کتێبە ، چوونکە ئایەتەکان بەپێی ناوی سورەتەکان ڕێکنەخراوە وەك سورەتی یونس باسی زەر شتی تێدایە، بەڵام باسی یونس ناکات و ناوی ناهێنێت بەڵام لە سورەتەکانی تردا باسی دەکات.
سورەتەکان وئایەتەکان بەپێی شوێن وکات لە قورئاندا ریزنەکراوە، ئایەتی مەکی تەکنیك بە ئایەتی مەدینە کراوە. لەسورەتێکدا باسی چەند بابەتێك دەکات کە هیچ پەیوەندی بەیەکتر نییە یان لە ئایەتێك باسی دوو شت جیاواز دەکات، یان هەندێك ئایەت لە قورئان هیچ پەیوەندیەکی بە ئەمرۆە نییە وەك سورەتی احزاب 53.

هەندێك لە چیرۆکە ئەفسانیە کانی ناو قورئان وەك مریم هیچ پەندێکی بە مرۆڤ تێدا نییە، بەڵام کتێبێکی وەك کلیلەو دمنەی هندی لەگەڵ گێڕانەوەی هەر کورتە چیرۆکێکدا دیان پەندو ئامۆژگاری بە لەفڕبوون تێدایە.
نووسەر باس هەندێك هەڵەی مێژووی دەکات لە قورئان کە لە مێژوونووس

مونتغمری واط(1909_ 2006) کە بیوگرافی محەمەدی نووسیوە وەریگرتووە: لە قورئان شەش جار باسی (هامان) دەکات وەک وەزیری فرعون، بەڵام لەراستیدا هامان کەسایەتییەکی فارس بوو، لەلای خسرو کە پێنج چەرخ پ.ز وزیر بووە. بەڵام چیرۆکی فرعون و موسا پێش 15 چەرخ پ.ز بووە . لە قورئان دەڵێت مریم خوشکی هارونە، بەڵام هارون پێش مریم کە کەسایەتییە کی رەمزییە 1500 ساڵ پێش چیرۆکی مریەم بووە بەپێی گێڕانەوەی تەورات.
هەکاری ئەم هەڵانەش ئەوە یە محەمەد ئەم چیرۆکانەی بیستووە، نەک خوێندبێتیەوە. گێڕانەوەی چیرۆک لەیەکەک بە یەکەکی تر زۆر گێڕانی بەسەردێت هەروەک حەدیسەکانی بخاری 600 هەزار حەدیسە! کەخودی زانا ئیسلامییەکان لەسەر حەدیسەکان کەدەنگ نین، چوونکە بخاری زیاتر لە دووسەدساڵ دوای سەرهەڵدانی ئیسلام لەدایک بووە و پاش 105 ساڵ دوای مردنی بخاری حەدیسەکان نووسراوە. هەرچەندە بە هەی ئەم حەدیسانەوە ملیۆنەها موسەمان یەکتر کافردەکەن ویەکتر دەکوژن.

* / نووسەری ئەم کتێبە عفیف اخضر(1934 – 2013) لە تونس لەدایک بووە دەرچووی زانستگای زیتونەی ئایینیە، بە ئەزهەری تونس ناسراوە، دوایی یاسای خوێندووە و ماوەیەکش لە پاریس ژیاوە و هەرلەوێش مردووە. خاوەنی کەمەک کتێب و وتارو چاوپێکەوتنە بەیەکەک لە بیرمەندو رۆشنفکرەکانی عارەب دادەنرێت.

تێبینی: ئەم کتێبە لەکەرکوک دەستدەکەوێت
چاوەروانی بەشی دووەم بن

یوسف عزەدین لەگفتوگۆیەکی گۆڤاری لڤین-دا … سازدانی: وریا باقر

(یوسف عزەدین یەکەکە لە دەنگە جیاوازەکانی ناو دنیای فیکر لە دنیای رۆشنبیری کوردیدا. ئەو خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی لەنوسینداو هەر ئەوەشە کە رەسەنایەتی پێبەخشیوە. لەم دیدارەدا

گۆڤاری لڤین گفتوگۆیەکی تایبەت لەگەڵا ئەم نوسەرە رەخنەگرەدا دەکات)

لڤین: بۆ دەبێت هەر لەسەرەتاکانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە، جەنگ و کوشت و کوشتار و توندوتیژییەکان، گەورەترین پشکی هەبێت لەمێژووی دەسەڵاتە جیاجیاکاندا؟ بەڵای ئێوە وەك روناکبیر و نووسەر، ئایا هیچ دەسەڵاتێکی نەرم و نیان لەمێژوودا دەبینەوە؟

یوسف عزەدین: ئەگەر سەمەرییەکان وەك شارستانیەتێکی دێرین و سەرنج راکێش لەمێژوودا بکەینە نموونە، دەبینین داهێنەری شێوازە نووسینی "مێخی"بوون و چەندین سەدە لەنێو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤیندا بەکارهاتووەو توانیویانە لەڕێی نووسینەوە، گەلێك رووداوی ریالیستی و هەندێك جاریش بەسەرهاتی سەیر و سەمەرەمان پێ بگەیەنن.. لای سەمەرییەکان دوو جۆر مێژوو هەبووە، مێژوویەکی پێش تۆفان و مێژوویەکی دوای تۆفان. لای ئەوان خوداوەندی سەرەکییان لەیەکێك لەگەڕەکان نیشتەجێیەو ناوی گەڕەکەکەش نیبرێ-یەو ئیتر لەوێوە نەوەی خوداوەندەکان بەرەو زەمین چوون و بەپێی بڕوای ئەوان، تەنها ساڵێکی سەر گەڕەکی نیبرێ سێ هەزار و شەش سەد ساڵی سەرزەمین بووەو بە "سار" ناویان بردووە..بەڵای ئەوان تەمەنی مرۆڤی پێش تۆفان گەیشتۆتە هەزار ساڵ و دوای تۆفانیش کورتکراوەتەوە بۆ سەد ساڵ و قسوور.. سەمەرییەکان شارەزاییەکی سەرسوڕهێنەریان هەبووە لەبەکارهێنانی ژمێ و زیوداو بەچەشنێك کەلەئێستاشدا لاسایی کردنەوەی کەلوپەلە ناوازەکانیان ئاستەمە، ئەمە جگە لەزانین و خستنەڕووی زانیاری سەبارەت بەهەسارە و گەڕێك و ئەو ئەستێرانەی بینینیان بەچاو ئاسان نییە.. تاساڵانێکی زۆریش مێژوونووسان پێیان وابوو، سەمەرییەکان ئاشتیخواز و نەرم و نیان بوون و وەك شارستانێتییەکانی تر دڕندەو خوێناویی نەبوون، بەڵام دەزینەوە ئەرکەلۆژییەکانی "جۆن ئەلدەر" پێچەوانەی ئەمەی سەلماند، وەك لەکتێبی "بەردەکان دەدوێت"دا پێیوایە..سەمەرییەکان حەزیان بەزیادەڕەوی بووە لەپێشکەشکردنی مرۆڤ وەك قوربانی، بەتایبەتیش کاتێك پاشاو میرەکانیان دەمردن، لەیەکێك لەگۆڕستانە تایبەتەکانی یەکێك لەپاشاکانیاندا، ئێسك و پرووسکی تیمێکی سەربازی بەجلی فەرمییەوە دەزرایەوە کەلەئامادەباشیدا رمەکانیان بەدەستەوە بوو.. سەرباری دەزینەوەی نێ مینەی کۆشك ، بەتاجە ئاتوونییەکانیانەوە و لەزارکی گۆڕستانەکەشدا دوو عەرەبانەی چوار پێچکە دەزرانەوە.. هەر یەکێکیان سێ گوێرەکە رایکێشاون.. جل و بەرگی عەرەبانچی و هاوەڵەکانیشی دەزرانەوە.. هەروەها لەگۆڕستانی شاژن "شوباد"یشدا،

دوو ریز مینەی کۆشك دڕزرانەوە.. دواهەمینیان مینەیەك بوو ئامڕكی میوزیكی لەباوەش گرتبوو، لەگەڵ دوو كیلەی سوژدەبردووشدا كەلەپایاندا نۆژرابوون...

لقین: مەبەستان لەوەیە بڕۆن شارستانییەتێكی پێشكەوتووی وەك سەمەرییەكان ئەگەر ئەمە حاڵی بووبێت لەگەڵ دۆستان و ئەحباب و هەسووڵاوانی مەملەكەتەكەی و هەر بەزیندوویەتی زیندەبەچاڵی كردبێتن، ئەی دەبێت چی لە دوژمن و نەیارەكانی كردبێت!؟

یوسف عزەدین: ئەگەر گەشتێك بەنێو نەخش و نیگار و وێنەو ریلیف و پەیكەرسازیی شارستانییەتە كۆنەكاندا بكەین.. بەشكی زۆری ماجەراو بەسەرهاتەكانی ئەو سەردەمەت دێتە پێشچاو.. چۆنیەتی جلوبەرگ و خۆ نمایشكردنیان لەمەراسیمە رەسمییەكانیاندا.. چەشن و چۆنیەتی كوشت و كوشتاریان، چەشنی زەلیلكردنی ئەسیر و دوژمنەكانیان، هەر لەبەقامچی لێدان و ئەشكەنجەدانیان و تەجاوزكردنە سەر مینەكانیشیان.. دەرخستنی چۆنیەتی راوكردنیان و بەتایبەتیش راوكردنی شێر وەك لەهەكێینە ئاشوورییەكاندا بەزەقی دەیبینینەوەو بەتایبەتیش كاتێك یەكێك لەپاشاكانیان تەنها بەدەستێكی و بێ ترس دەستی داوەتە بینەقاقای شێرێك و خەریكی خنكاندنیەتی..لەیەكێك لەریلیفەكانی ئاشوورییەكاندا، دیمەنی هەرشێكی خێیان بۆ سەر قەڵایەك نەخشاندووەو دەبینین چۆن دوژمنەكانیان سەردەبڕن و لەشوێنێكی تریشدا سێ كوژراویان بەسەرە رم بەرزكردۆتەوە.. لەریلیفێكی تریشیاندا سەربازێكی ئاشووری دەبینیت، سەرێكی سەربڕاوی بەدەستەوەیەو خەریكی فڕدانییەتی بۆ سەر كەمەڵك سەری سەربڕاوی تری لەعەردا كەوتوو.

لقین: لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت، چۆن دەبێت هەمان ئەو كوشت و كوشتارە سامناكە، بەتایبەت ملپەڕاندنی مرۆڤ لەهونەردا رەنگ بداتەوە، بەتایبەتیش لەسینەما-دا، چونكە بەشی هەرە گرنگی زۆربەی كارە هونەرییەكانی سینەما لەنێوان و سێكس و توندو تیژیدا دێت و دەچێت و ئەمەش بۆ سانسەرەو رێگەپێدراوە؟

یوسف عزەدین: ئاشوورییەكان وەك نمونەی شارستانییەتێكی دێرین و هاوشێوەی گەلێك شارستانییەتی دیكە بەمەبەست ویستویانە، لەڕێی نەخشاندنی كوشت و كوشتارەكانیان، لەیەك كاتدا چ جەنگێكی دەروونی لەگەڵ ژێر دەستەو نەیارەكانیاندا بكەن و چ مەبەستیان بووە مۆژووی خێیان لەڕێی هەكێینەوە وێنابكەن.. بەڵام ئەگەر هەموو ئەم هەكێینە و وێنە سامناكانەی سەردەمانی پێشوو لە رووی قۆناغی

مۆوویی و سەردەمەکەیەوە لەئستادا ئاسایی وەربگیرێت.. ئەی دەبێت چی بێین کاتێك تەماشای زۆرێك لەکارە هونەرییەکانی هونەرمەندی بەتوانای سەردەمی رێنیسانس"کاراڤاجیێ" دەکەین و دەبینین لەئاستێکی هونەری باڵای نیگارکێشاندا، سەربڕینی مرۆڤی کردەتە بابەتی تابلۆکانی و لەیەکێك لەتابلۆکانیشیدا مێنەیەك بەکردەی سەربڕینەکە هەڵدەستێت!؟

لڤین: کەواتە شیاوە کاری هونەری تۆندوتیژی بکاتە بابەت و بەتایبەتیش لەسینەما-دا؟

یوسف عزەدین: دەبێت پرسیار لەوە بکەین، بۆ سەرەتاکانی سینەما زیاتر مرۆڤ دەستانیەو تاڵادەیەکی زۆریش مەرگەساتەکانی چینی چەوساوەو کەم دەرامەتانی کردەتە بابەت.. رەنگە زۆرێك لەفیلمەکانی "چارلی چاپڵن"یش نمونەیەکی زیندووی ئەم جۆرە تەرح و تێزە مرۆڤ دەستانیە بێت، کەهەردەم جیاواز لەوەی بێتە ئاسایی و سانا ئەو دێت رووبەڕووی ئیغتیراب و سەرسامی و پرسیارکردنمان دەکاتەوە، تا بزانین ئەوەی لەدنیادا دەگوزەرێ نائاساییە.. هەوڵەکانی ئەو و هاوشێوەکانی کەتێکمەترین نمونەی ئیغتیراب لای "بەرتۆڵد برێخت" دەگاتە باڵاترین ئاستی هونەری و تەکنیکی و مەعریفی.. بەڵام مەخابن دواجار هەموو ئەم هەوڵانە بەبەرنامە دەخرێنە پەراوێزەوەو بەبازرگانی کردنی هونەریش ئەولەوییەتی پێدەدرێت.

لڤین: تۆندوتیژی لە ناخی مرۆڤدا، چۆن و لەکوێدا جێی دەبێتەوە؟

یوسف عزەدین: "جی.ئەیچ.وێلز" پێی وابوو دەتوانرێت رەگەزی مرۆڤ لەڕێی قەناعەت پێکردنەوە، دەستبەرداری خوێن رشتن و کوشتار ببێت.. تەنانەت خۆشباوەڕیش بوو بەرانبەر ئەو دەستەیەی پاش جەنگی جیهانی یەکەم، بەناوی دەستەی گەلان بۆ پاراستنی ئاشتی دروست ببوو، پێی وابوو دەتوانێت ئاشتی و ئارامی لەدنیادا بەرقەرار بکات.. بەڵام هێندەی نەبردو لەدەرئەنجامی بینینی کاروکردەوە تۆندوتیژە یەك لەدوای یەك و بەردەوامەکانی مرۆڤ، لەبیروبۆچوونەکەی پاشگەزبۆوە.. یەکێك لەنمونە زۆر ناشایستەو دزێوەکانی مۆژووش، دەندایەتی سوپای ژاپۆنی بوو لەشارێکی چین-یدا.. بۆجگە لەکوشتنی سەرجەم نۆرینەکان.. دەستدرێژی سێکسی کرایە سەر هەزاران مێینە، بەمندا و گەورەوە، تەنانەت مێینە پیرەکانیش لەمە دەربازیان نەبوو، کۆمەڵکیان هەر لەکاتی سێکس کردن لەگەڵیاندا ورگیان هەڵدەداو دەکوژران.. ئەوانەی بەزیندوویەتیش رزگاریان بوو، لەکەشێکی بەکۆمەڵدا بەویستی خۆیان و پێکەوە ئینتیحاریان کرد..

لقین: کەواتە هیچ شارستانێتییەك بەبێ بەکارهێنانی زەبر و زەنگ، توانای مانەوەی نییە؟

یوسف عزەدین: بڕوانە شانامەی"بۆقەکان"ی "ئەریستۆفانیس" دەبینیت لەسەر زاری پاڵەوانی شانامەکە دەڵێت: (هاوڕێم کاتێك بەسەر دوژمنەکەتدا زاڵ بووییت، بەگوریس بیببەستەوەو پشتی بەقامچی سووركەرەوەو پارچەیەك ئاسنی داندار بکە بەکڵمیداو ئەگەر لەهۆش خۆشی چوو بەشەراب بەئاگای بهێنەرەوەو پاشان قوومە ئاوێکی بدەرێ.. دڵتەوە هۆش خۆی و پێی وایە لەدەستت قورتاری بووە، بەڵام ئەمە وەهمە..دەبێت هەر چوار پەلی بەگوریس ببەستیتەوە، بەچوار ئەسپی سرك و رامنەکراوەوە..سرکە بکەرە چاو و لوت و دەمییەوە.. دواتر بەخەنجەرێکی تیژ ئەندامی نێرینەی ببڕەو ئینجا ئەسپەکان تاودە.. تا هەریەکەیان بەلایەکدا هەڵبڕن و لاشەی پارچە پارچە بکەن)..ئەمە تێکستێکی بەناوبانگی شانووسێکی کڵمیدی گریکەو بڕگومان ئەمە بابەتی کات بەسەربردن و رابواردن وپێکەنینی تاکەکانی کڵمەڵگەی گریکی بەناو مەدەنی بووە..پاش گریکەکان ڕمانەکانیش داهێنانی زۆر سەیریان لەبواری ئەشکەنجەداندا کرد، تەنانەت "ئێکتافیس" لیژنەیەکی راسپارد تا باس و خواسی سەرجەم ئەشکەنجەدانەکانی کۆن و نوێی میللەتانی بۆ بهێنن، دواتر لیژنەکە باسی فیرعەونیەکانیان بۆ کرد کەلەسەر زینا لوتی ئافرەتیان بڕیوەو پیاویشیان خەساندووە.. باسی حیسییەکانیان بۆ کرد، سەبارەت بەو کەسانەی کەهەنگوینیان دزیوە، چۆن بە زیندوویەتی کەوڵکراون و خراونەتە بەر پووڕە هەنگ و وروژانوویانن تا بیانگەزن.. باسی قارتاجییەکانیان بۆ کرد کەچۆن هەردوو لاقی کڵیلەی هەڵهاتوویان بڕیوە.. یان چۆن ئاشووریەکان رمیان لەکڵمی دوژمنەکانیان بڕیوەو جولەکەکانیش بەسەرخستنە ژێر ئاوی دوژمنەکانیان، بەکاوەخۆ و بەچەند جارێك خنکاندوویانن. دواجار "ئێکتافیس" بڕیاریدا دەبێت لەمەودوا سەرجەم ئەو ئەشکەنجانە پێکەوە لەسەر نەیارە دەستگیرکراوەکان تاقی بکرێتەوە.. بڕگومان، بەشومار نمونەی دیکەمان هەیە..هەر لەمێژووی کۆنەوە تا ئێستاو..

لقین: وەك دەڵێن جەنگ کاریگەری زۆر وێرانکەر و خراپی لەسەر منداڵان و هەرزەکاران هەیە، بەبەراورد لەگەڵ گەورەکان..ئەوە لەسەرەتاکانی جەنگی "ئێراق-ئێران"-دا و دواتریش تاکۆتایی جەنگەکە، چ یادەوەرییەکی لا جێ هێشتوون؟

یوسف عزەدین: لەسەرەتاکانی جەنگەکەدا، ئەوەندەی کەفام و ئەقڵم بەدنیا دەشکا، وەك زاتێکی تەنها و دووڕە پەڕز دەمڵوانییە هەموو

ئەوەی کەووێدەدا، واتە زۆر ئاگام لەقسەو باسی نێو کێ و کێمەکان نەبوو، سەبارەت بەو جەنگە خوێناوییە.. یان ئەگەر گوێشم لێ بێبایە.. پێنەدەچوو باش لێی حاڵی ببام.. وەختایەك بیر لەو دەمانە دەکەمەوە، نازانم بۆ زیاتر هەست بەهەور و تەم و بارینی بەردەوامی باران دەکەم، بارانێکی تێکەڵا بەبۆنی ریشێەی رزیوو، بارانێکی رەش و نامۆ… بیرمە لەسەرەتاکانی ئەو جەنگە شوومەدا، لەیەکێك لەو ئێوارانەی کەلەقوتابخانە دەگەڕامەوە.. پێم نا بەکەلاکی تێپیووی جرجێکی گەورەی گەنیوودا.. چ قێزەوون و ناخۆش بوو..بەتایبەت کاتێك ناوەخن و هەناوی جرجەکە تاکێکی پڕاوەکانمی سواغدا.. بڕێکی زۆری گۆشت و کلك و هەناوی جرجەکەم لەگەڵ شەقاوەکانمدا، تامەودایەکی زۆر بردو ماوەیەکی زۆر بەلێواری شۆستەیەك هەوڵی پاککردنەوەی تاکە پیسبووەکەی پڕاوەکەم دا…

لقین: کەواتە هیچ ئاسۆیەکی گەشبینانە بۆ نەمانی تۆندوتیژی لەئارادا نییە؟

یوسف عزەدین: دەرکەی پرسیار و گەڕان بەشوێن هۆکارەکانی سەرجەم ئەو کوشت و کوشتارانەی مرۆڤ پێی هەڵدەستێت، چ بەتەنها و چ بەکۆمەڵا، واڵا و لەسەر پشتە!؟ ئارەزووکردنی تۆندوتیژی و حەز و خواستی لەناوبردن، هەندێك جار هێندە سەیر و سەمەرەیە، نازانیت چی دەرحەق بڵێیت!.. لەساڵی 1958-دا لەیەکێك لەشەقامەکانی "نیومەکسیکۆ"دا، پیاوێك بەناوی "نۆرمان فڵز" ئۆتۆمبیلەکەی رادەگرێت و تفەنگی راوکردنەکەی دەردەهێنێت و دوو منداڵی مەکسیکی دەکوژێت، لەکاتێکدا لەقەراغ شەقامەکەدا خەریکی گەمە کردن بوون.. کاتێك دادگاییان کردو لێیان پرسی بۆ ئەمەت کرد، گوتی ویستوومە ئاستێك بۆ بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان دابنێم..لای خۆشمان ساڵانێك لەمەوپێش مێردمندااڵێك سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی خۆی کوشت، بەخوشکە بچوکەکەشیەوە، کاتێکیش لێی دەپرسن بۆ کوشتت، لەوەاڵمدا دەڵێت، بەزەیم پێدا هاتەوەو نەمویست بەتەنها بمێنێتەوە.. لەهەمووشی سەیرتر پاش ئازادبوونی ئەو بکوژە مێردمنداڵە لەزیندان، بەکوشتنی باپیری زنجیرەی کوشتنەکانی تەواو دەکات.. چەند راستە نازانم، بەڵام فرێید پێی وابووە، هەر لەسەرەتاوە کردەی بایۆلۆژی، کاریگەری زۆری لەسەر خوو و رەوشتی مرۆڤ هەبووە، چونکە بەڵای ئەو مرۆڤ لەچاو ئاژەڵە شیردەرە قەبارە گەورەکانی تردا، ماوەیەکی کەمتر لەمنداڵدانی دایکیدا دەمێنێتەوە.. واتە بەناکامی لەووی سایکۆلۆژییەوە لەدایك دەبێت وبەمەش واقیع کاریگەری زۆر تۆندی لەسەری دەبێت.

لێین: تا چەند سەرچاوە مێژووییەکان، بەدرێژایی مێژووی کۆن و نوێ، بەتایبەتیش لەگوزانەوەی رووداو و بەسەرهاتەکاندا راستگۆ بوون؟

یوسف عزەدین: تۆ وەرە باوانە مێژوونووسێکی وەك "هیرۆدۆت" کەدەرئەنجامی گەشانی بەزم وڕات و کیشوەردا، زانیارییەکی زۆری سەبارەت بە میللەتان و وڵاتان نووسیووەتەوەو لەوانەش خستنەڕووی زانیارییە سەبارەت بەحوکمڕانی و بوونی مێژوویی مادەکان.. "ئیگۆر میخائیلۆڤیچ دیاکۆنۆف" لەنووسینی کتێبی ماد-ەکاندا سوودی لێوەرگرتووە..بەڕام بەدرێژایی مێژوو، لێرەو لەوێ کەسانێك بەرپەرچی هیرۆدۆت-یان داوەتەوەو راستی و دروستی زانیارییەکانیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە، تا دەگاتە "هیوزینگ" کەلەسەدەی بیستەمدا زۆر هەوڵیدا، باس و خواسی سەبارەت بەمادەکان-ی هیرۆدۆت بەدرۆ بخاتەوە.. کۆنترین هەوڵدانیش بۆ دژایەتی و بەدرۆ خستنەوەی هیرۆدۆت، لەلایەن کتسیاس-ەوە کراوەو بەناوبانگترین کتێبی مێژوویشی بەناوی "پرسیکا" نووسیوە..ئەم زاتە وەك دەڵێن پزیشك بووەو لەپاش زایێندا لەلایەن ئێرانییەکانەوە بەدیل گیراوەو سەرەتا براوە بۆ دەرباری داریوشی دووهەم و دواتریش حەڤدە ساڵی لەدەرباری ئەردەشێر-دا بردۆتە سەر و بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵا گریکەکان سوودی لێوەرگیراوە.. دیاکۆنۆف سەبارەت بەکتسیاس ئەوە دەخاتەڕوو، کەهیرۆدۆت هەر شتێکی بەسپی باس کردبێت، ئەوە کتسیاس کردوویەتی بەهەش و بەپێچەوانەشەوە، یان ئەگەر بەتەواوی لەڕووداوێك حاڵی نەبووبێت، ئەوە لەخۆیەوە شتی نووسیوەو هەر ناوەکیشی نەزانیبێت یان لەبیری چووبێتەوە، ئەوە هەر لەخۆیەوە ناوی شوێنکی تری بۆ داناوە.. کتسیاس رك و کینەیەکی زۆری دەرحەق بەهیرۆدۆت هەبووەو بەناو و شوهرەتی گەلێك قەس بووە، بۆیە هەرچییەك ئەو وتبێتی، ئەم پێچەوانەکەی وتووە.. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، هەر لەسەرەتاوە نووسینەوەی مێژوو، چەند ناڕاست و خوار و خێچ بووە.. "پلوتارك" یش مێژوونووسی سەدەی یەکەمی زایینی، هەر بەتایبەت کتێبکی دژ بەهیرۆدۆت نووسیوەو ناوی ناوە"بەربەرپەرست".. چونکە پلوتارك و هاوچەشنەکانی لەسەنگەو دیدگەیەکی رەگەزپەرستانەوە مێژوویان داتاشیوەو گەلانی غەیرە گریکی و ڕۆمانییان بە بەربەر و دڕندە وەسفکردووە.. هەن پێیان وایە هیرۆدۆت بۆلایەنانە مێژووی نووسیووەتەوەو هەشن پێیان وایە بەئارەزووی دەسەڵاتدارنی ئاتن، مێژووی هێنیوەتەوە.

لێین: ئەمەی تۆ باسی دەکەیت، وامان لێدەکات هیچ باوەڕکمان بەنووسراوە مێژوویییەکان نەمێنێت و بەتایبەتیش کتێبە دیراسییەکانی

مێژوو، کەمەنهەجییانە لەقەناغەکانی خوێندندا وەك بەگەنەویست ئەقڵی خوێندکارانی پێ سیخناخ دەکرێت؟

یوسف عزەدین: بەڵی ساختەکارییەکانی نێو کتێبە مێژووییەکان، گرفتێکی مەعریفی زۆر گەورەیە.. ئەمە لەبواری زانستییەکانی تریشدا دەبینرێتەوە، هەر بۆ نموونە ساڵانێکی زۆر هەوڵدرا لەووی فیزیکی و بایۆلۆژییەوە، رەگەزەکانی مرۆڤ جیابکرێتەوە، کەکەمەڵە زانایەك پێیان وابوو، رەگەزی ئەفەریقی هەمساییا-یەو ئاسیا-یەکانیش لەهەگەزی هەمۆ ئیریکەس-ن و ئەروپاییەکانیش لەهەگەزی نیاندرتاڵ-ەوە هاتوون..بەڵام ئەمە تاساڵی 1987بۆیکردوو زانای بایۆلۆژی"بۆرکی"لە"کالیفۆرنیا" بەشیکارکردنی "دی.ئێن.ئەی" رەگەزە جیاوازەکان، سەلماندی کەهەر هەموو مرۆڤایەتی لەیەك بنەچەی مرۆقەوە هاتوون و سەرچاوەکەشی ئەفریقایە..شایانی باسە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەشدا، لەبەشە ئەمانییەکەی باشووری ئەفەریقادا، بەگەنامەیەك سەبارەت بەژمارەی ئاژەڵە شیردەرە کوژراوەکانی ئەو سنووورە جوگرافییە نووسراوەو جێی سەرنجە کوژرانی چوارسەد مرۆقی ئەفەریقی لەژێر ناونیشانی"دانیشتووانی دارستانەکان" لەهەمان ڕاپۆرتداو وەك توخمێك لەئاژەڵ جێکراوەتەوە.

لقین: بۆیە دەبێت هەردەم لەپێناو ساغکردنەوەی ڕاستییە مێژووییەکاندا، لەگەڵانی بەردەوامدا بین؟

یوسف عزەدین: دەبێت لەگەڵانی بەردەوامدا بین، بەڵام جیاواز لەو گەڵانە بەردەوامەی زانای دکۆمێنتە کۆنەکانی ئەمان "کۆستانتین چیندرۆف" کردی، پاش چەند سەفەرێکی بۆ میسر ساڵانی 1844و1853و پاش مایەپووچبوونی لەدزینەوەی تێسکتە کۆنە ئاینییەکانی تەورات و ئینجیل و هاوچەشنەکانی، دواجار لەساڵی 1869دا دنیای سەرسامکرد بەدزینەوەی دەستنووسێکی کۆن لەکۆسایەکی میسر و بەو پێیەی کەنیسەکە ئەرسۆزکسی بوو، لەلایەن تزاری ڕوسیاوە کۆمەك دەکرا، هەر بۆیە دەستنووسەکەی پێشکەش بەتزار کردو ئیدی بووە ئیعجابی هەموو ئەوانەی بۆ سەیری دەچوونە شاری پوتروسبۆرگ و تا دواجار بەلشەفییەکان لەساڵی 1933دا بەمەبلەغێکی خەیاڵی بەبەریتانیا-یان فرۆشت و دەرکەوت ئەو دەستنووسە تەنها بریتی نییە لەتەورات و ئینجیل بەکو "ئینجیلی بەرنابا"ش لەخۆ دەگرَت، کە لەلایەن کۆساوە لەسەدەی سێیەمی زایینییەوە قەدەغەکرابوو.. لەکاتێکدا ئەمەو چەندین بەگەی تر، ڕاستی و دروستی دەستنووسەکەی دەسەلماند.. بەڵام زاتێکی وەك "کاممایر" پاش گەڕان و وردبوونەوە

توانی ساختەبوونی دەستنووسەکە کەشف بکات، کە چیندرۆف لەگەڵی قەشەیەکی گریکیی تەزویرچییەوە، بەناوی "سیمونیدس" ئەم تەزویراتەی کردبوو، ئەو زاتە یەکێك بووە لەو تەزویرچییە زۆر شارەزایانەی، کەبۆ بەدەستهێنانی پارە دەیان تێکست و دەستنووسی تەزویر کردبوو.. ماوەتەوە بڵێین " کاممایر" یەکێکە لەو رەخنەگرە بەتوانایانەی کەلەساڵی 1889لەدایك بووەو لە 1929دا کتێبی "تەزویری گەردوونیی مێژوو"ی نووسی، بەڵام هیچ دەزگایەکی چاپ و باڵاوکردنەوە بۆیان باڵاونەکردەوە.. چ نازییەکان دژایەتییان کردووەو چ دواتریش کاتێك لەئەڵمانیای دیموکراتیدا دەژیا، شیوعییەکان.. تا لەساڵی 1959دا بەبێکاری و لەبرساندا سەر نایەوەو مرد.. ئەم پیاوە خاوەنی هیچ بڕوانامەیەك لەمێژوودا یان پسپۆرییەك نەبووە، بەڵام کارەکانی هەموو رونــاکبیرانی ســەسامکردووەو بۆ خۆی وتــویەتی:" لەپێنــاو پاڵنەرە رووناکبیرییە رەسەنەکاندا دەنووسم، چونکە مێژوویەکی تەزویرکراو ترسناکە بۆ شارستانییەت و کلیلی هەڵەمان دەداتە دەست و دەبێتە مایەی خوێقاندنی مەعریفەو هۆشمەندییەکی هەڵخەڵەتێنەر، کەبەخۆرایی دەبێتە سووتەمەنی کۆشمانکۆشەکانی داهاتوو".

***لەژمارە"343"2016-12-15ی گۆڤاری لڤین-دا باڵاوبۆتەوە.**

ناساندن

یوسف عزەدین

ڕۆمانناووس و نووسەر

لەساڵی 1990-1991زیندانی بووە لەمودیریەتی ئەمنی سلێمانی سەردەمی ڕژێم"ناسراو بەئەمنە سوورەکە"و پاش ئەوەی خۆی و هاوڕێکانی فەرمانی گوللەبارانکردنیان بۆ دەردەچێت ، کەدەبوو لە21-3-1991دا لەمەلعەبەکەی سلێمانی گوللەبارانبکرێن..بەڵام ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بووە لەمپەر و لە بەرواری 8-3-1991 پاش شاڵاوی خەڵکی ڕاپەڕیوو بۆ ئەمنەسوورەکە ئازادکرا.

یەکێکە لەو ناوانەی نەوەی نووسەرانی پاش ڕاپەڕینیان پێدەوترێت و هەوڵی زۆر جدیی هەیە، چ لەبواری ڕۆماننووسینداو چ لەبواری تەرحی فیکری و بگرەو بەردە فەلسەفییەکاندا وەك لەدیالۆگ و گفتوگۆکانیدا دیارە، ئەم سەرقافڵەو پێشەنگی ژمارەیەك دەنگ و ناوی جدییە.. بەڵام بەپێچەوانەی زۆر لەو دەنگانەی کەهەمیشە لەبەرچاوان و دەور قەرەباڵغن.. نووسەرێکی تەنها و دوورەپەرێزە، هیچ تێکەڵیی و خوێقی نێوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سەنتەر و کایەکانی تری نییە.. ڕەنگە ئەمە لەوێوەکەوە باش بێت، چونکە کەس هۆندەی نووسەر پێویستی

بەتەنهایی و دوورە پەرێزی نییە.. بەڵام مەخابن لەڕوویەکی تریشەوە کارێکی خراپە بۆ نووسەر، بەتایبەت بۆ وەسەتە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی لای خۆمان.. چونکە ناساندن و خۆ بردنە پێش و پشتگیری ئەملاو و ئەولا، گەرەنتی بەرەوپێش چوون و ناساندن و بڕەودانە بەنووسەر و بەردەوامبوونی چاپکردن و ریکلام بۆکردنی کتێبەکانییەتی، ئیتر ئەگەر زۆر لەنووسەران عەوداڵی ئەم گەمەیە بن، نووسین پێپلیکانەی چوونە سەرەوەو زیادبوونی ئیعتیباری کۆمەڵایەتی و بەدەستهێنانی دەستکەوتی مادیی و هەندێك شتی دیکە بێت لای هەندێك لەنووسەران.. ئەوە لای "یوسف عزەدین " بەجۆریکی ترەو لای ئەو نووسین و بیرکردنەوەو خوێندنەوە، مانایەکی جوداو جیاوازتری هەیە، لەو مانا سەرزارەکی و سەتحییانەی کەنۆوەندە فەرمی و تەقلیدییەکانی ڕۆشنبیری و نووسین تێیدا چەقیوون.

ئەم نووسەرە چەند زمانێك دەزانێت، لەوانە زمانی تورکی و عەرەبی بەباشی دەزانێت، چ بۆ نووسین و چ بۆ وەرگێڕان.. کۆمەڵێك بابەتی وەرگێڕدراوی لەزمانی تورکی و عەرەبییەوە هەیە.. بابەتی نووسراو و بڵاوکراوەی بەزمانی عەرەبی هەیە، کەلە کۆمەڵێك ڕۆژنامەو سایتی عەرەبیدا بڵاوکراونەتەوە.

نووسەر و وەرگێڕی مەغریبی "سەعید بلغربی" کۆمەڵێك تێکستی ئەم نووسەرەی لەزمانی عەرەبی-یەوە کردۆتە ئەمازیغی و لەدوو توێی کتێبێکی سەربەخۆدا لەمەغریب بەچاپی گەیاندووەو شایانی باسە ئەمە یەکەمین جارە تێکستی کوردی بکرێتە ئەمازیغی و لەدوو توێی کتێبێکدا چاپبکرێت.. بەتایبەت مەغریب وڵاتی نووسەرانی بەتوانای وەك "تاهیر بن جەلون"و "محەمەد زفزاف"و"محەمەد شوکری"یەو خاوەن خوێنەرانێکی جدییە.. هەروەها ئەم کتێبە بۆتە ماتەیاڵی دیراسی کۆلێژی ئادابی یەکێك لەزانکۆکانی مەغریب و وەك وەرگێش لەچاوپێکەوتنکیدا ئاماژەی پێداوە، ئەو خێی لەنۆو کۆمەڵێك تێکستی ئەدەبی وەرگێڕدراوی کۆمەڵێك نووسەری کورددا، بەبۆ ناسینی خودی نووسەر، تەنها تێکستەکانی یوسف سەرنجی ڕاکێشاوەو سەرسامی جدییەتی بووەو هەر بۆیە ماوەیەکی دوور و درێژی بۆ وەرگێڕان و پاشان بەچاپ گەیاندنی تەرخان کردووە.

کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر

دیوێکی دیکەی حیکایەتە نەنووسراوەکان/ڕۆمان/چاپخانەی شڤان-سلێمانی2006

تەنها ڕۆژێکی سارد/ڕۆمان/دەزگای موکریان/هەولێر/2008

پەخەفەك لەخوەن/هونەری گەانەوە/دەزگای ئاراس/هەولەر/2008
ماجەراکانی سەلمانی فارسی/رەمان/یانەی قەەم/سلەمانی2009
وەگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان/ رەمان/بەوەبەرایەتی چاپ و بەاوکردنەوەی سلەمانی/2009
وەهم و شوناس/ گفتوگەو وتار/چاپخانەی یاد/ سلەمانی/2012
کەتاییەکان/ئەنفارار/ هونەری گەانەوە-سردیات/بەزمانی ئەمازیغی-دار کەبەدانی-مەغریب2015

گەر "مەن" مەن نەبەم، "تە"ش تە نی!؟ ... برایم فەشی

پاش تاقیکردنەوەکانی بواری نەیرەلەژی لە مە دەوری بیەلەژیکی مەشک سەبارەت بە ئاکاری مرەڤ، ئەم پرسیارە کەشراوەتە ناو باسی فەلسەفە "کە ئایا مرەڤ وەک تاک بەرپرسیارە لە ئەنجامی ئاکاری خەی؟" ئایا هەر کام لە ئەمە کە بە پەی تەگەیشتنی فەلسەفی، بە مەنتقەوە گرەدراوین وبە مرەڤی ئاگابەخە و ئاگالەخە، دەناسرەین و کەسایەتیمان لە وشەی "من"دا دەنوەندرە، مرەڤگەلەکی ئازادیین و "خەمان" بەیار دەدەین؟ یا لە ئەمەی مرەڤیشدا چەشنەک ئەتەماتیسم، دەور دەگەە و "من" لە مرەڤدا، کەشفی ئینسان خەیەتی کە بە ناوی فەلسەفە، دایهەناوە بە ئەوەی مانایەکی جیاواز لە زیندەوەرانی دی، بە خەی ببخەشە ؟
گەر ئەم تەگەیشتنە، کە مرەڤ بە "ئاگابەخە و ئاگالەخە" دەزانە، هەە بە، کەمەگەای ئینسانی ەووبەووی پرسیارەکی بنەەتی دەبەتەوە. ئینسان لە سەر ئەو تەگەیشتنە کە "مرەڤ خاوەنی تەگەیشتنە و ئاگابەخە و ئاگالەخەیە" و بەرپرسی کار و ئاکاری خاس و خراوی خەیەتی، مامەەی لە گەە خەی کردووە و دام ودەزگای داد و دام ودەزگای تری بە جەزادانی "من"کانی ئاگابەخە، دامەزراندووە. گەر لە سەرووی "من"ی ئاگابەخە و ئاگالەخە، دەزگایەکی تر هەبە کە بەیاردەری سەرەکی بە، دوور لە "ئیرادەی من"، "من"ی "ئیرادە بەخە" چ دەورەکی بە دەمەنەتەوە، کە ئەو لە ئاژە جیا کاتەوە؟!

گەر ئەم تەگەیشتنە بسەلمەندرە، کە "مەن"ی ئاگابەخە و ئاگالەخە

بوونی نییە، کە لە "من"دا وەک ئینسانی جیاواز لە ئاژەڵ بوونی هەیە؟ گەر ئینسان و باقی زیندەوەران، بەستراوە بە ئەتەماتیسم بن، کە هەنگاو بە "سرووشتی" لە قەڵەم بدرێ، بوونی فەلسەفە بۆچییە؟ ئەو ئەتەماتیسمەی کە لە ناو ئاژەڵاندا هەیە، شەڕ، بەبەر، پەنگ گەر هەمان بڕت کە لە ئینساندا دەور دەگێڕێ، چ جیاوازییەک لە نێوان "ئینسانی بوونەوەر" و "گیانداری نەبوونەوەر"دا دەمێنێتەوە؟
ئەم پرسیارانە و پرسیاری تر، لە دەیەی هەشتای سەدەی بیستەوە بە سەر فەیلەسووفەکاندا دەبارێ، بە بە ئاوەی وەامیان بەی هەبووبە. فەلسەفە تا ئێستا توانای ئاوەی هەبووە، ئینسان جیاواز لە هەموو زیندەوەرانی تر بناسێنێ، ئێستا نەیرەلەگی قسەیەکی تر دەکات و زانیاری و تێگەیشتنی نوێ دەخاتە بەردەست. وا چەند ساڵێکە فەلسەفەخەی لە گەڵ زانیاریەکانی نەیرەلەژی تازە کردەتەوە و دەنگی نوێی جیاواز لە فەلسەفە و "نەیەفەلسەوە" دەبیسترێ.

"لە زانستگاکان باس لەوە دەکرێ کە فەلسەفە ئیتر بە یارمەتی کتێبخانەکان بەئاوەنابردرێن. زانستکارانی بەشی زانستەکانی دەروونناسی لەوە گەیشتوون کە دەبە خەیان بە زانیاریەکانی لابراتواری نەیرەلەگی تەیار بکەن، بە ئاوەی وەپاش نەکەون. ئەوان لەوە گەیشتوون کە لەکەلەران و نەیەلەگەکان بەو زانیاریانەی کە لە سەر مەشکی ئینسان پەیدایان کردووە، لە وەامی پرسیارە فەلسەفیەکان کە ماوی ٢٥٠٠ ساڵە تاوتە دەکرێن، نزیک بوونەتەوە! ئێستا خوەندکاری فەلسەفە ئەم پرسیارە لە خەی دەکات کە ئایا مرۆڤ خاوەنی -ویست و ئیرادەی ئازاد-ی خەیەتی؟" ئایا مرۆڤ ئاگایانە هەڵسوکەوت دەکات و بەیار دەدات؟ ئایا "من" کە لە فەلسەفەدا دەوری سەرەکی بە ئیسبات بوونی کەسایەتی "من" دەگێڕێ، بوونی هەیە، ئەو "من"ە کە فەلسەفە و زانستی دەروونناسی دەیناسێنن، چۆن دەسەلمێندرێ؟ "من" کەم؟

زانستی نەیەلەگی، بەو تاقیکردنەوانەی کە لە سەر مەشک کراوە و دەکرێ، گومان دەخاتە سەر ئەم بۆچوونەی فەلسەفە کە"من"ی بەیاردەر لە مرۆڤدا هەبە، کە بەرپرسیار بە لە بەیاردان. نەیەلەگی و نەیەفیلەسووفەکان پەیانوایە، بەیاردەر مەشکە کە پرسەیەکی چەوپە دەپەوە. "پازدە میلیارد خانەی مەشک(نویرۆن) و ٥٠٠ بلیۆن سیناپس ئەو ئیمکانە دەخەسڵێنن، بە ئاوەی ئەمە بە پەکاندنی مەبەست بیربکەینەوە و وەبیربهێنینەوە!" ئەمەش هەر بە پەی تاقیکردنەوەی نەیەلەگی بەر لە دەربەینی بەیاری"من" لە مەشکدا سەر دەگرێ.
"پازدە میلیارد نەیرۆن، هەزاران پەوەندیی لە نێوان خەیاندا پەک

دەهنن و بم چشنە تەکی چیی پە لە پوندی ساز دەکەن. نەیەلەگەکان بە یارمەتی بەهزترین میکرەسکەپ کە یەک بە دەهزار گەورەتر نیشاندەدەن، دەتوانن بینەری کاری نەیرەن و سیناپس و ئەو پەوندیانە بن و تەنانەت مەودای پەوندییەکان ئەندازە بگرن، کە بە ٥٠٠ هەزار کیلەمەتر مەزەندە دەکرە، واتە دوورتر لە مەودای نەوان مانگ و زەوی."

نەیرەلەگی بە پەی ئیمکانی زانستی، تەکنیکی، فەننی کە بەکاری دەهنە، زەرترین زانیاری لە سەر کار و میکانیسمی میشک و دەور و ەەی دەداتە دەست، چ دەوری ئەرگانیک و چ ماوەرای ئەرگانیک، وەک هەست و بیر و تەگەیشتن و هەموو لەهاتوویەکان کە مرەڤ هەیەتی. تاقیکردنەوە و پشکنین لە مەر ناسینی زەرتری مەشک بەردەوامە، پرسیارە بەوەامەکانی ئینسان کە لە فەلسەفەدا باس کراون، ئیمکانی وەامدانەوە پەیدا دەکەن، بەەام نە لە ەەگای تەفکرین و تەگەیشتنی فەلسەفە و تەزەکانی فەلسەفەوە، بەەکوو لە ەەگای نەیەلەگی و ناسینی بیەلەژیکی ئینسان خەیەوە.

ئینسان لە ەەگای هەنانە گەەی پرسیار بە ناسیینی خەی و تەگەیشتن لە بوون و نەبوون بە فەلسەفە و تەگەیشتنی فەلسەفی گەیشت و خەی لە گەە فەلسەفە و پرسیارکردن و پەیداکردنی وەام خەریک کرد. بەرپرسی ماکس پلانک ئینستیتەتی فرانکفەرت، ولف سینگەر دەبەژە:" ئیدەی بوونی ویستی سەربەخە و ئازاد لە لای ئینسان، دەبەتە ئیلیزیەن(تراویلکە) گەر مرەڤ قەبووەی بکات، کە هەموو ئەنجامەکانی مەشک لە سەر پرەسەی نەیرەنەکان ساخ دەبەتەوە. لە ژەر تاقی کاسە سەری ئینسان، هەمان قانوون بەەوە دەچە کە ئەستیەکان دەسووەنە و دە وە گەە دەخات."
بەو پەیە گەر تەزی سینگەر بسەلمەندرە و کاریی مەشک و دە یەکسان بن و پەیەوی هەمان قانوونی نائیرادی بن کە ئەستەرەکان دەسووەنن و شەو و ەەژ بەدوای یەکدا دەهنن، هیچ مرەڤەك بەرپرس نابە لە هەر کار وئاکارەک کە ئەنجامی دەدا.
هەرچەند بەچوونی سینگەر و سینگەرەکان ەەنگە ببنە هەی وەامی پرسیارگەلەک لە ەەگای تاقیکردنەوەکانی نەیەلەگی، بەەام کەمەەک پرسیاری نوەی فەلسەفی لە گەە خەیان دەهنن، کە ئینسان خەی پەوە خەریک دەکات. ئیسپاتی تاقیکردنەوەکانی نەیەلەگی، نەک بە تەنیا فەلسەفە، بەەکوو بەیس وبنەوانی ئایین، باوەی ئایینی و خودایی هەدەتەکنە.

گەلەک تاقیکردنەوە ئەنجام دراوە بە ئەوەی بزاندرە،کە ئایا مرەڤ

بە ئەنجامی جوڵەیەک، دەربەینی هەست و هەوەستە و کارێک، بە پێی "زەمیری خودئاگا"ی خۆی کە لە بووەنی "من"دا خۆ دەنوێنێ، دەجوڵێتەوە، یان بەر لەوەی ویستی بەخۆئاگا، بیار بدات، مێشک بیاری داوە و "من"، نە بیاری ئیرادەی خۆی، بەڵکوو بیاری مێشک بەجێ دەگەیەنێ؟
تاقیکردنەوەکانی مێشک لە ڕێگای سیستمی کامپیوتەری و پڕۆگرامی تایبەتەوە ئەنجام دراون و دەکرێ بە وردی و دەقیقی ئەنجامەکانی مێشک ببیندرێ و ئانالیز بکرێ، ئاکامی ئەم تاقیکردنەوانە ئەوە دەردەخەن کە نەیرلەگی باس لە دەستپاتی ئۆتۆماتیکی بیاردەر دەکات، واتە مەیل و ویستی ئازادانەی "من" دەربەی بیار نییە!

گەر ئۆتۆماتیسمی گەردوون و کائینات، کە دەبێتە هۆی گەیانی زەوی، سووڕانی ئەستێرەکان و تیک تاکی دە، هۆی ڕاستەقینە و مۆتۆری جوڵە و بیاردان و نەدان بێت، کەوابێ فەلسەفە دەبە ڕەنگدانەوەی تاقیکردنەوەکانی نەیرلەگی بێ! بۆچی فەلسەفەی ڕەژئاوایی بنەمایەکی نوێ ماتریالگەرایی بەخێوە دەگرێ و مێشک وەک ئۆرگانێک کە میلیاردها خانە و بلیۆن سیناپس لە خۆی دەگرێ، دەکاتە ناوەندی تێگەیشتن لە ئینسان و فەلسەفە!
"مرۆڤ دەتوانێ بە پێی وزە و مەنتقی خۆی لە بارودۆخی دیاریکراو، هەوەستی ئازادانەی جیاواز لە خۆی بنوێنێ. هەرچەند مەیدانی "ئۆتۆنامی سرووشتی" بە بیاردانی بڕپرسیارانەی ماموکردنیشی هەبێ. لەم پەیوەندییەدا، مرۆڤ بەی هەبوو، لەهاتوویی ئازادانەی خۆی بەکار بهێنێ"
ئەمەی سەرەڕای بوونی هەنریک والتەر فیلسووف، دەروونناس و نەیرلەگ بوو، کە ئەبەت ئەو پێیوایە نەیرلەگی دەربەینکەی "بابەتیانە"یە، نە فەلسەفی و ئۆخلاقی. بەو مانایە کە "دزێو و خاس" دوو تەوەری تەواو وکەماە(موتڵەق) نیین. ئەو دەڵێ " ئیمکانی ئەوەی ئەوە ڕەژەک لە ڕەژان کەسێک بکوژن، بەرانبەر سیفر نییە." واتە ئەو ئیمکانە لە هەر مرۆڤێکدا هەیە.

ئەوەی کە ئایا بەکارهێنانی تووندوتیژی دژ بە کەمەگا و کەسان پێویستە بە پاشخانی بیەڵژیکی و لە سرشت و سرووشتی ئینسانەوە سەرچاوە دەگرێ، با وەک پرسیارێکی ئاوەڵە بمێنێتەوە، بەڵام گەر بسەلمێندرێ زەر لەو چەمکە ئایینی-فەلسەفی- حقووقی- ئۆخلاقی-کەمەایەتیانە، مانایان نامێنێ.
تەماس مەتسینگەر دەرسوڕی تئۆری فەلسەفە لە زانستگەی ماینز،دەبێژێ:" من بیرم لەوە کردۆتەوە، چ دەبە، گەر ناوکی

جەکەوتووی "من" بوونی نەبە، بەکوو تەنیا وەنەیەک هەبە لەوەی ئەمە خەمان لە تەکبچە؟ ئەوجا ئەمە وامان پەدە وەک نەخەشی ئانتەن() کوەر دەمەنینەوە لە بەرانبەر بوونی خوودی خەماندا و تەگەیشتنی تەرسە لە خەمان پەیدا دەکەین. " واتە گەر بیرکردنەوەی مەتسینگەر بەاست دەربە، "من"ەکی ئاگا بە خە، نامەنە.
هەروەک دەبیندرە، مەتسینگەر سەرەای ئەوەی بیر لە نەبوونی "ناوکی جەکەوتووی -من-" دەکاتەوە، لە بەرانبەردا باس لە "ئەمە" دەکات، کە کەی"من"ەکانە، واتە "من" وەک "من"، "تە" وەک "من"، کە هەرکیان "من"ن. کە وایە پرسیاری بوون و نەبوونی "من" و بوونی" ئەتەماتیسم" بەردەوام دەمەنە و ئەم باسەش درەژە پەیدا دەکات. هەرچەند زەر نیشانە لە ژیانی ئەمەدا بە ئیسباتی زاەبوونی ئەتەماتیسم دەبیندرە، هەتا زاەبوونی ئەتەنەمی "من"!

برایم فەشی
١/١/٢٠١٧

فتوای کوشتن بە ەخنەگرانی ئیسلام … ژیلوان شەش محمد ساەح

لەم ووتارەمدا تیشك دەخەمە سەر ئەو هەەشە نا مرەڤانیەی کەلەلایەن موسوەمانە کەنە پەرستەکانەوە دەکرەتە سەر نوسەرانی ئاینی و شارەزایان لە بواری ئاینەکاندا بە تایبەت ەخنەگرانی دینی ئیسلام,کە هیچ بوارەك بە بیرو و ەای ئازاد و فکری جیاواز ناهەەتەوە,تەنها بیرو باوەی خەیان دەسەپەنن بەسەر کەسەکاندا,ئەوەی بیر و باوەی جیاوازی هەبەت و ەخنەیان لە بگرەت و بەر پەچیان بداتەوە,کافر و مولحیدەو کوشتنی حەا دەکەن,بە بیر و بەچوونی خەیان دەسەاتدار و فەرمانەواو خاوەنی هەردوو دونیا هەر خەیانن بەام زوەمیان لە کراوەو ئازادییان لە زەوت کراوە.
ئازادی لای ئەمان سەربەین و بە کەیلە کردنی سەکسی ئافرەت و بە تاەانبردن و ماوەران کردنی کەسانی غەیری خەیانە,ئەمەیە ئازادی و ماف لەتان زەوت کراوە, دیکتاتەر و توندەوی ەاستەقینە حەتانن,شاەاو دەبەن بە عەلمانیەت و دەوەتانی دیموکراسی خواز بە

کافرو و زەوتکردنی مافەکانتان ناویان دەبەن,لە کاتێکدا زۆرێك لەم کێنە پەرستانە لە ژێر ئاڵاو باوەشی عەلمانیدا خەیان حەشار داوە,نمونەش بێ ئەمە مەلا کرێکار ئەمیری پێشووی ئەنسارولئیسلام کە لە ئەوروپا نیشتەجێیەو هەر لە باوەشی ئەواندا قسەی زل زل ئەکات لە بەردەم شاشەی کۆمپیتەردا,فتوا دەردەکات بێ کوشتنی ئەم کەس و ئەو کەس و بە ئاشکرا پشتگیری تیرۆر دەکات,بەڵام لە ژێر ئاڵای عەلمانیەتدا ژیانی پارێزراوە سەرە ڕای ئەمانەش پێیاندا دەشێتەوە, ئەمەیە نمونەی کەسانی ئیسلامیزم.

لە مژووی ئەدەبیاتی کوردی هەر بەم شێوە کە دەڤکی ئەدەبیمان نییە کە ناوبانگی جیهانی (جیهانی مدرن) هەبێت تا هەستاش مانیفستێک نەنووسراوە کە بتوانێ وەکوو مانیفستە جیهانییەکان هەنگدانەوەی لەسەر ئەدەبی جیهانی هەبێت. هەبەت ئەمە کارێکی زۆر دژوارە و لێ توانستی وێژی زرینەی نێوەکاندا نییە چ بگاتە ئەدەبی لاوازی کورد!. هی ئەو کەم و کرێانە زۆر هەو لایەن دەگرێتەوە کە لەم وتارەدا جێگای باسی نییە. بەڵام ئەگەر سرنج بدەینە مژووی ئەدەبی کوردی، چاومان بە چەند دەڤکەوێت کە بەناوی مانیفستی ئەدەبی بۆاو بوونەوە و ساڵانکیش لەلایەن نووسەرانیان دەڤی بۆ نووسراوە و ساحیبی بەرهەمی ئەدەبی بوون. ئەو مانیفستانە تەنیا لە ناو ئەدەبی کوردیدا هەنگ دانەوەیان هەبووە و تەنانەت ئەدەبی دراوسێیەکانی کوردیشیان ژێر کاریگەری خۆیان نداوە. بۆ گومان یەکێک لەم هەیانە دەگەرێتەوە ئەوەی کە دەڤی مانیفستەکان تەنیا باسی باردۆخی کوردستانی کردووە و بنەمایەکی فیکری لە فەلسەفە و زانستی جیهانییان پشتە دیار نەبووە،وە لە لایەکی تریشەوە دەڤکی ئەدەبی لەلایەن نووسەری کورد بەرهەم نەهاتووە کە بتوانێ لە ئاستێکی جیهانی و جیاواز لە مژووی ئەدەبی جیهانی خۆی نیشان دات. بۆ گومان هەروەک باسمان کرد، ئەم کەم و کرێیە هەگەلی جیاوازی هەیە کە بەشکی زۆریان شیاوی باورێ و پاساوی دروستی هەیە.

لەم وتارە بە کورتی باسی سێ مانیفستی ئەدەبی دەکەین کە تاهستا هەر بەو شێوازەی کە ئەدەبی جیهانی مانیفستی

نووسیوه نووسراو و بڵاو کراونەوە و جەماعەتێک نووسەری لە خۆ گرتووە. ئەم وتارە تەنیا ڕوانگەکی مێژووری و شرۆڤەکی کوورتی هەیە بەسەر ئەم سێ مانیفێستە، وە لە هەوڵی خوێندنەوەی ڕەخنەیی بنەما فیکرییەکان یان کەم و کوڕی شێوازی نووسینی مانیفێستەکان نییە. جێگای ئاماژەیە جگە لەم سێ مانیفێستە دەقیتر بە ناوی مانیفێست لە وێژەی کوردیدا نووسراون_ وەکوو مانیفێستی دووهەمی وەران لە فەرهاد پیرباڵ و چەن مانیفێست لە سەباح رەنجدەر _ کە بانگەوازی جیاوازی و نوێخوازی دەکەن. ئەوەی کە ئەم دەقانە دەنە ژێرخانەی مانیفێست یان نا؟، وە هەروەها ئایا لێسەردەمانی داوخان و تێکشکانی گشت کاریزما و «دەقە دەستوورییەکان!!» دیسانەکە مانیفێستە لەم چەشنە، وەکوو ساڵانی هەوڵی سەدەی بیستەم کاریگەری هەیە؟، دەچێتە باسێکی ترەوە کە لە مەبەستی ئەم وتارە کورتەدا نییە. لەم وتارە لەپێشدا بە کورتی فەزا و هێل و مەرجەکانی هەرەمی کوردستان_وەکوو نووسەرانی یەکەمین مانیفێستی وێژەی کوردی_ باس ئەکەین و لە دووایی دەچینە سەر باسی گرووپی ڕوانگە و کفری. لە بەشی کۆتایی باس لە مانیفێستی داکار _وەکوو یەکەم مانیفێستی کوردستانی ئێران_ دەکەین.

نوێخوازی پاش گەران:

قۆناغی یەکەمی نوێخوازی (شێخ نوری ، گەران و…) هەر وەکوو شێعری کلاسیک زیارت خێی لە ڕەمانسیزمێتی شێعری ئەدا و لە بواری ناوەرۆکدا بە هەستی ناسکی شێعر غەنایی دێتە ئاژماردەوە. ڕەمانسیزمێتێک کە لە بازنەی سروشت، نیشتمان پەروەری، ژن و ئەندیشەدا بوو(3). پاش شەڕی جیهانییە کە ئەم ڕەوتە شێعرییە نزیک دەبێتەوە لە ریالیزم. شێوەی ڕەمانتیستی و زیاتر ریالیستی تا ساڵەکانی حەفتای زاینی شێوازی زاڵی ئەدەبی هەرەمی کوردستان بوو و درێژەی تا ئەو ساڵانە(١٩٦٠-٧٠) لەلایەن نووسەرانی ئەدەبی کە زیاتر شاعیر بوون هەیە. بەڕام لە دەیەی حەفتای زایینی گەشەی سیاسی هەرەم، بەدەرکردنی بەیاننامەی یازدەی ئازار کە تێیدا دان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد ئەدات هەڵکی نوێ بە دەرەتان لە فەزای چەق بەستووی سیاسی- کەمەڵایەتی سازدەکات. ئەم فەزایە دەبێتە هۆی بەدی هاتنی چاپەمەنی و گۆڤار و ڕۆژنامەی نوێ کە تا ئەو سەردەمانە هەڵی خە دەرخستنیان نەبوو(4) لە هەمان کات دا یەکیەتی نووسەرانی کورد دادەمەزرێت و چەندین دامو دەزگایی ڕۆشنبیری و ئەدەبی پێک دێت. هاوکات لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانە

بزاڤکی سیاسی نوێ لە ئارا دابوو کە سەرگەرمی پێکهێنانی رێکخستنی نوێ بێ ئاستەرناتیڤکی سەرکردایەتی لە بزووتنەوی نەتەوە خوازی ئۆو دیوی کوردستان بوون. ئەم هەل و مەرجە سیاسییە و گرانکاری ئەدەبی جیهانی لە سەدەی بیستەم بە دەرکردنی چەندین مانیفستی ئەدەبی، دڵخۆک بێ ئەدەبی کوردی بەدی دێنێت کە لە بازنەی (ئەدەبی نوخوازی گران) بێتەدەر. فەزای سیاسی کراوەتر لە لایەن ژمی بەعس و بەدی هاتنی کۆبەندێک لە گۆڤار و رۆژنامە کە باس لە ئەدەبی نوخوازی جیهانی دەکەن، هەستی بەرتەنگی ئەدەبی ئەو سەردەمەی کورد دێنێتە بزوان و بانگەوازی نوخوازی لە قەڵەمی گەلێک نووسەر دێتە ئاراوە.

تازەگەری ئەدەبی ئروپا ئەم جارە نە لە لای ئەدەبی تورک (وەک سەردەمی شێخ سالح و گران بێ نیهزەتی فەجری ئاتی و سەرکردایەتی تەفیق فیکرەت) (5) بەڵکوو لەلایەن ئەدەبیاتی عەرەب بە ئەدەبی کورد گەیشت. مانیفستی 1969ی بەغدا(شاعیرانی عەرەب) و مانیفستی 1968ی شاعیرانی مسری و دەرچوونی کەمەڵە گۆڤاری(الکلمه،الاداب،شعر 69 و مجله الشعر) لە ئەدەبی عەرەب و هەخنه و شعری شاعیرانی نوخوازی وەکوو (یوسق الخال، بدرشاکر السیاب، ئەدۆنیس، ابراهیم جیرا) و ئاشنایی ئەدەبی کوردی لەگەڵ گرانکاری ئەدەبی جیهانی لەم ڕگە، هەڵکی گونجاو بێ نوخوازی پاش گران لە ئەدەبیات هەخساند. ئەدەبی عەرەب لە شەستەکان بە پچەوانەی ئەدەبی کوردی بە کاریگەری شعری لوبنان بەرەوروی گەشکی شیاو ببوە(6). ئەم هەوتە لە ئەدەبی عەرەب و ئاشنایی شاعیرانی کورد لەگەڵ گرانکاری ئەدەبی سەدەی بیستەم و کرانەوەی فەزای سیاسی کوردستان بوو بە هۆی هاتنە ئارایی دوو دەستە و گرووپی شعری نوخواز بە ناوی «وانگە» و «کفری». هەبەت لەکەنار ئەم گرووپانە شاعیرانی وەکوو رەفیق سابیر، پەشۆ، ئەنور قادر محەمەد یان لە ساڵەکانی دوایی گرووپی تەلیعەی هەولر(مەهاباد قەرەداغی، جەلال بەرزنجی، محەمەد عمر عوسمان و..) هەبوون کە کاردانەوەی زریان لە شعری کوردی هەبوو. بەام یەکەمین مانیفستەکانی ئەدەبی کوردی لەلایەن ئەم دوو گرووپە ئاراستەی مژووی وژەی کوردی کران. چەشنک نوخوازی و گەش لە ئەدەبیات دێیەی حەفتا هاتئارا کە ئەدەبیاتی کوردیش هەر بەشوازی ئەدەبی جیهانی ویستی نوگەری و دەربرینی خۆی بە مانیفست ئەنواند. هەر چەند شوازی

تازەگەری دوو گرووپی-وانگە و کفری- هەر لە دۆخ و قۆناغێکی تایبەت رووی دا و لە بەشکی زۆری ئەدەبی دا وێنای یەک ئەکەن بەڵام هیچ کات یەکتریان نەگرت. لە ڕاستیدا ئەم وەک چوونە لە زۆر جێ لە بواری ناوەڕۆک- هەیەکەی دەگەڕێتەوە قۆناغە تایبەتیەکانی مۆژوویی کوردستان.

مانیفێستۆ ئەدەبییەکانی کوردی:
وانگە:

مانیفێستی وانگە لە ژێر ناوی بانگەوازی وانگە بە ناوی «بانگەوازێک لە وانگەی ئەدەبی نوێمان»، بڵاو یەکەم جار لە ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارەی 15، ساڵی یەکەم (25/4/1970) لە (سلێمانی) بڵاو بۆوە. بانگەوازی وانگە لە ژێر دروشمی (وتەی نوێ، بیری نوێ، کرداری نوێ) بە واژۆی شەرکۆ بێکەس،حسێن عارف، جەماڵ شارباژێری، جەلال میرزا کەریم و مەم بۆتان، لێشاوێک لە نووسین و لێکۆلینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی هێنایە ئارا. شەرکۆ بێکەس ئەگەڕێتەوە:"لە دووا بڕاوکردنەوەی بەیاننامەی وانگە لە ڕۆژنامەی هاوکاری خەڵک بۆ خوێندنەوەی ئەم ڕۆژنامە سەفیان ئەکشا"!!(7) هاوکات لەگەڵ لایەنگرانی زۆرینەی ئەم ڕەوتە، جەماعەتێک لە نووسەران کە لایەنگری چەپی کلاسیک بوون، بەرهەڵستی بۆچوونەکانی گرووپی وانگە لە ئەدەبیات بە تایبەتی و بەگشتی چەمکەگەلی سیاسی_کۆمەڵایەتی ئەو نووسەرانە بوونەوە. بە واتایەک ئەم ڕەوتە ئەگر لەلایەن بەشکەوە پەسندکرابوو، لەلایەکیشەوە جەماعەتی چەپی سیاسی بەرەنگاری دەبوونەوە.

وانگە کە دروشمی «ئەدەبیات بۆ هەڵکەوتە(نوخبە)ی» لە قاو ئەدا کەوتە ژێر ڕەخنەی چەپی کلاسیکی ئەو سەردەمە کە ئەدەبیاتی بە شێوازی ئەدەبی ئیستالینی لە بازنەی ریالیزمی سۆسیالیستی و شۆرشگیرانە ئەخوێندەوە و نووسەرانی وانگەیان بە(وردە بۆرژوا) ناو ئەبردو و بیری (روانگەچییەکانیان بە بیری کەم سنووری نەتەوی ئەژمارد. هەبەت ئەم نوخبەگەرایی لە شێعری وانگەدا سیفەتێک بوو کە ڕەخنەگرانیان بە شێعری وانگەیان ئەدا، بەکار هێنانی زمانی ئاسایی خەڵک یەکێک لە شێوازەکانی شێعری وانگە بوو، ئەمە بە باشی لە شێعری (شەقامی کچان)ی شەرکۆ بێکەس دەرئەکەوێت(8). بەگشتی ئەتوانین بڵێین بیرەکانی گرووپی وانگە لەم چەند بیرکەیەدا

کەیەن: (ئەدەبی بەسنووری-جیهانی، بانگەشە بۆ ئەدەبی کوردی هاوچەرخ و مۆدێرن کردنی ئەو، بەرجەستەکردنی بیری نەتەوەیی، باوەڕ بە ئەدەبی هەمەڕەنگ، ئەدەبی دژوەی مۆزوو و سەقام گیر لەسەر بنچینی خۆی، هێنانە ئارای بابەتی رەمزی و سیمبۆلی لە زمانێدا، دەرچوون لە ئاستی تەقلیدی زمانی پێشووی شێعر، هێنانە ئارای وێنای تازە بۆ ناو شێعر). ئەم چەمک و بیرۆکانە لە ئاستی زماندا خۆیان ئێنواند. بە وتەی شێرکۆ بێکەس:"وانگە زەنگێکی ناو زمان بوو یان ڕاچەنینێک بوو لەو جەستەیەدا، هاوارێک بوو بۆ نوێکردنەوە" (7). گرووپی وانگە بۆیان وابوو،«دواجار نابێ شاعیر بە دزەڕەوەی چەند کیشوەرێکی دوژمن و دەست دابنرێت، بەڵکوو شاعیر خۆقەڵەری چەند دنیایەکی نوێیە کە لۆگەڵ ئەو دنیایەدا سازداری هەیە و لە پێناوێدا دەمرێ، تەنیا لەوێدا شاعیر دەتوانی بە هێمنی و ئاشتی پێکەوە، دوور لە جیهانی پیلانگێران و کوشتن».

شێعری (کۆچ)(1975) لە شێرکۆ بێکەس وەکوو نموونەیی بەرچاوی ئەم ڕەوتە لە شێعری کوردی دێتەئەژمار. کاریگەری شاعیرانی نوێخوازی عەرەب، وەکوو مەحموود دەرویش، ئەدۆنیس و فازێ عەزاوی لەسەر شێعری بێکەس ڕەنگدانەوەیی لە دیوانی کازیوە و سروودی کۆی بەرچاوتر دەبێتەوە.

هەرچەن زمانی شێعری وانگە- _بە وتەی ڕەخنەگران وێ لێ بڕە جێگا بۆ وتەی خۆیان-_ بۆ خەڵکی ئاسایی نەبوو، بەڵام لە ڕووی ڕزمان و پاکردنەوەی فەرهەنگی کوردی لە وشەی بیانی و دەستبردن بۆ خەیاڵ و وێنەی شێعری و وێنا هونەرییەکان، داهێنانی بەرچاویان کرد. هاتنە ئارای گرووپی وانگە لە دەیەکانی حەفتا بوو بە هۆی شڤاندن و گیان پیدانی نوێ بە ئەدەبی سۆ و پەک کەوتووی ئەو سەردەمە، واتە گیانێکی نوێی بە وژەی کوردی بەخشی. هەر ئەم مانیفێستە دەرگایەکی نوێ بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کە تا ئەو کات بوونی نەبوو ئاوااڵە کرد و دەستەواژە و بیرکەیی نوێی ڕەخنەی ئەو سەردەمانی ئەدەبی جیهانی هێنایە ناو بازنەی وژەی کوردی. شێعری وانگە توانستی ئەوەی هەبوو ترس لە کۆن باوەکان بشکێنێت و لەسەر پرسی ژن هەڵبەدات و بانگەوازێکی بوێرانە وەک « ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن» دەرکات.

کفری:

لە شەستەکانی سەدەی بیستەم گروپێکی لاوی بەهرەمەند لە شاری کفریدا پەیدابوون کە زیاتر سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەدەبی و نووسین لەم بوارەدا بوون تا بیرکۆیەکی سیاسی، دواتر ئەم کۆمەڵە بە گرووپی کفری ناسرا و ڕۆڵی بەرچاویان لە نوێگەری خوێقاند، و کاریگەری زۆریان لەسەر گەنجان و لایەنگرانی ئەدەبی دانا. هەرچەندە ئەوان مەژووی دروستبوونیان بۆ زۆر دوورتر دەگەڕێنەوە، بەڵام مانیفێستی ئەم گرووپە لە 14/7/1971 لە کۆنگرەی دووهەمی نووسەرانی کورد لە هەولێر بە واژۆی (لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەڵی) بڵاو بۆوە. لەتیف هەڵمەت دەڵێت:"لەئامادەیی کفری ڕۆژی هەشتی شوباتی 1965 گرووپی کفری دامەزرا". ئەگەرچی بەیاننامەی دامەزراندنیان واژۆی دوو کەسی لەسەر بوو، بەڵام ئەوان نکۆی لەوە ناکەن کە لەبنەڕەتدا بریتی بوونە لەپێنج کەس(لەتیف هەڵمەت، فەرهاد شاکەڵی، لەتیف حامد، سەلام داماو، ئەحمەد شاکەلی).(٩) هەڵمەت لەم بارەدا دەڵێت:"من و شاکەلی بەیاننامەیەکی دەستخەتمان بەسەد نوسخە دابەشکرد بەسەر ئەندامانی بەشداربووە دووەم کۆنفرانسی یەکێتی نووسەرانی کورد کە لەهەولێرساز کرا. بەڵام هیچ گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و کەناڵێکی ڕاگەیاندنی ئەو سەردەمە ئامادە نەبوو ئەو بەیاننامەیەمان بۆ بڵاوبکاتەوەی چونکە هەردووکمان و بەیاننامەکەشمانیان بە ئاژاوەچی و ئاژاوەگێڕ دەزانی)(١٠). ئەم مانیفێستە بەناوی (شێتەکان/سەرنج/هەوێست/پڕۆژە) لە ساڵانی دووای لە چەن گۆڤار بڵاو بۆوە.

گرووپی کفری تۆخ گرووپێکی ئەدەبی بوون و بەشێوەی ڕوانگە سەرقاڵی کێشەگەلی سیاسی نەدەبوونەوە هەر بۆیەش لەو سەردەمانەدا بە نیسبەتی گرووپی ڕوانگە لە پەراوێز کەوتن. ئەم لە پەراوێز کەوتنە زیاتر بۆخاتری نەبوونی دەم و دەزگای ڕاگەیاند و گۆڤار و ڕۆژنامەی بەردەستی جەماعەتی کفری بوو، لەلایەکیترەوە هەروەک باسمان کرد گرووپێکی کفری گرووپێکی تۆخ ئەدەبی بوون و بەنیسبەتی ڕوانگە هەڵوێستی سیاسیحیزبییان نەبوو،هەر بۆیەش دەزگا حیزبییەکان زۆر خێرا تێنەدەگەیاندن. لەتیف هەڵمەت دان بەوە دەنێت و دەڵێت:"هەکارەکە ڕاگەیاندن نەبوو بەکو ئەوە ئەمە بووین دوور بووین لەئایدیۆلۆژیا ئەوەش وایکرد فەرامۆش بکرێین و ئاوەمان لێ نەدرێتەوە"(10). ئەو گرووپە لەمیدیای کوردیدا بەتایبەت لەدوای بەیاننامەی یانزەی

ئازاری 1970 نەیانتوانی سوود لەمیدیای ئەو سەردەمە وەر بگرن.

لە پەراوێز کەوتن و مەیلی بەگژرانکاری لە وێژەی کوردی دا تا ڕادەیەک ناکۆکی نێوان دوو گرووپی ڕوانگە و کفری ساز کرد. ئەویش دەگەیشتەوە سەر ئەو کێشەیەی کە کام گرووپ زووتر دەستی بەنوێخوازی لە ئەدەبیات کردوە؟!. بەڕام کاتێ قسە لەکۆنترین مێژووی تازەگەری ئەو قۆناغە دەکرێت لەتیف هەمەت بەگەیەك دێنێتەوە کە گرووپی کفری بەر لەڕوانگە دەرکەوتوون بۆ ئەوەش دەڵێت:" دیوانی (خوا و شارە بچکۆلەکەمان) پێش ڕوانگە بڵاوبۆتەوە") (٩). قسەکردنی هەمەت لەبارەی مێژووی ئەم گرووپە پەیوەستە بە بەرهەمەکانی خۆیەوە، کە دیوانی (خوا و شارە بچکۆلەکەمان)ی بەر لەڕاگەیاندنی ڕوانگە بڵاوکردۆتەوە. ئەم کتێبەی هەمەت بۆ ئاشکرایی تازگەری تێدایە کە حەتا جەماعەتی ڕوانگە دانی پێدادەنێن.

شاعیرانی ئەو گرووپە بۆای تەوایان بەوە هەبوو کە پێویستە ڕەخنەکی نوێ لە جەستەی ئەدەبیاتی کوردی بکرێت. ئەم مەبەستە لە مانیفێستەکەیان ئاوا باس دەکرێت: «هەبەستی کوردی هێشتا دیلی ئەو قاوغەیە کە هەر بە منداڵی کراوەتە پێلانەی، کاتی ئەوە هاتووە کە شێوشێك بەرپابکەین بەسەر هەموو ئەو دەستوور و یاسا و ژمانەدا کە تاکوو ئێستا هەبەستی کوردی شەتەکداوە، گیانیش بۆ شێش نابێت». بیرکە و بۆچوونەی کفری بەرەوروی هەخنە و سەرنجکی زۆر لەلایەن شاعیران و هەخنەگران بوە. هەخنەگرانی کفری بەتایبەتی ئاماژەی بەو خاڵە سەرەکییە لە مانیفێستی کفری دا دەرکەرت کە تێیدا هەتکردنەوەی بەرهەمەکانی پێش خۆیان لە قاو ئەدا،« دەسا با بە بێ ترس، دان بەوەدا بنێین کە هەرچیمان هەیە تەنها تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتووە، بۆیە ئەمەش کەلەپووری هونراوەییمان بەشێوەیەکی گشتی بەدواوە ئەدەین و لێی یاخی ئەبین و سزای پشتگوێخستن و بەرەڵاکردنی بەسەردائەدەین ». هەمەت لەمبارەوە ئاماژە دەکات:"ئەمە بۆوامان وابوو کە کورد هیچی نییەو دەبێت ئەدەبی کوردی لەئەمەوە دەست پێبکات" (١٠).

داکار:

شێعری کوردستانی ئێران لە دووا کۆچی سواڕە ئیلخانی زادە، کەسکی وەها لێهاتوو و بە توانستی،لێ فەزای شێعری ئەزموون نەکرد. هەر بۆیە کەوتە ژێر کاریگەری شێعری ئەو دیوی کوردستان

بەتایبەت گرووپی ڕوانگە_ هەڵبەت کاریگەر شاعیرانی وەکوو ڕەفیق سابیر و پەشۆیش لەو سەردەمە زۆر بوو_. کاریگەری شیعری باشوور تا ئەو ڕادەیە بوو کە زۆربەی شاعیرانی کوردستانی ئێران قەیران و کارەساتەکانی کوردستانی عێراقیان بە شێعر ئەنووسییەوە(بۆ نموونە دەیان شێعر لەسەر کیمیابارانی هەڵەبجە دەهێنراوە،بەڵام باسی کیمیا بارانی سەردەشت و نەدشۆ نەدەکرا!!). ئەم کاریگەریە تەنیا لەبەرهەمبەر بابەتی شێعریدا نەبوو، بەڵکوو لە فۆرم و تەنانەت بەکار هێنانی وێنای شێعری و وشەی شاعیرانیشدا خۆی ئەنواند. سوژەی شێعری کوردستانی ئێران هەمان سوژەی ئەنفالکراوی شاعیرانی باشوور بوو. ئەم هەوتە تا ساڵانی دەیەی حەفتای هەتاوی(دەیەی نەوەدی زایینی) بەردەوام بوو. ئاشنایی کەمەڵێک شاعیری گەنجی ئەو دەم لەگەڵ قوتابخانە و چەمکگەلی فیکری ڕۆژئاوا _ پاش پێکهاتەخوازی، هیرمەنۆتیک، بنەماشکێنی و…_، بوو بە هۆی هەست کردن بەم کەموکوڕیە لە شێعری کوردستانی ئێران، وە لە هەوڵی دەرەتانێک لەو فەزا تەقلیدییە بەرهاتن. ئەم جەماعەتە کە لە مەڵێوان هەڵکەوتن، لە ماوەی نزیک بە دوو ساڵ دەستیان بەداهێنانی نوێ کرد و بە نووسینی مانیفێست لە هەوڵ و تەقەلای خوێندن و ئاوگۆڕی لەو فەزایە هاتن. مانیفێستی ئەم جەماعەتە بە ناوی مانیفێستی شێعری جیاواز «داکار»، لە ساڵی 1998 لە حەوتەنامەی سیروان بە واژۆی 9 کەس باو بوە. ئیبراهیم ئەحمەدی نیا وەکوو یەکێک لە نووسەرانی ئەم مانیفێستە لەو وتاری (خوێندنەوەیەک بۆ بەیاننامەی شیعری پێشڕەوی کوردی (داکار)) دەڵێت:"لە ١٧/١١/١٩٩٧ دا بەیاننامەی سەرتایی داکارمان نووسی وچوار کەسی واژۆمانکرد(ئازاد ڕستەمی، ئیبراهیم ئەحمەدی نیا، بەهزاد کوردستانی، پەرویز ئەحمەد- کە دوای چەند مانگێک گەیشتەوە بۆ سلێمانی)، شەش مانگ دوای ئەوە بەیاننامەی داکار نووسرا (11)"ئەحمەدی نیا لەم وتارەدا درێژەی ئەم باسە ناگرێت کە هۆی چییە مانیفێستەکە واژۆی 9 کەسی پێوەیە دیارە لە حاڵێک دا هەر ئەم چوار کەسە (ئازاد ڕستەمی، ئیبراهیم ئەحمەدی نیا، بەهزاد کوردستانی، پەرویز ئەحمەد) نووسەران و پێشرەوانی ئەم داهێنانە بوون و لە دووا باوبوونەوەی مانیفێستەکەش شاعیرێکی وەهامان نەدی کە بەم شێوازەی داکار شێعر بهۆنێتەوە.

داکار لەم مانیفێستەیەدا بنەما فیکریەکانی لە سێ بابەتی بنەڕەتی کەبەندی دەکات:«گۆڕانکاری لە پێکهاتەی فیکریی شاعیر

و ماهییت و چییتی شیعر، کارکردی زمان به شوەیەکی جیا لە زمانی سواوی ئاخافتن و ئەدەبی سەردەم، گانکاری لە فرم و کشی شیعردا». لە مانیفستەکەی داکار هەو بە خدەرباز کردن لە هژمانی شعری کوردستانی ئەو دیویی بە روونی پوە دیارە. داکار وەکوو یەکەمین مانیفستی ئەدەبی کوردستانی ئران تا ماوەیەکی کەم جەماعەتک لە شاعیرانی سەرقالی خیەوە کرد کە لەوانە هەر واژە کەرانی بەیاننامەکە بەرچاو بوون. ئەم مانیفستە کە وەکوو هەر مانیفستک بانگەوازی پشرەوی و جیاوازی لە ئەدەبی پش و سەردەمی خی لە قاو ئەدا، تکەاوک بوو لە قوتابخانە فیکریەکانی رژئاوا-_ لە پکهاتەخوازی ا بگرە تا دەگاتە فەلسەفەی زمانی یاکوبسنی و دەروون شیکاری فریدی_-. هەر بیە بەشکی زر لە مانیفستەکە نایەتە خانەی یەک لایەنی قوتابخانکی تایبەت و شرڤی فەلسەفکی تایبتی پوە دیار نییە. بەکار هنانی ئەم گشت چەمک و بنەما فیکریانە کە هەریەک لە قوتابخانەیەکی فیکری تایبەت دەدون، بەپەلەیی و ناکامی زانستی نووسەرانی داکار لە هەسووکەوتی فیکری ئرووپا نیشان ئەدا. زانست بەسەر جیاوازیەکانی متدلژی، ئپیستمەلژی، و ئانتالژی پارادایمگەلی رژئاوا ئەم کشی تا ادکی زر چارەسەر دەکرد. هەر بەم شوە کە ئەحمەدی نیا دەیت:"نووسین و باوکردنەوەی داکار کارکی بەپەلە بوو" (11). بە گومان یەکک لە هیەکانی ئەم کەموکریە خرایی و بەپەلە نووسینی مانیفستی داکارە. لە باس و خواستی هی سەرنەکوتنی داکار- بەم شوازە کە وانگە و کفری سەرکوتن- ئکرت بە لایەنی جیاواز ئاماژەکەین کە لەوانە ئتوانین فەزایی مژووی ئەدەبی کوردستانی ئران و کوردستانی ئراق بت.

یەکک لە کشەکانی داکار باوبوونەوەی مانیفست پش باو کردنەوەی دەقکی شیاوی شعری کە هەگری گشت ئەو بەگانە بت کە داکار باسی لوە ئەکات، لە واقیع دا خونەر پاش خوندنەوەی مانیفستەکە هیچ دەقکی ئەوتی بیرنەدەکوتو کە بەم شوە دارژترابت. لەلایەکیتروە ئیدعا و ئارەزووی نووسەر بەمانای توانسی ئەو نییە!. واتە نووسر ئتووانت بیار درکات بام چند توانایی بجە گیاندنی ئو بیارانی هیە خی باسکی گرینگە!. هەر دوو گرووپی وانگە و کفری-_ بەتایبەتی کفری_- پش باوکردنەوەی مانیفست، کتب و دەق گەلکی ئەدەبییان باوکردبوە کە ەنگ و بی نوخوازی پاش

گرانی لوه دهات، بام داکار جیا لچن شعر، کتب یان دقکی شیاویان ئارستی فزای ئدبی نکردبوو . ئەم شوازه واتە باوکردنەوەی دەق_وەکوو کنشک_ پش درکردنی مانیفست، ەوتکی هەمیشەیی مانیفست نووسی بووە،-بە نموونە دادائیستەکان لە سای 1916 تا 1921 حەوت مانیفست و یەک پاشکی مانیفستیان باو کردوە کە بەردەوام لەو سانەدا خەرکی بەرهەم هنان نو بوون و بە مانیفست ئەم ەوتەی خیان پیناسە دەکرد-.

هەرچەند داکار نەیتوانی وەک کفری و وانگە وتکی سەقام گیر لە ئەدەبیات بنتە ئاراو، بەام یەکەمین هنگاوکانی نوخوازی پاش سواریان هنایو. جماعتی داکار یکم کسانک بوون کە دستیان دا بە حول و تقلایک بە دزینوی درتانک و دربازک لە هژمنییای شعری باشوور. ئەم هەنگاوەی داکار تا ادەیەک مشکی خونەرانی بە ونا و زمانی نو لە شعر ئاشناکرد_بەتایبەت لە پکهنانی چکانەکانی شعری دا_-. پشرەوی داکار لە سانی دووای بوو بە هاندەری شاعیرانی رژهەاتی کە هستا، و لەو سەردەمە جیاوازی خیان لە قاو ئەدەن و وەی ئەم پشرەویەیان وەبەر دە کەوتوو. هەبەت تا چ ادەیەک هنووکە، شعری شاعیرانی کوردستانی ئران ئەم جیاوازیەی تدا بەدی دەکرت؟ و ئایا شعر وەکوو شعریەتی خی تا چەندە لە دەقی ئەم شاعیرانە هەبوونی هەیە؟ و تا چ ادەیەک دەقی ەخنەی سەر نووسراوەکانی ئوان هەگری چەمککی فیکری و بنەمایەکی فەلسەفی لە ەخنەی ئەدەبییە، خی باس و خواستکی دیکەیە.

سرچاو و پراوزکان:

١).شرط مانیفیست. مرتضی پور حاجی. فصلنام قال و مقال/ شمار یک
٢)مانیفیست و تلقی از آن گفتمان شعر مدرن و پسامدرن فارسی (علیرضا رعیت حسن آبادی). فصلنامه تخصصی نقد ادبی.سال ٨. شمار١٣٩٤،٣١،.صص ٦٥-٩٠
٣.ونی شیعری لە بازی رمانسی کوردی دا، عبدولقادر محمد ئمین،. سلمانی ٢٠٠٢،چاپ و پخشی سردم
٤)ئاودانەوەیەك لەمژووی ئەدەبی کوردی ، حسن بەفرین، رژنامی

کوردستانی نو.. 16/3/2011
٥) تەفیق فیکرەت و شاعیرە نەخوازەکانی کورد،.ئەحمەد تاقانە، هەولێر٢٠٠١، چاپ و پەخشی ئاراس
٦)" روانگە " و مژوویەک لە ململانێی ئەدەبی و سیاسیی نەوەیەک ئەدیب و نووسەری کورد
٧)روانگە...هەنگاوێك لەسەر رێگەی نوخوازی ،شرکە بکەس، رۆژنامەی کوردستانی نو، 9/12/2012
٨)دەروازەیەک بە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی، دکتەر هیمداد حوسێن..هەولێر.٢٠٠٧. چاپ و پەخشی موکریان
٩(گرووپی کفری وەك یەکەم مانیفێستی تازەگەری ئەدەبی ، نیهاد جامی ئەدەب و هونەر، رۆژنامەی کوردستانی نو 18/7/2012
١٠) بەیاننامە: کات وشوێن و شەقام ، لەتیف هەلمەت
(11خوێندنەوەیەک بە بەیاننامەی شیعری پەشەوی کوردی (داکار)، ئیبراهیم ئەحمەدی‌نیا، مەپەری ئاماژە.(amazhe.com)

مەرگی ڕەخنەی ئەدەبی … د.فوئاد رەشید

گوتاری ڕەشنبیری و فیکریی ئەوروپی، کەمەڕە چەمکی مەرگ ئامێزی بەرهەم هێناوە، بەو مانایەی بەزمان و زاراوەکانی (مەرگ) یان (کۆتایی) قسەی لەسەر نەمان یا کاڵبوونەوەی ڕۆڵی چەندین دیاردە و بەهاو ڕەگەزی پێکهێنەری ژیانی مرۆڤ کردووە. هەر بۆ نموونە فەیلەسوفی ئەڵمانی فەردریك نیچە (1844 ـ 1900) جاڕی (مەرگی خوا)ی داوە و ڕەخنەگری فەڕەنسیش ڕۆلان بارت (1915 ـــ 1980) قسەی لە (مەرگی نووسەر) کردووە و لەسایانی شەستەکانی سەدەی بیستەمیشدا دەنگ و باسی (مەرگی ئەدەب) لەنێوەندە ڕەشنبیرییەکاندا تاوتوێ کراوە(1).
لەڕاپەڕین و خۆنیشاندانەکانی قوتابیان لەساڵی 1968 کە بەگشتی زەربەی زانکۆکانی ئەوروپای ـ بەتایبەتیش فەڕەنسای ـ گرتبوەوە، قوتابیان چەندین دروشمی وەك (مەرگی مامۆستا) (مەرگی قوتابی) یان ڕاگەیاندووە.

لەسەروبەندی هەرەسهێنانی سیستمی سیاسی وڵاتانی سۆشیالیستیدا، چەمکی (مەرگی ئایدیۆلۆژیا)ش پتر بانگەشەی بۆ کراوە.

ئاشکرایە مەبەست لە وشەی مەرگ لە پاڵا ئەم چەمك و زاراوانەدا، مەرگێکی جەستەیی و فیزیکی نەبووە، چونکە بەر لەهەر شتێك خودی هەندێ لە چەمکەکان بوونێکی ماددییان نییە. کەوابێت مەرگی هەر چەمکێك لەم چەمکانە ماناو مەبەستی خۆی هەیەو لەم کورتە نووسینەدا بەنیازنین لەماهییەتی ئەم چەمك و دروشمە مەرگ ئامێزانە بکۆڵینەوە، یاخود هەلومەرجی ئەو ژین و ژینگە جڤاکی و مەعریفییە دیاری بکەین کە ئەم تەرزە چەمکانەی هێناوەتە ئاراوە، بەکو دەمانەوێت نزیك لەم بابەتەوە، سەرنجێکی ڕەخنەی ئەدەبی بدەین و بڵێین لەژێر کاریگەری و شۆنەواری ڕەوتی جادانی مەرگی چەمکەکان و هاوشێوەی ئەم هەموو چەمکە مەرگ ئامێزە، ساڵانێکە بەزمانێکی مەرگاوی باس لەبارودۆخ و چۆنێتی و چەندایەتی ڕووی ڕەخنەی ئەدەبی دەکرێت و لەهەندێ لەسەرچاوە ڕۆشنبیری و فیکرییەکانیشدا بەگشتی باس لەچەمکی (مەرگی ڕەخنەی ئەدەبی) کراوە.

*** مەرگی ڕەخنەی ئەدەبی، چۆن و بۆچی؟**

ئەگەر چاوێك بەو سەرچاوە جیاوازانەدا بخشێنین کە چەمکی مەرگی ڕەخنەیان لەخۆ گرتووە، تێبینی دەکەین، چەمکەکە بەیەك ماناو مەبەست بەکار نەهێنراوە، بۆ تێگەیشتن لە مانا جیاوازەکانی چەمکی (مەرگی ڕەخنە) پێدڤییە لەبەکارهێنانە جیاوازەکانی وردبینەوە.
بەر لەهەر بیروبۆچوونێك دەربارەی چەمکی (مەرگی ڕەخنە) دەکرێ ئاماژە بەو خاڵە بکەین کە لەگەڵا سەرهەدانی چەمکی (مەرگی ئەدەب)، قسەکردن لەسەر مردنی ڕەخنە بابەتێکی چاوەڕوانکراو بووە، چونکە بەشێوەیەکی سەرەکی کاری ڕەخنە لەسەر تێکستی ئەدەبییە، کە ئەدەب بوون و ڕۆڵی نەمێنێت، ڕەخنە بەشێوەیەکی خۆبەخێی بوونی نامێنێت.

قسەکردنیش لەسەر مەرگی ئەدەب لەسەردەمی نوێدا پێوەندبووە بە پەرەسەندنی بەرهەمی تەکنەلۆژی و داهێنانی جۆرەها ئامێرو کەرەستەی پێشکەوتوو لەبوارەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن و پەخشکردندا، لێرەوە قسە لەسەر ئەوە کراوە کە تەلەفزیۆن و سینەماو سەتەلایت و (DVD) و (VCD) بوونەتە جێگرەوەی ئەدەب و جەماوەری دونیای ئەدەبیان بۆ خۆیان ڕاکێشاوە و پرسەی خوێندنەوەی دەقی ئەدەبییان بەشێوەیەك کزو لاواز کردووە، قسە لەسەر کۆتایهاتن و ماڵئاواییکردنی ئەدەب کراوە. پرۆفیسۆر (ئالڤین کرنان) لەکتێبەکەی خۆیدا (مەرگی ئەدەب

The Death of a literature) لەبەشی شەشەمیدا کە بەناونیشانی (تەکنۆلۆژیا و ئەدەب)ە لایەنێکی کاریگەریی کەرەستەو ئامرازە تەکنۆلۆژییەکانی خستۆتە ڕوو، کە چۆن تەنگیان بەبوونی (کتێب) و کردەی (خوێندنەوە) هەڵچنیوە(*).

بەمەبەستی دیکەش بەکارهێناوە، وەك:

یەکەم: هەندێ لە نووسەران و ڕەخنەگران چەمکی مەرگی ڕەخنەیان بەو مانایە بەکارهێناوە، کە تەرزە کارێکی ڕەخنەیی دی وەکو ئەتەرناتیڤێك سەر هەڵداوە و شوێنی ڕەخنەی گرتۆتەوە و (ڕەخنەی ئەدەبی) پێگە و جێگەی جارانی خۆی لەنێوەندە ڕۆشنبیرییەکاندا نەماوە. لەم چوارچێوەیەدا دەکرێ ئاماژە بەدوو جۆر کاری ڕەخنەیی دەکرێت:

أـ ڕەخنەی ڕۆشنبیری (Cultural Criticism):

لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لەژێر کاریگەریی بیرۆبۆچوون و کارەکانی بزاقی (فۆرمالیستەکانی ڕووس 1915 ـ 1930) و میتۆدەکانی شێوازگەری (Stylistics) و (بونیادگەری زمانەوانی) (Structuralismc Linguistigue) و تیۆری شیعرییەت (Poetics) لای ڕۆمان یاکۆسبن (1896 ـ 1982) و تۆدۆرۆف (1939 ـ)، گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی بەشێوەیەکی سەرەکی پتر کاری لەسەر بنیاتی زمانی دەق دەکرد، ئەمەش لەو سۆنگەیەوە کە دەق بونیادێکی زمانیی سەربەخۆی داخراو و دابڕاوە لە چەمك و هێکارەکانی دەرەوەی خۆی، واتە (نووسەر و مێژوو و جڤاك)(2). کەواتە ئەم ڕەخنە دەقبەندییە بنیاتی زمانی دەقی لە ئاستی ڕستەدا دەپشکنی بەمەبەستی دۆزینەوە و دیاریکردنی ڕاڤەتەکانی شیعرییەت و ئیستاتیکای دەق.

ئەگەرچی ئەم جۆرە تێڕوانین و مامەڵەکردنە لەگەڵ دەقی ئەدەبی، لەمێژووی میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبییدا بەوەرچەرخانێکی دیارو گرنگ هەژمار دەکرا، بەو پێیەی بەکارهێنانی میکانیزمێکی نوێ بوو بە پشت بەستن بەزمانناسی نوێ و لەلایەکی دیکەشەوە، خودی دەقی کردبووە تەوەر و سەروەری گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی، بەڵام لە قۆناغی (پۆست مۆدێرنیزمدا) پەرەسەندن و گۆڕانکاری بەردەوامی کایە مەعریفییەکانی نێوەندی ڕۆشنبیری و بواره زانستییەکانی سیمۆلۆژی و ئەنسرۆپۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی و فرە ڕەهەندیی دیاردەکانی نێو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و فشارو گوشاری کەناڵە جیاجیاکانی میدیا بەسەر ژیانی تاك و کۆمەڵگەوە هەموو ئەمانە، کاری ڕەخنەی ئەدەبی وەك بەرهەمێکی تاکرەهەندو دابڕاو لە سۆنتەری ژیانی مەعریفی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی دەخستە بەرچاو. لەم

سەروبەندەدا تۆژینەوە جیاجیاکانی قوتابخانەی زمانناسیی دەق (Text Linguistics) مانایەکی نوێ و بەرفراوانیان بەچەمکی (دەق) بەخشی و تۆزەکانی میشێل فۆکۆ (1926 ـــ 1984) کاریان لەسەر پێکهاتەو ڕێڕەوی و کاریگەری چەمکی (گوتار Discours) دەکرد نەك دەق، هەروەها لێکۆڵینەوە لەو سیستمانەی کە لە پشتەوەی هەر گوتارێکدان. ئەمانە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە پەرەسەندنی تۆژینەوە ڕەشنبیرییەکان (Cultural Studies) هەموو ئەمانە و هەریەك بەشێوەیەك و بەسوود بینین لەبواری مەعریفی جیاواز زەمینەسازییان بۆ سەرهەدانی هەخنەی ڕەشنبیری کرد. ئەم هەخنەیەش ستراتیژییەتی کاری هەخنەیی لە گەڵان بەدوای شیعرییەت و ئەدەبییەتەوە گڕی بۆ گەڵان بەدوای سیستم شاراوە و نادیارەکانی هەناوی دەق کە پێچەوانەی هاڵەتی دەقەکەیە.

لەم کردەیەشدا دەق وەکو (سیستمێکی ئەدەبی تەماشا دەکرێت کە بەندە بە چوارچێوەیەکی (سیاق) دیاریکراوەوە، ئەمەش لەو هاوانگەیەوە کە (هەخنەی ڕەشنبیری) پێیوایە دەقی ئەدەبی بەشێکە لەچوارچێوەیەکی مەژوویی و لەگەڵا هەگەزە پێکهێنەرە ڕەشنبیرییەکانی دیکەدا لەکارلێکردندا دەبێت(3).
بواری کاری هەخنەی ڕەشنبیری زۆر فراوانەو دەکرێ هەر دیاردەو هاڵەت و هەفتارو نەریت و هەماو مۆدیلێکی جل و بەرگیش ببێتە کەرەستەی کارکردنی و ئیشی خۆی لەسەر بکات. تەنانەت هەر بەرهەمێك لەدەرەوەی ئەدەب و ئیستاتیکاشەوە بێت. ئەم بڕچوونەیش زیاتر (فنسنت لیش) تیۆریزەکاری بۆ کردووە.

بەلای هەندێ لەهەخنەگرانەوە، سەرهەدان و گەشەکردنی (هەخنەی ڕەشنبیری) بۆ خۆی لەخۆیدا، مردنی هەخنەی ئەدەبییە، بەو مانایەی کە هەخنەی ڕەشنبیریی پتر توانای خوێندنەوەی کەدو سیستم و گەمە زمانی و فیکرییەکانی گوتارە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگەی هەیە، ئەمە لەکاتێکدا ئەمە لەتوانای هەخنەی ئەدەبییدا نییە، چونکە تەنها سەرقاڵی هەهەندی ئیستاتیکی دەقی ئەدەبییە. بۆ نموونە ئەم جۆرە تێگەیشتنە لەگوتاری ڕەشنبیریی عەرەبیدا بەزەقی ئامادەیی هەیە، بەتایبەتیش لای نووسەرو هەخنەگری سعودی (عەبدوڵا غوزامی) کە جێدەستی لەم بوارەدە دیارە.
(غوزامی) زۆر ڕاشکاوانە قسەی لەسەر مەرگی هەخنەی ئەدەبی کردووە، بەو مانایەی هەخنەی ڕەشنبیریی جێگەی هەخنەی ئەدەبی گرتۆتەوە و میکانیزمێکی گونجاویشە لەم سەردەمەدا بۆ شیکردنەوە و دواندن لەسەر دیاردەو بەهاو هاڵەتە جیاوازەکانی نێو ژیانی کۆمەڵایەتی و

هونەری و سیاسی و تەنانەت ئەدەبییش، لەم ڕووەوە ناوبراو نووسینکی بەناونیشانی (ڕاگەیاندنی مەرگی ەخنەی ئەدەبی، ەخنەی ڕشنبیریش ئەتەرناتیفکی میتدییە) نووسیوە، پوختەی بچوونەکانی لەم بارەیەوە خستووەتەوو، بەر لەم کارەیش کتبکی سەربەخی بەناوی (النقد الپقافی) لەسای 2000 باوکردتەوە(**).
ئەگەرچی بەلای هەندێ لە توژەرانی ڕژاواوە وەك (فنسنت لیتش) هەردوو جری (ەخنەی ئەدەبی) و (ەخنەی ڕشنبیری) دوو بواری جیاواز و لەهەمان کاتیشدا هاوبەشیشن، بەام وەك دوو بواری هاودژی یەکدی تەماشای نەکردوون کە یەکیان مانای مەرگ و سینەوەی ئەوی دیکەیان بت.

ب ـ هەژموونی ەخنەی ڕژنامەوانی:

بیروبچوونکی دی لەو گشە نیگایەوە قسە لەسەر مەرگی ەخنەی ئەدەبی دەکات، کە لەم سەردەمەدا ەخنەی ڕژنامەگەری بە کەناا و ستایلە جیاوازەکەیەو، ووبەرکی زری لەگوتاری ڕشنبیریی گرتووەتەوە و ەخنەگری ڕاستەقینەو لەهاتوویش ئامادەبوونکی ئەوتی نییە، لەم میانەدا نووسەری عەرەب (فازا سوتانی) باس لەکتبکی ڕماننووسی بەریتانی (مارتن ئامس) دەکات کە چن ئەم ڕماننووسە، مردنی ەخنەی لە ئەمەریکاو ئەوروپا ڕاگەیاندووە و (ئامس) ئاماژەی ب ئەوە کردووە کە ئەم سەردەمە، نە سەردەمی تیرە ەخنەییەکانەو نەسەردەمی ەخنەی پراکتیکییە، بەکو ئەمڕ (ەخنەی ڕژنامەگەری) شونەی ئەمانەی گرتتەوە. ئەم جرە ەخنەیەش پتر پداچوونەوەی خراو خستنەووی کتبە لەدوو توی چەند سەرنجکی سادەو سەرپێدا. هەبەتە نووسینی ەخنەیی لەم شوەیەش پتر خزمەتی خونەرو ڕژنامەو گقارەکان دەکات، نەك بزاقی ەخنەی ئەدەبی(3).
کورت و کرمانجی ئەم جرەبچوونە دەیەوت بێیت، ئەمڕ لەم شڕشی تەکنلژیای ڕاگەیاندندا، لەبەردەم لافاوی چاپ و پەخشی هەمەچەشنەدا، دەلیقەیەك ب تیریزەکاری و توژینەوەی ەخنەیی قەبەو فرە لایەەیی نەماوەتەوە، بەکو ئستا کورتە نووسینی سادەو سەرنجی خودیی برەوی هەیە.

دووەم: گشەگیریی ەخنە لەنو دیوارەکانی زانکدا.

نزیك لەبچوونی یەکەم، هەندك لە نووسەران پیان وایە قەتیس بوونی ەخنە لەنو هەکانی زانکدا، یاخود لەنو ئەو گقارە ئەکادیمیانەی کە تەنها هەندك لەمامستایانی زانکێ دەیبنن، بەجرك لەجەماوەرو گوتاری ڕشنبیری دابراوە، وەك بی (ەخنەی

ئەدەبی) کۆچی دوایی کردووە. بیروبۆچوونی هەخنەگرو ئەکادیمیکاری بەریتانی (رۆنان ماکدۆناڵد) نموونەیەکی دیاری ئەم جۆرە تێوانینەیە. (ماکدۆناڵد) لەکتێبێکیدا کە لەم ساڵانەی دواییەدا بەناونیشانی (مەرگی هەخنەگر) بڵاویکردۆتەوە قسەی لەسەر مەرگی هەخنەی ئەدەبی کردووە.
نووسەرو هەخنەگری عەرەب (فەخری ساڵح)(4) لەخستنەووی کتێبی (مەرگی هەخنەگر)دا دەڵێت، (رۆنان ماکدۆناڵد) لەم کتێبەیدا قسەی لەبزاقی هەخنەی ئەدەبی بەریتانی کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەم بزاقە ئێستا و کاریگەرییەکەی لەنێو خوێنەراندا زۆر کزولاواز بووە و تەنها لەسنووری هێڵی موحازەراتی زانکۆدا ماوەتەوە.

کەسانی هەخنەگری ئەکادیمیش بەناوی پسپۆرییەوە تەنها سەرقاڵی لایەنێکی دیاریکراوی تۆژینەوە ئەدەبییەکانەو هیچ بەشداری و چالاکییەکی لەگۆڤار و ڕۆژنامەکاندا نییەو لەدنیای خوێنەران و بینەران دابڕاوە.
(ماکدۆناڵد) لاوازیی هێڵی هەخنەگری بەریتانی بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە کە ئەمڕۆ نووسینی سەرنجی هەخنەیی سەرپێی و سادە و ساکار زۆر بەربڵاوە و زۆریی و کراوەیی سایتەکانی ئینتەرنێتیش ـ بۆ سانسۆر ـ زەمینەیان بۆ ئەم جۆرە نووسینانە خۆشکردووە.

سێیەم: نەبوونی بەرهەمی هەخنەیی هەسەن:

هەندێ جار نەبوونی کاری هەخنەیی بابەتی و زانستیانەی تەکمە کە دیدو ڕوانینێکی هەخنەیی نوێ و کاریگەر لەخۆ گرتبێت، وای لە هەندێك کردووە، قسە لە نەمان و مردنی هەخنەی ئەدەبی بکەن.
ئێماننووسی عێراقی (ئەحمەد سەعداوی) لە نووسینێکیدا بەناونیشانی (هل وصل النقد فی العراق الی نهایته الگبیعیه؟) بەشێوەیەك قسە لەسەر نەبوونی تۆژینەوەی هەخنەیی دەکات، لەدوا دێڕی وتارەکەیدا دەڵێت ((پێویستە دان بەوەدا بنێین کە هەخنە لەئێشنبیریی عێراقیدا قۆی تەکەوتووە)).
(سەعداوی) لەم نووسینەیدا ئاماژەی بەچەند هۆکارێك کردووە کە بوونەتە هۆی کۆتایهاتنی یاخود قەبوونی هەخنە. وەك (نەبوونی گۆڤارو گرووپی تایبەت بە هەخنەی ئەدەبی، لەسایەی نەبوونی کاری هەخنەیی جیددی و بابەتییانەدا نووسینی ستایشکارانە زۆربووە، مامۆستایانی زانکۆ دوور لە داهێنان و نوێکاری تەنها بۆ (تەرقیە) دەنووسن، یاخود تەنها بەهەندێ لایەنی تیۆرییەوە سەرقاڵن،...) هۆکارەکان هەرچییەك بن، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە لێرەدا چەمکی (مەرگی هەخنە) بەمەبەستی نەبوونی یاخود کەمیی کاری هەخنەیی

هەسەن بەکارهێناوە.

*** (مەرگی هەخنە) و هەخنەی ئەدەبی کوردی:**

بەر لەهەر شتێك دەمەوێ ئاماژە بەو خاڵە بکەم، کە بەپێی ئاگادارییم، نەمبینیوە نووسەرێکی کورد لە باسی بوون و نەبوونی هەخنەی ئەدەبی کوردیدا چەمکی (مەرگی هەخنە)ی بەکارهێنابێت، چونکە زۆرێك لەوانە لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکاندا کە باس لە هەخنەی کوردی دەکەن، دەڵێن (هەخنەمان نییە!!) جا بەچوونی خۆیان چۆن باسی مەرگی شتێك بکەن کە بوونی نییە؟!!
جێگای سەرنج و پرسیاریشە لەنێو ڕۆژنامەگەری کوردیدا، بەچوونی وا هەیە لەساڵی (1968) قسە لە نەبوونی هەخنەی ئەدەبی کوردی دەکات(6) و کەسانی تریش هەن لەساڵی (2008) هەمان بیروبۆچوون دووبارە دەکەنەوە و دەڵێن کورد هەخنەی ئەدەبی هەر نییە(7)!!
هەبەتە بۆ ساڵی (1968) گەر قسە لەسەر نەبوونی هەخنەی ئەدەبی کوردی بکرێت، هەنگە تا ڕادەیەك بەگەو بەهانەی خۆی هەبێت، بەڵام لەساڵی (2008) دوای بوونی دەیان کتێبی هەخنەیی، دوای پتر لە سەد ساڵی تەمەنی ڕۆژنامەگەری کوردی، دوای بوونی پتر لە سەد نامەی ماستەرو دکتۆرا لەهەخنەی ئەدەبی کوردیدا، تۆ هەر بڵێیت و بڵێیت هەخنەی ئەدەبی کوردی لە ئاستی نەبوونداید!!
بەڕاستی ئەم جۆرە بۆیارانە، لەلایەك غەدرێکە لەمێژووی هەخنەی ئەدەبی کوردی و لەلایەکی دیکەشەوە نیشانەی بێئاگایی خاوەنی ئەم جۆرە بۆیارانەیە لەبەرهەمە هەخنەییەکانی تایبەت بەئەدەبی کوردی.

*** ئەدەب و هەخنە لەنێوان مەرگ و ژیاندا:**

ئەگەرچی لەمێژە باس لە مەرگی ئەدەب و شیعرو ڕۆمان کراوە و دە پازدە ساڵێکیشە مەرگی هەخنەش چووەتە پاڵا چەمکە مەرگ ئامێزەکانی دی، بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێت لەگەڵا ئەم هەموو دەنگ و باسە مەرگاوییانەدا، هێشتا دەقی ئەدەبی لەنێوەندە ڕۆشنبیریی و جەماوەرییەکانیشدا ئامادەیی خۆی هەیە، لەم ڕووەوە شاعیری ئەمریکی (دۆناڵد هۆل) گوتوویەتی (گەرچی نزیکەی دوو سەد ساڵە باس لە مەرگی شیعر دەکرێت، بەڵام لەهەموو ڕۆژێکدا شاعیرێکی نوێ لەدایك دەبێت و جۆرە دەقێکیش پێشکەش دەکات، ڕەزامەندی نەوەکانی داهاتوو بەدەست دەهێنێت)(8).
تا ژیان بەردەوام بێت، دەربڕین لەژیان (دەق)یش بەردەوام دەبێت، کە دەقیش هەبوو، هەخنەیش قسەو کاریگەری خۆی دەبێت، هەروەك چۆن لە تیۆری ئەدەبدا دەگووترێت (هەر قۆناغێك لەقۆناغەکانی گۆڕانی جڤاك،

پەیوەندی ئیستاتیکی خۆی بەجیهانەوە لەڕێگای چەند ژانرو فۆرمێکی ئەدەبیی دیاریکراوەوە دەردەبڕێت)(9) ئاوەهایش دەکرێ بڵێین، هەخنەی ئەدەبییش لەهەر قۆناغێکدا ئامرازو ڕێبازی خۆی دەبێت و هاوکات لەگەڵ گۆڕانە زانستی و مەعریفییەکاندا، ئەمیش زمان و زاراوەی خۆی دەبێت و لەکارەکانیدا ستراتیژییەتی نوێ بۆ خۆی دیاری دەکات.
کەواتە ئەوەی لە ئاستە جیهانییەکەیدا تێبینی دەکرێت مردن و نەمانی یەکجارەکی ئەدەب و هەخنە نەبووە، بەڵکو چۆوە و شێوەی داڕشتن و بەرهەم هێنانی دەق گۆڕاوە، هەخنەیش زمان و کەرەستەی خۆی گۆڕیوە و میکانیزمای کارکردنی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ڕاستە لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی دی هەندێ جار ئامادەیی هونەرێك، ژانرێك ستایلێك، تەرزێکی کاری هەخنەیی یا کێبووەتەوە یاخود لەچاو هەگەزێکی دی زیاتر ئامادەیی هەبووە، ئەمانە هۆاڵەتێکی سروشتی گۆڕانکاری و نوێکارییەکانی ژیانی مرۆڤن.

*** هەخنەگری کورد:**

پێم وایە لەسەروبەندی دەنگ و باسی ژیان و مردنی هەخنەی ئەدەبییدا، پێویستە هەخنەگری کورد تایبەتمەندێتی ژین و ژینگەی دەقی ئەدەبی کوردی و باری ڕۆشنبیری و مەعریفی گوتاری هەخنەی ئەدەبی کوردی هەچاو بکات و بەپشت بەستن بە ئەزموونی هەخنەیی میللەتانی دی و سوود بەبینین لە نوێترین تیۆرە زانستی و هەخنەییەکان، لە هەوڵی داڕشتنی گوتاری هەخنەیی بێت کە توانای شیکردنەوەی دەق و سەرجەم کێدو سیستمەکانی نێو گوتارە جیاوازەکانی ژیان و کۆمەڵگای هەبێت. هەر لێرەشەوە بەشیکردنەوەی بنیاتی بابەتی و ئیستاتیکی تێکستەکانی ئەدەبی کوردی، سیماکانی تایبەتمەندێتی دەقی کوردی بخرێتەڕوو، لەگەڵ ئەمەشدا لەم زەمەنی کێبوونەوەی بەها مرۆییەکان و قەیرانە ڕۆحییەکاندا، هەخنەی کوردی بە ئاراستەیەك کاری بۆ بکرێت کە دەقی کوردی جەخت لەجوانترکردنی ژیان و هەواندنەوەی تەمی خەمی تاك و کۆ بکاتەوە. ئەمە ستراتیژییەتی کارمان بێت، ئینجا لەشیکردنەوەی (هیکلامکدا) یاخود لە شرۆڤەکردنی شیعرێکی میللیدا یان هەڵسەنگاندنی کلیپێکدا بێت، ئەمەیان کێشە نییەو گرنگ دیارخستنی ئەو کێدو سیستمانەیە کە لە پشتەوەی بەرهەمەکاندا حەشاردراون، تا بزانرێت چ جۆرە هاوئینێك لە پشتەوەیەتی و بزانرێت لەچی ئاستێکەوە هەوێداوە کاریگەری و خۆی بەسەر خوێنەرو بینەرو بیسەردا بەجێبهێڵێت، بۆ ئەوەی لەخزمەتی مرۆڤایەتی مرۆڤدا بیمەزرێنین.

_____

پەراوێزەکان:

1ـ الثقین کرنان، موت الادب، ت بدرالدیب، المجلس الاعلی اللپقافه، 2000، ص 13.

* ـ بڕوانه: هەمان سەرچاوه.

هەبەته لەم هەزارەی سێیەمەدا پتر باس لە کاریگەری کۆمپیوتەرو سایتەکانی تۆڕی ئەنتەرنێت دەکرێت کە جۆرە مەترسییەکی نەك هەر بۆ (ئەدەب) بەکو بۆ خودی (کتێب) لەشێوە کاغەزەییەکەیدا دروستکردووه. لەم میانەدا (جیس دێبرێ) ئاماژە بەوه دەکات کە ئەمڕۆ سەردەمی (شاشه)یەو بینین و بەرهەمی بینراو باڵا دەستەو لەنێو ئەم شاشه ئەلیکترۆنی و وێنەییەدا ئیدی (کتێب) و کاغەز) نەك هەر بایەخی نامێنێت، بەکو بوونیشی نامێنێت. ماڵپەڕی alghad.jo، بابەتی (عصر البلاغه الالکترونیه) ترکی علی الربیحو.

2ـ صلاح فچل، النقریه البنائیه فی النقد الادبی، ص 33، 333.

3ـ مجموعه کتاب، تحولات الخگاب النقدی العربی المعاصر، 2008، ص 1343.

**ـ لەم بارەوه بڕوانه: + عبدالله الغزامی، النقد الپقافی، المرکز الپقافی العربی، بیروت.

+ د. عبدالله الغزامی، د. عبدالنبی اخگیف، نقد پقافی أم نقد أدبی؟، دار الفکر، دمشق، 2004، ص 11، ص 64.

4ـ فاچل السلگانی، موت النقد، جریده الشرق الاوسگ (8526) 2/4/2008.

5ـ فخری صالح، موت النقد، سایتی Dar Alhayat.

6ـ أحمد سعداوی، هل وصل النقد فی العراق الی نهایته الگبیعه؟ جریده (المدی) (802) 1/11/2006 له سایتی AL-MAD Nespaper.

7ـ بڕوانه: حسین محمد سعید، أزمه النقد الادبی الکردی، جریده التڕخی (328) 2/8/1968.

8ـ بڕوانه: گۆڤاری هەڵمی کوردستان ژماره (464) 3/6/2008، ل 23.

9ـ بڕوانه: گۆڤاری (الفیصل) ع (241) 1996، ص 28.

10ـ عبدالمنعم تلیمه، مقدمه فی نڤریه الادب، ص 123.

* لەم نووسینەدا بەگشتی سوود لە کتێبی (النقد الپقافی) عبدالله الغزامی بینراوه.

.

کەرکووکخەم – یازدە ... ئەمجەد شاکەلی

تە سەدان جار باسی دەردەکانی کەرکووک و ئاگواستنی خەڵکەکەی و گواستنەوەی کارگەر و کارەندانی، بە کوردکی سلەمانی، هەولێر یا دهۆک و بە تایبەتیش سلەمانی بکە، هەرگیز لێت تێناگات و پێیوایە کارەند کارەندو دەبێ بگوزرێتەوە و ئەی خەکیش لە شارکەوە ببرێتە شارکی تر، ئەمە چی تێدایە و کە کارەندی هێناردش دەخرێنە جگەی تە، ئیدی ئەوە قانوونە و کەی کشێیە! ئەوان بۆ جارە لە کشە و نەهامەتییەکانی کەرکووک تێدگەیشتن و ئەستایشی لگەڵ بە تێیدگەن. من بۆیە وا دەڵێم، چوون دەیان جار تووشی ئەو گرنگشە و مشتومڕە هاتووم لگەڵ خەڵکانکدا، کە تگەیشتنی ئەوان لەو کشێیە، هەر هەندەی تگەیشتنی عەرەبکی فەللووجە، تکریت، بەسرە، بغدا یا شوێنکی دیکەی عیراق بووە. ئەو دەمەی لە کەرکووک بووم، چەند شوێنکم گۆڕی و هەر دەمە و لە جگەیەک دەژیام، دەمێک لە گەڕەکی عەرەسە و ئیمام عەبباس و دەمێک نزیکی حەمامی عەلی بەگ و دەمێک کەنانەکەی شوکر نەججار، لە خانووکی میمک(مەشا)ی دیاندا، کە لە کندا خوێندنگە بووبوو لە نزیکی سینەمای سەلاحەددین و دەمێک لە هوتێل زهوور لە نزیکی مەرکەز عام و دەمێک لە هوتێل موەففەق(موفق) و ماوەیەکیش لە ڕەحیماوا و دواجاریش پێش گواستنەوەم یا ئاستر ودەرنانم بە هەولێر، چونکە بە تێبزی بوو نک بە خواستی خەم، لە هوتێل (جیهاد)، لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکەمدا ژوورکمان پێکەوە گرتبوو. هاوڕێیەکەم مامۆستای ئامادەیی بوو و کە هاوین هات، گەڕایەوە کفری و منیش یک دوو حەفتەیک بە تەنیا مامەوە. پاش ئەو ماوەیە، خاوەنی هوتێلەکە پرسیاری لکردم، کە کوێکی تازەهاتوو هەیە، ئەگەر من پیم ناخۆش نەبێت، ئەوا بیخاتە ژوورەکەم و بەوەش کرێیەکەم کەمتر دەبێتەوە. منیش زۆر بەلامەوە ئاسایی بوو و قایل بووم. هەر بە شەوێ ئەو نەفەرە نوێیە هاتە ژوورەکەم. لاوکی دەوروبەری 21-22 ساڵان بوو و هەر دوو سێ ساڵک لەمن گچکەتر بوو. عەرەب بوو و خەڵکی دەوروبەری تکریت بوو. ئیدی کە بوو بە هاوژوورم و زووزوو یەکدیمان دەدیت، قسەوباس کەوتە نێوانمانەوە. ئەو باسی خۆی بۆ دەکرم و زۆر بە شانازییەوە دەیگوت،

که تەنێ خوێندنگەی سەرەتایی تەواو کردووە و بە موچەیەکی 130 دیناری لە کارگەی گۆگرد(کبریت)ی کەرکووک کاری بۆ دابین کراوە و ناردوویانە بۆ کەرکووک و ئێستا بە شێوەیەکی کاتیی لەو هۆتێلە دەژی و پاشتر خانووی بۆ دابین دەکرێت و دەبێتە خاوەنی ئۆتۆمبیل و هەموو ئامرازەکانی ژیانی بۆ مسۆگەر دەکرێت و ژن دەهێنێت و منداڵی دەبێت و دەبێتە خەڵکی کەرکووک. لە قسەکانیدا شێخیی بە من دەکرد، کە زانستگەم تەواو کردووە و هەموو موچەکەم 42-43 دینارە و نە خاوەنی ماڵ و نە خاوەنی خانووم و نە هیچیشم هەیە. منیش دەمەویست تێگەیەنم، کە ئەو و ئەوانەی وەک ئەو، کە دەنێردرێنە کەرکووک، لەبەر عەقڵ و کارزانی و لێوەشاوەییان نییە، بەڵکە بۆ عەرەباندنی کەرکووکە و بۆ پێکردنەوەی جێگەکانی ئەمەیە و بۆ گۆڕینی هەموو شتێکی شارەکەیە و بۆ بنبڕکردنی کوردێ لە کەرکووک. کە زانیشی فەرمانی گواستنەوەم بۆ هەولێر دەرچووە، زمانی درێژتر بوو و پتر شێخیی بە هەوشی من و ئەوانەی وەک من دەکرد. نزیکەی یەک مانگ و چەند هەڤێک لەگەڵ ئەو کوێدا هاوژوور بووین، پاشان من و سەدانی وەک من وەدەرنراین و ئەو و هەزارانی وەک ئەو جێی ئەمەیان لە کار و کوێان و گەڕەک و شەقامەکانی کەرکووکدا گرتەوە و بوون بە خاوەن ماڵ و تا ئەمڕۆش هەر خاوەن ماڵن.

11 – 05 – 2015

مارا ساد لێ نێوان خوێندنەوێ و نمایشدا … بەشی سێیەم

٤-٣

نوسینی: ڕزگار حەمە ڕەشید

(نمایشی مارا ساد بەرهەمی کۆی شانۆی با، بە هاوکاری بەڕێوەبەرێتی هونەری شانۆ و پەیمانگای هونەرێ جوانەکانی سلێمانی؛ نوسینی پیتەر ڤایس، وەرگێڕانی شەرزاد حەسەن، دەرهێنانی هیوا فایەق، لە ٦/١١/٢٠١٦ و ڕۆژانی دواتر لە هۆڵی ڕەشنبیری سلێمانی نمایشکرا.)

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن ....

میدیای کوردی لە بازنەی گەمەکانی سیاسەتدا ... نەژاد عزیز سورمێ ... بەشی سێیەم

میدیای کوردی و سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نوێ

لە ڕاست سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیا ، میدیای کوردی بە هەموو چەشنەکانییەوە توانیویەتی سوود لە هەل و مەرجە ڕەخساوەکان ببینێ ، ئەمەش سەرەتا زیاتر لە (میدیای نووسراو)دا ڕەنگی دایەوە ، بەوەی هەموو تایبەتایەتیەکانی چاپی بۆ مەیسەر بوو کە تا پێش ڕاپەڕین ئەوەی بە پێوانەی ئەوان ئۆژگاران پێشکەوتوو بوو و لەگەڵ سەردەمدا هاتبووەوە تەنیا لە (بەغدا) هەبوو ، تەنانەت بەغدا تا ئەو دەمەیش مەبەندی بۆ ڕکابەری چاپکردن بوو ، چونکە کوردستان ئەگەرچی ژمارەیەك چاپخانەی تێدا بوو ، بەڵام چاپخانەی پەروەردەی لێ بترازێ (ژمارە2) کە ئەویش تایبەت بوو بە لە چاپدانی کتێبەکانی قوتابخانە و کتێب و بڵاوکراوەی دی لێ چاپ نەدەکرا ، تەنانەت کتێب و تاکە گۆڤاری(ئەمیندارییەتی ئۆشنبیری و لاوان)ی ئەوسا (کاروان)یش لە بەغدا چاپ دەکران ..

بەو ڕەنگە هات تا لە ناوەڕاستی نەوەتەکانی سەتەی ڕابردوودا ، تەکنیکی چاپ لە ئۆژنامەنووسیی کوردیدا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی ، چەندان چاپخانە و دەزگای وەشاندن دامەزران .. بە هاتنی کۆمپیوتەریش ، جۆری چاپ لە ئۆگاکانی پێشووی تێپەڕاند...
دیارە هەمیشەیش تەکنیکی چاپ و دیزاین و دەرهێنانی هونەری بەشی زۆری بە پێشکەوتوویی ئامرەکانی چاپەوە بەندە ، ئەگەرچی ئۆی دیزاینەر و هونەرکارانیش جێی ئاماژە و لەسەر ڕاوەستان بێ ، کە بەگومان لە هەموو بارانداً ئەوانن تایبەتایەتی بە ستایلی دەرهێنانی هونەری بڵاوکراوەکە دەدەن ، بەڵام بەگومان ، وەك وتمان دامەزراندنی چاپخانەی پێشکەوتوو هەروەها پێداویستەکانی دی چاپ ، بە تایبەتی ئامێری چنین و چاپ کردن و لایەنی دیزاین و جوانکاری و

لێخەوتانی هونەرکارانی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی دی لە میدیای کوردیدا بە ئاشکرا دەرکەوت ، وای لێ هات چاپکراوەکان لەم ڕووەوە بچنە خانەی کەبەرکەوە ؛ لەووی فۆنتی تایبەت بەخۆیان و هەوڵ دان بۆ ستایلی تایبەت لە بڵاوکردنەوەی وێنە و تایپۆگرافیای جۆراوجۆر و بایەخ دان بە تایتڵی سەرەکی و لاوەکی و دابەشکردنی ستوونەکان بەسەر بڵاییی لاپەڕەکاندا و لاپەڕەبەندی و هاوسەنگ ڕاگرتنی هەموو ئەو لایەنانە..

لەگەڵ ئەوەشدا ، چاپکراوەکان (ڕۆژنامە – گۆڤار – بلاۆکی دی) ، بە میدیای بیستراو و بینراویشەوە لە دیزاین و دەرهێنان و ستایلی شاشە ، لە یەکئەنوایی و لاسایی کردنەوەی میدیاکانی دەوروبەر و ئەوروپایی بەو ڕادەیە بەدوور نەبوون هەستی پێ نەکرێ ، ئێستاش زۆربەیان ، (هەندێکیان بە وەرگێڕانی ناوی خودی کەناڵەکەیش) کاریگەریی ئەو کەناڵانەیان تێدا شاراوە نییە...
وەکو گەیاندنیش ، میدیای کوردی تا ئێستا هەژاری پێوە دیارە ، تەنانەت ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیش بە هۆی زۆری و بڕیانەوە – ژمارەیەکی کەمیان لێ بترازێ کە لە پەنجەی دەستێك تێناپەڕن- ئەو گۆڕگر و بینەرەیان نەماوە ، تیراژی میدیای نووسراویش لەچاو ژمارەی دانیشتووانداً ، هیچ وەختێك نەگەیشتووەتە ئاستی جێی باسان ، بڵاوکردنەوەش لەو لاوە بوەستێ، کە ئەمە وەکو کوردستان دەزگایەکی گشتگیری حکوومەتی یان کەرتی تایبەتمان نییە ، لە کاتی خۆیدا ڕۆژنامە و کتێب بڵاوکراوەی دی بگەیەنێتە خوێنەر.
کەناڵە ناوخۆییە لێکاێیەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیش زۆربەیان ئەوەیان لێ دەخوێنرێتەوە کە بە مەبەستی قازانج زیاتر دامەزرێنراون ، بەو کەناڵانەوەیش کە بۆ منداڵان خراونەتەگەڕ(23)!.

دیارە پێشکەوتنی تەکنیکی، پێویستی بە تەکنیکار ، یا ئەوەی پێی دەگوترێ کادیری پڕۆفیشناڵ و ڕۆژنامەنووسی بەکار و هاوچەرخ هەیە ، لەم ڕووەشدا ئەگەرچی هەندێ لە دەزگاکان بایەخیان بەم لایەنە دابێ ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ، دیسان ڕۆژنامەنووسانی دوێنێ بە تاو و کەرەستەی ئەوساوە مەیدانەکەیان گرتووە ، بەتایبەتیش زۆربەی ئەوانەی لە (میدیای نووسراو)دا کار دەکەن...
ئەم مەسەلەیەش، مەسەلەی پێگەیاندن و ڕێگا خۆش کردن بۆ گەنجانی جیددی و کارا و خاوەن خەون تاڕادەیەك لە قەدی خۆیدا ماوەتەوە و هەوڵێکی بەڕاستیم لەو لایەنەدا نەدیوەو نەبیستووە ، کە بە ڕای من کروکی هەست بەخۆکردن و پێشەوی لە ژیانی ڕۆژنامەنووسیدا ، وەکو

ناویان بە (پیشەی ماندووبوون) بردووە ، بەو ئاراستەیە دەکر…

لە ئەوەی دەبینر و بەرچاوە ژنامەنووسان نەیانتوانیوە سنوری ئەرك و ماف لەك جیابکەنەوە…. کارەکە وەرانتریش بوو دوای دەسبکاربوونی ئەوەی بە (میدیای سبەر) ناسراوە بە شوەیەك میدیای خستە دەرەوەی کەوانەی (ئازادی – بەرپرسیاریەتی) ئیتر هەر تیرە و لە کەندا و هەر یەکە و بە ئاواز بە لەیلای خی و ناشیرین کردنی لەیلای خەکی دی لە ژر سەردری – ئەهلی و سەربەخ- و ئازادیدا کەوتنە خوندن لەیەکدی و بە یەکدی !!
استە ەنگە هەند لەو میدیایانە هەویان دابە (تاادەیەك) هاوسەنگی ابگرن ، بەام خە ژنامەنووسی پفیشنا و میدیای سەربەخ (ئەگەر هەب) کاری هەر ئەوە نییە بەوە هاوسەنگی ابگر کە مادەم بیروای (ئەلف)ی وەرگرت و پاشان هی (ب) بەو مانایە دەکەوتەوە هاوسەنگی اگرتووە !! بە پچەوانەوە میدیای پفیشنا ، بەر لە هەموو شتك دەخواز بیر لە پدانی زانیاری بکاتەوە کە گای خونەر و بینەر و گوگر وون دەکاتەوە و دەبتە بەشك لە پکهنانی ای گشتی…

ژنامەنووسی پفیشنا ەچاوی پیشەییایەتی دەکا ، دەکر بەوە هەست بە بەرپرسیاریەتی بکا لە پیشەکەیدا استگب و دوور لە لگرتنەوەی زانیاری لە خونەر و گوگر و بینەر، یا هەبژاردنی هەوا و یپرتاژ و اپرتی دیکە بە شوەیەکی بژارکراو (إنتقائی) و بایەخ نەدان بە زنجیرەی گرینگ و گرینگتر و گرینگترین ، لە هەبژاردن و باوکردنەوەی هەواندا کە ی کەگەی ئەساسی دەبین، بەتایبەتی میدیای ژانە.
ئەمەی دەگوتر لە قاوخی (خوانەخواستە) ئامژگاریدا نییە، بەقەد ئەوەی لە ئەزموونکی ناقابیلەوە سەرچاوەی گرتووە.
هەر لرەشەوە مکی ژنامەنووسی کارا و عاشق بە پیشەکەی، لەگە ژنامەنووسانی بوار و بەیکەر لك هەداوردرن ، بەتایبەتی لە کاتە هەستیارەکاندا کە هەسوکەوتەکان لە شەوانی بداری و ئشکگریی بە هەواکی چەند دری ، وەك ژی ووناك دەردەکەون .

ئاماژەیەك بە میدیای حزبی لە کوردستاندا

سەیرایەتی هەوەستە وەرگرتن لە هنانەوەی باسی میدیای حزبی لەوەدایە وەك بی بکەوینە بەرابەر دوەزمەیەك ، لەکاتکدا خودی ئەو میدیایەی خی بە (ئەهلی) یا (بلایەن) ناساندووە لە بنەەتدا لە منداندانی ئەو میدیایەدا هاتووە کە سەردەمکی دوور و درژ

سەنگ و قۆساپی پێکهێنانی ئای گشتی لە ئەستۆدا بووە ، مەبەستم ئەو سەردەمانەیە کە ململانێی سیاسی و قەومایەتی و تەنانەت چینایەتیش لە کێی ئەو میدیایەدا بووە کە بە (میدیای حزبی)یەوە دەیناسین.
بۆ کورد ئەو میدیایەی هەیبووە بارەکە قۆستریش بووە ، هەم لە سەنگەری بەرەنگاری دەسەڵاتە سەرکوتکارەکان بووە ، هەمیش هۆیەك بووە لەڕاگرتنی باڵانسی زمان و کولتوورەکەی و گەشەی ئەدەبیاتی… ئەوی ڕاستیشە و دەخوازێ نەوەی نوێی لێ حاڵی بێ ، میدیای کوردی هەر لەدەسپێکەوە باوەکو لەسەر دەستی (ئەنتێلێجستا)ی سیاسی کورد بوو بێ ، بەڕام لە پاشاندا لە ڕێگای حزبەکانەوە پێگەیشتووە.

ئەگەرچی ئەو پێگەیشتنەیش بە گوێرەی هەل و مەرجی زاتی و بابەتی لە سەردەمێکەوە بێ سەردەمێکی دی جیاواز بووە ، بەوەی لەو نێوەندەدا ، لە لایەك بارودۆخی سیاسی و لە لایەکی دی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی هۆنگ و ڕووی میدیای حزبی کاڵ کردبێتەوە ، بەڕام هەرگیز بەو مانایە نەبووە ، ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە هاوکێشەکاندا پەڕاوێز بوو بێ ، چونکە تا ئێستاش ڕۆڵ و کاریگەری خۆی لە دەست نەداوە بەهەند وەرنەگیرێ ، ئەمەش دیارە ئەوەی وەك ئەلتەرناتیف خۆی نمایش کردووە ، لە گەڵك ڕووەوە ، وێنەیەکی پڕفیشناڵی پیشەیی دوور لە دەمارگیری و بەمنەتی لە خاوەندارییەتی و سپێنسەرایەتی پیشان بدا…

پێت سەیر نەبێ (ناڕەم هەمووی) بەڕام ئێستاش لەو لایەنانەوە میدیای حزبی ڕووبەدەرتر و زیاتر جێی متمانەیە ، هەرچی نەبێ خوێنەر و بینەر و گوێگر دەزانن کە ئەو ڕۆژنامە یا کەناڵی تەلەفزیۆنە یاخود ئەو ڕادیۆ و سایتە لە کوێوە هاتووە و بەچ ئاراستەیەکە ، ئینجا هی هەر حزبێك بێ ، هەرچەندە من بەخۆم وای دەبینم کە دەبووایە تا ئێستا ئەو میدیایەش واتە (میدیای حزبی) گەیشتبوایە ئەوەی ببێتە (میدیای پێکهاتە) ، مەبەستیشم ئەوەیە هەر کەناڵێك بێ ئەوەی ناسنامەی ئاشکرای لەسەر بێ کە زمانحاڵی فڵانە حزبە یان فڵان لایەن ، لەخۆیدا لە ڕێگای بایەخدانی ڕۆژانەی بەو بیروبۆچوون و بڕاوکردنەوەی ئەو هەواڵ و ڕاپۆرت و بەدواداچوونانەوە بناسرابووایەوە ، دیارە کە لە میدیای حزبی کوردیدا ئەمە نەبووە بەکو لەو ململانێ سیاسیە سەقەت و کورتبینانەوە سەرچاوەی گرتووە بە نموونە ناسیونالیزم و چەپ و ڕاستەو وچەپی ناوەڕاست و دیموکرات و سوشیال دیموکرات سنورەکانیان تێکەڵ نەکرابن.

هەر لەرەشدا میدیای حزبی بەتایبەتیش دوای ڕاپەڕین بە چەند ساڵێك

، ئەو هەونەقەی جارانی نەما کە مینبەری داکۆکیکاری ئەو سیاسەتە ڕاگەیانراوانە بۆ حزب بانگەشەی بۆ دەکرد ، کار گەیشتە ئەوەی تەنانەت لە ناو خودی حزبیش ئەوەندەی بایەخ بەو کەسایەتی یان ئەم دەدرێ بەوەی دی نادرێ کە زۆرجاران بەرپرسی لاپەڕە یا هەواڵ هەنگە بە مەبەست ئەمە بکا ، دەنا لە ڕووی پڕۆتۆکۆلییەوە من وەکو ئەندامانی خۆم لاریم لەوەدا نییە لە میدیای حزبیدا دەنگ و باسی ئەو حزبە بکاوبکرێتەوە ، بە مەرجێك ئەوەی بکاو دەکرێتەوە بەهێز و هەواڵ بێ.
بگومان میدیای حزبیش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی دەگۆڕێ ، بە پێی چەشنی سیستەمی سیاسی و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵ و ڕوانینی ئەو حزبە بۆ فەلسەفەی گەشە و گۆڕانکاریەکان و شوێنی ئەو حزبە لە خاوەندارییەتی پرسەی سیاسیدا ، چونکە ئەگەر ئەو حزبە لە دەسەڵاتدا بۆ میدیای جیاواز دەبۆ لەگەڵ میدیای حزبێك ئەپۆزیسیۆن بۆ ، یاخود هەر بەدوایی لە دەرەوەی کێی پرسەکەدا بۆ ، بە نموونە لە هەندێك وڵاتدا دەشێ بە پێی قانوونە کارپێکراوەکانی ئەو وڵاتە حزب هەبێت بەهەر هۆیەك هەیە ، مەڵەتی پێ نەدرێ ، لەو جۆرە حاڵەتانەدا میدیاکەیشی لە ڕووی ئاراستەکردنی ڕای گشتی و هونەری چاپکردن و جوغرافیای بڵاوبوونەوە و ئیمکانیاتی وادەی بڵاوکردنەوە و تیراژوە سنووردار بێ(24).

